زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان
# (سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لەزانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەرلە زمانی کوردیدا.

لەلایەن

**عەدنان حەمەدەمین یونس**

بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەددین ١٩٩٦

بە سەرپەرشتیی

**پ.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**

هەولێر ـ کوردستان

تەمموز– ٢٠٢٠

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتیە لە: (ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان، سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە)، هەموی کاری تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوە، هەمو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێندەدەم لەهەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێ، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردوە.

واژۆ:

ناوی قوتابی: عەدنان حەمەدەمین یونس

ڕێکەوت:

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (زمانی کوردی). من پشتگیریی دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێ.

ناو: پ.د عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول                    واژۆ:

ڕێکەوت:

پشتگیری دەکەم، کە هەمو پێداویستیەکانی جێبەجێکراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت، من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

ناو:                    واژۆ:

ڕێکەوت:

پشتگیری دەکەم، کە هەمو پێداویستیەکانی جێبەجێکراون، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێ.

واژۆ:

ناو:

بەرپرسی خوێندنی باڵا و کاروباری زانستی کۆلێژی زمان

ڕێکەوت:

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە لیژنەی گفتوگۆکردن، ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانی بریتیە لە: (ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان. سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە) خوێندەوە، قوتابیەکەمان کە ناوی (عەدنان حەمەدەمین یونس)ە، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی (زمان) تێدایە.

واژۆ:
ناو :
ئەندام:
ڕێکەوت:

واژۆ:
ناو:
ئەندام:
ڕێکەوت:

واژۆ:
ناو: پ. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:

واژۆ:
ناو:
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت:

واژۆ:
ناو: پ.ی.د.
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەو

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی ئەو شەهیدە قارەمانانەی بە خوێنی خۆیان کوردستانیان لەشەڕی تیرۆریستانی داعش پاراست.
- پێشمەرگە کە هەمیشە قەڵغانێکی پۆڵاینن بۆ پاراستنی کوردستان.
- دایک و باوکم، ڕۆحیان شاد، ئەو دو کەسەی کە دوبارە نابنەوە و تەمەنی خۆیان بەخشی لەپێناو پێگەیاندی ئێمە.
- هاوسەری خۆشەویستم و جگەرگۆشەکانم ڕاسان، ڕامان، ڕۆمان، ڕێمان.
- خوشک و براکانم، کە زۆر هاندەر و پاڵپشتم بون .

**سوپاس بۆ:**

- ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان، بەتایبەتی بەڕێز پ.ی.د عاتف عەبدوللا فەرهادی کە وەک مامۆستا و ڕاگری کۆلێژ زۆر هاوکار و یارمەتیدەرمان بو.
- سوپاسی بێ پایانم بۆ پ.د عەبودوللا حوسێن ڕەسول، وەک مامۆستا و سەرپەرشتی نامە زۆر لەگەڵم ماندوبو.
- سوپاس بۆ مامۆستاکانم پ.د یوسف شەریف، پ.د.تاڵیب حوسێن، پ.د ڕەفیق شوانی، پ.د ساجیدە عەبودوڵلا فەرهادی، پ.ی.د مزگین عەبدولڕەحمان، پ.ی.د ئیدریس عەبدوڵلا، پ.ی.د نەریمان خۆشناو.
- سوپاس بۆ هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا یوسف نوری حەیدەری، هاوکاریی زۆری کردم.

# فەرهەنگۆک

| ئینگلیزی | عربی | کوردی |
|---|---|---|
| Language economy | اقتصاد لغوي | ئابوری زمانی |
| Intentionality | تعمد | ئەنقەستی |
| organization | المنظمة السياسية | ئۆرگانی سیاسی |
| political marketing | السوق السياسي | بازاڕی سیاسی |
| Dominance | هيمنة | باڵادەستی |
| Credibility | المصداقية | بڕوابەندی |
| structures | البنية | بنیات |
| statement | منطوق | بێژە |
| encoding | تشفير | بە هێماکردن |
| coherence | ترابط منطقي | بەیەکەوە گرێدانی بابەتی |
| cohesion | التماسك | دەقبەستی |
| social Background | الخلفية الاجتماعية | پاشخانی کۆمەڵایەتی |
| unpredictability | غير متوقع | پێشبینی نەکراو |
| Political formation | التنشئة السياسية | پێگەیاندنی سیاسی |
| Acceptability | المقبولية | پەسندی |
| Associative relation | علاقة ترابطية | پەیوەندیی بەیەکەوەبەستانەوە |
| Syntagmatic relation | علاقة نحوية | پەیوەندیی ڕێزمانی |
| Political Communication | الإتصال السياسي | پەیوەندیی سیاسی |
| Tactical vs. strategic | التكتيكى مقابل الإستراتيجي | تاکتیکی بەرامبەر ستراتیژی |
| alternative | البديل | جێگرەوە |
| audience | الجمهور | جەماوەر |
| Order of discourse | إطار الخطاب | چوارچێوەی گوتار |
| concepts | مفهوم | چەمک |
| Political affiliation | الإنتماء السياسى | خۆبەندیی سیاسی |
| National affiliation | الإنتماء القومى | خۆبەندیی نەتەوەیی |
| Authority | السلطة | دەسەڵات |
| context of situation | سياق الموقف (الحال) | دەوروبەری بار |
| Psychological context | السياق النفسي | دەوروبەری دەرونی |

| | | |
|---|---|---|
| Social context | السياق الإجماعي | دەوروبەری کۆمەڵایەتی |
| Cultural context | السياق الثقافي | دەوروبەری کەلتوری |
| Verbal context | السياق اللفظي | دەوروبەری گۆکردن |
| surfacetext | سطح النص | ڕوکەشی دەق |
| Terrorist organizations | المنظمات الإرهابية | ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان |
| Mass organizations | المنظمات الجماهيرية | ڕێکخراوە جەماوەریەکان |
| Prohibition | المنع | ڕێگریکردن |
| Figurative Dimension | البعد المجازى | ڕەهەندی خوازەیی |
| Linguistic Psychology Dimension | بعد علم النفس اللغوي | ڕەهەندی دەروزمانی |
| Linguistic dimension | البعد اللساني | ڕەهەندی زمانەوانی |
| pragmatic dimension | البعد التداولي | ڕەهەندی مەبەستزانی |
| Social linguistics dimensions | بعدعلم اللغة الإجتماعية | ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان |
| political rhetoric | البلاغة السياسية | ڕەوانبێژی سیاسی |
| semiotics | علم الإشارات( السيمائية) | زانستی هێما(سیمالۆژی) |
| perception | المعرفة | زانین |
| Text Linguistics | لسانيات النص | زمانەوانیی دەق |
| vertical vs horizontal | الراسي مقابل افقي | ستونیی بەرامبەر ئاسۆیی |
| Political vs . sociological | السياسي مقابل الإجتماعي | سیاسەت بەرامبەر کۆمەڵایەتی |
| Attractiveness | جاذبية | سەنجڕاکێشی |
| conversation analyses | تحليل الكلام | شیکردنەوەی گفتوگۆ |
| Discourse analyses | تحليل الخطاب | شیکردنەوەی گوتار |
| decoding | فك الشفرة | شیکردنەوەی هێما |
| Rational vs irrational | العقلانى مقابل اللاعقلاني | عەقلانی بەرامبەر نا عەقلانی |
| Context effect | تأثير السياق | کاریگەریی دەوروبەر |
| Reality | الواقع | کەتوار |
| Location | موقع | کەوتگە |
| pressure groups | مجموعات الضغط | گروپەکانی فشار |
| Discourse | الخطاب | گوتار |

| | | |
|---|---|---|
| Orator | الخطيب | گوتاربێژ |
| argument discourse | الخطاب الحجاجي | گوتاری پاساویی |
| Descriptive discourse | الخطاب الوصفي | گوتاری پەسنی |
| extremism and brutality discourse | خطاب العنف و الوحشية | گوتاری توندوتیژی و دڕندەیی |
| Political discourse | الخطاب السياسي | گوتاری سیاسی |
| Expressionist discourse | الخطاب التعبيرى | گوتاری گوزارشتی |
| narrative discourse | الخطاب السردى | گوتاری گێڕانەوە |
| Traditional | تقليدي | نەریتی |
| Dealing | تعامل | مامەڵە |
| Class struggle | الصراع الطبقي | ململانێی چینایەتی |
| Pragmatics | التداولية (البراغماتية) | مەبەستزانی |
| Identities | هوية | ناسنامە |
| Radicalism | الراديكالية | نۆژەنخواز |
| The sender | المرسل | نێرەر |
| Nationalism | القومي | نەتەوەیی |
| Informatively | اخباري | هەواڵدان |
| Agitation vs integration | التحريض مقابل الدمج | وروژاندن بەرامبەر یەکخستن |
| General will | الإرادة العامة | ویستی گشتی |
| open transition | الوقفة المفتوحة | وەستانی کراوە |
| Linguistic Manipulation | التلاعب اللغوى | یاریکردنی زمانی |
| Utopianism | الطوباوية | یۆتۆپیا |

## هێڵكاری


| | |
|---|---|
| هێڵكاری ژماره(١) | ١٩ |
| هێڵكاری ژماره(٢) | ٢٠ |
| هێڵكاری ژماره(٣) | ٥١ |
| هێڵكاری ژماره(٤) | ٥٧ |
| هێڵكاری ژماره(٥) | ٥٩ |


## خشته


| | |
|---|---|
| خشتەی ژماره(١) | ٩٣ |
| خشتەی ژماره(٢) | ١٠٥ |
| خشتەی ژماره(٣) | ١١٨ |
| خشتەی ژماره(٤) | ١٣٣ |
| خشتەی ژماره(٥) | ١٤٦ |

# ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | بەڵێننامەی قوتابی |
| II | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت |
| III | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| IV | پێشکەشکردن |
| V | سوپاس و پێزاین |
| VI-VIII | فەرهەنگۆک |
| IX | هێڵکاری و خشتە |
| IX | ناوەرۆک |
| ١ | پێشەکی |
| ١ | ناونیشان و بواری توێژینەوەکە |
| ١ | ڕێبازی توێژینەوەکە |
| ١ | سنوری توێژینەوەکە |
| ١ | کەرەستەی توێژینەوەکە |
| ١ | ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٢ | پوختەی توێژینەوەکە |
| ٤-٣٣ | بەشی یەکەم |
| ٤ | ١-١گوتار، چەمک و پێناسە |
| ٦ | ١-٢جۆرەکانی گوتار |
| ٧ | ١-٢-١ گوتاری گوزارشتی |
| ٧ | ١-٢-٢ گوتاری پەسنی |
| ٧ | ١-٢-٣ گوتاری گێڕانەوەیی |
| ٧ | ١-٢-٤ گوتاری پاساوی |
| ٩ | ١-٣پێکهێنەرەکانی گوتار |
| ٩ | ١-٣-١نێرەر |
| ١٠ | ١-٣-٢ وەرگر |

| | |
|---|---|
| ١١ | ١-٣-٣ پەیام |
| ١٣ | ١-٣-٤ دەوروبەر |
| ١٤ | ١-٣-٤-١ دەوروبەری گۆکردن |
| ١٦ | ١-٣-٤-٢ دەوروبەری کۆمەڵایەتی |
| ١٦ | ١-٣-٤-٣ دەوروبەری کەلتوری |
| ١٧ | ١-٣-٤-٤ دەوروبەری بار |
| ١٧ | ١-٤-٤-٥ دەوروبەری دەرونی |
| ١٧ | ١-٤دەق و گوتار |
| ٢٠ | ١-٥ ستراتیژیەتی گوتار |
| ٢١ | ١-٦ ئایدیۆلۆژیای گوتار |
| ٢٤ | ١-٧ گوتارو دەسەڵات |
| ٢٧ | ١-٨ شیکردنەوەی گوتار |
| ٣٠ | ١-٩ مەبەستزانی و شیکردنەوەگوتار |
| ٣٢ | ١-١٠ زمانەوانی دەق و شیکردنەوەی گوتار |
| ٣٦-٧١ | بەشی دوەم |
| ٣٦ | ٢-١زمان و سیاسەت |
| ٣٩ | ٢-٢-١گوتارسیاسی - پێناسە |
| ٤١ | ٢-٢-٢ ناوەرۆکەکانی گوتاری سیاسی |
| ٤٣ | ٢-٢-٣ بنیاتی گوتاری سیاسی |
| ٤٤ | ٢-٢-٤ تایبەتمەندیە گشتیەکانی گوتاری سیاسی |
| ٤٥ | ٢-٢-٥ تایبەتمەندیە زمانیەکان |
| ٤٦ | ٢-٢-٦ یەکێتی بابەت(هاودەقی) لە گوتاری سیاسی |
| ٤٩ | ٢-٣-١پەیوەندیی سیاسی |
| ٥٠ | ٢-٣-٢هۆکارە کارتێکەرەکانی پەیوەندیی سیاسی |
| ٥١ | ٢-٣-٣توخمەکانی پەیوەندیی سیاسی |
| ٥١ | ٢-٣-٣-١ ئۆرگانە سیاسیەکان |
| ٥٣ | ٢-٣-٣-٢ جەماوەر(وەرگر) |
| ٥٣ | ٢-٣-٣-٣ میدیا |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-٤ ئەركەكانى پەيوەنديى سياسى | ٥٤ |
| ٢-٣-٥-١ڕۆڵى تەكنۆلۆژياى نوێ لە پەيوەنديى سياسيدا | ٥٥ |
| ٢-٣-٥-٢تايبەتمەنديەكانى تەكنۆلۆژياى نوێى گەياندن | ٥٦ |
| ٢-٣-٥-٣ڕێكخراوە تيرۆريستيەكان و تەكنۆلۆژياى پەيوەنديكردن | ٥٦ |
| ٢-٤ڕەهەندە ئايديۆلۆژيەكانى گوتارى ڕاگەياندنى داعش | ٥٨ |
| ٢-٥-١ توخمەكانى گوتارىداعش | ٦٠ |
| ٢-٥-٢گوتارى توندوتيژى و دڕندەيى | ٦٢ |
| ٢-٥-٣گوتارى ستەمديدەيى | ٦٤ |
| ٢-٥-٤گوتارى ئيسكاتۆلۆجياى مەهدەوى | ٦٥ |
| ٢-٥-٥گوتارى يۆتۆپيا | ٦٦ |
| ٢-٦گۆڤارى دابق | ٦٧ |
| ٢-٧ جەنگى دەرونى و گوتارى تۆقێنەر | ٦٨ |
| بەشى سێيەم – تەوەرى يەكەم: شيكردنەوەى گوتارى نەتەوەيى و گوتارى سياسيى كوردى. | ٧٣-٩٣ |
| ٣-١-١بيرى نەتەوەيى ئەوڕوپى | ٧٣ |
| ٣-١-٢بيرى نەتەوەيى و گوتارى سياسيى كوردى | ٧٥ |
| ٣-١-٣ ئەحمەدى خانى و بيرى نەتەوايەتى | ٧٧ |
| ٣-١-٤ بيرى نەتەوەيى و گوتارى سياسى لە نيوەى دوەمى سەدەى نۆزدەمدا | ٧٩ |
| ٣-١-٥ ڕۆژنامەى كوردستان و گوتارى سياسيى كوردى | ٨٢ |
| ٣-١-٦قۆناغى دروستبونى كۆمەڵە و حيزبى سياسى | ٨٤ |
| ٣-١-٧ گوتارى سياسى لە سەردەمى كۆمارى كوردستان | ٨٦ |
| ٣-١-٨ سەردەمى شۆڕشى ئەيلول | ٨٩ |
| ٣-١-٩ قۆناغى١٩٧٥-١٩٩١ | ٩٠ |
| ٣-١-١٠ قۆناغى دواى ڕاپەڕينى ١٩٩١ | ٩٢ |
| بەشى سێيەم تەوەرى دوەم | ٩٥-١٦٣ |
| ٣-٢-١ شيكردنەوەى گوتارى مەسعود بارزانى – يادى شەنگال- ٢٠١٥/٨/٣ | ٩٥ |
| ٣-٢-١-١ ڕەهەندى زمانەوانى | ٩٥ |
| ٣-٢-١-٢ ڕەهەندى دەروزمانى | ١٠٠ |
| ٣-٢-١-٣ ڕەهەندە كۆزمانەوانيەكان | ١٠٣ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-١-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی | ١٠٥ |
| ٣-٢-٢شیکردنەوەی گوتاری مەسعود بارزانی- بانگەشەی ڕیفراندۆم- ٢٠١٧/٩/٢٢ | ١٠٨ |
| ٣-٢-٢-١ ڕەهەندی زمانەوانی | ١٠٨ |
| ٣-٢-٢-٢ ڕهەندی دەروزمانی | ١١٤ |
| ٣-٢-٢-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان | ١١٦ |
| ٣-٢-٢-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی | ١١٩ |
| ٣-٢-٣شیکردنەوەی گوتاری نێچیروان بارزانی- وەزارەتی ئەوقاف - ٢٠١٦/١١/٩ | ١٢٣ |
| ٣-٢-٣-١ ڕەهەندی زمانەوانی | ١٢٣ |
| ٣-٢-٣-٢ ڕهەندە دەروزمانیەکان | ١٢٩ |
| ٣-٢-٣-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان | ١٣١ |
| ٣-٢-٣-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی | ١٣٣ |
| ٣-٢-٤گوتاری عەلی باپیر لە دیداری مێری ٢٠١٥/١١/٥ | ١٣٦ |
| ٣-٢-٤-١ ڕەهەندە زمانەوانیەکان | ١٣٦ |
| ٣-٢-٤-٢ ڕەهەندە دەروزمانیەکان | ١٤٢ |
| ٣-٢-٤-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان | ١٤٣ |
| ٣-٢-٤-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی | ١٤٦ |
| ٣-٢-٥شیکردنەوەی گوتاری سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین ٢٠١٦/١٠/٢٧ | ١٥١ |
| ٣-٢-٥-١ ڕەهەندە زمانەوانیەکان | ١٥١ |
| ٣-٢-٥-٢ ڕەهەندی دەروزمانی | ١٥٦ |
| ٣-٢-٥-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان | ١٥٨ |
| ٣-٢-٥-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی | ١٦٠ |
| ئەنجامەکان | ١٦٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٦٥ |
| پاشکۆکان | ١٦٦ |
| ملخص | أ |
| abstract | i |

## پێشەکی

**١/ ناونیشــان و بــواری تــوێژینەوەکە:** ناونیشــانی تــوێژینەوەکە بــریتیە لە (ڕەهەنــدەکانی گوتــاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان – سەردەمی شەڕی داعش وەکو نمونە). توێژینەوەیەکی زمانەوانیی مەبەستزانیە، لەسەر چەند گوتارێکی سیاسی جێبەجێکراوە.

**٢/ ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ڕیبازی (وەسفیی شیکاری) لەو ڕەهەندانەی گوتاری سیاسیی کوردی دەکۆڵێتەوەی کە لەو سەردەمە ناوەرۆکەکانی گوتاری سیاسییان پێکدەهێنا. لە ڕیگەی شیکردەنەوەی گوتارەکان توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەسفی چەند لایەنێکی گوتاری سیاسی بکا لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

**٣/ سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە بریتیە لە چەند گوتارێکی سیاسیی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا کۆتاییەکانی ٢٠١٧ پێشکەشکراون.

**٤/ کەرەستەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پێنج گوتاری سەرکردە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی کردۆتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە، نمونەکان نمونەی گوتاری گوتراون و لە زاری گوتاربێژەکانەوە وەرگیراوە. دەقی گوتارەکان بە ڤیدیۆ وەرگیراوە، بە نوسین لە پاشکۆکان دانراون.

**٥/ ئامانجی توێژینەوەکە:** گوتاری سیاسی، گوتارێکی فرەڕەهەندە و لەگەڵ زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستە کۆمەڵایەتیەکان کارلێکدەکا. بەو پێیەش کە زمان کەناڵی سەرەکیی پەیوەندیی سیاسیە و بە بێ زمان سیاسەت پیادەناکرێ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئەو یەکە و کەرەستە زمانیانە شیبکاتەوە کە گوتاری سیاسیی کوردی پێکدەهێنن. لە ڕێگە شیکردنەوەی زمانی و مەبەستزانی، ئەو ستراتیژیەت و تەکنیکانەی گوتاری سیاسی نیشاندەدرێ کە گوتاربێژی سیاسیی کوردی بەکاریاندەهێنن بۆ ئەوەی کاریگەری لە دەرونی وەرگرانیان دروستبکەن.

**٦/ پوختەی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام، ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکدێ:

**بەشی یەکەم**: بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرەیە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ناساندی گوتارە. پێناسە و جۆر و پێکهێنەرەکانی گوتار خراوەتە ڕو، لەگەڵ جیاوازی و لێکچونی نێوان گوتار و دەق. سەرەڕای بەناویەکداچونی گوتار و دەق لە پێناسە و شیکردنەوە و بوارەکانی کارکردنیان. توێژینەوەکە هەوڵیداوە سنور و تایبەتمەندیەکانی هەریەکە لە دەق و گوتار دیاربکا. هەروەها لەم بەشەدا باسی ئەو ستراتیژیەتانە کراوە کە پێویستە لە بەرهەمهێنانی گوتار پەیڕەوبکرێن، لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژیا و ئاراستە جیاوازانەی کە دەبنە بەرهەمهێنی گوتار. پەیوەندیی نێوانگوتار و دەسەڵات، یەکێکی ترە

لەو بابەتانەی کە لەم بەشە گرنگی تەواوی پێدراوە و ئەوە خراوەتەڕو کە چۆن دەسەڵات لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دابەشدەبێ. کورتەیەکیش لە بارەی مێژوی شیکردنەوەی گوتار و پەیوەندیی زمانەوانی بە شیکردنەوەی گوتار باسکراوە.

**بەشی دوەم**: ئەم بەشە چوارچێوەی تێۆریی توێژینەوەکە پێکدێنێ. لەم بەشەدا، پێناسە و جۆر و بنیات و تایبەتمەندیە زمانی و نازمانیەکانی گوتاری سیاسی خراوەتەڕو، لەگەڵ ئەو بابەت و ناوەرۆکانەی کە گوتاری سیاسی دەیانکاتە ئامانج، هەروەها باسی ئامراز و هۆکارە کارتێکەرەکانی پەیوەندیی سیاسی کراوە. بەتایبەتی تەکنەلۆژیای سەردەم و کاریگەریەکانی لە ئەنجامدانی پەیوەندیی سیاسی. لە کۆتایی بەشی دوەمدا باسی چۆنیەتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم لەلایەن ڕیکخراوە تیرۆریستیەکان و ڕێکخراوی داعش باسکراوە، هەروەها جۆرەکانی گوتاری داعش و گوتاری ڕەگەیاندنی داعش لەشەڕی دەرونی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی پەیوەندیکرن لە لایەن داعش، خراوەتەڕو.

**بەشی سێیەم**: بەشی سێیەم دو تەوەریە:

**تەوەرەی یەکەم**: باسێکی مێژوییە لەبارەی پەیوەندیی نێوان گوتاری نەتەوەیی و گوتاری سیاسیی کوردی. بەپێی چەند قۆناغێکی مێژویی، هەستی نەتەوەیی بیری نەتەوەی و گوتاری نەتەوەیی کوردی، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە تا سەردەمی ڕاپەڕین، باسکراوە. لەم تەوەرەدا ئەوە ڕونکراوەتەوە کە گوتاری سیاسی و گوتاری نەتەوەیی لە هەمو قۆناغەکان بەناویەکداچون و سنورێکی جیاکەرەوە نیە لە نێوانیان.

**تەوەرەی دوەم**: تەوەرێکی پراکتیکیە، پێنج گوتاری سیاسی کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا کۆتاییەکانی ٢٠١٧ پێشکەشکراون، وەکو نمونەی پراکتیککردن وەرگیراون. گوتارەکان لەسەر بنچینەی کەسایەتیە یەکەمەکانی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراون. گوتارەگان بە پێی چەند ڕەهەندێکی زمانەوانی و مەبەستزانی شیکراونەتەوە. گوتاری هەر گوتاربێژێک بە جیا وەرگیراوە ونمونەکان لە ناو دەقی نوسراوی گوتارەکان وەرگیراون.

## بەشی یەکەم

١-١گوتار، چەمک و پێناسە.

١-٢جۆرەکانی گوتار.

١-٣پێکهێنەرەکانی گوتار.

١-٤دەق و گوتار.

١-٥ ستراتیژیەتی گوتار.

١-٦ ئایدیۆلۆژیای گوتار.

١-٧ گوتارو دەسەڵات.

١-٨ شیکردنەوەی گوتار.

١-٩ مەبەستزانی و شیکردنەوەیگوتار.

١-١٠ زمانەوانیی دەق و شیکردنەوەی گوتار.

## بەشی یەکەم

### ١-١گوتار(چەمک و پێناسە):

گوتــار، لـــەزمانی ئینگلیــزی (Discourse)ی پــێ دەگــوترێ، لـــە بنچینـــەدا لـــە زاراوەی (Discoursus)ی لاتینی داڕێژراوە کە بە واتای گفتوگۆ دێ. لە زمانی عەرەبی (خطاب)ی پێ دەگوترێ، لە زمانی کوردیش گوتار یاخود وتار بەکاردێ. گوتار لای زمانەوانان بریتیە لە ڕستەیەك یان زنجیرە ڕستەیەکی بەدوایەکدا هاتو( نوسراو یان گوتراو) کە لە نێرەر (قسەکەر )ەوە بۆ وەگر(گوێگر) دەگوازرێتەوە لە پێناوی گەیاندنی پەیامێك لەدەوروبەرێکی دیارکراودا، ئینجا پەیامەکە ڕاست بێ، یان ناڕاست، یان ئەندێشە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەك لای وەرگر دروستبکا.

چەمکی گوتار لە زمانەوانیی هاوچەرخدا شوێنێکی فراوانی گرتوە و یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرترین دەستاودەستی پێدەکرێ. چالاکی ئەو چەمکەش لەوەوە هاتوە کە بەناویەکداچونێکی تەواوی لە نێوان زمان و بوارەکانی تری زانستە مرۆڤایەتیەکان(مەعریفە) دروستکردوە. لەوانە: تیۆری ڕەخنەیی، زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی ...هتد( Sara Mills1997: 3. گوتار لەسەر ئاستی زمانی ڕۆشنبیران، میدیا، ڕاگەیاندن و سیاسەت، بریتیە لەو ناوەرۆکانەی کە کردەی گوتن دەیانگرێتەوە، بە نوسراو و گوتراوەوە. بە گشتی هاوتایە لەگەڵ ناوەرۆکی بیرۆکەی سەرەکیی گوتن .

**پێناسەی گوتار لای مێشێل فۆکۆ:**

فۆکۆ پێناسەی گوتار بە سەرکێشی ناو دەبا و بەر لە گوتار باسی ( بێژە – منطوق- statement) دەکا و بە یەکەی بنەڕەتی گوتاری دادەنێ. لەلای ئەو، گوتار لە کۆمەڵێک بێژە پێکدێ. بێژە، بچوکترین یەکە و بنچینەی گوتارە. گوتار ڕێکخەری سیستەمی بێژەییە کە دەسەڵاتی بەسەر هەمو بەرهەمهێنراوەکانی گوتندا هەیە. بێژە کرۆک و یەکەی سەرەتایی و کۆتایی گوتارە، هەماهەنگە لەگەڵ ڕستە و بابەت و کردەی زمانی، جیاوزیشە لێیان. لە نێوان زمان و بێژە پەیوەندییەکی بنچینەیی هەیە وەک ئەو پەیوەندیەی کە سوسێر لە نێوان زمان و کردەی قسەکردن دیاریکردوە (الزواوی بوغرە:٢٠٠٠:٩٦). لەباسی بێژەدا فۆکۆ دەڵێ :" لە چەندین شوێن ئەم زاراوەیەم بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی جیابیکەمەوە لەوانەی کە پێاندەڵێم گوتار، وەک جیاکردنەوەی پارچەیەک لە گشت " (Foucault1972:79)

لێرەدا فۆکۆ پەیوەندییەکی سێ لایەنە لە نێوان بێژە و زمان و گوتار دەدۆزێتەوە، بەو پێیەی بێژە یەکەی بنچینەیی و سەرەتا و کۆتایی گوتارە، هەروەها بە بێ بێژە زمان لەئارادا نیە. کەچی هەمو بێژەیەک مەرج نیە بۆ بونی زمان، چونکە زمان خۆی بریتیە لە سیستەمێکی ڕێکخراوی بێژەیی.

لە پێناسەشدا گوتار لای فۆکۆ پانتاییەکی فراوانی هەیە و لە تۆڕێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی و کلتوری پێکدێ و بوارێکە پڕۆگرام و دەسەڵات و قوڵایی مێژویی هەیە (الزواوي بوغره:٢٠٠٠:٩٤).

فۆکۆ، بە دو شێوە پێناسەی دەکا، لەهەردو پێناسەکەدا بێژە وەک کۆڵەگەی گوتار ئەژمار دەکا :

- گوتار بریتیە لە گۆڕەپانی گشتیی کۆمەڵێک بێژە، هەندێ جار بریتیە لە کۆمەڵێک بێژەی لەیەکجیا، هەندێک جاریش کردەیەکە، یاسای تایبەتی خۆی هەیە. بەواتای وەسفی(پەسنی) ژمارەیەکی دیارکراو بێژە دێ و ئاماژەیان پێ دەکا .
- گوتار بریتیە لە کۆمەڵێک بێژە کە سەر بە خودی بنیاتی گوتارن، یەکەیەکی وێنەیی یان ڕەوانبێژی نیە. دەکرێ تا بێ کۆتا دوبارە بکرێتەوە. دەکرێ بە درێژایی مێژو هەڵوەستە لەسەر پەیدا بون و بەکارهێنانی بکرێ... یاخود بریتیە لە ژمارەیەکی سنوربەندکراوی بێژە، کە دەتوانێ مەرجەکانی بونی دیاربکا. (Foucault1972:96)

لای (ڤان دایک) گوتار بریتیە لە بنیاتی گەورەی واتای دەق بە نوسراو و گوتراوەوە. ئەمەش لە وردەکاریدا واتە؛ بنچینەی ئایدیۆلۆژیی بیرۆکەی سەرەکیی دەق .

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زمانەوانی بەم شێوەیە پێناسەی گوتار دەکا: بریتیە لەهەر ڕێککەوتنێک لە نێوان زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتوی ڕستە (گوتراو و نوسراو) (جمعان بن عبدالكريم٢٠١٦ :١٠٦).

هاریس (١٩٥٢) دەڵێ: گوتار یەکەیەکی زمانیە لە چەندین ڕستەی بەدواییەکداهاتو پێکهاتوە (شارودو و مينغنو٢٠٠٨: ١٨٠).

بنفینست ( Benveniste)دەڵێ: گوتار بریتیە لە هەرگوتنێک کە قسەکەرێک و گوێگرێکی هەبێ و مەبەست و کاریگەرییەک بگەیەنێتە وەرگر (بدر بن علی عبدالقادر: ٢٠١٦: ١٢٦).

لەو پێناسانەی سەرەوە بەگشتی دەگەینە ئەوەی کە: گوتار کردەیەکی زمانی ئاڕاستەکراوە بۆ تاکێک یان کۆمەڵێک، ئامانجی پەیوەندیکردنە لە ڕێگەی کەرەستە زمانیەکان، بە زارەکی یان نوسین، یان لە ڕێگەی کەرەستەی نازمانی وەک وێنە و نواندن و ئاماژە و جوڵە، تیایدا نێرەر هەوڵدەدا

هەواڵێـک، یـان ڕوداوێـک، یـان مەبەسـتێکی دیـارکراو بگەیەنـێ و بـاوەڕ بە وەرگرانـی بێنـێ، کە دەیانکـاتە ئامـانج بۆتێگەیانـدن و بەرجەسـتەکردنی زانیـاری لە بـابەتێکی دەستنیشـانکراو. هەوڵـدەدا ڕەوشتێک، یان هەڵوێستێک لەڕێـگەی پەیامەکەیەوە دروستبکا. نـاوەڕۆکەکەی هەڵگری بـابەتێکە، پشـت بە هێـزی باوەڕپێهێنـان و کـاریگەریی نێـرەر دەبەسـتێ، بـۆ ئەوەی ئامانجەکـانی لە وەرگـر ڕەنگبداتەوە و ئەنجام بەدەستبهێنێ .

**١-٢جۆرەکانی گوتار :**

لای یۆنانی کۆن بە گشتی دو جۆر گوتـار بەدیدەکرا: جۆرێـک لە داهێنـانی شـاعیران بـو، بە ڕۆڵـی نێوەندگیریی نێوان خواوەند و خەڵک هەڵدەستا، جۆرێکی تر کە بۆ کاروباری کارگێڕیی ژیانی شار و چارســـەری نـــاکۆکیە بازرگانیەکـــان لەبەردەم خەڵکـــی گشـــتی، وەک میکـــانیزمێکی باوەڕپێهێنان(اقناع)ی یاسایی و سیاسی بەکاردەهات (شارودو و مینغنو٢٠٠٨ :٢٦٩).

لە سەردەمی نوێشدا توێژەران هەوڵیانداوە جۆرەکانی گوتـار بە پێـی چەند پێوەرێـک پۆلینبکەن، ئەو پێوەرانەش بەگوێرەی سەردەم و پێشکەوتنی توێژینەوەکانی ئەو بوارە گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. جـــگە لە دابەشـــکردنە ئەدەبیەکـــان، لە زەمـــانەوانیی نوێـــدا ســـەرەتای دابەشـــکردنی گوتـــار بـــۆ بنڤینست(EmilBenveniste) دەگەڕێتەوە، کە گوتاری بۆ چەند جۆرێکی ئاشکرا دابەشـکرد. بە جیاوازی کردن لە نێوان گوتن و بـارودۆخی گوتن کە هەریەکە لە (نێرەر، وەرگر، شوێن، کـات) دەگـرێتەوە. دابەشـکردنەکەی بنڤینسـت خـودی گوتـار(هەمـو گۆکراوێـک) و کـاری گـوتنی لەیەک جیـاکردەوە، کە خـۆی لەگوتـار دا دەنـوێنێ و چەنـد تـوخمێکی بنچینەیـی پێویسـتە وەک (قسـەکەر، وەرگر، گوتن، میکانیزمەکانی گوتن). ئەمەش وایکرد کە گوتار و گێڕانەوەی ڕوداوەکان بە دوشتی جیاواز دابنێ. بەهۆی ئەو جیاوازیەی لە نێوان گوتن و بارودۆخی گوتندا هەیە. لە کۆتایشدا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە جۆرەکانی کاری گوتن جۆرەکانی گوتاریش دیاردەکا. ( منیە عبیدی٢٠١٦ :٢٤)

ئەم دابەشـــکردنە بەلای پـــۆل برۆنکـــارت(Bronckart.1985) دابەشـــکردنێکە کە توانـــای پێشـبینیکردنی نیە (unpredictability)، هەروەهـا ئەسـتەمە بگـا بەئامـانج، چـونکە ئەم توخمـانە لەگەڵ پێشکەوتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیکردن خۆیان دەگونجێنن وگۆڕانیان بەسەردادێ، هەروەها سنورەکانی ئەم توخمانەش تەمومژاوین و ڕون نین. بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکا کە گوتـار لەسەر بنچینەی دەرونی و زمانی لە یەک کاتدا، پۆلینبکرێ بۆ: **گوتاری کارلێکی، قسەی کارلێکی، گوتـــاری تیـــۆری و گێـــڕانەوە**(Narrative). هەروەهـــا یەکێـــک لە دابەشـــکردنە بەناوبانگەکـــان دابەشکردنەکەی (یاکۆبسۆن.١٩٦٣) لە ڕوی پەیوەندی و ئەرکەوە گوتار بە پێی ئەرکەکانی زمان

دابەشدەکا بۆ **سەرچاوەیی، کارلێکی، تێگەیاندن، ئاگادارکردنەوە، پشت زمانی و شیعری** (هەمان سەرچاوە:٢٦).

جگە لەمانەی باسکران چەندین دابەشکردنی تر بۆ گوتار کراوە بەپێی مێژو و قوتابخانەکانی شیکردنەوەی گوتار و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان. یەکێک لە دابەشکردنە باو و نوێکانیش، دابەشکردنەکەی باتریک شارودیە، گوتاری بۆ چوار جۆر دابەشکردوە بە پشتبەستن بە تیۆرەکەی فۆکۆ، بە تایبەتی لە پێناسەی گوتار کە دەڵێ: " گوتار کۆمەڵێک یاسای بابەتیی و مێژوویی دیارکراو و سنورداری هەمیشەییە، لە کات و شوێنی دیارکراو، لە دەمکاتێکی دەستنیشانکراو و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و جوگرافی، یان زمانیدا کە مەرجەکانی پراکتیزەکردنی ئەرکی دەربڕین دەدا" (میشال فوکو.١٩٨٦:١١١). لەم دابەشکردنەدا شارودو گوتار دەکا بە چوار جۆر: گوزارشتی(expressionist)، پەسنی(descriptive)، گێڕانەوەیی(narrative)، پاساوی(argument). کە لە خوارەوە بە کورتی هەرچوارجۆرەکە دەخرێنەڕو:

**١-٢-١ گوتاری گوزارشتی:** پەیوەندیی بە نێرەر و وەرگرەوە هەیە. کارتێکەر و کارتێکراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، نێرەر کار لە وەرگر دەکا و وایلێدەکا کە وەڵامدانەوەی هەبێ. پەیوەندیەکەش دوجۆرە: پەیوەندیی دەسەڵات (پەیوەندیی هێز) وەك: فەرماندان و هۆشداریدان ... وەك ئەو فەرمانانەی سەرکردە سیاسیەکان، یان سەرکردە سەربازیەکان دەریدەکەن، کە دەبێ وەرگر گوێڕایەڵ و جێبەجێکاربێ، هەروەها پەیوەندیی نزمایەتی (پەیوەندیی بێهیز)، وەك هەر داوکارییەك لە پلەیەکی نزمەوە بۆ پلەیەکی بەرز، لە شێوەی پاڕانەوە داوا لە وەرگر دەکرێ .

**١-٢-٢ گوتاری پەسنی:** ئەو جۆرە گوتارە بریتیە لە ڕێکخستن و پەسنکردن، بە سێ ئاست دەبێ: (بارودۆخی پەیوەندیکردنەکە)، (چۆنیەتیی ڕێکخستنی گوتارەکە)، (جۆری گوتارەکە کە بارودۆخێك دەیسەپێنێ). ئامانجەکانی بریتین لە: ڕاگەیاندن، شیکردنەوە، هۆشداریدان بۆ کردنی کارێك یان نەکردنی. وەك: دەقەکانی فێرکردن، چۆنیەتیی ئامادەکردنی خواردن، پارچەیەکی وەسفی لە ڕۆمانێك یان نامەیەك ... . گوتاری وەسفی، بە شێوەیەکی گشتی شتەکان ناودەنێ و سنوری کات و شوێنیان دیاردەکات و تایبەتمەندیەکانیان دەستنیشاندەکا. وەرگر ئارەزومەندە لە وەرگرتن و جێبەجێکردن، بە واتایەکی تر؛ نێرەر زانیاریەکان پەخشدەکات بەڵام وەرگر پابەند نیە بە جێبەجێکردنی.

**١-٢-٣ گوتاری گێڕانەوەیی (سردی):** بریتیە لە گێڕانەوەی ئەزمونی خودی نێرەر یان هەرکەسێکی تر. وەك زۆربەی وتارە ئاینیەکان کە گەلێك جار کەسایەتیی نێرەر بزرە و تەنیا ئەزمون و وانەکانی کەسیکی تر باس دەکا، نێرەر هیچ ڕۆل و داهێنانێکی خۆی نیە.

**١-٢-٤ گوتاری پاساوی(حجاجی):** بریتیە لە بەڵگەهێناوە و سەلماندنی گوتارێک کە دەبێ چەند بنەمایەکی تێدابێ، وەك: بەڵێن، ئامانج و چۆنیەتی گوێزانەوە لە بەڵگەیەکەوە بۆ بەڵگەیەکی تر، وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی کار لە هەڵوێستی وەرگر بکا (منیەعبیدی٢٠٠٨: ٢٨). زۆربەی گوتارە سیاسیەکان لەم جۆرەن. بەتایبەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن، یان دەرکردنی بڕیارێکی گرنگ و چارەنوسساز. دواندەر(نێرەر) بەڵگەی مێژویی، یان یاسایی پێشکەشدەکا، بۆ ئەوەی بڕیارەکەی پشت ئەستور بێت و لە ڕەخنە بەدوربێ. پێشکەشکردنی بەڵگەکان دەبێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ بێ کە نێرەر ڕێگە لە هەمو بژاردەیەکی تربگرێ، هەمو سەرنجێکی وەرگر بەرەو بڕیارەکەی خۆیڕابکێشێ و بە تاکە چارەسەری گونجاوی بناسێنێ.

لە بەرفراوانی و جۆراجۆریی چەمکی گوتار و پەیوەندیی ڕاستەخۆی بە زمان و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی و بونی گوتاری تایبەت بە هەر بوارێك، لێکۆڵەران بەپێی سەرچاوە ئایدیۆلۆژی و کلتوریەکان، گوتار بۆ چەندین جۆری تر دابەشدەکەن، لە هەر بوارێکی تایبەتیش چەندان جۆری لێ دیاردەکرێ (شارودو ومینغنو٢٠٠٨: ٥٧٤). بۆ نمونە: گوتاری سیاسی دابەشدەرکرێت بۆ: گوتاری شیوعی، گوتاری نەتەوایەتی، گوتاری کرێکاری...هتد، هەروەها گوتاری ئاینی بە پێی ئاینەکان دابەشدەکرێ، لەناو هەر ئاینێکیش دابەشکردنی تر هەیە، وەک: گوتاری میانڕەو، گوتاری توندڕەو، گوتاری بانگخوازی، گوتاری ئاگادارکردنەوە. بەم شێوەیە هەمو جۆرەکانی تری وەك: گوتاری ڕاگەیاندن، زانستی، فەلسەفی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، دادوەری و سەربازی ... بۆ چەندین دابەشکردنی تر دابەشدەکرێ

ئەم دابەشکردنەی گوتاریش بۆ جۆرەکانی، بە کراوەیی و فراوانی دەمێنێتەوە، لەبەر ناجێگیری و گوێزانەوەی بەردەوامی، چونکە ئەوانەی بەم بوارەوە سەرقاڵن، سەر بە چەندین کایەی زانستی جیاوازن، وەک: زمانەوانی، کۆمەڵناسی، دەرونناسی، ئەدەب...هتد. ئەمەش وایکردوە کە گوتار توانای بڵاوبونەوەی هەبێ بە پانتایی توێژینەوە زانستیەکان. هەروەها یەکێک لە هۆکارە سەرکیەکانی ناجێگیریی سنوری گوتار دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و کلتور و بەرادەوامیی ڕەوڕەوەی مێژو بە شێوەیەکی گشتی.(هیثم سرحان٢٠١٠ :٢٩)

**١-٣ پێکهێنەرەکانی گوتار:**

**١-٣-١نێـرەر:** نێـرەر تەوەری سـەرەکی و بەرهەمهێنـی گوتـار(نوسـراو/ گـوترا و)ە. بە کەسـێک دەگوترێـت (نێـرەر) کە پەیامێـک ئاڕاسـتەی کەسـی بەرامبەر بکـا. لە گفتوگۆدا بە خێرایـی ڕۆڵـی دەگۆڕێ و دەبێتە وەرگری پەیامی ئێستا و نێرەری پەیامی ڕابردو(شارودو ومینغنۆ٢٠٠٨: ٣١٦) بەڵام لە گەڵێک جۆری وەک گوتاری سیاسی و گوتاری ئاینی و ڕاگەیاندن و ڕیکلامدا ... نێرەر تەنیا پەیام ئاڕاستە دەکا و ڕۆڵگۆڕین و نۆرەگرتن بەدیناکرێ.

کەسایەتیی نێرەر لە ڕێگەی بنیاتی گوتارەکەی بە پشتبەستن بە ستراتیژیەت و نەخشـەڕێگای گوتـار بەرجەسـتە دەبێ کە لە قۆنـاغی شیکردنەوەی دەوروبەر و خۆئامـادەکردنی هزری (زەینـی) دەستپێدەکا. وەک هەڵبژاردنی یەکەی زمانیی گونجاو، لێهاتویی لە گواستنەوەی بیر و بۆچونەکانی خـۆی بـۆ وەرگـران بە شـێوازی جیـاواز، ناسـینی جـۆری وەرگـران، بـۆئەوەی بەرژەوەنـدی و ئامانجەکـانی لە وەرگـران بەدیبهێنـێ (عمـر اوکـان٢٠١١ :٦١). لە ڕێـگەی نێـرەرەوە ڕۆڵـی ڕاستەقینەی زمـانی سروشتی بەدیاردەکەوێ، چونکە لە نـاو گوتـاردا هەمو ئاستە لێکجیاوازەکـانی زمان بەکاردێنێ، بۆئەوەی وێنەیەکی تەواوی مەبەستەکانی لە فیکری وەرگران بچەسپێنێ .

لە لایەکـی تـر پێگەی نێرەردەبێتە پێوەر بۆ بەرهەمهێنـانی هەندێ جۆری گوتـار کە تـایبەتە بە خودی ئەو کەسە و کەسانی تر ئەو مافەیان نیە، وەک: پلە و پایە و پۆست، بۆ نمونە:بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک بڕیاری سزادان، دەرکرن، لادان و دامەزراندنی بەدەستە. (صلاح فضل١٩٩٢ :٩٨) ئەو پێگە و دەسـەڵاتەی نەبێ، گوتـارەکەی نـاچێتە بـواری جێبەجێکـردن. جـگە لە پێگەی وەزیفـی، پێویستە نێرەر بوێری ئەوەی هەبێ کە گوتـارەکەی لە دەوروبەری گونجـاو[١] پێشکەش بکـا، چونکە بـوێری نێـرەر یەکێکە لە هۆکـارە بنەڕەتیەکـانی سـەرکەوتن و بەردەوامبـونی گوتـار، بەتـایبەتی لە گوتـاری سیاسـی، یـان یاسـادانان لە پەڕلەمـان، یـان بڕیـارێکی میـری، چـونکە کاریگەریەکـانی ئەو جۆرە گوتارە کاتی نیە و بەردەوامـی هەیە. بۆنمونە: سزادان و لادانـی فەرمانبەرێـک لەکارەکەی، یان هەندێک یاسا کە پەڕلەمانی وڵاتێک دەریدەکا.

ئەرکی نێرەر لە ناردنی پەیام ئەرکێکی ئاسان نیە، هەرچەندە وا بەرچاو دەکەوێ کە نێرەران لەمـاوەیەکی کەمـدا چەنـدین پەیـامی جیـاواز لە ڕوی فـۆرم و نـاوەرۆکەوە ئاڕاسـتەدەکەن، بەڵام بە گشتی پەیام بە پرۆسـەیەکی ئامادەکاریی ئـاڵۆز و چەند قۆنـاغێکی سـەخت و خێرا تێدەپەڕێ. وەک قۆنـاغی پـێش سـەرەتا، قۆنـاغی خەمڵانـدنی بەرامـبەر، قۆنـاغی خەمڵانـدنی دەوروبەر، قۆنـاغی سـەرەتای پەیـام، قۆنـاغی دەنگـی، یـان گـۆڕینی پەیـام بۆدەنـگ (نوسـین)، قۆنـاغی نـاردن و هەڵسەنگاندنی پەیام (شەرمین ڕسول٢٠١٧ :٢٢)

[١]مەبەست هەموو جۆرەکانی دەوروبەرە، زمانی و نازمانی

**١-٣-٢ وەرگر**: وەرگر تەوەری دوەمی گوتارە. بەشدارییەکی کاریگەری هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاردا، بەو پێیەی کە وەرگر ئامادەییەکی بەردەوامی هەیە لە هزری نێرەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ(لەگوتاری گوتراودا)، یان ناڕاستەوخۆ(لە گوتاری نوسراودا)، وەرگر بەشدارە لە دینامیکیەتی گوتار و نیشاندانی توانا جۆراوجۆر و جیاوازەکانی نێرەر. وەرگر وا لە نێرەردەکا کە لەسەرەتاوە ستراتیژیەتێکی تۆکمە لە بنیاتی گوتارەکەی پەیڕەو بکا و ڕۆلی وەرگر بەهەند هەڵبگرێ بە جۆرێک کە لەگەڵ مەرج و بارودۆخە تایبەتیەکانی وەرگر بگونجێ.( براون و یۆل١٩٩٧ :٣٠)

وەرگر زەمینەی بەرهەمهاتنی گوتارە، چونکە ئەو پرۆسەی پەیوەندیە بەردەوامەی لە نێوان نێرە و وەرگر هەیە و ئەو شیکردنەوە و کاردانەوەی لای وەرگر دروستدەبێ، دەبێتە هۆی ئەوەی دووبارە گوتار بەرهەمبهێنێتەوە. کاتێک قسەکەر پەیامێک، یان مەبەستێک ئاراستە دەکا، وەرگر کۆدە زمانیەکان شیدەکاتەوە و لە چوارچێوەی کات و شوێنی دیارکراوی خۆیدا گوتارەکە بەرهەمدەهێنێتەوە و بڕیار لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی گوتارەکە دەدا (غازی حسن٢٠١٦ :١٤). ئەم کردەیەش پێگەی وەرگر زیاتر ڕوندەکاتەوە و ڕۆلێکی بنچینەیی پێدەدا. لە هەندێک جۆری گوتاردا وەرگر بەڕادەیەک گرنگی پێدەدرێ، کە هەرخودی گوتارەکە لە پێناوی ڕەزامەندیی وەرگران داڕێژراوە. وەک گوتاری بانگەشەکانی هەڵبژاردن کە نێرەر بەهەمو شێوەیەک هەوڵدەدا متمانەی وەرگران بەدەستبهێنێ .

هەردولایەنی گوتار(نێرەر و وەرگر) لێکدابڕاو و جیا نین. چەندین توخمی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. وەک زانیاریی هاوبەش، دەوروبەری هاوبەش، زمان و شێوازی هاوبەش. بۆیە پەیوەندیی نێوان هەردولا بە گرنگترین پێکهاتەکانی دەوروبەر(السیاق) دادەنرێ کە هۆکارە بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی گونجاوی گوتار. هەمو کاتێکیش نێرەر بارودۆخی وەرگر لەبەرچاو دەگرێ و لێی بێ ئاگانابێ، چونکە دەبێتە هۆکار بۆ بەدەستهێنان، یان بەدەستنەهێنانی ئامانج (عبدالهادی الشهیری٢٠١٥ : ٨٦). دەکرێ لەم نمونانەی خوارەوەدا جۆری پەیوەندیی نێوان هەردولا زیاتر ڕونبکرێتەوە:

- **ژورەکەم بۆ پاکبکەوە .**
- **دەمەوێت ژورەکەم بۆ پاکبکەیتەوە.**
- **ژورەکەم بۆ پاک ناکەیتەوە؟**
- **ئایا دەتوانی، ژورەکەم بۆ پاکبکەیتەوە؟**
- **بێزەحمەت دەکرێ، ژورەکەم بۆ پاکبکەیتەوە؟**

ڕیزبەندیی گوتارەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە، جۆری پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر بەرجەستە دەکەن. نمونەی یەکەم، لە پەیوەندیی فەرمی دەچێ و داواکاریەکە ڕاستەوخۆیە و فەرماندانی تیادایە. تا بەرەو خوارەوە بێی جۆری پەیوەندیەکە گۆڕانی بەسەرداد‌ێ و لە شێوازی فەرمی دووردەکەوێتەوە و لە فەرماندانەوە دەبێتە داواکاری و پەیوەندیەکە سۆزێکی زیاتری تێدایە. کۆتا نمونەش باشترین ستراتیژیەتی پێوەدیارە و ئەگەری جێبەجێکردنی زیاترە، چونکە وەرگر لە هەموو بارەکاندا دەتوانێ داواکاریەکە ڕەتبکاتەوە، ئەگەر نێرەر دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر وەرگردا نەبێ.

**١-٣-٣ پەیام:** پەیام، ناوەرۆکی پرۆسەی پەیوەندیکردنە. لە ڕێگەی پەیامەوە زانیاریی زۆر و جۆراوجۆر دەگوازرێنەوە. مەرج نیە پەیام تەنیا لە ڕێگەی دەنگی زمانی بگوازرێتەوە، دەکرێ لە ڕێگەی نوسین، جوڵە، نواندن، ئاماژە، تەماشاکردن، ...هتد، بگەیەنرێتە وەرگر. بەئامانج گەیشتنی پەیام دەوەستێتە سەر چەندایەتیی کارلێککردن و تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر. چەند نێرەر سەرکەوتو بێ لە شێوازی گەیاندنی پەیامەکەی، ئەوەندە کاریگەریی زیاتر دروستدەکا. ئەم پرۆسەیەش کاتێک سەرکەوتو دەبێ کە وەرگر توانای شیکردنەوەی کۆدەکانی هەمان پەیامی هەبێت کە نێرەر بەرهەمی هێناوە (تاڵیب حوسێن ٢٠١٤: ٢٢٤).

خاڵی دەسپێکی پەیام لە مێشکی نێرەر دەستپێدەکا کە سۆسێر(لە سوری قسەکردن) بە چەمک (concepts) ناوی دەبا (saussure1959:11)، پاشان لە پرۆسەی بەکۆدکردن (encoding)، کۆدەکان بەگوێرەی سیستەمی کارکردنیان، واتا و مەبەست باردەکەن و بە کەناڵی جیا جیای وەک دەنگ، نوسین، جوڵە ...هتد چەمکەکان لە مێشکی نێرەر دەگوازنەوە بۆ وەرگر. وەرگر لە پرۆسەیەکی پێچەوانەوە کۆدەکان شیدەکاتەوە(decoding)، بەم شێوەیە کردەی گەیاندن تەواو دەبێ. لە کردەی قسەکردنی ڕوبەڕودا(face to face) ڕۆڵگۆڕینەوە ڕودەدا و هەمان کردە دوبارە دەبێتەوە، نێرە دەبێتە وەرگر و وەرگر دەبێتە نێرەر، بەڵام لە جۆرەکانی تری گواستنەوەی پەیامدا وەک: نوسین، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، نێرەر کاردانەوەی ڕاستەوخۆی وەرگر نابینێ.

هەر پەیامێک جۆرێک لە کاریگەری و کاردانەوە دروستدەکا، ئەمەش بەستراوەتەوە بە سەرچاوەی پەخشی پەیامەکە (نێرەر). تا سەرچاوەی پەیام جێگەی متمانە بێ، کاریگەریی پەیامەکە زیاتردەبێ. وەک کەناڵە تەلەفیزیۆنیە بەناوبانگەکانی جیهان یاخود کەسایەتیە سیاسیە بڕیاربەدەستەکان. بەگشتی سەرچاوەی پەیام دەبێ چەند بنەمایەکی تێدابێ بۆ ئەوەی سەرکەوتو بێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی:

**١-٣-٣-١ بڕوابەندی:Credibility** بڕوابەندی (مصداقیة) لە هەمو جۆرە پەیامێک پێویستە. هەمو کاتێک وەرگر وەک هەڵسەنگێنەرێک پەیامەکە بەراورد دەکا لەگەڵ دەوروبەر و بارودۆخی

کۆمەڵایەتی و پێگەی نێرەر، ڕاستی و ناڕاستسیەکان هاوێردەکا، ئەمە دەکرێ لە گفتوگۆی ئاسایشدا تێبینی بکرێ.

**١-٣-٣-٢سەنجڕاکێشــی Attractiveness:** بــۆ نیشــاندانی خــاڵە بەهێــز و گەشــەکانی هەر پەیامێک، سەررنجڕاکێشی، بەشێوەیەکی دروست و تەواو، یەکێکە لە هۆکارە هاوکارە گرنگەکانی گەیاندنی پەیامەکە. وەک لە ڕێکلامەکان تێبینی نرخ و کوالێتی هەندێک کاڵا دەکرێ کە جیاوازە لەگەڵ هاوشێوەکانی.

**١-٣-٣-٣/ دەسـەڵات Authority :** دەسـەڵات، سزا و پاداشتی لە دەستە. گوێڕایەڵی هاوپێچی پەیـامەکەیەتی و دەخـوازێ پەیـامەکەی جێبەجـێ بکـرێ، وەک لە گوتـاری سـەرکردە سیاسـیەکان، فەرمانەکانی میری، یان هۆڵەکانی خوێندن تێبینی دەکرێ (صالح ابو اصبع٢٠٠٦ :٢٢٧).

جگە لەو ڕەوشتانەی نێرەر خودی پەیام دەبێ چەند بنەمایەکی تێدابێ:

١/ شـایەنی گوێ بۆگرتن یـان خوێندنەوە بێ. واتە؛ گوێگر یـان خـوێنەر بتـوانێ تێبیگـا. وشـەکانی ئاسایی و بەکارهێنراو بێ و ڕستەکانیشی کورت بن.

٢/ دەستەواژە و پەیڤی هەمەجۆربێ و دووربێ لە دوبارەکردنەوە.

٣/ جێگەی گرنگی و بەرژەوەندیی وەرگر بێ .

٤/ دەربڕین لە کەتوار (واقع) بکات و خۆی لە ئەندێشە و وێناکردنی ناڕاستەقینە بپارێزێ .

٥/ جـێگەی هـاتنەدی بـێ. واتە؛ پەیـامەکە وشــە و ڕسـتە و کـردەی وا لەخـۆبگرێ کە بتـوانرێ تاقیبکرێتەوە لە کەتواردا.

٦/ نـاوەرۆکی پەیـام دەبـێ لای وەرگـران ڕون و ئاشـکرا بـێ. بە پێچەوانەوە ئامانجەکـانی نـاپێکێ ئەگەر تەمومژی لەناوەرۆکەکەیدا هەبێ .

٧/ لایەنی هەست و سۆزی وەرگران بجولێنێ و کەشێکی دڵخۆشکەر و لەبار برەخسێنێ.

٨/ زانیاریی لۆجیکی و بەڵگەی سەلمێنراو لەخۆبگرێ.

٩/ نێرەر و وەرگر ئاشنای بابەتەکان بن و زانیـاریی هەوبەشـیان لەبارەیـانەوە هەبـێ، دور بـێ لەو بابەتانەی کە جێگەی مشتومڕن ( حسن مکاوي و لیلی السید١٩٩٨ :٥٥).

**١-٣-٤ دەوروبەر:**دەوروبەر ( context) بۆتە بابەتێکی زیندوی توێژینەوە زمانەوانیە نوێیەکان. توێژەران بەدوای واتای وشەی بەکارهاتو و چۆنیەتیی کاریگەربونی وشە بە دەوروبەردا دەگەڕێن. لە چوارچێوەیرستەدا جگە لە هاوواتایی و فرەواتایی دانە فەرهەنگیەکان، وشە کاردەکاتە سەر واتای گشتیی ڕستە و هەروەها دەکەوێتە ژێر رکێفی ڕستە و واتای جیاواز دەدا. ئەمە پێی دەگوترێ کاریگەریی دەوروبەر (Context effect) (د محمد خولی ٢٠٠١: ٦٩). بەم پێیە دەوروبەر ئەو چوارچێوەیەیە کە گفتوگۆ و تێکگەیشتنی نێوان دو کەس یان زیاتری تێدا بەرهەم دێ کە کات و شوێن و چەمکە هاوبەشەکانی نێوان نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە .

سۆسێر لەبارەی پەیوەندیی نێوانیەکەکانی زمان دەڵێ : " پەیوەندی و جیاوازیی نێوان یەکەکانی زمان لە دو بازنەی جیاوازدا دەخولێنەوە کە بەرامبەر یەک وەستاون، هەریەکەیان جۆرێکی دیارکراو بەها (نرخ) بەرهەمدێنێ، هەریەک لەم جۆرانە سروشتی ئەویتریان زیاتر ڕوندەکەنەوە و هاوتان لە نیشاندانی وێنەی بەیەکەوە بەستراوی چالاکی هزری، کە بۆ ژیانی زمان پێویستن " (Saussur1959:123). ئەم دوو بازنەیە بریتین لە پەیوەندیی هەماهەنگی ( Syntagmatic relation) و پەیوەندی بەیەکەوە بەسترانەوە ( Associative relation). هەماهەنگی پەیوەندیەکی ئێستاییە لەسەر دو یەکە یان زیاتر بنیاتدەنرێ، لە چوارچێوەی زنجیرەیەک یەکەی تر کە لەسەر هێڵی ئاسۆیی (Linear) زمانی بەهاکەی لە یەکەکانی پێش خۆی یان دوای خۆی وەردەگرێت.

ئەمەش بیرۆکەی سەرەکیی بنچینەیی دەوروبەرە لەلای سۆسێر، کە لە ئەنجامی بەدواییەکداهاتنی یەکە زمانیەکان تێگەیشتن بەرهەمدێ. هەر یەکەیەکی زمانی ڕێگەخۆشکەرە بۆ یەکەی دوای خۆی و بە پێچەوانەشەوە. لەو بارەیەوە سوسێر دەلێ " چەمکی دەوروبەریەک تاکە وشە ناگرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک وشە و یەکەی ئاوێتەی درێژکراوە دەگرێتەوە. وەک: وشەی داڕێژراو و بەشەکانی ڕستە و ڕستەی تەواو " ( هەمان سەرچاوە :١٢٤ ). کورتەی بیرۆکەی سۆسێر لەبارەی دەوروبەر ئەوەیە بەهای وشە بەدیارناکەوێ لە ڕێگەی پاش و پێش خۆی، یان هەردوکیان نەبێ، ئەمەش لەگەڵ دەروبەری زمانی یەکدەگرێتەوە.

فیندریس پێی وایە، بەهای وشە لەدەوروبەرەکەی بەدیاردەکەوێ و هەمو بەکارهێنانێکی وشە کاتیە، چونکە وشە واتای ڕاستەقینەی لە دەوروبەرەکەی وەردەگرێ، دەوروبەریش دەتوانێ وشە لە هەمو واتا لاوەکیەکانی ڕابردوی دابماڵێ و نرخی ئێستایی پێ ببەخشێ (فیندرس ٢٠١٤: ٢٣١).

ڤان دایک بڕوای وایە، کردەی پەیوەندیکردن بەلایەنی کەم پێویستیی بە دو بەشداربو هەیە (نێرەر و وەرگر) کە سەر بە زمانێکی تایبەت بن و لە چۆنیەتی ناردن و شیکردنەوەی ئەو کۆدە

زمانیانەی کە واتایان لێ بارکراوە، ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا هەبێ ( van dijk1992:193).
کۆدەکانیش لە هەمو بارودۆخێک هەڵگری واتای ڕون یان مەبەست نین، دەکەونە ژێر کاریگەریی بارودۆخێک یان چەند بارودۆخێک کە هاوکاتن لەگەڵ کردەی گوتن. ئەو بارودۆخانە دەوری کردەی گوتن دەدەن، لەکاتێک بۆ کاتێکی تر، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، هەڵوێستەکانی گوتن دەگۆڕن. ئەم جیاوازیانەش دەچنە چوارچێوی ( دەوروبەر – context)ی گوتن.

بە پێی کاریگەریی دەوروبەر لەسەر دەقی گوتراودا، واتای یەکەکانی گوتن لە سنوری کەرەستەی دەربڕاو[٢] تێدەپەڕێ و مەبەستی گوتن دەگرێتەوە. دەوروبەر لە چەند ئاستێکی جیاواز سنوری یەکەکانی گوتن دیاردەکا وەک : جۆری ڕستە و بابەت و کردە نازمانیە هاریکارەکانی دەربڕین (جۆن لاینز١٩٨٧: ٢٢٢)

کەواتە، دەوروبەر ڕۆلێکی هاوکات و ڕاستەوانە دەبینێ لە نیشادانی مەبەستەکانی گوتن و یەکە بەکارهێنراوەکانی زمان، چ وشە بن، یان ڕستە، یان یەکەی گەورەتر[٣]. بەبێ ڕەچاوکردنی دەوروبەر (زمانی و نازمانی)، گوتن مەبەستە وردەکانی بەدەستەوە نادا. بۆیە بۆ شیکردنەوەی هەر گوتنێک یان دەقێکی نوسراو، هەماهەنگیی چەند جۆرێک دەوروبەر پێویستە بۆ ئەوەی هەر دەربڕینێک واتای تەواو بەدەستەوە بدا:

**١-٣-٤-١ دەوروبەری گۆکردن ( Verbal context)**: بریتیە لە شوێنی وشە لە سیستەمی ڕێکخستنی زمانیی و بەدواییەکداهاتن و پەیوەندیی نێوان یەکە دەنگی و ڕێزمانی و فەرهەنگیەکان لە هەر زمانێک، کە هەمو کەرەستە زمانیە هاوڕێکانی وشە لە چوارچێوەی ڕستە دەگرێتەوە (مصطفى طه رضوان ، ٢٠٠٩: ٢٤٥). وەک ئەو ژینگە زمانیەی کە وشەکەی تێدا، لە پاش و پێشکردن یان کاریگەربون بە وشەکانی دەوروبەر دەردەبڕدرێت.

بۆ نمونە وشەی (چاو) لە زمانی کوردی بە هاوڕێیەتی وشەیەکی تر چەندین واتای جیاواز(فرەواتا) بەرهەمدێنێ، وەک :

چاوگە = کانی.

چاوی لەسەرە = گرنگی پێدەدا.

چاوی لێیەتی = دەیەوێ.

چاوی لێدا = بەچاوی برد.

---

[٢] دەنگ ، وشە ، ڕستە
[٣] دەق و گوتار

چاوی دەرهێنا = ئەزیەتی دا.

چاوی سورکردەوە = هەڕەشە ...

هەروەها چەندین وشەی تری وەک ( دەست، خوارد، برد ... ) بە گوێرەی وشەکانی دەوروبەری واتای جیاواز دەبەخشن.

لە ئاستی دەق و گوتار دەوربەری زمانی بریتیە لە: بەدوایەکداهاتنی ڕستە و کردە قسەییەکانی و چۆنیەتی بەیەکەوە گرێدانی لۆژیکیی (coherence) یەکە زمانیەکان، هەروەها چۆنیەتیی کارلێککردن و دەقبەستی ( cohesion) نێوان ئەو یەکە زمانیانە بۆ دروستکردنی هەڵوێستێکی تایبەت، لای وەرگر و گەیاندنی پەیام. بۆیە وەسفکردنی هەر یەکەیەکی زمانی (وشە، ئامراز) بەبێ کەرەسەکانی دەوروبەری، هیچ نرخێکی لە ناو دەق وگوتار نابێ.

لە زمانەوانیی هاوچەرخدا دەروبەری زمانی زیاتر گرنگی پێدەدرێ. بە تایبەتی دوای ئەوەی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردو، تویژینەوە زمانیەکان لە ئەوڕوپا بەرەو یەکەی گەورەتر لە ڕستە هەنگاویاننا و زاراوەی ( discourse analysis)یان وەرگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی کە لە لایەن زمانەوانی ئەمەریکی (هاریس) داهێنرابو. تویژینەوەکان سنوری ڕستەیان تێپەڕاند و تیشکۆیان خستەسەر ئەنجامەکانی گوتار ( ماري بافۆ و جۆرج سرفاتی ٢٠١٢ : ٣١٤).

**١-٣-٤-٢ دەوروبەری کۆمەڵایەتی(Social context):** بەرهەمهێنانی دەق و گوتار بۆئەوەیە کردەی پەیوەندیکردن ڕوبدا. چۆنیەتیی داڕشتن و زمانی داڕشتن دەبێ لەگەڵ کەتواردا بگونجێ و دور نەبێ لە هزر و ئاستی ڕۆشنبیریی وەرگر و چەقبەستن، لە نێوان هەردولا (نێرەر و وەرگر) ڕوونەدا، چونکە لە بنەڕەتدا گوتار بۆ ئەوەیە ببێتە پردێکی پەیوەندی، بیرۆکەی کەسێک بۆ کەسێک، یان کۆمەڵێک، بگوازێتەوە .

فێرث (J . Firth) جەخت لە ڕۆلی کۆمەڵایەتیی زمان دەکا و لەو بڕوایەدایە کە واتا بریتیە لە پەیوەندیی نێوان زمان و دەوروبەری کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەک کە هەڵوێستە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان واتای یەکەکانی زمان بە گوێرەی بەکارهێنانیان دیاردەکەن(احمد مختار ١٩٩٨: ٦٨).

فێرکلاف دەڵێ:" هەرچەندە ئازادییەکی ڕێژەیی هەیە بۆ داڕێژەری دەق، بەڵام بکەری کۆمەڵایەتی بکەرێکی ئازاد نیە، کۆمەڵێک کۆتی کۆمەڵایەتی هەیە ئازادیەکانیان سنوردار دەکا ". بۆیە لە داڕشتنی هەر دەقێک، دەبێ بنیات و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەکان بە هەند وەربگیرێن (فیرکلاف٢٠٠٩: ٥٨).

بەو پێیەی زمـان (نوسراو و گوتراو) بە کۆڵەگەی بنیاتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دادەنرێ. دەربڕینی پەسەند و گونجاو لەگەڵ ئاستی وەرگران ئەرکی تێگەیشتن و وێناکردن ئاسانتر دەکا، بە تایبەتی لە گوتاری گوتراودا، دەبێ نێرەر بزانێ گوتار ئاڕاستەی کێ دەکا: جوتیاران، خوێندکاران، سەرمایەداران، سەربازان ... هتد، هەروەها شوێنی ئاڕاستەکردن وەک: ماڵەوە، بازاڕ، قوتابخانە، پەرلەمان ... هتد. چونکە هەر توێژ و چینێکی کۆمەڵایەتی، دەستەواژە و دەربڕینی تایبەتیی خۆی دەوێ بۆ دروستکردنی کاریگەری لە دەرونیان.

**١-٣-٤-٣ دەوروبەری کەلتوری (Cultural context):** دەوروبەری کەلتوری هەمو ئەو زانیاریە مێژوییی و هزری و بەها و ئاڕاستانە دەگرێتەوە کە لە گوتاردا بەشدارییان پێدەکرێ و یارمەتیدەر دەبن لە کردەی پەیوەندیی زمانیدا، ئەم زانیاریانەش تەنیا زانیاریی هەنوکەیی نین، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە یادگەی (نێرەر) و (وەرگر)ی گوتاردا هەن (دیار علی کمال٢٠٠٩: ١٣).

پەیوەندیی زمانیلە هەموو کۆمەڵێکدا هەیە، بەڵام جۆری ئەم پەیوەندیە لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر جیاوازە. پەیوەندیی خێزانی، کۆمەڵ، تەمەن، ڕەگەز، پلەوپایە، باردودۆخی کۆمەڵایەتی ... هتد، ئەوە دیاردەکا کە پێویستە چ بگوترێ؟ و بۆ کێ بگوترێ؟ و کەی بگوترێ؟ بەو پێیەش کە گوتار دیاردەیەکی کەلتوریە و داینەمۆی کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانە، دەکرێ لە میانی گوتاردا بنیاتی کەلتوریی هەر کۆمەڵێک بناسرێتەوە (فان دایک ٢٠٠١: ٨٥). لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ناسینی ڕەهەندە کەلتوریەکان و نەریتە ئاشکراو شاراوەکان، بە خاڵێکی بنچینەیی دادەنرێ بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانیدا. فەرامۆشکردنی هەر توخمێک لە پێکهاتە کەلتوریەکان، ئەنجامی پێچەوانەی دەبێ و کردەی پەیوەندیکردن لە نێوان نێرەر و وەرگر بە لاڕێ دادەبا و ئامانج ناپێکێ .

**١-٣-٤-٤ دەوروبەری بار** (context of situation): بریتیە لە هەڵوێستی دەربڕین، بە شێوەیەکی هاوکاتی بە کردەی قسەکردن بەستراوەتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی دەوروبەری بار واتای گوتن ڕوننابێتەوە، چونکە ئەم جۆرە دەوروبەرە بەشێک لە هۆکار و سنورەکانی گوتار دیاردەکا، وەک: شوێنی گوتار (دادگا، قوتابخانە، ئەنجومەنی شارەوانی ... ). کەسە بەشداربوەکان ( پزیشکان، مامۆستایان، خوێندکاران ... ) ( عبدالهادي الشهيرى ٢٠١٥: ٨٠ ).

**١-٤-٤-٥ دەوروبەری دەرونی (Psychological context):** باردۆخی دەرونی نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە. بەو پێیەی کە گوتار کردەیەکە و کردەی زمانیش مەبەستیی و مەرجدارە. لە ڕوی تیۆری مەبەستزانی(pragmatic)یەوە. ئەمە دەبێتە هۆی تێکەڵاوبونی بارودۆخە هزری و دەرونیەکان، بۆ ئەوەی مەبەست و ئارەزوە هزریەکان ببن بە چەند بارودۆخێکی هزری بەرپرس لە

کار و کارلێککردن. ئەم بارودۆخانە جێگەی گرنگپێدانی شیکردنەوەی مەبەستزانین، بەو پێیەی دەبن بە دەوروبەری دەرونیی بەرهەمهینان و تێگەیشتنی زمان (هەمان سەرچاوە :٨٢ )

بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرانەی دەوروبەر و چەند جۆرێکی تریش بەناویەکداچو و بەیەکەوە بەستراون و لە بەرهەمهێنانی گوتاردا دەستبەرداری لە هیچیان ناکرێ، چونکە شیکردنەوەی هەر گوتارێک پێویستیی بە ناسینی تەواوی دەوروبەر هەیە، هەروەها دەوروبەر دەبێتە ڕێنیشاندەری نێرەری گوتار لە نەخشاندنی ستراتیژیەتێکی گونجاو.

**١-٤دەق و گوتار:** لە جیاکردنەوەی هەردو چەمکی دەق(text) و گوتار( discourse) توێژەران هاوڕا نین، هەندێك پێیان وایە کە هاوواتای یەکترن، چونکە هەردوکیان بە بواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەستراونەتەوە و توێژینەوە لە بنیاتی ئەرکیی یەکەکانی زمان دەکەن،هەندێکی تریش جیاوازییەکی ورد لە نێوانیاندا دەکەن و پێیان وایە: دەق و گوتار جیاوازن. گوتار بە کردەی گۆکردن و دەوروبەری پەیوەندیکرنەوە بەستراوەتەوە و لە دەق و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی پێکدێ. کەچی دەق لەم دەوروبەرانە دابڕاوە. مێشێل ئادەم (M.Adam)[٤] بە هاوکێشەیەکی بیرکاری پەیوەندیی نێوان دەق و گوتار نیشاندەدا:

گوتار = دەق + باردۆخی بەرهەمهێنان.

دەق = گوتار – بارودۆخی بەرهەمهێنان.

بەواتایەکی تر؛ گوتار لەگەڵ دەروبەر ئاوێتە دەبێ. واتە؛ بارودۆخی دەرەوەی زمانیی بەرهەمهێن کاریگەریی لەسەر گوتار دەبێ، بەڵام ئەو کاریگەریە لەسەر دەق نیە. گوتار کردەیەکی کارەکیە و بارودۆخی تایبەت بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا دەکا، وەك: (بەشداربوان، دەزگا، شوێن، کات)، بەڵام لە دەقدا ئەم پێوەرانە ڕەچاو ناکرێن و چەند ڕستەیەکی بەیەکەوە بەستراو و هەماهەنگە لەڕوی واتاوە. لە ڕوی زمانیەوە، زماننانسی دەق و گوتار بەناویەکدا دەچن، هەرچەندە دەق گشتگیرترە، بەتایبەتی لە خستنە ڕوی (ڕوداو، کەسایەتی، تێراونین). کەچی گوتار (ڕوانگەی دەبڕین، کاتی دەربڕین، دەنگەزمانیەکان، شێواز) لەخۆدەگرێ (ماري بافۆ و جورج سرفاتی٢٠١٢ :٣١٥).

دەق گرنگی بە بابەتی زمان و شێوە و بنیاتەکەی دەدا، گوتاریش گرنگی بە ناوەرۆک و ئەرک و واتای کۆمەڵایەتیی زمان دەدا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، بەڵکو گوتار لە دەقدا بەرجەستە دەبێ (عبدالواحد مشير دزەيی.٢٠١٤:٨٢). هۆدج و کریس، لە ڕوی چەمک و مامەڵە و ئامانجەوە جیاوازییان لە نێوان دەق وگوتاردا کردوە، بە لای ئەوان گوتار کردەیەکی

[٤] زمانەوانێکی فەڕەنسیە، مامۆستای زانکۆی لۆزانە، دامەزرینەری زنجیرەی زانستەکانی گوتار(sciences des disciurs).

کۆمەڵایەتیە و دەق دەگرێتەوە و شیکردنەوەی دەقیش بەشێکە لە شیکردنەوەی گوتار لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان.

فێرکلاف دەڵێ: کە سەیری زمان دەکەین وەک گوتار و چالاکیەکی کۆمەڵایەتی، ناکرێ تەنیا لە سنوری شیکردنەوەی دەق و پرۆسەی بەرهەمهێنانی بوەستین، بەڵکو پێویستیمان بە شیکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان دەق و بارودۆخی کۆمەڵایەتی پەیوەنددار بە دەوروبەر و بارودۆخی دورتریش وەکو دەزگا و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبێ، چونکە شیکردنەوەی گوتار ئاستی سەرەوەی دەق تێدەپەڕێنێ و هەوڵدەدا خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ ئاماژە جۆراوجۆرەکانی ناو دەق بکا، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەرینەبڕیون و دەکەونە پشت دەربڕینەکانی دەق (Fairclough1989: 26).


توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە شیکردنەوەی گوتار لە بازنەی زانستە زمانیەکان دەرناچێ کە هەوڵدەدا لە ڕێگەی توێژینەوەی پەیوەست بە شیکردنەوەی گوتار و بوارەکانی، وەڵامی پرسیارەکانی وەک: کێ قسەدەکا؟ چۆن قسەدەکا؟ چی دەڵێ؟ بداتەوە. ئەم پرسیارانەش هەریەکە بە پێی ئاراستە و ئامانجەکانی خۆی، جێگەی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکانی زمانەوانین.

براون و یۆل، لەو باوەڕەدان کە چەمکی شیکردنەوەی گوتار بەکارهێنانی جۆراوجۆری هەیە، بە واتای جیاواز و چالاکیی جیاواز بەکاردێ، بە پێی بوار و پسپۆڕی وەک: کۆزمانەوانی، دەروزمانەوانی، زمانەوانیی فەلسەفی و زمانەوانیی ئاماری (براون و یول ١٩٩٧: ١٠ ). هەرچەند بوارەکان جیاوازبن و بابەتەکان بەناویەکدا بچن، شیکردنەوەی گوتار توێژینەوەیە لە چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەرانی زمان و لەوە تێپەڕناکا، ئەمەشپێویست بە ناسینی چۆنیەتیی سیستەمی زمانی و مەبەستزانی پێکهاتەکانی گوتاردەکا، کە بە کرۆکی توێژینەوەی شیکاری دادەنرێت. واتە؛ کردەی پەیوەندیکردن ڕودەدا هەرکاتێک دەربڕینێکی گۆکراو بکەوێتە ژێرکاریگەریی یاسا ڕێزمانیەکان، بابەتە واتاییەکان، دەوروبەری مەبەستزانی، کە هەمویان لەچوارچێوەی گوتار، هەماهەنگ و لێکدانەبڕاو کاردەکەن.

لە بارەی دەقەوە توێژینەوەکان گرنگی بەشیکردنەوەی دەق دەدەن، بە پشت بەستن بە چەمکەکانی: نوسەر، نوسین، خوێنەر، ڕەگەزی دەق، سنوری زمانەوانیی دەقیش بریتیە لە پارچەکردنی دەق، چۆنیەتیی بەیەکەوەبەسترانەوەیان، دیارکردنی ڕەگەزی دەق، هەروەها ئاستی زمانی و فەرهەنگی و کارلێککردنیان. هەمو گوتارێکیش بنەڕەتەکانی دەق و گوتاری تێدایە: یەکەمیان لە توخمە زمانیە پێکهێنەرەکانی ڕەگەزی دەق سنوربەند دەکرێ، دوەمیان توخمەکانی

ئەودیوی دواندن کە بریتین لە بنیاتی کۆمەڵایەتی و دەرونی و دەوروبەر، کە بەشێوەیەکی گشتی پێکهێنەرە مەبەستزانیەکانی بەرهەمێنانی گوتار دەگرنەوە ( خلیفه المیساوی، ٢٠١٣: ٢٥٠).

ئەم هێڵکاریەی خوارەوە پەیوەندیی نێوان گوتار و دەق و زمان ڕوندەکاتەوە:




هێڵکاری ژمارە ١ (هەمان سەرچاوە)


**١-٥ ستراتیژیەتی گوتار:**

چەمکی ستراتیژیەت بە هەمو کارێکی ڕێکخراو، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیارکراو دەگوترێ (شارودو و منغنو٢٠٠٨: ١٣٣). ڕێکخراوەیی چەمکی ستراتیژیەت، وایکرد کە چەمکەکە بچێتە ناو هەر کارێکی ڕێکخراو و ئامانجدار وەك سیاسەت، ئابوری، پەروەردە، بواری سەربازیی... گەلێك جار چەمکی ستراتیژیەت لەگەڵ هەردو چەمکی پلان (plan) و دیزاین (design) بەناوەیەکدا دەچن و لێك نزیکدەبنەوە. ئەم چەمکە، هاتە ناو بواری گوتار و بە پێی جیاوازیی ڕەوتەکانی لێکۆڵینەوە بە شێوەی جیاواز بەکارهات. هەندێك بە مەرجی بەرهەمهێنانی گوتاریان دانا، یان ئەو یاسایانەی کە پێویستە پەیڕەوبکرێن بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی زمانی، لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە تاکە کەسیانەی کە نێرەر هەڵیاندەبژێرێ. هەندێکی تر بە یەکێك لە دو بنەمای فۆرمی زمانییان دانا کە بریتین لە چوارچێوەی یاسایی و دەرونی، کە پێویستە لە گوتاردا هەبن.( منیه عبید ٢٠١٦. :٧٥)

لە ستراتیژیەتی گوتاردا دەبێ سێ تەوەرەی سەرەکی بە هەند وەربگیرێن، کە بریتین لە: بەرهەمهێن، وەرگر و دەوروبەر. بە بۆچونی زۆربەی زمانەوانان، بەرهەمهێنی گوتار تەوەری سەرەکیی پەیوەندیکردنە، چونکە سیستەمی زمانی پراکتیزە دەکا و بە پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتێکی

دیار و ئامانجێکی دیار، بۆ گەیاندنی مەبەست، گوتار بەرهەمدێنێ، هەروەها خودی خۆی بەرجەستە دەکا لە ڕێگەی بنیاتی گوتارەکەی. بۆ گواستنەوەی بۆچونەکانی، دەبێ بەرهەمهێن ستراتیژیەتێکی وا پەیرەوبکا کە تێگەیشتنی بۆ دەروبەر هەبێ، خۆی بۆ ئامادە بکا و یەکەی زمانی گونجاو هەڵبژێرێ. بەمەش پەیوەندیەکی بەهێزی دەبێ بە بابەت و تێگەیشتن و لێکدانەوەی گوتارەکەی تا دەگاتە وەرگر.

بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی وەرگر ستراتیژیەتی گوتار تەواو نابێ، چونکە ئامانجی بەرهەمهێن ئەوەیە کە هەڵوێستێك لای وەرگر دروست بکا، بۆیە وەرگر تەوەرێکی گرنگە لە ستراتیژیەتی گوتاردا. هەروەها دەوروبەر(سیاق)ی گوتار تەوەرێکی تری گرنگە کە دەبێ بەرهەمهێنی گوتار لەبەرچاویبگرێ، چونکە ئەگەر بەرهەمهێنی گوتار دەروبەرەکە بە باشی نەناسێ، دوردەکەوێتەوە لە ئامانج. یەکێك یان چەند هۆکارێکی دەوروبەر دەبنە هۆی ئەوەی کە گوتارەکە مەبەستەکانی نەپێکێ. دەتوانرێ بەم هێڵکاریەی خوارەوە ستراتیژیەتی گوتارکورتبکرێتەوە:




هێڵکاری ژمارە٢ (هەمان سەرچاوە)

**١-٦ ئایدیۆلۆژیای گوتار:**

بۆ یەکەم جار چەمکی ئایدۆلۆژیا لە لایەن (دی تراسی)[٥] وەک ناوێک بۆ ئەو زانستە بەکارهات کە بە شێوەیەکی ڕەها توێژینەوە لە بیری مرۆڤ دەکا. زاراوەکەش لە زاراوەی کۆنی یۆنانی (Ideo)، کە بە واتای (بیر) دێ، (logy)کە بە واتای (زانست، گوتار) دێ، وەرگیراوە (زکریا ابراهیم، ١٩٦٧ :١٨٠). لە دوای ئەویش کارل مارکس بۆ یەکەم جار چەمکی ئایدیۆلۆژیای لە بواری کۆمەڵناسیدا بەکارهێنا.

[٥] Antoine de tracy فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، یەکەم جار بە کتێبێکی بەناوی (پلانی توخمەکانی ئایدیۆلۆژیا ) ١٨٠١، زاراوە ئایدیۆلۆژیای بەکارهێناوە .

یەکێک لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی کە بزوتنەوەی هزریی مارکسی سەرقاڵکردبو، بریتی بو لە شێوە و ناوەرۆک و چۆنیەتیی کارکردن و ئەرکی ئایدیۆلۆژیا لە کۆمەڵگەدا. مارکس لە چوارچێوەی فەلسەفەی (ماتریالی مێژویی) ڕەخنەی لە بیری سیاسیی چەپڕەوەی هیگڵی ئەڵمانیا گرت، چونکە پشتیان بە پێشوەچونی ڕاستەقینەیی(reality) مێژو نەدەبەست، پێی دەگوتن: "ئێوە شیکردنەوە بۆ زڕەندێشەی (اوهام) کەسانێک دەکەن کە بەدوای خۆشەویستیی دەسەڵات و لاسایکردنەوە و پەروەردەی گەندەڵ دەگەڕێن. ئێوە مێژوی کەتوار (واقع) ڕەتدەکەنەوە و بیرتان بەزڕەندێشە پڕدەکەنەوە وخۆتان لە ناسینی کەتوار دوردەکەنەوە، بۆیە ئایدیۆلۆژیاکەتان زانستی نیە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئایدیۆلۆژیا ئاماژەیەکی نەرێنی نیشاندەدا لای مارکس، مێژوی ڕاستەقینە ڕەتدەکاتەوە و گیانی زانست لەناو دەبا، تێگەیشتنێکی ساختەیە، کردەیەکی هزریە، کە ڕۆشنبیر پێیهەڵدەستێ، سەرەڕای درکپێکردنی، هێزە جوڵێنەرەکانی پشتگوێ دەخا.

بە بۆچونی مارکس هەمو بیر و ڕێبازێک بە هەڵوێستی مێژویی مەرجدار کراوە، بەربەرەکانێی چینەکانیش بریتیە لە ڕەنگدانەوەی گشتگیریی ئایدیۆلۆژیا لە هەموشێوە یاسایی و ئاینی و فەلسەفیەکان. ئەو چینەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی ماددی بەدەستە، هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی گیانیشی بەدەستە. لە بەرامبەریشدا ئەو چینەی کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی بەدەست نیە بێ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەست پێبکا، پەیرەوی ئایدۆلۆژیای چینە سەردەستەکان دەکا (عبدالله العروی ٢٠١٢: ٣٤).

لە ژێر کاریگەریی ڕیبازی مارکسیزم، ئالتوسێر لەو باوەڕەدابو گوتار شێوەی ماددی ئایدیۆلۆژیایە لە هەڵسوکەوتی(ممارسة) دەزگاکانی دەوڵەت. ئایدۆلۆژیاش بنیاتی تاک پێکدەهێنێ و دەبێتە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی. بەشداری دەکا لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تاکەکان بەرهەمی ئایدیۆلۆژیاکانن. بۆیە دەزگاکانی وەک: خێزان، فێرکردن، ڕاگەیاندن، سەندیکاکان، سیستەمی سیاسی کە بە دەزگای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت دادەنرێن، دەبنە گۆڕەپانی ململانێی(struggle)چینایەتی، لە ڕێگەشیانەوە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدار دەستەبەری دەسەڵاتەکانی دەکا، ئەمەش واتە؛ ململانێی دەرەوەی گوتار و ناوەوەی گوتار بابەتێکە، دەبێتە جێگەی بایەخی شیکردنەوەی گوتاری ئایدیۆلۆژی (دایان مکدونیل ٢٠٠١: ٩٤).

فێرکلاف دەڵێ: ئایدیۆلۆژیا، شیکردنەوەی ڕاستەقینەی جیهانی فیزیکی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ناسنامە(Identities)ی کۆمەڵایەتییە کە لە بنیات و سیستەمی گوتاردا بەرجەستە دەبێ، سەرجەم ڕوداوەکانی ڕابردو و بارودۆخی ڕوداوەکانی ئێستایی پێکدەهێنێ. لە بارەی بۆچونەکەی ئالتوسێر، فێرکلاف پێی وایە، زمان دەبێتە بەرهەمی ئایدۆلۆژیا بە ڕێگەی جیاواز و

ئاستی (Level)جیاواز. پێویست بەوە ناکا کەوتگەیەک (Location) لە ناو چەندین کەوتگە هەڵبژێرین بۆ ئایدیۆلۆژیا. پرسیارە سەرەکیەکە لەوەدایە، ئایا ئایدیۆلۆژیا لە تایبەتمەندیی بنیاتەکانە(structures) ؟ یان لە تایبەتمەندیی ڕوداوەکانە؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە لە تایبەتمەنی هەردوکیانە (N.Fairclough.1993:87).

ڤان دایك، وای دەبینێ کە ئایدیۆلوژیا سیستەمی بنچینەیی تێگەیشتن و ڕێکخستنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکانە. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆدەسەڵاتی بەسەر دەروبەر(سیاق)ی گوتاردا دەبێ. لە ڕێگەی شیکردنەوەی واتایی فۆرمی گوتار، ئایدیۆلۆژیاکەی تێبینی دەکرێ. لە ڕاستیدا بونی زیاتر لە گوتارێک، دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان ئایدیۆلۆژیاکان. بەو پێیەش کە ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە بیناتی تێگەیشتنی خود و جیهانی دەوروبەر، ململانێی ئایدیۆلۆژی، کرۆکی هەوڵدانی ئایدۆلۆژیاکانە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کون و کەلەبەرانەی کە لە نێوان تێگەیشتن(perception)ی تاك و کۆمەڵگادا هەیە. زانینی زمانی گوتاریش، تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەشە لە نێوان تاك و کۆمەڵ (هبە عبد المعز٢٠٠٩: ٣ ) .

بواری فەلسەفە چوارچێوەیەکی تێۆری بە گوتار بەخشی، بەتایبەتی بۆچونەکانی ئالتوسێر و فۆکۆ کە گوتاریان کردبوە مەڵبەندی تێڕوانینەکانیان. پیشۆ(Pecheux)، گرنگیی بە بۆچونەکانی ئاڵتوسێر دا و گەشەی پێکردن و ئەوەی ڕونکردەوە کە ئایدیۆلۆژیا پێش بەرهەمهێنانی گوتار دێ. ئەو کاتەش کە دواندەر(نێرەر) دەدوێ، پێش ئەو کاتە لە ڕوی ئایدیۆلۆژیاوە قسەکەی کردوە، بە واتایەکی تر، ئایدیۆلۆژیاکەی گوتارەکەی بەرهەمهێناوە.

مێشێل فۆکۆ، کاری لەسەر پەیوەندیی نێوان کردە کۆمەڵایەتیەکان و کردە گوتاریەکان دەکرد. یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی بریتی بو لە داماڵینی دەسەڵات لە گوتار. پێی وابو نە زمان و نە بیر(فکر) بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەو نین، گرنگترین پرس لە کارەکانی بریتی بو لە پێناسەکردنی یەکە گوتاریەکان، چونکە بە لای فۆکۆ گوتار کۆمەڵێك دیاردەیە کە ڕێگە بە نوسینی مێژوی بیرکردنەوە دەدا. هەروەها لەو مەرجانەی دەکۆڵیەوە کە بەگوێرەیان بتوانێ لە گوتارێکی دیاریکراو بکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چوار مەرجی دانابو، کە بریتین لە:(بابەت، جۆرەکانی گۆکردن، چەمك، بژاردە بابەتیەکان) (ماری ان بافو، جورج الیا سرفاتی٢٠١٢ : ٣٣٦)

بە گشتی ئایدیۆلۆژیا لە بیر و فەلسەفەی تاکە کەسێک جێگیر و سنوردار نابێ، بەڵکو لە بیرۆکەیەکەوە دەستپێدەکا و دەبێتە بەرهەمی گوتاری باوەڕپێهێنان و بانگەشەکردن، لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ. سنوری تاک دەبەزێنێ و دەبێتە ڕێبازێکی فیکری. ناوەرۆکی هەر گوتارێکیش، چ گوتاری

نوسراوبێ یان گوتراو، هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتە. جگە لە دەربڕینە زمانیەکان یاخود فۆڕمی گوتار ناواخنی هەر گوتارێك لە بنچینەدا ئایدۆلۆژیایەکی لە پشتەوەیە. ململانێی دەروبەری گوتار و ناوەوەی گوتار ئایدۆلۆژیای گوتار دیاردەکەن. وەك ململانێی چینەکانی کۆمەڵگا.

**١-٧ گوتارو دەسەڵات:**

لەگەڵ ناوهێنانی چەمکی دەسەڵات، یەکسەر بیر بۆ دەسەڵاتی سیاسی یان کاربەدەستان (الحکام-Rulers) دەچێ. کەچی دەسەڵات بە چەمکە فراوانەکەی پێویستیی بە ڕێکخراو و دەزگا و فەرمانی سیاسی نیە، تاکو ببێ بە کردەیەکی کەتواری و چالاکیەکی مرۆیی. چونکە چەمکەکە تەنیا بە دەسەڵاتی سیاسی یان دەزگاکانی دەوڵەت نەبەستراوەتەوە. لەوانەیە، لە نێوان دو کەس پیادەبکرێ، واتە؛ لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە دەسەڵات لە نێوان تاکەکان دابەشدەبێ.

فۆکۆ دەڵێ " دەسەڵات لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو دەبێتەوە و ڕەوشتی جۆراو جۆر بەرهەمدێنێ و ڕەوشت سنوردار دەکا " (Sara Millis:20). دەسەڵات کردەیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ هەمو تاکێکی ژێر ڕێگەپێدراوە. مەرج نیە لە چوارچێوەیەکی بالاوە بەرهەمبێ، بەڵکو لە هەر بازنەیەکی پەیوەندیی مرۆیی جۆرێک لە پیادەکردنی دەسەڵات بەدیدەکرێ، مەبەست ئەو دەسەڵاتەی زمانە، کە فەراهەمکراوە بۆ بکەری سیاسی، بانگخواز، باوک ودایک لە خێزان، بەڕێوەبەر لە نوسینگەکەی، ڕاگەیاندن ... هتد.

لەگەل ئەوەشدا گوتار بە ئازادی و ڕەمەکی و لەخۆوە بەرهەم نایێ. هەمو گوتارێک وابەستەیە بە کۆمەڵێک پرەنسیپ (ئاینی، سیاسی، فیکری ...هتد ) و دەوروبەر (پۆلی خوێندن، مینبەر، قسەکردن لە چوارچێوەی پەیوەندیی کەسی ) و ئامانجی تایبەتی (هەواڵ، باوەڕپێهێنان )هەیە کە دەبنە مەرجی هاوپێچی بەرهەمهێنانی گوتار. لێرەدا فۆکۆ دەپرسێ، چ شتێکی مەترسیدار لە گوتاردا هەیە، تا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو هەمو یاسایانەی چاودێریکردن؟ وەڵامەکە لە پەیوەندیی نێوان گوتار و دەسەڵات بەرجەستەدەبێ کە بریتیە لە ڕێکاری گەیشتن بە دەسەڵات. بەرهەمهێنانی گوتاری بەهێز و پتەو، کە توانای باوەڕپێهێنانی هەبێ، کارئاسانی دەکا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. خودی گوتار دەبێ بە دەسەڵات و هەر کەسێک کە گەیشتە دەسەڵات هەوڵی پراکتیزەکردنی گوتارەکەی دەدا (فۆکۆ.٢٠٠٩:٨). بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گوتاردەکەوێتە ژێرچاودێری و کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن، فۆکۆ کۆمەڵێک ڕێکار (Procedures) دەخاتە ڕو کە لە دەرەوەی گوتارن و دەسەڵاتیان بەسەر بەرهەمهێنانی گوتاردا هەیە، کە بریتین لە:

**١/ ڕێگریکردن (Prohibition):** ڕێگریکردن یەکێکە لە باوترین بنەمایەکان. فۆکۆ لەم بارەیەوە دەڵــێ " ئــێمە ئەوە دەزانــین، مــافی ئەوەمــان نــیە کە هەمــو شــتێک بڵێــین دەربــارەی(بــابەتە قەدەغەکراوەکان / تابۆکـان، سیاسەت، ئـاین، سێکس) ناشکرێ لە بارەی هەمو شتێک بدوێین، لە هەمو بارودۆخێک، بۆ هەمو کەسێکیش نیە لە بارەی هەمو شتێک بدوێ " ( هەمان سەرچاوە).

**٢/ دابەشکردن:** گوتاری ژیربێژی (عقلی) و گوتاری گەمژەیی(fool): گوتاری ژیربێژی لۆجیکی و پەسەندە، گوتاری گەمژەیی ناوەرۆک بەتاڵ و بێ بنەمایە، هیچ بەهایەکی نیە.

**٣/ پـۆلێنکردن:** هەقیقەت(truth) و چەوتـی. جیـاوازی لە نێـوان هەقیـقەت و چەوتـی بە ڕەوتـی گۆڕانە مێژوییەکانەوە بەستراوەتەوە و شایەنی هەموارکردنەوە و گۆڕانە. ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاستی دەناسرێ لەوانەیە، لە داهـاتو ببـێ بە هەڵە. ئەمەش بیـر و بـاوەڕە فەلسـەفی و هەتـا زانسـتیەکانیش دەگــرێتەوە. هەنــدێک گوتــار ئەمــڕۆ ڕاســتین، چــونکە لە لایەن کۆمەڵێــک دامەزراوەوە کە ڕابەرایەتییان دەکەن، پشتیوانی دەکرێن و دەیانسەپێنن، ئەمەش وا دەکا گوتاری هەقیقەت و ڕاست، ئەوگوتارانە بن کە بە پیادەکردنی دەسەڵات بەستراوەنەتەوە (هەمان سەرچاوە :١٧).

شیکردنەوەکانی فۆکۆ بۆ گوتار لە خودی نوسەر، یان گوتاربێژ دەست پێ ناکا، بەڵکو ئەو ڕۆڵ و ئەرکانە تاقیدەکاتەوە، کە گوتار لەناو سیستەمێکی ستراتیژی یان دەسەڵات، پێیهەڵدەستێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵات لە دەرەوەی گوتـار نیە، هەروەهـا سەرچاوە و بنچینەی گوتـاریش نیە، بەڵام لە میانی گوتار کاردەکا، چونکە خودی گوتار یەکێک لە توخمەکانی ئامادەگی ستراتیژیی و بۆ پەیوەندیەکانی دەسەڵاتە.

یەکێـک لە مەرجە گرنگەکـانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، دەسـەڵات سـەپاندنە، ئەویش لە ڕێـگەی کــۆنترۆڵکردنی گوتــار، ئەوەی دەرچە(منفــذ)ی جــۆرە جیاوازەکــانی گوتــار و هۆکارەکــانی بەرهەمهێنانی بەدەست بێ، دەسەڵاتەکانی زیاتر دەسەپێنێ. بە پێچەوانەشەوە هەرچەند دەسەڵات لاواز بـێ، هێـزی دەربـڕین و دەقانـدنی کەمتـر دەبێـتەوە. وەک: منـداڵان، بەنـدکراوان، تاوانبـاران، ڕەگەزی مێییەنە لە هەندێک کەلتوردا...هتد.

ڤـان دایـک پێـی وایە، بە پێـی کەلتـورە جیاوازەکـان، دەسـەڵاتی کـۆمەڵایەتی بە پەیوەنـدیی نێـوان کـۆمەڵە و چـین و توێژەکـانی کـۆمەڵ بەسـتراوەتەوە، پەیوەنـدیی نێـوان کـۆمەڵەی دەسـەڵاتدار و کۆمەڵەکانی تر بەم شوەیە ڕوندەکاتەوە:

کۆمەڵەی (A) دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵەی (B)دا دەشکێ، بەشێوەیەکی کردەیی یان بە شێوەیەکی گریمانەیی دەسەڵاتەکانی بەسەر(B)دا جێبەجێ دەکا. ئەم جێبەجێ کردنەش ئازادیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەفتار و ئارەزو و پلان و تا ڕادەیەکیش بیروباوەڕەکانی (B) سنوردار دەکا. لەبەر هەر هۆکارێک بێ، کۆمەڵەی (B) بە سەپێنراوەکانی کۆمەڵەی (A) ڕازی دەبن. لەوانەیە ئەم ڕەزامەندیە یاسا و ڕێوشوێنی تایبەتیی هەبێ، بە واتایەکی تر؛ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بە زۆری دەسەڵاتێکی ناڕاستەوخۆیە لە ڕێگەی تێگەیشتنی بەشداربوان (خەڵک) کاردەکا، وەک ڕێکخستنی زانیاریە پێویستەکان، یان ئەو بیرۆکانەی کە بەشداربوان بۆ کارو باری ئاسایی پێویستیانە، بۆیە زۆربەی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیەکان لە شێوەی کۆنترۆڵکردنی ژیری دان، بەشێوەیەکی پێوانەیی دەسەڵاتدار کاردەکا بۆ باوەڕپێهێنان یان جۆرەکانی تری پەیوەندیی گوتار، وەک: هەڕەشە، ترساندن، سزادان. کاتێک کۆمەڵەی (B) فەرمانەکانی کۆمەڵەی (A) جێبەجێ ناکا. لەم خاڵەشەوە میکانیزمی فشاری کۆمەڵایەتی و کونترۆڵکردنی (B)، وا دەکا شیکردنەوەکان ببەسترێنەوە بە گرنگیی ڕۆلی گوتار لە پراکتیزەکردنی دەسەڵات و بەیاساکردنی و پاراستنی.

بۆ جێبەجێ کردنی دەسەڵاتەکانی، دەسەڵات پێویستی بە چوارچێوە (ڕێسا) هەیە، ئەمەش بریتیە لەو سەرچاوانەی کە توانای پێدەدا کە دەسەڵاتەکانی دەستەبەر بکا، یاخود سزا بەسەر کۆمەڵەکان بسەپێنێ، ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبون. سەرچاوەکانیش بریتین لە: سامان، پۆست، پێگە، پلە، ئەزمون،هێز، زانیاری ...هتد. کۆمەڵەی دەسەڵاتدار هەوڵدەدا کە پێگەی دەسەڵاتەکەی فراوان بکا و بیپارێزێ بۆئەوەی کۆمەڵەی (B) شوێنیان نەگرنەوە. بە واتایەکی تر هەمو کاتێک کۆمەڵەی (A) هەوڵدەدا دەسەڵاتەکانی بەکاربێنێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی (فان دایک ٢٠١٤: ٨٢).

کەواتە؛ گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کە هەر گوتارێک، لە ڕێگەی زمانی سروشتیەوە دەیانگرێتەبەر، بۆهەژمون و سەپاندنی باڵادەستیی (Dominance) کۆمەڵایەتی، بریتیە لە بەدەقکردنی بیروبۆچونەکانی سەرچاوەی ئایدۆلۆژیی، سیاسی، عەقیدەیی، پەروەردەیی، ئابوری، ڕاگەیاندن، لە هزری تاک و جەماوەر. لەم پێناوەشدا هەمو گوتارێک پاشخانی زانیاریی کۆمەڵایەتی(social Background knowledge) دەکاتە ئامانج، بە مەبەستی هاتنە ژێرباری بیروباوەڕێکی نوێ و گوێڕایەڵیی تەواو، کە خزمەت بە ئایدۆلۆژیای باڵادەست بکا، لە کردەی پەیوەندیکردن. بە شێوەیەکی وا هەماهەنگ دەکرێ کە لەگەڵ دەوروبەر و زانیاری کۆمەڵایەتی و کەلتوری ڕێک بکەوێ. ئەم کردەیەش ئامانجی سەپاندنی جێگرەوەی(alternative) زانیاریە کۆمەڵایەتیەکانە کە لە میانی گوتار هەوڵدەدرێ پێگەی ڕاستی و لۆجیکییان پێ بدرێ. زانیاریە جێگرەوەکان زنجیرەیەک لێکەوتەی نوێی دەسەڵات لە نێوان داڕێژەری گوتار و

وەرگران(جەماوەر) دەهێننە کایەوە کە ناوەرۆکەکەی بریتیە لە پابەندبون بە بارودۆخە کۆمەڵایەتیە نوێکە .

**١-٨ شـیکردنەوەی گوتـار:** زمـانەوانی ئەمەریکـی هـاریس (Z.Harris ١٩٥٢) لە یەکـێ لە توێژینەوەکـانی بـۆ شـیکردنەوەی ئەو یەکە زمانیـانەی لەڕستە گەورەترن بـۆ یەکەم جـار زاراوەی شـیکردنەوەی گوتـار(Discourse Analyses)ی بەکارهێنـا (M.Coulthard.2014:3). کەچی ئەم بەکارهێنانەی ئەمڕۆ بۆ شیکردنەوەی گوتار هەیە جیایە لەگەڵ بەکارهێنانەکەی هاریس. کـارەکەی هـاریس لەڕاسـتیدا وەک دامەزرانـدنی سـەرەتایەک بـو بـۆ زمـانەوانیی دەق ( Text Linguistics ئەوەی کە پێـی دەگوترێ: شیکردنەوەی نەریتیـی (Traditional) گوتـار. لە دوای پەنجاکانیش کە لە ئەوڕپا و ئەمەریکا بە سەردەمی گەشەی زمانەوانیی دەق و شیکردنەوەی گوتـار دادەنـرێ. زۆر لێکـۆڵینەوە لەم بـوارەدا کـراون، کە زۆربەیـان لە سـنوری زمـانەوانیی تێکسـتی تێناپەڕن، چونکە زیاتر گرنگییان بە یاسا ڕێزمانیەکانی دەق و سنوری دەق دەدا.

شیکردنەوەی نەریتی گوتار تا حەفتانی سەدەی ڕابردوبەردەوام بو، سنورێکی جیاکەرەوە و دیار لە نێوان زمانەوانیی دەق و شیکردنەوەی گوتاردا نەبو،تـا ئەو کـاتەی کە نـاوەرۆکە گشتیی و ئەرک و کـارلێکە کۆمەڵایەتیەکـانی دەق زیـاتر بـونە جێـی بـایەخی تـوێژەران، لە چوارچێوەی لێکدانەوەی مەبەستزانی، بە تایبەتی لەسەر دەستی (ڤان دایـک)، کە خوێندنەوەی دەروزمـانیی بـۆ گوتـار و دەق دەبەستەوە بە واتا و مەبەستزانی. لای ڤان دایک شیکردنەوەی گوتـار: تـوێژینەوەیە لە بەکارهێنـانی ڕاسـتەقینەی زمـان لە لایەن ئـاخێوەرانی ڕاسـتەقینە لە بـارودۆخی ڕاسـتەقینەدا ( Van Dijk 1985:261).

بە بۆچـونی فێـرکلاف، شـیکردنەوەی دەق، بەشـێکی بنچینەیـی شـیکردنەوەی گوتـارە، کەچـی شـیکردنەوەی گوتـار، تەنیـا شـیکردنەوەی زمـانیی دەق نـاگرێتەوە، هەروەهـا تەنیـا شـیکردنەوەی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو بریتیە لە تیشک خستنەسەر شیکردنەوەی زمانیی چەند دەقێکی دیارکراو و چوارچێوەی گوتار (Order of discourse) و کارلێکی گوتار لە چاڵاکیە کۆمەڵایەتیەکان.

فەرهەنگی جۆرج مۆنان[٦] بە شێوەیەکی سادە و گشتی پێناسـەی شیکردنەوەی گوتـار بەم شێوەیە دەکا: بریتیە لە هەر تەکنیکێک کە بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی ڕونکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان یەکە زمانیەکان بێ، بە نوسراو و زارەکی، لە ئاستێکی بەرزتر لە ڕستە (منیە عبیدی٢٠١٦: ٣٢). هەرچەنـدە ئەم پێناسـەیە تـا ڕادەیەک گشـتگیرە، بەڵام شـیکردنەوەی گوتـار تەنیـا پەیوەسـت نـیە بە

[٦] زمانەوانێکی هاوچەرخی فەڕەنسیە چەندین بەرهەمی زمانەوانیی هەیە لەوانە :کلیلەکانی زمانەوانی ١٩٦٨، دەروازەیەک بۆ سیمۆلۆژیا ، کێشە تیۆریەکانی وەرگێڕان ...

پەیوەندیی نێوان یەکە زمانیەکان، جگە لە شیکردنەوەی زمانی، دەبێ بارودۆخی دەوروبەری گوتار و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان و هۆکاری بەرهەمهێنان و کۆمەڵێک ڕەهەندی تری مێژویی و دەرونی لەبەرچاو بگیرێ.

شارودو و مینیگنو لەو باوەڕەدان کە بواری شیکردنەوەی گوتار هونەرێکی تا ڕادەیەک نوێیە و پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم بوارە کارێکی ئەستەمە، چونکە شیکردنەوەی گوتار بوارێکی تایبەت و سەربەخۆ نیە، بەڵکو هێڵێکە بە زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەرونناسی و ئەدەب و مێژودا دەپەڕێتەوە. بۆیە شتێکی ئاساییە کە نوێ ببێتەوە و گۆڕانی بەسەردا بێ و ئاراستە و توێژینەوەی جیاوازی بۆ بکرێ، چونکە بەسەر ئەو هەمو زانستانەدا کراوەتەوە و لە باوەشیان لەدایکبوە. بۆیە لە سێ ڕوانگەوە پێناسەی شیکردنەوەی گوتار دەکەن:

١/ شیکردنەوەی گوتار وەک توێژینەوە لە گوتار: لێرەدا بۆچونەکەی ڤان دایک" بەکارهێنانی زمانی ڕاستەقینە لە لایەن ئاخێوەرانی ڕاستەقینە لە باردۆخی ڕاستەقینە" وەک نمونە دەهێننەوە .

٢/ گوتار وەک توێژینەوە لە گفتوگۆ: بەو پێیەی کە گوتار چالاکیەکی کارلێکیە (تفاعلی)، نمونەی مۆشلار و ڕۆبۆل دەهێننەوە کە جیاوازی لە نێوان شیکردنەوەی گوتار و شیکردنەوەی گفتوگۆ دەکەن. شیکردنەوەی گوتار(Discourse analyses) شیکردنەوە بۆ دەقەکانی گفتوگۆ دەکا، شیکردنەوەی گفتوگۆ( conversation analyses) توێژینەوە لەو لایەنەی گفتوگۆ دەکا کە پەیوەندیی بە قسەکەر و وەرگرەوە هەیە.

٣/ شیکردنەوە گوتار وەک ڕوانگەیەکی تایبەت بە گوتار: ئەم ئاراستەیەش دوای ئەوە هات کە شیکردنەوەی گوتار تەنیا لە شیکردنەوەی زمانی، یان کۆمەڵایەتی، یان دەرونی سنوربەند نەکرێ، بەڵکو پشت بە هەمویان ببەستێ (شارودو و مینیغنو٢٠٠٨:٤٣).

بە پێی بۆچونەکانی سەرەوە بواری شیکردنەوەی گوتار پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فراوانە، لە سنوری زمانەوانیی ڕستە، یاخود پەرەگراف، یاخود دەق ناوەستێ، تێدەپەڕێ بۆ ناوەرۆک و ناواخن. لە ڕێگەی میکانیزمەکانی زمانی، فیکری، هونەری، دەرونی...هتد، لە مەبەستەکانی بەرهەمهێنان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دەکۆڵێتەوە، هەوڵدەدا پەیوەندیەکانی دەق بە جیهانی دەرەوە نیشانبدا و کۆدەکانی بکاتەوە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە پاشخانی هزری و ئایدیۆلۆژیی خودی نێرەرەوە

هەیە. بەدەر لەم لێکدانەوانە ناتوانرێت، پێشگریمانەی ڕوداوەکانی پشت دەقە[7] دەربڕاوەکە بکرێ، بۆ نمونە:

- **سەرۆک وازی لە پۆستەکەی هێنا".**

ئەمە دەقێکە و هەواڵێکی سەرەکی تێدایە، لە ڕوی ڕۆنانەوە ڕستەکە دروستە و یەکە زمانیەکان لە شوێنی خۆیان بەکارهاتون، بەڵام تا چەند ئێمە لەم دەقە دەگەین؟ بێ ئەوەی دەوروبەر و کات وشوێن هۆکارەکانی بزانین؟. ئەگەر دەقەکە ببەستینەوە بەڕوداوەکانی ساڵی ٢٠١١، کە بە بەهاری عەرەبی ناودەبرێ، بە تایبەتی ڕۆژی ٢٠١١/٢/١١ کە ڕۆژی وازهێنانی سەرۆکی پێشوی میسر(محمد حوسنی موبارک)ە. بۆمان بەدیاردەکەوێ کە جێگری سەرۆک گوتارەکەی پێشکەش کردوە و سەرۆک خۆی ڕاینەگەیاندوە، لەمەشەوە دەکرێ بگەینە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- نێرەر کە تەوەری سەرەکیی گوتارەکەیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوتارەکەی پێشەکەشکردوە.
٢- کەسایەتیی نێرەر لە ڕێگەی جێناوی کەسی سێەمی تاک بەدیارکەوتوە.
٣- باری دەرونیی نێرەر ناجێگیربوە، بۆیە نەیتوانیوە ڕوبەڕوی وەرگران، گوتارەکەی پێشکەشبکا.
٤- لە گوتارەکانی پێشوی، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەخۆشکەریی بۆ ئەم گوتارە نەکردوە.
٥- گوتارەکە بێ متمانەیی و باوەڕبەخۆنەبونی پێوە دیارە.
٦- بارودۆخی دەوروبەری گوتارەکە بارودۆخێکی ئاڵۆزە .
٧- فشاری ناوەخۆیی و دەرەکی لەسەر نێرەر بوە و لەژێر ئەم فشارانە وازیهێناوە.

کەواتە؛ بۆ گەیشتن بە واتای تەواوی هەر دەقێک دەبێ لە دو ئاستی تەواوکەری یەکتر شیکار بکرێ کە بریتین لە : ئاستی ناوخۆ و ئاستی گشتگیر. ئاستی ناوخۆ پەیوەندیی یەکە زمانیەکان دەگرێتەوە. ئاستی گشتگیر وەک ڤان دایک (١٩٨٣) دیاریدەکا ( ربیعە العربی٢٠١٣ :١٠٥). کۆمەڵێک گریمانەن کە دەبێ شیکەری گوتارلەبەرچاویان بگرێ، کە بریتین لە گریمانەکانی:

- ئەرکی: ئەو ئەرکانەی کە گوتار لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیارکراودا بەجێیاندەگەیەنێ
- پەیوەندی: گوتار شوێنێکی هەیە لە دەوروبەری گەیاندن .
- مەبەستزانی: گوتارکردەیەکی کۆمەڵایەتیە، مەبەستێکی دیارکراوی گەیاندن دەیجوڵێنێ .

[7] بەپێی بۆچونەکانی فیرکلاف، دەق وەک بەشێک لە گوتار بەکارهاتوە .

- کارلێکی: گوتار شوێنپێیەک دەگرێ لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی کارلێکی.
- هەڵوێست: گوتاردەکەوێتە ژێرباری ئەو کۆتوبەندانەی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەیانسەپێنێ.

بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی گوتار ئەو پەیوەندیەیە کە دەق بە هەڵوێست دەبەستێتەوە و ئەو هونەرەیە کە توێژینەوە لە سەر زمان دەکا، وەک چالاکیەکی بەرهەمهێن، سنوری ڕستە تێدەپەڕێنێ لە بەکارهێنانە کۆمەڵایەتیەکان.

## ١-٩ مەبەستزانی[8](Pragmatics) و شیکردنەوەیگوتار

زاراوەی پراگماتیک لە وشەی (pragma)ی یۆنانیەوە هاتوە. بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن (Charles Moris) بەکارهاتوە، لە کتێبێکیدا بەناوی زانستی ڕەمزەکان (semiotics). بەشێکی تایبەتە بە مەبەستزانی کە بریتیە لە پەیوەندیی نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی(User). مۆریس، مەبەستزانی بە واتایەکی فراوان بەکارهێناوە کە هەمو شتێک لەخۆدەگرێ. وەکو زانستە کۆمەڵایەتیەکان و زانستە بایەلۆجیەکان...هتد . جگە لەم بۆچونەی مۆریس، بۆچونێکی بەرتەسکتر لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردو هاتە ئاراوە، ئەم بۆچونە زیاتر گرنگی پێدرا و پەرەیسەند، بە پێی ئەم بۆچونە مەبەستزانی بریتیە لە:" هەندێ بیر و دیاردەی نابەرجەستە (مجرد) کە لێکدانەوەکانیان پێویستی بەوە هەیە کە بە دەوروبەر ببەسترێنەوە. هەر دیاردەیەک کە دەچێتە ناو پراگماتیکەوە، خۆیان نابەرجەستەن و پێویستییان بەوەیە بۆ لێکدانەوەیان پەنابرێتە بەر دەوروبەر، ئەگەر نا واتایان لێکنادرێتەوە "( محمد معروف فتاح .٢٠١١ : ١٨٣).

مەبەستزانی وەک بەشێک لە زانستی زمان، سنور و پەیوەندیە ڕیزمانیەکانی نێوان ڕستە و چۆنیەتی بەیەکەوە بەسترانەوە و واتای ڕستە تێدەپەڕێنێ. لەو مەبەستانە دەکۆڵێتەوە کە زمان لە پێناویدا بەکار هاتوە. لە بەکارهێنانی زمان و ئەو بارودۆخ و دەوروبەرانە دەکۆڵێتەوە کە کردەی گوتن تیایدا ڕویداوە، بۆ ئەوەی مەبەستەکانی گوتن ڕونبکاتەوە. واتە؛ لێکۆڵینەوەیە لە واتا، بە پێی بەکارهێنان و ڕەچاوکردنی باردۆخی قسەکردن و مەبەستی قسەکەر. واتای مەبەست و شاراوە دەگرێتەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان دەق و دەوروبەر دەکا و لەهەمان کاتدا بایەخ بە بنیاتی دەق و بنەماکانی گەیاندن دەدا " (عبدالواحد مشیر دزەیی :٢٠١٤ : ١٤٤). شیکردنەوەی گوتاریش شیکردنەوەی زمانە لە بەکارهێناندا، بۆیە تەنیا لە وەسفی فۆڕمی زمان، Linguistic Formsدور لەو مەبەست و ئەرکانەی کە ئەو فۆڕمانە لە پێناوی بەکارهاتون بۆ ئەوەی ئامانجەکان

[8] ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانی بە واتای کارکردن یان پراکتیککردن بەکارهاتوە. لە زمانی عەرەبی (علم المقاصد) و ( التداولیة) بەکاردێ. لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانی کوردی( پراگماتیک ) بەکاردێ، بەڵام مەبەستزانی زاراوەیەکی کوردیە و هەمان واتا دەدا.

لە وەرگــر بەرجەســتە بکــا، ســنوربەند نــاکرێ. هەرچەنـــدە زۆربەی تــوێژینەوە زمـــانەوانیە لاسایییکەرەوەکان گرنگی بە تایبەتمەندیە ڕوکەشەکانی زمان دەدەن، بەڵام شیکردنەوەی گوتار لە زمانەوانی هاوچەرخ پابەنددەبێ بە توێژینەوە لەو مەبەستانەی کە زمان لە پێناویاندا بەکارهاتوە.

شیکەری گوتار لە ڕوانگەی مامەڵە (Dealing) و کارلێککردن (interaction) لە زمان دەکۆڵێتەوە. مامەڵەی زمانی واتە ئەو زانیاریانەی کە پەیامێک هەڵیگرتوە، بۆ ئەوەی بگاتە وەرگر. لێرەدا ئەرکــی زمــان زیــاتر گەیانــدنی زانیــاریە لە پەیوەندیکردنــدا. وەک : ئەو زانیاریــانەی کە ڕێبەرێکــی گەشــتیاری دەیــدا بە گەشــتیاران لە کــاتی ســەردانیکردنی ســەیرانگایەک، یــان ئەو ڕێنماییانەی پزیشک بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەرمان، دەیدا بە نەخۆش...هتد. ئەوەی گرنگە لەم کــردەی پەیوەنــدیکردنە، نێــرەر زانیاریەکــانی بە ڕونــی بگەیەنێــتە وەرگــر و وەرگــریش تێیبگــا. ڕوانگەی کارلێکی واتە؛ بەکارهێنانی زمان بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕێگەخۆشکردن بۆ چونە ناو گفتوگۆ و پەیوەندی پەیدا کردن. وەک :**کەش و هەوا زۆر ساردە. ئەمڕۆڕۆژێکی خۆشە**...هتد .( براون و یول١٩٩٧ :٣٥ )

بۆیە پێویستە شیکەرەی گوتار پابەندی پرۆگرامی مەبەستزانی بێ، لە شیکردنەوەی دەق و گوتار کە بریتیە لە توێژینەوەی زمان لە بەکارهێناندا. لەوەش پێویستتر ئەوەیە کە ڕەچاوی ئەودەوروبەرە بکا کە پارچەیەک (گوتار/ دەق)ی تێدا هاتوە، بە تایبەتی ناسین و جیاکردنەوەی یەکە زمانیەکانی وەک : ئێــرە، ئێســتا، مــن، تــۆ، ئەمە، ئەوان، ئەوێ ...هتــد . بــۆ ناســینەوەی هەریەک لەم یەکە زمانیــانەش بە لایەنــی کەمەوە پێویســتە ناســنامەی قســەکەر و وەرگــر چوارچێــوەی کــات و شــوێن دیاربکرێن.

**١-١٠ زمانەوانیی دەق و شیکردنەوەی گوتار(لێکچون و جیاوازی):**

هەرچەنـــدە بەناویەکـــداچون و تێکەڵاوبـــونی زمـــانەوانیی دەق (Text linguistics) و شیکردنەوەی گوتـار تـا ئیستاش لای هەندێک توێژەران هەر بەدیدەکرێ، کەچی جیاوازیی نێوان هەردو بوارەکە بە تایبەتی لەم کۆتاییانەدا بە ڕون و ئاشکرایی بەدیاردەکەوێ. بۆیە دەبێ جیاوازی بکــرێ لە نێــوان هەنــدێ زاراوەی وەک: زانســتی دەق، زانســتی زمــانیی دەق، ڕیزمــانی دەق، شیکردنەوەی زمانیی دەق، کە هەمویان بە واتای زمانەوانیی دەق دێن، لەگەڵ شیکردنەوەی گوتار. دەکــرێ پەیوەنــدیی نێــوان هەردو بــوارەکە وەک پەیوەنــدیی بەش بە گشــت نیشــانبدرێ. واتە؛ شیکردنەوەی گوتـار تـا کۆتـایی حەفتاکـانی سەدەی ڕابردو بەشێک بوە لە زمـانەوانیی دەق (سعید حسن البحیری١٩٧٧:١٦)، بەڵام فراوانبونی بواری شیکردنەوەی گوتار لە سێ دەیەی کۆتایی

وایکردوە، زمانەوانیی دەق ببێتە بەشێک و میکانیزمێکی شیکردنەوەی گوتار، وەک لە بۆچونەکەی فێرکلاف ئاماژەی پێدراوە.

لە ڕاستیدا تێکەڵبونی ئەم زاراوانە بە هۆی زۆری ئاڕاستە و ناجێگیری سنور و ڕەهەندەکانی دەقەوە بوە. بۆیە ئاڕاستەکانی زۆر بون، لە نێوان ئەو ئاڕاستانەی گرنگی بە ڕۆنانی سەروی ڕستە دەدەن، لەگەڵ ئەوانەی گرنگی بە لایەنی واتایی و مەبەستزانی دەدەن، جگە لە ئاڕاستەی هۆشەکی و فەلسەفی کە ئەوانیش گرنگی بە ڕۆنانەکانی سەروی ڕستە دەدەن (ئەنتۆس هالە) ئەم ئاڕاستانە بەم شێوەیە دەخاتەڕو:

١- دەق ڕستەیەکی ئاوێتەیە (تێڕوانینێکی ڕیزمانی بۆ زانستی دەق).
٢- دەق درێژکراوە، یاخود چڕکراوەی بنیاتە گەورەکانە (تێڕوانینێکی واتایی).
٣- دەق نیشانەیەکی ئاوێتەیە (تێڕوانینێکی سیمیۆلۆژی).
٤- دەق کردەیەکی قسەیی ئاوێتەیە (تێڕاونینێکی مەبەستزانی).
٥- دەق وەک گوتارێکی بێ دەوروبەرە (تێڕوانینێکی مەبەستزانی بۆ گوتار).
٦- دەق ڕوی کاراکردنی کردە هۆشەکیەکانە (تێڕوانینێکی هۆشەکی).
٧- دەق ئامرازێکی ناوازەیە بۆ ڕەخساندنی پەیوەندیی زمانی(تێڕوانینێکی زمانی) (هالة انتوس.٢٠٠٧:٤٨).

جگە لەم خاڵانە، دەکرێ تێڕوانینی تریش بۆ شیکردنەوەی دەق بکرێ، وەک: لایەنی جوانی و ڕەخنەیی، زۆربەی ئاڕاستەکانیش لەگەڵ شکردنەوەی گوتار هاوڕێکن، چونکە زمانەوانیی دەق یەکێکە لە میکانیزمەکان و قۆناغەکانی شیکردنەوەی گوتار. لەگەڵ ئەم بەناویەکداچونەشدا ئێستا شیکردنەوەی گوتار و زمانەوانیی دەق، وەک دو لقی زانستیی سەربەخۆ سەیر دەکرێن، کە هەر یەکەیان چەندین تێۆری تایبەت بە خۆی هەیە. دەکرێ جیاوازیەکانیان لە چەند خاڵێک کورتبکرێتەوە: (جمعان بن عبدالكريم٢٠١٦ : ١١٨)

زمانەوانیی دەق توێژینەوەیە لە:

- ڕۆنانەکانی گەورەتر لە ڕستە.
- ڕێزمانی دەق.
- پەیوەندیی نێوان ڕستەکان.
- بەدوابیەکداهاتنی دەقەکان.
- جۆرەکانی دەق.

- كردە قسەییەكان لە چوارچێوەی دەق.
- بنیاتە واتاییەكانی دەق.
- كاریگەریەكانی مەبەستزای لە سەر بنیاتی دەق.
- گرنگی بە دەقێک یان كۆمەڵە دەقێكی لەیەكچو لە ڕوی ڕۆنانەوە دەدا.
- گرنگی بە چۆنیەتیی پێكهاتەی دەق دەدا.

لەبەرامبەردا شیكردنەوەی گوتار گرنگی بە توێژینەوە دەدا لە:

- ناوەرۆكە گشتیەكانی دەق.
- میكانیزمەكانی گوتار و كاریگەریی ڕۆنانەكانی سەرو ڕستە لە گوتاردا.
- جۆر و بنیاتە واتایی و مەبەستزانیەكانی دەق لە گوتاردا.
- كردە قسەییەكان لە گوتاردا.
- دەوروبەرو پێكهاتەكانی لە گوتاردا.
- پەیوەندیی بەڵگە هێنانەوە و تێگەیشتن بە گوتار.
- پەیوەندیی سیاسەت و كۆمەڵناسی بە گوتار .
- ڕەهەندە سیمانتیكیە نازمانیەكان و پەیوەندییان بە گوتار.
- كۆمەڵێک دەق كۆدەكاتەوە لە ژێر یەک گوتار، یاخود كارلێكدەكەن بۆ یەک گوتار.
- لە میانی دەق گرنگی بە چۆنیەتیی پێكهاتنی گوتار دەدا.
- لە میانی گوتارگرنگی بە ئاریشەكانی كۆمەڵگا و جیهانگەرایی (عەولەمە) و شارستانیەت دەدا.

## بەشی دوەم

### گوتاری سیاسی و پەیوەندیی سیاسی.

٢-١زمان و سیاسەت.

٢-٣پەیوەندیی سیاسی.

٢-٤ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیەکانی گوتاری ڕاگەیاندنی داعش.

٢-٥ توخمەکانی گوتاریداعش.

٢-٦گۆڤاری دابق.

٢-٧ جەنگی دەرونی و گوتاری تۆقێنەر.

## بەشی دووەم

## گوتاری سیاسی و پەیوەندیی سیاسی

### ٢-١زمان و سیاسەت :

زمان، ئامرازی دەربڕین و خوێندن و شیکردنەوەی بابەت و دەوروبەرە. ڕۆڵێکی سەرەکیی لە هەمو بوار و ئاستەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دەگێڕێ. زمان ناسنامەی تاک و کۆمەڵگایە، سوکرات دەڵێ: (قسەبکە تا بتناسم)، ڤۆڵتێریش دەڵێ: (کەسێک هەڵسەنگێنە لە میانپرسیارەکانی، نەک وەڵامەکان). واتە؛ زمان گرنگترین دەرگای وەرگرتنی داتا و زانیاریەکان و دانەوەیانە. زمان زەمینەی بیرکردنەوە، باوەڕهێنان، جیاکردنەوەی هەڵە وڕاستی، بڕیاردان، دەربڕینی ئارەزو و ئاواتەکان...هتد. زمان، ئەو هۆکارەیە مرۆڤی کردە مرۆڤ و لە هەمو گیانەوەرە هەراشەکانی باڵاتر کرد. بەکورتی زمان بۆ مرۆڤ هەمو شتێکە (عبداللە حوسین ٢٠١٥: ٧٦). ئەو ڕۆڵە گرنگەی زمان بە دریژایی مێژوی بیر و زانستی، لە ئەفلاتون و ئەرستووە تا چۆمسکی و جۆن سیریل، بۆتە جێگەی تێڕامان و لێکۆڵینەوەی فەیلەسوف و زاناکان.

پەیوەندیی نێوان زمان و سیاسەت دێرینە و لەدایکبوی پێویستیی سیاسەت بە زمان نیە، بەڵکو سروشت و پەلهاوێشتنەکانی سیاسەت وایکردوە نەتوانێ بەبێ زمان فراون بێ و گەشە بکا. سیاسەت بۆ ئەوەی بخزێتە ناو تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا و مرۆڤەوە پێویستیی بە ئامرازێک هەیە، تا خۆی بناسێنێ و ڕێگەی پێ خۆشبکا و بەهۆیەوە ڕەزامەندی و لارینەبونی بەرامبەر وەربگرێ. دیارە چالاکترین سیستەم کە ئەم ئەرکە بۆ سیاسەت جێبەجێ بکا، زمانە. (دیار علی کمال٢٠٠٩ :١٦)

زمان و سیاسەت دوانەیەکی بەیەکەوە بەستراون و پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێک هەمو گوتنێکی سیاسی، کردەیەکی سیاسی بەرهەمدێنێ. زمان ئاوێنەی داڕشتنی یاسایە، دەستور و سیستەم پێشکەشدەکا، ڕێککەوتنی سیاسی پێ دەکرێ. زمان چەخماخەی شەڕ و ئاگربەستی ئاشتیە. زمانی سیاسی، گفتوگۆی ئاسایی و ڕۆلی کۆمەلایەتی و چوارچێوەی کەلتوریی باو تێدەپەڕێنێ بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن هەنگاودەنێ، بۆیە زمان یەکێکە لە ترسناکترین چەکە دەرونییەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرو هۆش، چونکە سیاسەت بەکارهێنانی زمانە، ئەکتەرە سیاسیەکان دەسەڵاتەکانیان لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەکەن، لەو ڕێگەیەشەوە دەست بەسەر ڕای گشتیدا دەگرن (عسیی برهومە ٢٠٠٧: ١٣٢).

زمـانی سیاسـەت، لە ڕوی مەبەست و ئامـانجەوە، جیـاوازە لە زمـانی ئاسـایی، چونکە هەڵگری بـائایدۆلۆژیایەکی تایبەتە، هەڵگری پلانی ئێستایی و ئایندەیە، پاساوهێنانەوەیە، وەڵامدانەوەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتنە ...هتد. هەوڵدەدا ڕەزامەندیی زۆرترین جەماوەر بەدەست بهێنێ. زمـانێکی ستونی بەرزە، ڕەوایی بە سیستەمی سیاسی دەدا. سیاسەت بەوە ناسراوە کە یاریکردنە بە وشە و وشە زۆر بە وردی لە چاڵاکیە قسەییەکاندا بەکاردێنێ. زمان لەچوارچێوەی ئەو زانیاریـانەی کە دەیگوازێتەوە و ئەو ژینگەیەی کە گەیاندنی تێدا دێتە ئاراوە ، دەبێتە ئامرازێکی سیاسـەت بۆ گەیشتن بە ئامـانج و دەسەڵات (عبدالواحد دزەیی٢٠١٣:٢٧).

زمـان، نەک هەرتەنیـا ئـامرازێکە لە گۆڕەپـانی ڕوداوە سیاسـیەکان، بەڵکـو بەشـێکە لە خـودی ڕوداوە سیاسیەکان و بەشدارە لە پێکهێنـانی ڕۆڵـی سیاسـی و دروسـتکردنی ڕەوشـت و کـاردانەوەی دیـارکراو لە دەرونـــی جەمــاوەر(وەرگــر). هەنــدێک لە زانایــان پێیــان وایە سیاســەت بــریتیە لە کاریگەریەکـانی زمـان و کاریگەریەکـانی هێز و دەسـەڵات (محمد سعود البشر٢٠٠٨ :١١٦). ئەم بۆچونە دەکرێ بکرێتە بنچینەیەک بۆ توێژینەوەکانی بـواری گوتـار و پەیوەندیی سیاسـی، بەتـایبەتی ئەگەر زمان وەک ئامرازێکی دەسەڵات سەپاندن، ئاگادارکردنەوە و هەڕەشە بەکارهات. چونکە ئەم بۆچونە زمان و هێز بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بەو پێیەش زمان دەبێتە بنچینەی کردەی سیاسی.

سیستەمی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا ئەو یەکە زمانیانە دەکاتە ستراتیژیەتی کارکردنێک، کە لەگەڵ بەرژەوەنـدیی خـۆی بگـونجێ و دەسـتەبەری ئامانجەکـانی بکـا. ئەم بەکارهێنـانەی زمـان تەکنیـک وهونـەری تـایبەتیی خـۆی هەیە، بە جۆرێـک کە کـاریگەریی لە دەرونـی وەرگـران بکـا. بۆنمـونە: ڕژێمی بەعس پێشمەرگەی بە: تێکدەر(مخـرب)، دز و جەردە، یـاخی بـو(عصـاد)، نۆکەری بێگـانە (مرتـزقە)، بەکرێگیـراو(عمـلاء) ... نـاودەبرد. لە ڕێـگەی بەکارهێنـانی زمـانی تـایبەت و زۆری بەکارهێنـانی ئەم زاراوانە و چەنـدین وەسـفی تـر، وێنەیەکـی ناشـیرینی بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردی لە لای گـوێگرانی دروسـتکردبو، بە شـێوەیەک کە هەمـو لایەنگرێکـی بەعـس (عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تر)، هەمان بیر و بۆچونیان بەرامبەر بە دۆزی کورد هەبو. لە بەرامبەریشدا لای کورد وەسفی پێشمەرگە بە: خەباتکەر، شۆڕشگێڕ، گیانفیدا، ڕزگـاریخواز ... دەکرا. دەوڵەتـی تورکیا شەرڤانانی ڕۆژئاوای کوردستان بە (تیرۆریست) ناودەبا و لە هەمو گوتارەکانیاندا جەخت لەسـەر تیرۆریسـتی شـەرڤانان دەکەنەوە و دوبـارە و چەنـد بـارەی دەکەنەوە، لە کاتێکدا هیچ ئاکـار

وچالاکیەکی شەڕڤانان لەگەڵ پێناسەی تیرۆرست[9] یەکناگرێتەوە، لای کوردیش شەڕڤانان بە: وڵاتپارێز، بەرگریکاری خاک و نیشتمان...هتد ناسراون.

لە بواری گوتاری سیاسی و شیکردنەوەی گوتاری سیاسیدا زمان شوێنێکی تەوەرەیی (مرکزی) هەیە لە پیادەکردنی سیاسەت. پۆل شیلتۆن دەڵێ: " گومان لەوەدا نییە کە سیاسەت بە بێ زمان پیادە ناکرێ"(Chilton.2004:5). لێرەوە دەتوانین بڵێین: هەر تێڕوانینێکی پەیوەست بە سیاسەت، چ لە بواری زانستی سیاسی بێ، یان لە بواری زانستی زمان، بە شێوەیەک لە شێوەکان گرنگی بە زمان و پەیوەندیکرنی(الإتصال) زمانی دەدا و چۆنیەتیی کارکردن و بەشداریی زمان لە پرۆسە سیاسیەکاندا نیشاندەدا .

گوتار، ئەو زەمینەی زانیاری و کردەی سیاسیە، کە تیایدا پاشخانی لێکدانەوە و بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان تێکەڵدەبن، بۆ بنیاتنانی تێڕوانینی سیاسی لە بارەی ململانێ، هاریکاری، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات، دابینکردنی ئاسایش، نەمانی ئاسایش ... هتد. ئەگەر ئەوە ڕون بوەوە، کە سیاسەت بە زمان کاردەکا، زمانیش دەزگایەکە بۆ چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەت وێنەیەکی جێگرەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوی ئەوجیهانەیە. لەمەوە ئەو ڕاستییە دەستدەکەوێ، کە سیاسەت لەسەر بنچینەی ئاکار و کردەوەکانی خەڵک بنیاتدەنرێ و هەوڵی ڕێکخستن و گۆڕینی پەیوەندی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دەدا (کریستیان تیلیگا.٢٠١٦:١٦٥). لەم نێوەندە تاکی ئاسایی بێ ئاگا نییە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاییەکان. تاک، لە سیاسەتدا بونەوەرێکی گوتاریە، بیردەکاتەوە و گەنگەشە دەکا. بۆیە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و زمانی بەکارهاتو، پەیوەندیەکی گرنگە و جێگەی فەرامۆشکردن نیە، باشتر وایە، زمانی سیاسەت وەک کۆمەڵێک گوتاری تایبەت سەیربکرێ، نەک وەکو ئەنجام و کاریگەریەکانی گوتار.

کەواتە؛ سیاسەت، بریتیە لە کردەی قسەیی، کرۆکی ئەزمونی سیاسیش لەو پەیوەندیەدایە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەبێ و گەیاندنی سیاسی دەبێتە ئەو پەیامەی کە بکەری سیاسی ناوەرۆک و واتای سیاسی لێ باردەکا و لەگەڵ وەرگران ئاڵوگۆڕی دەکا. بەبێ زمان بیرو بۆچونە سیاسیەکان بەرهەم نایەن و ناگەنە وەرگران. سیاسەت وابەستەی زمانە و بێ زمان پیادە ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، زمان تەنیا ئەرکی سیاسەتکردن نیە و هەموو دەربڕینێکی زمان سیاسەت نییە. زمان چەندین ئەرکی تری کۆمەڵایەتی هەیە، سیاسەتیش یەکێکە لەو ئەرکانە.

[9] بە پێی بڕیاری ژمارە ١٥٦٦ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوکان لە ١/ئۆکتۆبەری/٢٠٠٤ پێناسەی کردەی تیرۆرستی بریتیە لە: هەر کردەیەکی تاوانکاری لە دژی خەڵکی سڤیل بە مەبەستی کوشتن، ئازارپێگەیاندن، بەبارمتەگرتن لە پێناو بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە دەرونی خەڵک بەگشتی، یان کۆمەڵەیەک، یان تاکە کەسێک، کە هیچ پاساوێکی یاسایی نەبێ.

## ٢-٢-١گوتارسیاسی (Political discourse) – پێناسە:

سیاسەت بە زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤایەتی بەستراوەتەوە، لەگەڵ پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکاندا بەناویەکدا دەچێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بنەما پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا. کۆمەڵگاش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسەت و چالاکیە سیاسیەکان. بۆیە بە بەشێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵگا دادەنرێ، کە دەستبەرداری لێ ناکرێ. سیاسەت پشت بە کۆمەڵێک بنەما دەبەستێ وەک: مێژو، فەلسەفە، دەروونناسی، زمان، ...هتد. زمانیش لە پاڵ ئەرکی پەیوەندیی ڕۆژانە و هەمو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی تری، یەکێکە لە ئامرازە سەرکیەکانی کاری سیاسی. بە شێوەیەک کە دەرووناسی بەریتانی دیونبار ڕۆبن (RobinDiunbar)وای دەبینێ کە "ئەرکی سەرەکی زمان سیاسەتە" (جون جوزیف٢٠٠٧ :٥١). ئەم بۆچونەش بە شێوە فراوانەکەی پەیوەندیی پتەوی نێوان زمان و سیاسەت نیشاندەدا. چونکە لە ڕێگەی زمانەوە نواندنی سیاسی دەکرێ، بە هۆی ئەم پەیوەندیە بەهێزەش، کە لە نێوان زمان و سیاسەتدا هەیە، گوتاری سیاسی، کە تایبەتە بە کۆمەڵە سیاسیەکان، وەک جۆرێکی کاریگەر و چالاک لە بواری لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی گوتار، یەکێکە لە پێویستیەکانی چالاکی سیاسی. گوتاری سیاسی لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسە کراوە، هەندێک لە پێناسەکان پەیوەندییان بە بنیاتە ڕیزمانی و سیمانتیکیەکانی خودی گوتاری سیاسی هەیە، هەندێکی تریش پەیوەندییان بە بنیاتە کۆمەڵایەتیەکان هەیە:

- گوتاری سیاسی شێوەیەکی ئاڵۆزی چالاکی مرۆییە، کە ناکرێ بەبێ زمان بەدواداچونی بۆ بکرێ (Paul Chilton.2002:14).
- جۆرێکە لە جۆرەکانی گوتار، بە دەسەڵات بەستراوەتەوە و یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکانی هێزی سیاسی (تاکە کەس، کۆمەڵە، حزب) بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵات، لەگەڵ توێژەکانی تر ململانێی سیاسی دەکا (ندی هواری٢٠١٤: ١٩٥).
- گوتاری دەسەڵاتە بە واتا گشتی و باوەکەی. بە مەبەست ئاراستەی وەرگری تایبەت دەکرێ، بۆ کاریگەربون و باوەڕپێهێنان بە ناوەرۆکی گوتارەکە. ناوەرۆکەکەی بریتیە لە بیرۆکەی سیاسی، یان بابەتی سیاسی، چونکە گوتاری سیاسی زیاتر گرنگی بە بیر دەدا، بۆیە واتاکانی زیاترن لە دەربڕینەکانی (محمودعکاشە٢٠٠٥: ٤٥).
- دەقێکی ئاوێتەیە لە واتا و سروشی (إحاء) زمانی، ڕەهەند و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە جۆرەکانی تری گوتار لەناو یەک زماندا (عیسی برهومە٢٠٠٧: ١٢٣).

لە ڕاستیدا گەلێ جۆری گوتار لە ڕوی ناوەرۆکەوە لەگەڵ گوتاری سیاسی یەکتربڕن و بەناویەکدا دەچن، واتە؛ لە ناوەرۆکەکانیان گوتاری سیاسی بەدیدەکرێ، وەک: گوتاری ئاینی،

پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی. بۆ جیاکردنەوەی ئەو جۆرانەش لەگەڵ گوتاری سیاسی، دەبێ بە پلەی یەکەم بزانرێ بەرهەمهێنی گوتار کێیە؟ بابەتەکەی چیە؟ سروشتی گوتارەکەی چۆنە؟ چونکە بەرهەمهێنی گوتاری سیاسی کەسایەتیەکی سیاسیە، بابەتەکەی بابەتێکی سیایە، سروشتی گوتارەکەشی پەیوەندیەکی سیاسیە.

بە بڕوای (ڤان دایک) بکەری سیاسی لە ڕێگەی شێوەی گوتارەکەی دەناسرێتەوە، چونکە تاوتوێکردنی زۆربەی کێشە سیاسیەکان لە ڕێگەی گوتارەوە دەبێ. کار و بەشداری سیاسیش هەر لە ڕێگەی گوتارەوە دەبێ (ڤان دایک:٢٠١٤: ٣٢٦). پێگەی نێرەری سیاسی گرنگیی زۆری هەیە بۆ جیاکردنەوەی گوتاری سیاسی لە جۆرەکانی تری گوتار، بۆ نمونە:(سەرۆک، پاشا، مامۆستای زانکۆ، شۆڕشگێڕ، هونەرمەند...هتد). هەریەکەیان خاوەن پێگەی جیاوەزە.ڕەنگدانەوە و کاریگەری هەر گوتارێک بەندە بە کەسایەتیی نێرەرەکەوە، بەواتایەکی تر؛ هەندێک گوتار هەیە بە پێگەی خودی نێرەرەوە بەستراوەتەوە و تەنیا ئەو کاتە دەبێتە گوتارێکی کاریگەر، کە نێرەێکی تایبەت پەخشی بکا بۆ نمونە:

**هەمو وەزارەتەکانمان ئاگادار کردۆتەوە، کە هەماهەنگ بن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە.**

هەر کەسێکی ئاسایی دەتوانێ ئەم دەقە بدرکێنێ، بەڵام ئەو کاتە دەکرێ وەک گوتارێکی کاریگەر سەیربکرێ یان دەسەڵاتی گوتارەکە دیاربکرێ ئەگەر کەسایەتی نێرەر دیاربێ، چونکە دەبێ پۆستی نێرەر سەرۆک وەزیران یان، سەرۆکی هەرێم بێ، بۆئەوەی بتوانێ ئەم دەقە بەرهەمبهێنێ.

گوتاری سیاسی وەک گوتاری ئاینی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، داهێنانی زمانی تێدا نیە. ئەمەش بە واتای ئەوە نایێ کە زمانی گوتاری سیاسی پێویستیی بە تێڕامان و کردنەوەی کۆدەکانی نیە، بەڵکو گوتاری سیاسی بە جوانی دەربڕین و تێڕوانین بۆ داهاتو و هەندێ جاریش تەمومژاوی دەناسرێتەوە. سروشتی دەقی سیاسی، وەک هەندێ جۆری تری گوتار، پێویستیی بە تێگەیشتن و شیکردنەوە و وردبونەوە لە هەمو یەکە زمانیە بەکارهاتوەکان هەیە. بە بڕاوی ئاڵتوسێر" وشە لە ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفیدا، چەکێکی کوشندەیە، یاخود هێورکەرەوەیە، یاخود ژەهرە، لەگەڵ دەربڕینیان ئامانج دەپێکێ" (دایان مکدۆنیل:٢٠٠١:٩٦). بۆیە گوتاری سیاسی پێویستیی بە وەرگری تێگەیشتو و لێهاتو هەیە، کە بدەرەکانی(معطیات) گوتار لەگەڵ لۆجیک و کەتوار بەراورد بکا و لە لایەنە ئاشکراو شاراوەکانی تێبگا، چونکە گوتاری سیاسی فرە ڕەهەندە و

ئەرکی جیاوازی هەیە، وەک: ئاگاداری، کارلێکی، ترس، تێڕوانین بۆ داهاتو...هتد. لەوانەیە تاکە گوتارێکیش هەمو ئەو ناوەڕۆکانە بەشێوەکی گشتی لەخۆوە بگرێ.

پەیامی گوتاری سیاسی پەیامێکی کاتیە و بەستراوەتەوە بە شوێن و کات، چونکە گوتارەکە لە پێناو وەرگری تایبەت دارێژراوە، ڕاستەوخۆیە و ئاڕاستەی داهاتو دەکرێ و سروشتی وەرگرانی دەناسێ، وەرگریش لە زەینی نێرەر ئامادەیە، چ ئامادەبونی ڕوبەڕو بێ، یان ئامادەبونی گریمانەیی[10]. ئەمەش بەشدار دەبێ لە داینەمیکیەتی گوتار و ئاسۆی هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی گوتارەکە ڕونتر دەکا و تواناکانی نێرەر زیاتر دیاردەخا (عیسی برهومە٢٠٠٧ : ١٢٤).

**٢-٢-٢ ناوەڕۆکەکانی گوتاری سیاسی :**

**١/ بەرنامەڕێژی (منهجی):** گوتاری سیاسیسیاسەتە درێژخایەنەکانی تێدا ڕادەگەیەنرێ، ئەمەش متمانەی نێوان جەماوەر و دەسەڵات پتەودەکا و دەبێتە ڕێبازێک کە دەسەڵات لەسەری دەڕوا. هەرلادانێک لەم بەرنامەیە دەبێتە هۆی شکستی گوتار. وەک هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی کاری حکومەت، یان هەر دەسەڵاتێکی تر کە لەسەرەتای دەستبەکاربونی نەخشە ڕێگای کار دادەڕێژێ.

**٢/ ئاڕاستەکردن (توجیە):** لە گوتاری سیاسیدا جەماوەر بە بیروبۆچونی نوێ ئاڕاستە دەکرێ. کەموکوڕیەکان نیشاندەدرێن و هەوڵدەدرێ هەڵوێست و ڕەوشتە باوەکانی کۆمەڵگا، لەسەر بنچینەی سیاسی نوێ بگۆڕدرێن کە لە کۆتاییدا بە بەرژەوەندیی گشتی تەواو دەبێ، ئەمەش گوتاری ئەو کەسایەتیانەیە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و خۆشەویستن لای جەماوەر و گوێڕایەڵیان دەبن. وەک : گوتارەکانی گاندی، ماندێلا... (ندی هواری: ٢٠٢ ).

**٣/ وەرزی(بۆنە):** بە گشتی گوتاری سیاسی وەرزیە و بەستراوەتەوە بە بۆنەیەکی تایبەت، لەم بۆنەیەدا ئاڕاستە دەکرێ و وەرگرانیش وەریدەگرن و پەسەندی دەکەن. تەنیا لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی تایبەت کاریگەریی دەبێ. لە دەرەوەی ئەو دەوروبەرە کاریگەریی ئەوتۆی نابێ. لەوانەیە چەند دەقێکی ئەو جۆرە گوتارە بە زیندویی بمێنێتەوە، تا هۆکارەکانی زیندوێتیان کارابێ. بۆ نمونە، ئەو دەقانەی باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن لە گوتارەکانی کاتی گشتپرسیی(ڕیفڕاندۆم) هەرێمی کوردستان.

**٤/ پێویستی (الضرورة):** گوتاری سیاسی گوتاری حاڵەتە نائاساییەکانە، لە کاتی قەیرانێکی کوتوپڕ، کارەساتێکی سروشتی، دەستدرێژیەکی دەرەکی، کودەتایەکی سەربازی ... هتد. نێرەر لەم حاڵەتەدا

[10] ئەوجۆرە گوتارانەی کە سەرکردەیەکی سیاسی دەینوسێ و خۆی لەبەردەم وەرگران پێشکەشی ناکا، لەوانەیە کەسێکی تر پێشکەشی بکا. یان ئەوپەیامانەی کەسەرکردەیەک لە زیندانەوە ئاراستەی دەکا.

هەوڵدەدا ئارامی پەخشبکا و ترس و دڵەڕاوکێ لە دەرونی جەماوەر بڕەوێنێتەوە ودڵنیایان بکات کە هیچ مەترسییەک لەئارادا نیە. لەم بارودۆخەدا دەبێ سەرکەوتنی نەیارەکان یان قەبارەی کارەساتەکان بەهەند وەرنەگیرێن و نێرەر دورکەوێتەوە لە زمانی هەواڵدان و گەلێک جاریش دەبێ ڕاستیەکان ئاشکرا نەکرێن وەک: گوتارەکەی (ڕجەب تەیب ئەردۆگان) لەکاتی کودەتا شکستخواردوەکەی تورکیا لە ١٥/یۆلیۆ/٢٠١٦.

٥/ **بەڵگەیی(حجاجی):** بە گشتی گوتاری سیاسی لەسەر بنچینەی بەڵگە هێنانەوە بنیاتدەنرێ کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی گوتار و وا لە وەرگر دەکا گوێڕایەڵی پێشنیازە پێشکەشکراوەکان بێ، بە کردن، یان نەکردنی کارێکی دیارکراو (عبدالله صولة ٢٠٠١: ١٣). بەتایبەتی لە پڕۆژەی سیاسی، بەڵگەکان لەگەڵ لۆجیک و کەتوار بەراورد دەکرێن، لەسەر بنەمای سود و زیان. نێرەر هەوڵدەدا لایەنگران و نەیارانی بگەیێنێتە ئەو بڕوایەی کە پڕۆژەکەی پڕۆژەیەکی ستراتیژیە و بۆ بەرژەوەندیی گشتیە، بۆ نمونە: گوتارەکانی برێکزت (brexit)[11] دەرچونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا... .

٦/ **هەڵوێست (Situation)**: نیشاندانی هەڵوێست بەرامبەر هەر ڕوداوێکی ناوخۆ یان دەرەکی، نێرەر هەڵوێستی فەرمی (حکومەت، حزب، دەزگا، ڕێکخراو) ڕادەگەیەنێ. ئەم هەڵوێستەش، یان پشتگیریکردن وهاوسۆزی و هاوخەمییە، یان سەرکۆنەکردنە، وەک هێرشە تیرۆرستیەکانی ١٣/نۆڤەمبەری/٢٠١٥ فەرنسا...، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان سەرکۆنەی هێرشەکەیان کرد.

جگە لەم ناوەرۆکانە گوتاری سیاسی فەرمی گەلێک ناوەرۆکی دیکەی جیاوازی هەیە، کە تایبەتن بە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان، کۆنگرە و کۆبونەوە نێو دەوڵەتیەکان، سەردانی کردن و بەستانی لوتکەی نێوان وڵاتان.

**٢-٢-٣ بنیاتی گوتاری سیاسی:**

**١/ ڕون و ئاشکرایی:** گوتاری سیاسی ئاڕاستەی گەل دەکرێ، بۆیە دەبێ دوربێ لە هەڵە و دژیەکی، پەرتوبڵاوی و شپرزەیی پێوە دیارنەبێ، بە تایبەتی ئەگەر وەرگران بەئاگا و ڕۆشنبیر بون و ئاگاداری ڕێڕەوی ڕوداوە هەنوکەییەکان بون. بۆ نمونە، ناکرێ گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان نکوڵی لە قەیرانی دارایی و گەندەڵی بکا.

**٢/ دەستنیشانکردنی ئامانج:** هەمو گوتارێک ئامانجێکی هەیە. ئامانجی گوتاری سیاسیش دەبێ

[11] ئەم زاراوەیە کورتکراوەی هەردو وشەی (British) و (exit) واتە؛ دەرچونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا

لەگەڵ بەرژەوەندیە گشتیەکان یەکبگرێتەوە. بە بێ بونی ئامانج، گوتار دەبێتە گوتنێکی ناوەڕۆک بەتاڵ. دەبێ ئامانجەکانی گوتاری سیاسی ڕون بن و لایەنە چاک و خراپەکانی ئامانجەکانی بخاتە ڕو و پشتگیری وەرگران بەدەست بهێنێ، بەوەی کە لایەنە چاک و بە سودەکانی لە لایەنە خراپەکانی زیاتربن.

**٣/ کورت و درێژی:** لەبەرئەوەی گوتاری سیاسی گرنگی بە ناوەڕۆک و بیرۆکە دەدا، وا باشترە کورت و پوخت بێ، چونکە درێژدادڕی ئامانج و مەبەستەکانی گوتار پەرش و بڵاو دەکا و وەرگر توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەی نابێ و بێزار دەبێ و بیرۆکەکانی گوتارەکەی پێ کۆناکرێتەوە.

**٤/ کاتی گوتار:** کاتی گونجاو بۆ پێشکەشکردن، یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی گوتار. لە دو ڕووەوە دەبێ گرنگی بە کات بدرێ:

أ/ لە شەو ڕۆژێکدا چ کاتێک گونجاوە بۆ پێشکەشکردن (گوتاری گوتراو)، بۆنمونە، ئەگەر گوتارێک لە کاتژمێر چواری بەیانی پێشکەشبکرێ، لەوانەیە کەمترین کەس بتوانن ئامادەبن، بەڵام ئەگەر لە چواری ئێوارە پێشکەش بکرێ، زۆرترین کەس دەتوانن ئامادە بن.

ب/ پێوستە گوتار لەگەڵ بارودۆخ و بابەتی سەردەمی و بۆنەی تایبەت بگونجێ، بۆ نمونە: لە ماتەمێک یان، یادی کارەساتێک، ناکرێ بانگەشەی هەڵبژاردن بکرێ.

**٥/ پابەندبون بە بابەت:** دەبێ گوتاری سیاسی لە دەوروبەر و ئامانجی تایبەتی بمێنێتەوە و بابەتەکانی زۆر و جۆراوجۆر نەبن. لە بابەتێکەوە نەچێتە سەر بابەتێکی تری جیاواز، بە جۆرێک وەرگران دورکەونەوە لە تەوەرەی سەرەکی گوتار و هەڵوێست و کاردانەوەی جۆراوجۆریان لە لا دروستبێ. چونکە زۆری بابەتی گوتار وەرگران دابەشدەکا و لەوانەیە لایەنگر بکا بە بەرهەڵستکار، لە ئەنجامدا دەبێ بە گوتارێکی شکستخواردو.

**٦/ سەردەمی و بڕوابەندی:** هەر گوتارێکی سیاسی لەگەڵ ڕوداوە سەردەمی و ئێستاییەکان یەک نەگرێتەوە، نابێتە جێگەی بڕوا و متمانەی وەرگران. بۆ نمونە: ناکرێ لەکاتی تەنگژە و شەڕ و ڕوداوە نەخوازراوەکان باسی دەستکەوتەکان بکرێ، هەروەها دەبێ گوتاری سیاسی مکوڕ(جدی)بێ لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و بڕیارانەی کە ڕایگەیاندوە.

**٢-٢-٤ تایبەتمەندیە گشتیەکانی گوتاری سیاسی:**

١/ گوتاری سیاسی، یەکێکە لە باوترین و بڵاوترین جۆرەکانی گوتاری سەردەم و کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا هەیە، زۆرترین وەرگری هەیە، چونکە ئاڕاستەی سەرجەم چین

و توێژەکان دەکرێ. هەندێک جار دەبێتە گوتارێکی جیهانی، وەک ئەو گوتارانەی لە ئەنجومەنی ئاسایش، یان نەتەوە یەکگرتوەکان پێشکەش دەکرێن، یان ئەو گوتارانەی کە دژی گروپە تیرۆرستیەکان بڵاودەکرێنەوە، بەتایبەتی لە دوای ڕوداوەکانی ١١ی سپتیمبەری ٢٠٠١ و ئەوەی کەپێی دەگوترێ(جەنگی جیهانی دژی تیرۆر).

٢/گوتاری سیاسی گوتاری کۆمەڵە و گروپە، بۆیە دەربڕینەکانی وەک: ( ئێمە، گەل، میللەت...) زۆر بەکار دێن. لە گوتاری سیاسیدا کەمتر جێناوی (من) بەکاردێ، لەو شوێنانەش کە بەکار دێ، وەک گەلێک جار لە گوتارەکانی (دۆنالد ترامپ)ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەرکا بەدیدەکرێ. بە سیفەتی لوتکەی هەرەمی دەسەڵات بەکاردێ، چونکە ئەگەر نێرەر لەو لوتکەیە نەبێ، ئەو (من)ەی هیچ کاریگەریەکی نابێ.(محمود عکاشه٢٠٠٥: ٣٤٦)

٣/ گوتاری سیاسی بەستراوەتەوە بە کەتواری ناوەخۆ و دەرەکی و لەگەڵ هەمو ڕوداوێک و پێشهاتێک کارلێک دەکا.

٤/ گوتاری سیاسی بە مەبەستی قەناعەت پێهێنان گوتارێکی ئاراستەکراوە، بۆئەوەی نێرەر ئامانجەکانی بەدیبهێنێ.

٥/ گوتاری سیاسی وەکو گوتاری ئاینی بەهای جێگیر و سنورداری نیە، بەڵکو بەرهەمی بارودۆخ و بەرژەوەندیەکانە. بابەتەکانی گۆڕانیان بەسەردادێ و لەوانەیە هەر بابەتێکی سەردەمی ببێتە ناوەرۆکی گوتارەکە.

٦/ گوتاری سیاسی نزیکە لە گوتاری ڕۆژانە و لەگەڵ کۆمەڵگا و ڕوداوەکان کارلێکدەکات، زۆربەی جەماوەریش بەرژەوەندیەکانیان لە گوتاری سیاسیدا دەبیننەوە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی بە ژیانی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە .

٧/ گوتاری سیاسی بە پلەی یەکەم گرنگی بە گەیاندنی بیرۆکەی گوتار دەدا، لە دوای ئەوە گرنگی بە لایەنی جوانکاریی زمانی دەدا.

٨/ شێوەیەکی فەرمی بەخۆی دەبەخشێ و ئامانجەکانی وەک ئامانجی پیرۆز نیشاندەدات و بڕوابەندی (مصداقية) بە کارەکانی دەدا، بۆ ئەوەی ڕێگە بە بەرهەڵستکاری و مشتومڕ نەدا.

**٢-٢-٥ تایبەتمەندیە زمانیەکان:**

١/ دەربڕینی نوێ: لە زمانی گوتاری سیاسیدا، وشە و دەربڕینی نوێ بەکاردێ، دورە لە وشەی

کۆن و بەکارنەهاتو، چونکە گوتارێکی ڕاستەوخۆ و زیندوە، زمانەکەشی نزیکە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە.

٢/ یاریکردن بە زمان (Linguistic Manipulation): بەکارهێنانی ئەو شێواز و دەربڕینانەی زمان، کە کاریگەری لە بیر و بۆچونی وەرگران دەکا، بەرهەمهێنی گوتاری سیاسی ئەم شێوازە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی لەم ڕێگەیەوە بگەیەنێ، چونکە گوتاری سیاسی ڕەمەکی نیە و هەڵخەڵەتێنەرە و پێچ و پەنای مەبەستداری تێدایە. لە شیکردنەوەشدا ڕاستی و درۆی ناوەرۆکەکەی بەدیار دەکەوێ، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە بەرهەمهێن پێشکەشی دەکا ( محمد سعود البشر.٢٠٠٨: ١٨).

٣/ جوانکاری: گوتاری سیاسی هەمەلایەنە، بەرهەمهێنی گوتار پشت بە زمانی ئاشکراو شاراوە دەبەستێ، ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕۆشنبیری و بە ئاگایی نێرەری سیاسی لە زمان، کە چۆن بتوانێ لایەنی جوانکاری بەکاربێنێ و دورکەوێتەوە لە سوان و دوبارەبونەوەی وشە لە گەیاندنی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای خۆی .

٤/ ڕەهەندی خوازەیی (Figurative Dimension): لەزمانی سیاسی پێی دەگوترێ ڕەوانبێژی سیاسی، بریتیە لە بەرجەستەکردنی توخمەکانی ڕەوانبێژی وەک: خواستن، لێکچون، مەجاز... بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگران. وەک :

- **شەمشەمە کوێرەکانی تاریکایی بیابان.**

٥/ ڕازاندنەوەی گوتار بە دەقی پەندامێز وەک دەقی ئاینی و باسکردنی شتە پیرۆزەکانی ئاین، بۆنمونە: "قُل اعمَلوا فَسیری اللهُ عَمَلَکُم ورَسولهُ و المؤمِنون". (التوبة:١٠٤) یاخود بە دێرە شیعرێکی بەناوبانگ، یاخود پەند و ئەزمونی کەسایەتی شۆڕشگێر و مێژویی و سیاسی... .

**٢-٢-٦ یەکێتی بابەت(هاودەقی) لە گوتاری سیاسی:**

یەکێتی بابەت یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی بەدەقبون لە دەقی سیاسیدا، کە بریتیە لە: بەیەکەوە بەستنەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی دەق. لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەی یەکەکانی دەق لەناو خۆیان دروستی دەکەن، بۆ ئەوەی ببێ بە پارچەیەکی یەکگرتو، کە تایبەتمەندیی خۆی هەبێ و لە دەقی تر جیابکرێتەوە. ئەمەش تایبەتمەندیی واتایی گوتارە، کە پشت بە تێگەیشتنی هەر ڕستەیەکی پێکهێنەری دەق و پەیوەندی لەگەڵ ڕستەکانی تر، دەبەستێ. (صلاح فضل١٩٩٢ :٢٤٤)

بەیەکەوە بەستنەوەی دەق یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی زمانەوانیی دەق. مەبەست لێی ئەو سیستەمە گشتیەی دەسەڵاتی دەقە، کە بنیاتی دەق دروستیدەکا. ئەویش ڕێکخستنێکی ناوخۆی تایبەتیی هەیە کە زمانەوانیی دەق هەوڵدەدا لە میانی توێژینەوە لە بەیەکەوە بەستنەوەی دەق ئەم ڕێکخستنە ئاشکرا بکا. بەو پێیەی دەق میکانیزمێکی تەواو و وێنەیەکی ڕونی پەیوەندیی زمانیە لە هەر کۆمەڵەیەکی زمانیدا. زانایانی بواری (زمانەوانی دەق) لەسەر ئەوە کۆکن، کە بەیەکەوە بەستنەوەی دەق سیمایەکی گرنگی بەدەقبونە و بنیاتی دەقی لەسەر دەوەستێ. واتە؛ چونە ناو قوڵایی دەق و هەڵوەستەکردن لەسەر بونی توخمەکانی بەیەکەوە بەستنەوە، لە ئەنجامی شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە ناوخۆیەکان، هەروەها ناسینی ئامرازەکانی بەیەکەوە بەستنەوەی یەکە و دەستەواژەکان. ئەمەش بنچینەی زانستی دەق و ڕیبازی توێژینەوەیە لە میکانیزمەکانی یەکگرتنی دەقەکانی گوتار بۆ ئەوەی بنیاتەکانی گوتار و هەماهەنگی نێوان پارچەکانی گوتار بزانرێ (بدر بن علی٢٠١٦ :١٢٢).

بە بڕوای(باختن) (هەمو گوتنێکی دەربڕاو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی پەیوەندیی کردەی قسەیی) (M.Bakhtin.1986:89). واتە؛ هەمو دەقێک وەڵامی دەقی پێش خۆی تێدایە، هەروەها کاریگەری دروستدەکا لەسەر دەقەکانی دوای خۆی، چونکە هەمو دەربڕینێک سروشتێکی گرێدراوی هەیە لەگەڵ مێژو و ئاراستەی داهاتوشی تێدایە. بەو پێیە دەقەکانی هەر گوتارێک بە شێوەی ئاسۆیی و ستونی تەواوکەری یەکتر دەبن، ئەمەش لەگەڵ بۆچونەکەی فۆکۆ یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ " ئەستەمە هیچ دەربڕینێک هەبێ کە بە شێوەیەک بەرهەمهێنانەوەی دەربڕینی تر نەبێ " (فیرکلاف٢٠١٥:١٣٠). بۆیە ئەو کاتەی پێکهاتەکانی دەق لە ڕوی فۆڕم و واتاوە بەیەکەوە ببەسترێنەوە و کارلێکبکەن، مەرجەکانی دەقیان لەسەر پیادە دەکرێ، بە پێچەوانەوە هەرچەند ڕستە (نوسراو/ گوتراو) بە دوایەکدا بێن، ئەگەر هەماهەنگ و تەواوکەری یەکتر نەبن نابێتە دەق بۆنمونە:

- **کاروان لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدایە، پێش ئەوەی پارە کۆکاتەوە و خانوێک دروستبکا.**

ئەگەر سەیری هەردو ڕستەکانی سەرەوە بکەین لە ڕوی ڕێزمانیەوە ڕستەکان تەوان، بەڵام بەیەکەوە مەبەستێکی تەواو ناگەیەنن، چونکە لە ڕوی لۆجیکیەوە تەواوکەری یەکتر نین، بۆیە ناکرێ وەکو دەقێک سەیر بکرێن. بەڵام ئەگەر ڕستەکان بەم شێوەیە بن:

- **کارروان بەکرێ لەخانوێکدا بو، پێش ئەوەی پارە کۆبکاتەوە و خانوێک دروستبکا.**

هەماهەنگی(تنسیق) لە نێوان هەردو ڕستەکەدا هەیە، دەکرێ لە سنوری دەقێک ڕستەی تریش لە پێش و پاشی ئەو ڕستانە زیاد بکرێ کە باس لەهەمان بابەت بکەن. کەواتە؛ بۆئەوەی بە گوتنێک یان بە نوسینێک بگوترێ دەق دەبێ فۆرم و ناوەرۆک بەیەکەوە تەواکەری یەکتربن.

لە ڕوی فۆرمەوە، پێویستە،(دەق / گوتار)پابەند بێ بە یاسا ڕێزمانییەکان. هاوکات دەبێ پەرەگرافە بەدوای یەکداهاتوەکانی دەق، یان گوتار تەواوکەری یەکتر بن. لەم سۆنگەیەوە بە دەقبون لە ئەنجامی کارلێکی هەمو پارچەکان دێتە ئارا. ئەم بەدەقبونەش لەدارشتنی ڕوکەشی دەق (surfacetext) دەنگی بێ، یان نوسراوڕەنگدەداتەوە ( الأزهر الزناد١٩٩٣ :١٢).

لەڕوی ناوەرۆکەوە، پێویستە پەیوەندیی واتایی ستونی یەکەکانی دەق بەیەکەوە بگونجێن. بە بۆچونی هەندێک لە توێژەران تێگەیشتن و گونجان لە کۆتایی هەر دەربڕینێک دەبێ بە بنچینەی ناساندنی دەق. دریزلەر (Dressler) پێی وایە، گوتنی تەواو، هاوواتای دەقە. هەروەها بە بڕاوی ڤان دایک (Van dijk) دەق یەکەیەکی زمانی بنچینەییە لە ناو گوتار، کە بە گوتنی تەواو بەئەنجام دەگا (محمد شاوش:١٠٦).هەندێک لە توێژەرانی وەک (هالیدای و ڕوقیە حەسەن ) پێیان وایە، کە دەق سنوری کورت و درێژی دیارنیە. لەوانەیە وشەیەک، ڕستەیەک، یان دەستەواژەیەک بێ. وتارێک[١٢]، یان کتیبێک بێ. بۆنمونە:

- **نەخێر لە ئیستادا.**

ئەمە تەنیا دەستەواژەیەک و دروشمێک بو، بەڵام لە ئەنجامی چەندین وردەکاری و شیکردنەوەی سیاسی ببو بە گوتاری سیاسیی ڕەوتێکی دژ بە ئەنجامدانی پرۆسەی گشتپرسی(ڕیفراندۆم)ی هەرێمی کوردستان.

بە بڕوای ئەو دو توێژەرە، دەق لە زانستی ئاماژەدا، بریتیە: لە هەر بڕگەیەکی نوسراو، یان گوتراو. هەرچەندە درێژکراوە بێ، یان کورتکراوە، چونکە یەکەی دەق فۆرم نیە و واتایە، بۆیە دەق لە ڕیگەی تێگەیشتنەوە دەناسرێتەوە نەک فۆرم(Halliday & R hasan1976 :2). کەچی تەنیا گرنگیدان بە واتا و فەرامۆشکردنی فۆرم، کێشەی یەکێتی بابەت و تێگەیشتن چارە ناکا، چونکە بۆ ئەوەی دەقێک مەرجەکانی بەرهەمهێنانی تێدابێ، پێویستە هەماهەنگی لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانیدا هەبێ. لە هامان کاتدا لە ڕوی واتاییەوە گونجاو و بەیەکەوە بەستراو بن. ئەمەش

[١٢] وتار بەرامبەر وشەی (مقالة) بەکارهاتوە

لەگەڵ بۆچونی زمانەوانی ئەمەریکی (De Beaugrande) یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە، دەق یەکەیەکی پەیوەندیە و دەبێ چەند پێوەرێکی تێدا بێ، کە بریتین لە:

١- هەماهەنگی (Cohesion)، یاخود بەیەکەوە بەستنەوەی ڕێزمانی.
٢- گونجان (Coherence)، بەیەکەوە بەستنەوەی واتایی.
٣- مەبەستی (Intentionality)، واتە؛ ئامانجی دەق.
٤- پەسندی (Acceptability)، واتە؛ وەرگر قەبوڵی بکات.
٥- هەواڵدان (Informatively)، واتە؛ ئەو زانیاریانەی کە دەیانخاتە ڕو.
٦- هەڵوێست (Situation)، واتە؛ گونجانی دەق لەگەڵ بۆنە و هەڵوێست.
٧- یەکێتی بابەت (textuality)، واتە؛ پەیوەندیی دەق لەگەڵ دەقەکانی تر (دیبوجراند.٢٠٠٧:١٠٥).

دەقی سیاسی لە یەکە و بنیاتی زمانی پێکهاتوە. ئەگەر ئەو پێوەرانەی کە باسکران بۆ هەمو دەقێک پێوست نەبن، بۆ نمونە، (دەقی شیعری)، لەوانەیە بۆ دەقی سیاسی مەرجی بەدەقبون بن، چونکە ڕژێمی سیاسی بەستراوەتەوە بە تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر، کە کارلێکدەکەن و دەسەڵاتی سیاسیش ئامرازەکانی کارلێککردن بەکاردێنێ. وەک: ئاراستەکردن، باوەڕپێهێنان، فشارکردن، پەروەردەکردنی سیاسی...هتد (محمود عکاشەک:٤٦). بە گشتی دەقی سیاسی لە سنور و سیستەمی زمانی و کەلتوری ئەو زمانە دەرناچێ کە لێی بەرهەمهاتوە. بە هۆی ڕێکخستنەوە و داهێنان لە بەکارهێنانی کۆدە زمانیەکان، پەیڕەوی واتایی بەرهەمدێنێتەوە، کە دەبێتە پێوەری ڕەسەنایەتیی دەق و سنوری داهێنانەکانی دیاردەکا، لەو نوێکاری و پێشوەچونانەی کە زمان بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی پێشوەچونی کەلتوری و کەتواریدا. واتە؛ دەقی سیاسی بە کەتواری کەلتوری و زمانی بەستراوەتەوە.

### ٢-٣-١ پەیوەندیی سیاسی (Political Communication):

بنچینەی زاراوەی پەیوەندیکردن (communication) دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی لاتینی (communis)، کە بە واتای هاوبەشی، یان گشتی بەکارهاتوە. کردەی پەیوەندیکرن، یەکێکە لە کۆنترین چالاکی و سیما جیاکەرەوەکانی مرۆڤ. ئەو کەناڵەیە کە لە ڕیگەی وێنە، دەنگ، جوڵە، هەست ... تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئینجا پەیوەندیکردنەکە ڕاستەوخۆ بێ، یان ناڕاستەوخۆ، هەواڵگەیاندن بێ، یان باوەڕپێهێنان، ڕون بێ یان تەمومژاوی. ئامانجی گەیاندنی مەبەست و ئارەزوەکانی مرۆڤە و دەسپێکێکە بۆ هەمو کردەوەیەک. (Bittner.1980:8)

پەیوەندیکردن (الإتصال) کردەیەکە نێرەر پێیهەڵدەستێ و ئاگادارکەرەوەکانی (هێما زمانی و نازمانیەکان) دەنێرێ بۆ ئەوەی ڕەوشتێک، یان کاردانەوەیەک لە لای وەرگر دروستبکا ( حسن مکاوی ولیلی السید ١٩٩٨: ٢٤). ئەم کردەیە تەنیا بە پەخشکردن، یان بڵاوکردنەوە، یان ناردنی تاکلایانەی پەیام، بەرهەم نایەت. بۆ ئەوەی کردەکە تەواو بێ، دەبێ وەرگرێک هەبێ و وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (دواخراو)ی هەبێ (علی عجوة و أخرون.١٩٨٩:١٨). ئەم وەڵامدانەوە دەبێ بەردەوامی هەبێ، بۆ ئەوەی بازنەی ئاڵگۆڕی زانیاری تەواو بێت و نەبێتە پەیوەندیی تاکلایانە.

پەیوەندیی سیاسی یەکێکە لە جۆرەکانی پەیوەندیکردن، لە سنوری زانستە کۆمەڵایەتیەکان. بریتیە: لەو پەیوەندیەی کە کەسایەتیە سیاسیەکان ئەنجامی دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی. بە بۆچونی (ماکنایر) پەیوەندیی سیاسی "پەیوەندیەکی ئامانجدارە و پەیوەستە بە سیاسەت" هەمو ئەو ئاستانەی پەیوەندی دەگرێتەوە کە چالاکانی سیاسی پێهەڵدەستن (Mc nair:2011:4).

پەیوەندیی سیاسی ڕەگ و ڕیشەی کۆنی هەیە و لەگەڵ جۆرەکانی تری پەیوەندیکردن لێکدابڕاو نیە. لە سەردەمی یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان کۆمەڵگەی سیاسی کۆمەڵگەیەکی سنوردار بو، تەنیا چەند کەسێک دەیانتوانی پەیامی سیاسی، یان پەیامی دەسەڵاتداران لە ڕێگەی گوتارە ڕاستەوخۆکان، لە شوێنە تایبەتیەکان ببینن و ببیستن، ئەمەش بە گرنگترین شێوەی پەیوەندیی سیاسی هەژمار دەکرا. بۆیە سیاسیەکان زۆر گرنگییان بە ڕوانبێژی سیاسی (political rhetoric) دەدا و تواناکانیان بەکاردەهێنا بۆ زیاتر وروژاندن و باوەڕپێهێنانی جەماوەر (audience) (محمود عکاشە.٢٠٠٥:١٥).

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و فراوانبونی چالاکی سیاسی و پەیدابونی ڕێکخراوە سیاسیە نوێکان، پانتایی پەیوەندیی سیاسی فراوانتر بو و لەو شێوازە کلاسیکیە دەرچو کە تەنیا پشت بە کۆڕ و کۆبونەوە و گوتاری ڕاستەوخۆ ببەستێ، بەتایبەتی لە دوای نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم و لەگەڵ پەیدابونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و پێشکەوتنی بواری ڕۆژنامەگەری و چاپ، کە هەمویان بە ئامرازی پەیوندیی سیاسی هەژمار دەکرێن. لە بواری توێژینەوەی زانستی، ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندیی سیاسی وەک لقێکی سەربەخۆ، لە زانستی سیاسەتدا هاتەئارا و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. لێکۆڵینەوە زانستیەکان لە زانکۆ و دەزگا فێرکاریەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا کەوتنە بواری پراکتیزەکردن، بۆنمونە: کاریگەریەکانی تەلەفیزیۆن بەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ١٩٥٢ بوە بابەتی توێژینەوەی پەیوەندیی سیاسی، لە دوای ئەمەش لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بون. لە ساڵی ١٩٧٢ توێژەرانی پەیوەندیی سیاسی بیلۆگرافیایەکیان بڵاوکردەوە کە ناونیشانی زیاتر لە

هەزار لێکۆڵینەوەی لەخۆگرتبو. لەهەشتاکانی سەردەی ڕابردو توێژینەوەکانی بواری پەیوەندیی سیاسی زیاتر فراوان بو بۆ ئەوەی بابەتەکانی وەک: زمانی سیاسەت، گوتاری سیاسی، ڕیکلامی سیاسی، گفتوگۆی سیاسی (المنظارة السیاسیة)، پێگەیاندنی سیاسی، ئامرازەکانی پەیوەندی سیاسی... بگرێتەوە (محمد بن سعود البشر١٩٩٧:٢٨).

**٢-٣-٢ هۆکـــارە کارتێکەرەکـــانی پەیوەنـــدیی سیاســـی(** Factors affecting politicalcommunication):

أ/ **تایبەتمەنـــدیەکانی سیســـتەمی سیاســـی:** ژیــنگەی سیاســی لە هەر کۆمەڵگــایەک هۆکــارێکی کارتێکەری

گرنگە بۆ فەراهەمکردنی ئازادیی پەیوەندیی سیاسی. ئەمەش خۆی لە تێڕوانینی دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر تاک و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا دەبینێتەوە، وەک: فرەحزبی، ئازادیی دەربڕین، سیستەمی ڕاگەیاندن، ئازادیی کەلتوری و زمان... لەم جۆرە کەشە سیاسیە، بەشداریی تاک لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەستەبەر دەبێ و پەیوەندیی سیاسی لە نێوان جەماوەر و حزبە سیاسیەکان زیاتر دەبێ.

**ب/ سروشـتی سیسـتەمی ڕاگەیانـدن:** لە سەردەمی نوێدا، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن یەکێکە لە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی ڕژێمی سیاسی. ئەم ئامرازانە ئاسۆی پەیوەندیی نێوان جەماوەر وئەکتەرە سیایەکان فراوان دەکەن و بیر و بۆچونەکانی جەماوەر بە خێرایی بۆ دەسەڵات و ئۆپوزیسیۆن دەگوازنەوە، بەڵام کاریگەری و کارایی ئامرازەکان دەوستێتە سەر فەلسەفە و تێڕوانین وهەڵوێستی دەسەڵات(دەوڵەت) بەرامبەر بە دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە و ئەو ئازادیەی بۆیان ڕەخسێنراوە. گەلێک ڕژێمی سیاسی ئەو دەزگایانەیان بە کۆمەڵێک یاسا و دەستوری وەک: یاسای چاپ وبڵاوکردنەوە سنوربەند کردوە و سانسۆر و چاودێری توندیان لەسەر داناون. بۆ ڕوماڵکردنی هەر ڕوداوێک پێویستییان بە ڕێگە پێدان هەیە.

**ج/ هۆکـارە کەلتـوری و کـۆمەڵایەتی و ئـابوریەکـان:** ژینگەی کۆمەڵایەتی، ڕێژەی کاریگەری و چالاکیی پرۆسەی پەیوەندیکردن دیاردەکا. بەبێ ناسینی کەلتور و داب و نەریت و ئاستی ئابوری هەر کۆمەڵگایەک، ئەستەمە بتوانرێ پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە ببەسترێ، بەتایبەتی پەیوەندیی سیاسی. وەک: کۆمەڵگا داخراو و دواکەوتوەکان لەڕوی ئابوری و ڕۆشەنبیری و کرانەوە بە ڕوی جیهانی تەکنەلۆژیا، کەمینە ئاینیەکان و کۆمەڵگا پابەندەکان بە بیر و باوەڕە کۆن و ئەفسانەییەکان. ئەمانە هەمویان لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندیی سیاسی بە ئاستەنگ دادەنرێن، لەبەرئەوەی تاکی ئەم

کۆمەڵگا داخراوانە تێگەیشتنیان بۆ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نیە، لە مەبەست و ئامانجەکانی بڕیارە سیاسیەکان تێناگەن و گرنگی پێ نادەن. لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگای تێگەیشتو، زیاتر بەشداری لە چاڵاکیە سیاسیەکان دەکا و هەر تاکێک هەوڵدەدا ڕۆڵی خۆی ببینێ و کەس مافەکانی لێ زەوت نەکا و بەشدار بێ لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی.

**٢-٣-٣توخمەکانی پەیوەندیی سیاسی:**

**٢-٣-٣-١ ئۆرگانە سیاسیەکان (political organization):**

**أ/ حیزب:** حیزیەکانتوێژێکن لە ئەکتەرە سیاسیەکان، بیر و بۆچونیان لەیەکەوە نزیکە، لە پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی ئایدیۆلۆژیی سیاسی، لە پێناو چەند ئامانجێکی دیارکراو کۆدەبنەوە(Mauser1983:5). ئامانجاکان، بەگشتی بریتین لە: (دادپەروەری، یەکسانی کۆمەڵایەتی، کارکردن بە شەریعەتی ئاین، جیاکردنەوەی ئاین و دەسەڵات، سەربەخۆیی نەتەوەیی...). بەها بنچینەیی و تێڕوانینە ئایدیۆلۆژیاکانی حیزب بەدیاردەخا. سەرەڕای جیاوازیە ئایدۆلۆژیاکان، لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسیەکان، حیزبە سیاسەکان لە چوارچێوەی یاسا و دەستور، کاری سیاسی دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕیگەی پەیوەندیی سیاسی و گوتارە سیاسیەکانیان زۆرترین لایەنگر کۆبکەنەوە بە بەکارهێنانی کەناڵە جیاوازەکانی پەیوەندیی سیاسی، بە تایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا جۆرێک لە بازاڕی سیاسی ( political marketing) دروست دەبێ لەپێناو زیاتر کۆکردنەوەی دەنگدەران.

**ب/ ڕێکخراوە جەماوەریەکان(Mass organizations):** کۆمەڵێک ڕێکخراوی ناحیزبین، ئامانجی سیاسییان هەیە. یەکێتیەکان، کۆمەڵەکان، سەندیکاکان، ڕیکخراوە پیشەییەکان ... دەگرێتەوە. ڕێکخراوی ئارەزومەند و خۆبەخش و قازانج نەویستن، لە ڕیگەی چاڵاکیەکانیان یارمەتیی توێژێک یان چەند توێژێکی کۆمەڵگا دەدەن و ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات دەبینن، هەندێک جار دەبن بە گروپی فشار و سەرکردایەتیی خۆپیشاندان و گردبونەوە دەکەن. لە هەندێ سیستەمی سیاسیدا حیزبی دەسەڵاتدار خۆی ئەو ڕێکخراو و گروپانە دروست دەکا و لە ڕیگەی ئەو ڕێکخراوانە پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگا پەیدا دەکەن کە بە سیاسەتەوە سەرقاڵ نین، وەک: سەندیکای پارێزەران، ئەندازیاران، پزیشکان...، یەکێتیەکانی قوتابیان، مامۆستایان، زانایانی ئاینی،... و یانە وەرزشی و هونەریەکان... .

**ج/ گروپەکانی فشار pressure groups:** ئەو گروپ و کۆمەڵانەن کە بابەتێکی تایبەت کۆیاندەکاتەوە. لەوانەیە لەناو گروپەکانی فشار کەسایەتیی سیاسی، حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی

کۆمەڵگـای مەدەنـی هەبـن، بە جیـاوازیی ئایـدیۆلۆژیاکانیانەوە لە پێنـاو بـابەتێکی سـەردەمی فشـار دروستبکەن وەک: گروپەکانی دژ بەبڵاوبونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، کۆمەڵەکانی ژینگە پارێزی، لۆبیەکانی قەتیسبونی گەرمی... (Global warming).

**د/ ڕێکخـراوە تیرۆرسـتیەکان**[١٣] Terrorist organizations: بەو ڕێکخـراوانە دەگـوترێ کە ڕێـگەی نایاسـایی(نـا شـەرعی) وەک: تەقینـەوە، ڕفاندن، کوشتن و بە بـارمتەگرتنی خەڵکی سڤیل، بەکارهێنانی توندوتیژی... بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسیەکانیان دەگرنە بەر. بە گشتی هەر چالاکیەک یان کردەیەکی توندوتیژی کە مەترسی بخاتە سەر ژیانی مرۆڤایەتی، یان پێشێلی یاساکانی تاوان بکا بە کردەوەیەکـی تیرۆریسـتی دادەنـرێ. ڕێکخـراوە تیرۆرسـتیەکان ئەو گروپـانەن، کە بەشـداری پرۆسەی دیموکراسیی سیاسی ناکەن و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی تر ئامانجە سیاسیەکانیان بەدیبێنن.

چەمکـی تیـرۆر چەمکێکـی فـراوانە و بـۆ گروپـی جیاجیـا بەکـاردێ و پێناسـەیەکی وردی نـیە. بەستراوەتەوە بە تێڕوانینی سیاسیی وڵاتە زلهێزەکان بۆ ئەو گروپانە. بە بۆچونی چۆمسکی (تیرۆر) چەمکێکی تەمومژاویە و هەمو ڕەهەندەکانی دیـارنین، ئەوەی وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمەریکا پێـی دەڵێ: (جەنگی دژە تیرۆر). تەنیا بانگەشەیەکە، چونکە لە ڕاستیدا جەنگی دژە تیرۆر نیە و خـودی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سـەرکردایەتیی تیرۆر دەکـا، بە کوشتن و بۆمبابـارانکردنی خەڵکی سڤیل لە سربیا و عێراق، بۆیە دەکرێ بەو شـەڕانەی ئەمەریکا بگوترێ (شـەڕ دژی مرۆڤـایەتی)، یان (تاوان)، یان تیرۆری نیودەوڵەتی.(چۆمسکی ٢٠٠٢:١٤).

کەواتە؛ چەمکـی تیـرۆر لەوە فراوانترە کە تەنیـا چەند ڕێکخراو و گروپێـک بگرێتەوە، گەلێـک وڵات کەسـایەتیە سیاسـیە بەرهەڵسـتکارەکانیان دەرفێـنن و دەکـوژن و چەکـی کۆمەڵکـوژ لە دژی خەڵکـی سـڤیل بەکـاردێنن و پاڵپشـتی گروپـی تیرۆرسـتی دەکەن. وەک: تیرۆرکردنـی هەردو سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (عەبدولڕەحمان قاسملۆ و سادق شەرفکەندی).


**٢-٣-٣-٢ جەماوەر(وەرگر):** لەدوای ئەکتەرە سیاسیەکان، جەماوەر گرنگترین تەوەری پرۆسـەی پەیوەندیی سیاسیە. ئامـانجی سـەرەکیی نێـرەری سیاسـی باوەڕپێهێنـانی جەمـاوەرە. بە بـێ جەمـاوەر پەیـامی سیاسـی ئامانجەکـانی بەدینـایێ. لە پەیوەنـدیی سیاسـیدا نێـرەر هەوڵـدەدا لە ڕیـگەی سەرنجڕاکێشان و پلانـی تـایبەت و پروپاگەنـدە و هەرجۆرە پەیوەندییەکی تر بـێ، پەیـامی گشتی و کاریگەر ئاڕاستەی جەماوەر بکات. لە لایەن لایەنگران و بەرهەڵستکارانیش کاردانەوەی جیاجیـای

[١٣] زۆرێک لەم ڕێکخراو و گروپانە خۆیان بە ڕزگاریخواز و شەڕوان لە پێناوی ئازادی و (موجاهید) و گەلێک ناوی تر دەناسێنن، گەلێک ڕیکخراویش هەیە کەناوی لە لیستی تیرۆری جیهانیدا هەیە بەڵام لە گەلێک وڵات چالاکیە سیاسی هونەری و ڕۆشەنبیریەکانیان ئەنجام دەدەن وەک: پارتی کرێکارانی کوردستان pkk کە لەلایەن تورکیا بە تیرۆرست دەناسرێ، بەڵام ئەوان خۆیان بە خاوەنی دۆزی نەتەوەیەک دەناسێنن و لەگەلێک وڵاتی ئەوڕپی چالاکیان هەیە.

دەبێ. نێرەری سیاسی ناتوانێ بیر و بۆچونی تاک بە تاکی کۆمەڵگا وەربگرێ و هەمو بیروبۆچونەکان بە هەند وەرگرێ، بۆیە بە پێی ستراتیژیەتێکی داڕیژراو، پەیامەکانی بەگشتی ئاراستەی جەماوەر دەکا، تاکو زۆرترین کاریگەری دروستبکا (ئیدیون امری ٢٠٠٠: ١٤).

**٢-٣-٣-٣ میدیا:** هەمو ئامرازەکانی پەیوەندی دەگرێتەوە، کە دەکرێ وەک کەناڵێکی پەیوەندیی سیاسی بەکاربێن. لە سەردەمی نوێدا، بە تایبەتی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، جۆرێک لە پەیوەندییان دروستکردوە کە ڕاستەوخۆ هەمو کەسێک دەتوانێ بەشداری لە گەیاندنی بیر و بۆچونەکانی بەرامبەر هەر ڕوداوێکی سیاسی بکا. بە گشتی دەزگاکانی گەیاندن لە ڕێگەی ڕیپۆرتاژ، سەروتارەکان، بیروڕا، شیکردنەوە، ڕاپرسی... بیر و بۆچونی نێرەری سیاسی دەگەیەننە جەماوەر. بۆیە ئەم دەزگایانە بە فراوانترین گۆڕەپانی پراکتیزەکردنی چالاکی سیاسی هەژماردەکرێن، بە شێوەیەک هەمو ڕیکخراوێکی سیاسی، ناوەندێکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەم هێڵکاریە ڕۆلی میدیا لە پەیوەندیی سیاسی ڕوندەکاتەوە:




هێڵکاری ژمارە ٣

ڕۆلی میدیا لە پەیوەندیی سیاسی

## ٢-٣-٤ئەرکەکانی پەیوەندیی سیاسی Political communication functions:

**٢-٣-٤-١ هەواڵگەیاندن:** هەواڵگەیاندن بە گرنگترین ئەرکی پەیوەندیی سیاسی دادەنرێ، ئۆرگانە سیاسیەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر پەیدا

بکەن، بەمەش جەماوەر لە هەمو ڕوداوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ئاگادار دەکرێتەوە. هەمو دەزگایەکی سیاسی (دەوڵەت، حکومەت، حیزب، ڕێکخراو) قسەکەرێکی فەرمی هەیە، کە زانیاریە سیاسییەکان دەگوازێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بەرژەوندی گشتی هەیە، لە ڕێگەی گوتارەکانیشیان هەوڵدەدەن کە ڕەزامەندیی جەماوەر بەدەستبێنن.

**٢-٣-٤-٢ پێگەیاندنی سیاسی(Political formation):** پرۆسەیەکە زانیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی بڵاودەکاتەوە، بۆئەوەی جەماوەر ئاگاداری هەڵوێست و بەها سیاسیەکان بن. هەروەها بۆئەوەی ڕێکخراوی سیاسی ئاگاداری ئاکار و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا بێ و جۆرە گونجانێک لە نێوان جەماوەر و سیستەمی سیاسی دروستبکرێ.

**٢-٣-٤-٣ کاریگەری لە ڕای گشتی:** بە هۆی زۆری ئامرازەکانی گەیاندن لە سەردەمی نوێدا، گوتاری سیاسی بە خێرایی ڕای گشتی دروستدەکا و کاردانەوەکانیش بە خێرایی هەستیان پێدەکرێ. هەروەها ئەکتەرە سیاسیەکان، ئەوانەی کە کارزیمای سیاسییان هەیە، بە خێرایی بەدیاردەکەون بە تایبەتی لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا.

**٢-٣-٤-٤ چاودێری دەسەڵات**: پەیوەندیی سیاسی تەنیا دەسەڵاتداران ناگرێتەوە، ئۆپۆزیسیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنە ئازادەکانیش دەگرێتەوە. ئەوانیش لە ڕێگەی پەیوەندیە سیاسیەکانیان گوتارەکانیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و نیشاندانی سەرپێچی و گەندەڵیەکانی دەسەڵات بڵاودکەنەوە.

**٢-٣-٤-٥ دروستکردنی بڕیاری سیاسی:** لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (تۆڕی کۆمەڵایەتی، چاوپێکەوتن، تەلەفزیۆن، کۆڕ و کۆبونەوە...) بڕیاردەری سیاسی ئاشنای لایەنگیری و بەرهەڵستکاری، یان پەرچەکرداری کۆمەڵگا دەبێ بەرامبەر بە بڕیارەکانی. ئەمەش دەبێتە پێوەرێک بۆ هەڵسەگاندنی بڕیارەکانی.

**٢-٣-٤-٦ پاڵپشتیکردنی سیستەمی سیاسی:** لە ڕیگەی کەناڵە جیاوازەکانی پەیوەندیی سیاسی، سیستەمی سیاسی هەوڵدەدا، بە گرنگیدان بە بیرو باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتیە باوەکان و هاندان و باوەڕپێهێنانیان سۆز و لایەنگیری جەماوەر ڕاکێشێ، بۆ ئەوەی پاڵپشتییان مسۆگەر بکا، بۆ ئەمەش دروشم و ئامانج و ستراتیژیەتی گونجاو دادەڕێژێ، تاکو جەماوەر لە دەوری بەرنامە سیاسیەکەی کۆبکاتەوە.

**٢-٣-٤-٧ هەڵسوڕاندنی ململانێ سیاسیەکان:** پەیوەندیی سیاسی هاریکارە لە ناسینی جۆر و قەبارەی ململانێکانی ناو هەر کۆمەڵگایەک. لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریی ورد و تایبەت لەسەر

هەمو لایەنەکانی ململانێ. سیستەمی سیاسی دەتوانێ هاوسەنگی ڕابگرێ و ڕێگەنەدا قەیران و ناکۆکیەکان لە سنور دەربچن و لە پێناو جێگیربونی ئاسایش و ئارامی باردۆخی گونجاو فەراهەم بکا.

**٢-٣-٥-١ڕۆڵی تەکنۆلۆژیای نوێ لە پەیوەندیی سیاسیدا:**

مەبەست لە تەکنۆلۆژیای نوێ ئەو ئامراز و ئامێرانەن، کەلەسەردەمی نوێدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێن. زانایانی بواری پەیوەندی، تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیکردن بە سەکۆی دیموکراسی، دیموکراسیەتی ئەلیکترۆنی و دادگای ڕای گشتی دەناسێنن، کە شەو و ڕۆژ لەکاردایە (نوال مغزیلی٢٠١٧:١٥٨). بەو پێیەی کە سیاسەت بواری پەیوەندی و گەیاندنی سیاسیە، یاخود ئەو کەرەسە خاوەیە کە لە ڕوی فۆڕم و ناوەرۆکەوە کاری لەسەردەکا. بەبێ فەراهەمکردنی ئامرازەکانی گەیاندن گوتاری سیاسی سنوردار و کەم کاریگەر دەبێ. ئامرازەکانی پەیوەندیی سیاسیش جۆراو جۆرن لەوانە: نوسراو و بڵاوکراوە کلاسیکیەکان (ڕۆژنامە و گۆڤار)، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندیکردن (ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە).

لەم سەردەمەدا پەیوەندی لە ڕێگەی ئەنتەرنێت گرنگیەکی زۆرگەورەی هەیە، بەشێوەک خزاوەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ... هتد بەکاردێ. چونکەکارئاسانی زۆری تێدایە و هەمو کەسێک دەتوانێ بەکاریبێنێ، بە تایبەتی لە دوای پەیدابونی نەوەی نوێی ئامێرە زیرەکەکانی وەک مۆبایل و ئایپاد...هتد. ئەم ئامێرانە لە توانایان دایە، هەمو ڕوداوێک دیکۆمێنت بکەن و وێنەی ڕاستەوخۆ بگوازنەوە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن، بە جۆرێک ڕیژەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوەندە فراوان کردوە، کە هەمو ڕوداوێک لە هەمان کاتدا، لە هەمو جیهان دەبینرێ و هەر کەسێکی ئاسایی وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان سەرچاوەی هەواڵ دەتوانێ زانیاری پەخش بکا.

یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانی تەکنۆلۆژیای نوێی گەیاندن ئەوەیە کە بە ئاسانی کۆنترۆل ناکرێ، بە تایبەتی لە وڵاتە نا دیموکراتیەکان، دەسەڵاتداران ناتوانن وەک تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی فەرمی ئەم ئامێرانەی تەکنۆلۆژیای نوێ بخەنە ژێر چاودێریی وردی دەزگا هەواڵگریەکانیان و پەیوەندیەکانیان قۆرخ بکەن وتەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان بهێنن.

**٢-٣-٥-٢تايبەتمەندیەكانی تەكنۆلۆژیایی نوێی گەیاندن:**

**١/ كارلێكی:** بەكارهێنەران ڕاستەخۆ كارلێكدەكەن و زانیاری دەگۆڕنەوە. لەم پرۆسەیەشدا هەر بەكارهێنەرێك دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەیەك (source)، وەك: بڵاوكردنەوەی ڤیدیۆ، بابەت و ڕوداو لە ئەكاونتی تایبەتیی خۆی.

**٢/ توانای گواستنەوە:** ئەو ئامێرانەی كە دەبنە سەرچاوەی ناردنی زانیاری، بە ئاسانی لە شوێنێكەوە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێكی تر، بەهۆی بچوكی و لەباریی قەبارەیان.

**٣/ توانای گوڕین:** واتە؛ گۆڕینی زانیاری بەچەندین شێوە وەك: گۆڕینی دەنگ بۆ نوسین و بە پێچەوانەوە، یان وەرگێران لە زمانێك بۆ زمانێكی تر.

**٤/ هاوكاتی:** واتە؛ ناردن و وەرگرتنی زانیاری لە هەمان كاتدا، یان كاتی گونجاو، چونكە زانیاریەكان هەڵدەگیرێن و لە هەمو كاتێك دەتوانرێ بەكاربهێنرێن.

**٥/ بڵاوی:** ئاسانی بەدەستكەوتن و گونجاوی نرخ وایكردوە، ئەم ئامرازانەی پەیوەندیكردن بە ڕێژەیەك بڵاو ببنەوە، كە هەمو كەسێك لە هەر چینێكی كۆمەڵایەتی بێ، بتوانێ بەدەستیانبهێنێ.

**٦/ جەماوەری:** نێرەر دەتوانێ زانیاریەكان تەنیا بۆ یەك تاكە كەس بنێرێ، یان دەتوانێ بۆ جەماوەرێكی فراوانی بنێرێ.

**٢-٣-٥-٣ڕێكخراوە تیرۆریستیەكان و تەكنۆلۆژیای پەیوەندیكردن:**

نەوەی یەكەمی ڕێكخراوە تیرۆریستیەكان لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردودا پشتیان بە هۆكارە كلاسیكیەكانی وەك: نوسین و گەیاندنی زارەكی دەبەست، بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسیەكانیان. نەوەی دوەم لە ناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردودا بە چڕی تۆڕەكانی ئەنتەرنێتیان كردە ئامانج و بەهەزارن پێگەی جیهادییان دامەزراند. نەوەی سێیەم، لەگەڵ پێشكەوتنی ئامرازەكانی پەیوەندی و پەیدابونی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان لەدوای بەهاری عەرەبی و ڕوداوەكانی سوریا ٢٠١١، بە تایبەتی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بە شێوەیكی سەرەكی پشتیان بە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكانی تویتەر و فەیسبوك و یوتوب دەبەست. (حسن ابو هنیه ٢٠١٧:٢)

داعش مێژوێكی چەند ساڵەی هەیە لە بەكارهێنانی ئەنتەرنێت و پەیوەندی و پڕۆپاگەندەدا، بەو پێیەی بەشێكی زۆری ئەندامەكانی لە كۆمەڵە تیرۆریستیەكانی پێش داعش كاریانكردوە. بۆنمونە: گروپی زەرقاوی (ابو مصعب الزرقاوی)، بەر لە پەیدابونی یوتوب گرتە ڤیدیۆكانیان لە ڕێگەی

ئەنتەرنێت بڵاودەکردەوە، هەرچەندە تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەو سەردەمەدا ئەوەندەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان خێرا و بەردەست نەبو و بۆ پەخشکردنی گرتە ڤیدیۆیەک چەند کاتژمێرێک کاتی پێویست بو، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنتەرنێت وەک سەرچاوەی سەرەکی ناردنی پەیامەکانیان بەکار دەهات.

ج. بێرگ[١٤]، لە توێژینەوەکیدا لەبارەی دەزگای ڕاگەیاندنی داعش، بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر کە زیاتر لە تۆڕەکانی تر بەکاردێ، ئەوە دەخاتە ڕو کە لە ساڵی ٢٠١٤ بەلایەنی کەم ٤٦-٧٠ هەزار ئەکاونتی تویتەری لایەنگری داعش هەبون، زۆربەیان لە عێراق و سوریا و سعودیە و دەوڵەتی خەلافەت بون، لەوانە نزیکەی ٢٠٠٠ ئەکاونت زۆر چاڵاک بون. لەو ڕێژەیەش نزیکەی ٢٠% تویتەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە (J.M Berger.2015:4). بە شێوەیکی گشتی داعش لەچاو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی تر، تۆڕێکی ڕاگەیاندنی زۆر فراوان و بێ هاوتای دامەزراندوە کە لە چەندین دەزگا پێک هاتبون، لەوانە: الفرقان، الحياة، الإعتصام، اجناد، راديو البيان، وكالة الأعماق الإعلامية، مجلة النبأ و مجلة دابق. جگە لە چەندین دەزگای تری ناوخۆیی کە تایبەتن بە ویلایەتەکانی: عێراق، سوریا، میسر، لیبیا، خوراسان، ڕۆژاوای ئەفەریقا...هتد. هەمو ئەو دەزگایانە کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی دەکرد(هيثم سمير٢٠١٦:١٧٤).

**٢-٤ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیەکانی گوتاری ڕاگەیاندنی داعش:**

ڕێکخراوی داعش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەڵگری ئایدۆلۆژیاکەی بن و ببنە ناسنامەی ئەلیکترۆنی ڕێکخراوەکە. لەو ڕێگەیەشەوە پاشخانە فیکری و عەقیدەییەکانی لەگەڵ وەرگرانی ئاڵوگۆڕ بکا. گوتاری ڕاگەیاندنی داعش بەوە دەناسرێتەوە کە وەرگرانی ڕادەکێشێتە ناو ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی، کە لە نێوان " ئێمە" (باوەڕداران، موسوڵمانان، موجاهیدان) و "ئەوان" (دوژمنانی ئیسلام، سەلیبیەکان، هەڵگەڕاوە و هاوپەیمانەکانیان) بەڕێوە دەچێ. لەگوتارەکانیان ئەوە نیشاندەدەن کە "ئەوان" سەرچاوەی شەڕ و نەهامەتیەکانی موسوڵمانن و "ئێمە" داکۆکیکار و پارێزەری خاکی موسوڵمانانین."تێگەیشتن لە ئاین و بەستانەوەی بە هێزی شمشێر"، ڕێکخراوەکە لەژێر ئەم ناونیشانانە گوتارەکانی ئاراستە دەکا و هەوڵدەدا بیر و بۆچونەکانی بگەیەنێتە وەرگرەکانی، بە ئامانجی دروستکردنی گروپی ئایدیۆلۆژی لایەنگر، بە شێوەیەک سۆزی هەمو هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی توندڕەو بۆ ناو ململانێ سیاسیەکان ڕابکێشێ.

داعش لە گوتارەکانیدا دو ستراتیژیەتی بنەڕەتی دەگرێتەبەر:

[١٤]توێژەرو ڕاوێژکارێکی سیاسی ئەمەریکیە، پسپۆرە لە بواری چاڵاکی گروپە توندڕەوەکان و بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان.


أ/ سەرنجڕاکێشانی کەسانی تایبەت لە گەنجە توندڕەوەکانی جیهانی ئیسلامی (لە ناو وڵاتانی ئیسلامی و ئەوروپا وهەمو جیهان)، بە تایبەتی ئەوانەی کە پاشخانێکی جیهادیی توندڕەویان هەیە.

ب/ لە ڕیگەی بڵاوکردنەوەی دیمەنی توقێنەری وەک سەربڕین و سوتاندن و خنکاندن...هتد، ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێی زۆر لە دەرونی نەیارەکانی لە هەمو جیهان دروستدەکا. وەک: دیمەنی گوللە باران کردنی قوتابیانی هێزی ئاسمانی عێراقی لە سەربازگەی سپایکەر ٢٠١٤/٦/١٢، سوتاندنی فڕۆکەوانی ئوردونی (معاذ الكساسبة) ٢٠١٥/١/٣، سەربڕینی شەهید هوجام سورچی ٢٠١٥/١/٢٥. هەروەها چەندین دیمەنی تۆقێنەری تری وەک دەستبڕین و فڕێدان لەسەر باڵەخانە بەرزەکان. ئەمە وەک بەرەیەکی جەنگی دەرونی، زۆر کاریگەر، هیچی کەمتر نیە لە کردە سەربازیەکان کە ئەندامانی ریکخراوەکە پێیهەڵدەستان.

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چۆن هەوڵیدەدا کە دەسەڵاتی بەسەر زۆرترین ڕوبەری جوگرافیدا بسەپێنێ، بە هەمان شێوە هەوڵیدەدا بۆ داگیرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و چالاکیە ڕۆژنامەوانیەکانی تر. زۆربەی بڵاوکراوەکانیشی بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی...هتد، وەردەگێرا، بە شێوەیەک لە سەردەمی دوڵەتی خەلافەت تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی سەربە داعش ببونە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بۆ هەمو جیهان.

پەخشکردنی پەیامە سیاسیەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، وەک قۆناغێکی نوێ لە کاری سیاسی و بانگخوازی(الدعوة) ڕێکخراوەکە، لە چاو نەوە جیهادیەکانی سەدەی ڕابردو، بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێ و ڕادەی تێگەیشتنی ڕێکخراوەکە نیشاندەدا بەرامبەر کاریگەری و چالاکی تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەلایەتی. چونکە لەم ڕێگەیەوە نەک هەر کاریگەری دروستدەکەن و بیر و بۆچون و ئاکارەکانیان نیشانی وەگر دەدەن، بەڵکو سیستەمێکی ڕاگەیاندنی بەستراو بە ئەنتەرنێت و تۆرەکۆمەلایەتیەکان بنیاتدەنێن.

هێڵکاریی ستراتیژیەتی داعش بۆ دەستبەسەرداگرتنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:




هێڵکاری ژماری ٤

**٢-٥-١ توخمەکانی گوتارداعش:**

توخمەکانی گوتاری داعش بریتیە لە کۆکردنەوەی چەندین چەمکی جۆراوجۆری وەک: ستەملێکراوی(المظلومیة)، یۆتۆپیا ( الطوباویة)، توندوتیژی و وەحشیگەری، ئیسکاتۆلۆجیای مەهدەوی، ڕەتکردنەوەی کەتواری خۆجێی و جیهانی، بانگەشە بۆ پراکتیزەکردنی شەریعەت و کۆتاییهێنان بە (بیدعە) (هیثم سمیر ٢٠١٦: ١٥٤). ئەمانەش بە گشتی بریتین لە بۆماوەی ئەو پاشخانە فیکری وعەقیدەییەی کە لە بزوتنەوە توندڕەوکانی سەدەی ڕابردو و بزوتنەوە هاوچەرخەکانی وەک قاعیدە و گروپەکەی (ابومصعب الزرقاوی) بۆداعش ماونەتەوە. داعشیش زۆر جیاوازیی نیە لە گرتنەخۆی (تضمین) ئەم بابەتانە لە گوتارەکانیدا، بەڵام جیاوازیی سەرەکی لە پراکتیزەکردنی ئەم توخمانە بەدیدەکرێ بە تایبەتی لە بڵاوکردنەوە هێزی باوەڕپێهێنان (قوة الإقناع) وچۆنیەتیی گەیاندنی ئەم ناوەڕۆکانە بە جەماوەری بەئامانجکراو.

جیاوازیی داعش لە پراکتیزەکردنی ئەو ناوەڕۆکە گوتاریانە لە ڕێگەی ستراتیژیەتێکی داڕێژراوەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێ، کە خۆی لە شێوازی گوتاری پرۆپاگەندەی ڕاگەیاندن دەبینێتەوە. (چارلی وینتەر) لە لێکۆڵینەوەیەکدا[١٥] شێوازی گوتاری ڕاگەیاندن و پرۆپاگەندەی داعش، کە لەسەر چەند هێڵێکی گشتی کاردەکا، لە پێنج خاڵدا دەخاتە ڕو:

[١٥]The Virtual Caliphate: understanding Islamic states propaganda strategy 2015

**أ/ سیاسەت بەرامبەر كۆمەڵایەتی**: **Political vs . sociological** توخمە سیاسیەكان توخمی فەرمـی و ڕاسـتەوخۆن، لە ڕاگەیانـدنە فەرمیەكـان، بە شـێوەیەكی سـتونی پەخشـدەكرێن و دەبـنە زمانحاڵی ڕێكخراوەكە. كەچی لایەنی كۆمەڵایەتی پەخشێكی ئاسۆیی هەیە و تایبەتە بە لایەنگران ، وەک كەرەستەیەكی خاو، كار لەسەر دروشم و سرود و ڤیدیۆ و وێنە دەكەن ودەخرێنە بەردەستی لایەنگران.

**ب/ تاكتیكی بەرامبەر ستراتیژی Tactical vs. strategic:** تاكتیک پلانی كورتخایەنە وەک: بانگەشـە بـۆ كـۆچكردن، یـان ئامادەكـاری بـۆ كردەیەكـی سـەربازی، یـان بێدەنگی ڕاگەیانـدن بـۆ مـاوەیەكی كـورت. كەچـی سـتراتیژی پلانێكـی درێژخـایەنە وەک: تەقاندنەوەی گـۆڕی پیاوچاكـان، سوتاندنی جگەرە و ماددە كحولیەكان، نیشاندانی منداڵان لە كاتی ڕاهێنان لەسەر چەک ... هتد.


**ج/ ستونیی بەرامبەر ئاسۆیی vertical vs horizontal:** لە باری ستونی ئەو گوتارانە

دەكرێنە پڕۆپاگەندە كە هەڵگری پەیامی فەرمین و لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەرێ وێنەی ڕێكخراوەكە بەو شـێوازە نیشـانبدرێ كە لەگەڵ ئایـدیۆلۆژیا و سـتراتیژیەتی درێژخـایەن بگـونجێ. گوتـاری ئاسـۆیی كۆمەڵگـایەكی تـایبەت دەكـاتە ئامـانج و هەوڵـدەدا لەگەڵ بـارودۆخی ئەو كۆمەڵگـایە گونجـاویەک دروستبكا، ئینجا جیاوازیی ئەو كۆمەڵگایە چ نەتەوەیی بێ یان كلتوری، دەربخا.

**د/ وروژانـدن بەرامـبەر یەكخسـتن Agitation vs integration:** گوتـاری وروژانـدن ئامـانجی گوێزانەوەیە لە لایەنگیری نەرێنی بۆ لایەنگیری ئەرێنـی، یـان لە حـاڵەتی ڕەتكردنەوەی كەنوار بۆ حاڵەتی هەڵگەڕانەوە. هاندان لە بیرۆكەوە بەرەو كردەوە و بەرەوپێشچون لە قۆناغێک بۆ قۆنـاغێكی تـر وەک: لە لاینگیـری و هاوسـۆزی بـۆ چەک هەڵگـرتن و چـونە بەرەكـانی جەنـگ. گوتـاری یەكخسـتن وەک سـتراتیژیەتی كـۆمەڵایەتی درێژخـایەنە، كـار لەسـەر ئامـادەكردن و دروستكردنی لایەنگر دەكا، لە ڕیگەی پێشخستن و دەوڵەمەندكردنی ئەو بیر و بۆچونە ئـاینیەی كە كەسی ئامانج هەیەتی، ئەمەش لە دوییدا دەبێتە پاشخانێک بۆ ئەو كردەوانەی كە ئەنجامی دەدا وەک: شەڕكردن، خۆتەقاندنەوە...هتد .

**هـ/ عەقلانـی بەرامـبەر نـا عەقلانـی Rational vs irrational:** لایەنـی عەقلانـی واتە؛ كاركردن لەسەر پرەنسیپ و ڕاستی كە پێگە و شكۆی ڕێكخراوەكە دەنوێنێ وەک : پشتبەستن بە دەقـی قورئـانی وفەرمودەكـان و شـیكردنەوەی تـایبەت، وەک پرۆگرامێكـی كـاركردن. لایەنـی ناعەقلانی، بریتیە لە زێدەڕۆیی، هەڵبەستنی درۆ، پرۆپاگەندەی چەواشەكاری، شێواندنی ڕاستیەكان و وابەستەبون بە جیهانێكی یۆتۆپیایی. (winter 2015: 21)

بەگشتی لە لای داعش هەمو شێوازەکانی گوتاری ڕاگەیاندن پەیڕەو دەکرێن لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج، وەک لەم هێڵکاریەدا ڕونکراوەتەوە:




هێلکاری ژمارە ٥

## ٢-٥-٢گوتاری توندوتیژی و دڕندەیی( The extremism and brutality discourse):

گوتاری توندوتیژی بە گرنگترین گوتاری داعش دادەنرێ، بەشێوەیەک کە زاڵە بەسەر هەمو لایەنەکانی تر و زۆربەیان دادەپۆشێ. توندوتیژی وەک ستراتیژیەت و پراکتیک لە لای داعش بۆ ئەوەیە کە جۆرێک لە ڕەزامەندیی لایەنگران بەدەستبهێنرێ، کە زۆربەیان باوەڕیان بە هێزی بەرپەرچدانەوە هەیە بۆ پاراستنی ئاینزاکانی سوننە، کە زۆرداری زۆریان لە لایەن دوژمنانی ئیسلام بەرامبەر دەکرێ (هیثم سمیر ٢٠١٦:١٥٦). چاندنی هێزی توندوتیژی لە ناخی لایەنگرانی داعش بە پێی پلانێکی دارێژراوە، بۆ ئەوەی باوەڕ بە لایەنگرانی بهێنێ کە توندوتیژی بەرامبەر دوژمنان ڕەوایە. بۆ نمونە: بەر لە سوتاندنی فڕۆکەوانە ئوردونیەکە دیمەنی ئەو کاولکاریانە نیشانی ئامادەبوان و لایەنگران درا، کە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکان بۆ سەر ناوچەکانی دەسەڵاتی داعش، خاپور و وێران بون و چەندین کەسی بێتاوان بونە قوربانی. بەمەش هەمو لایەنگران ڕق ئەستور دەبن و دیمەنی سوتاندنی فڕۆکەوانەیان لا ئاسایی دەبێ.

داعش لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی دەوڵەتی خەلافەت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بۆچونەکانی (عبدالرحمن العلی) ناسراو بە (ابوعبدالله المهاجر) دەبەستێ، بەتایبەتی ئەو بیر و بۆچونانەی لە کتێبی (مسائل من فقه الجهاد)، خستویەتیە ڕو. ئەم کتێبە بە

سەرچاوەی ئیلهام بەخش و پرۆگرامی کارە درندەکانی داعش دادنرێ، بەشێوەیەک هەمو بۆچونەکان بە وردەکاریەوە پراکتیزە دەکرێن، کە بە توندوتیژترین و بێهاوتاترین حوکم دادەنرێن بەرامبەر سەرپێچیکاران. ئەمەش ئەم کتێبەی کردوە بە گرنگترین سەرچاوەی ئەدەبیات و پرۆگرامی داعش. بە بۆچونی نوسەر، جیهان دابەش دەبێ بۆ دو بەرە: خانەی گومڕایی (دار الکفر) و خانەی ئیسلام (دار الإسلام)، پێویستە هەمو موسوڵمانێک خانەی گومڕایی و شەڕ جێبهێڵێ و بەرەو خانەی ئیسلام کۆچ بکا. هەرکەسێکیش لە خانەی کوفر بمێنێتەوە هەمان حوکمی کافری بەسەردا دەسەپێ (نجلاء مکاوی و اخرون٢٠١٦ :١٤٢).

ئەم کتێبە لە بیست تەوەرە (مسألة) پێکهاتوە، نوسەر لە هەرتەوەرەیەکدا جۆری ئەو حوکمانە دیاردەکا کە پێویستە پەیرەو بکرێن بەرامبەر دوژمنانی ئیسلام. لەوانە :

- ناساندن و جیاکردنەوەی خانەی کوفر و هەڵگەڕاوە هاوپەیمانەکانیان.
- ڕەوایی (حلال) تیرۆرکردنی کافر بەهەرشێوەیەک بێ.
- حوکمی خۆتەقاندنەوە(العملیات الإنتحاریة- الإستشهادیة).
- کوشتنی کافر بە هەر شێوەیەک و بە هەر جۆرە چەکێک.
- ڕەوایی کاری تێکدەرانە (التخریب) لە وڵاتانی خانەی کوفر.
- پاڵپشتیکردنی (موجاهید) بە هەمو شێوەیەک کە بەهێزی بکا لە بەرەی جەنگی دژ بە کافران.
- حومکی سەربڕین.
- حوکمی جاسوسی کافر و موسڵمان.
- حوکمی کوشتنی دیلی کافر.

جگە لەمانە چەندین حوکمی تر دەخاتە ڕو، بە پشت بەستن بە ئایەتی قورئان و فەرمودە و هەر چوار مەزهەبەکان، بە تایبەتی ڕوگەی حەنبەلی (المذهب الحنبلی) و شیکردنەوەکانی قورتوبی (القرطبی) و تەبەڕی(الطبري) و هەروەها بەرجەستەکردنی "دەقی کوشتن سزای گومڕایە" (القتل جزاء الکافر) و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەو شێوەیەی کە لەگەڵ کاری گروپە ترۆریستیەکان دەگونجێ. ئەم کتێبە وەک پانۆرامایەکی گشتیە لە بارەی بنچینەکانی جیهاد و پێویستیەکانی ڕیشەکێشکردنی کوفر و دەستنیشانکردنی دوژمنەکان. ڕەوایی دەدا بە هەمو شێوازە جیاوازەکانی کوشتن وەک: سەربڕین، ڕەشەکوژی، تۆقاندن، تیرۆرکردن(الإغتیال)، کردەی خۆکوژی، خنکاندن، سوتاندن و بەکارهێنانی چەکی ناوکی. واتە؛ شەرعیەتدان بە هەمو ئەو شێوازانەی کوشتن لە پێناو ئەمانجەکانیان. هەروەها ڕەوایی دەدا بە کوشتنی دیل، ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتە و خەڵکی

سیڤیل. لەمەشدا پشتی بەوە بەستوە کە هەر کەسێک یارمەتیدەری شەڕکەری کافر بێ، ، لەهەر تەمەنێک و ڕەگەزێک و پێگەیەگ بێت کوشتنی ڕەوایە. جگە لەم کتێبەش چەندین سەرچاوەی تر هەن کە وەک سەرچاوەی گوتاری توندڕەوی، ڕەوتە ئیسلامیەکان و داعش بەکاریاندەهێنن. لەوانە:

- ملة ابراهيم. ابومحمد المقدسي.
- فى ظلال القران. سيد قطب.
- دعوة المقاومة الإسلامية. ابو مصعب السوري
- فصول في الأمة و البيعة. ابو منذرالشنقيطي.
- اهل التوفيق بين الشک و اليقين. کريم حلمى هاشم.
- معالم الطائفية المنصورة في بلاد الرافدين. ابو عبدالله المهاجر.

چەندین سەرچاوەی تریش هەن لە بارەی سەلەفی جیهادی و حوکمەکانی تەکفیر و جیهاد، کە لە ئەدەبیاتی داعش بە گشتی ڕەنگدانەویان هەیە (وریا یونس ٢٠١٩:١٢٧).

**٢-٥-٣گوتاری ستەمدیدەیی (المظلومية):**

گوتاری مەزڵومیەت بریتیە لە گوتاری سەرەکی کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە گشتی. هەمو ڕەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکان خۆیان وا دەناسێنن کە لە دژی داگیرکاری و ستەمی ئەمەریکا و ئەوڕوپا بۆ پاراستنی وڵاتی موسوڵمانان جیهاد دەکەن. بە بۆچونی ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکان، ئەوڕوپا و ئەمەریکا هۆکاری سەرەکی پارچە پارچەبون و ئەو بارودۆخەن کە موسوڵمانانی تێکەوتوە، بێهێزی، دواکەوتویی... هتد، لە ئەنجامی ئەو دابەشکاری و پەرت وبڵاویەی کە کۆلۆنیالیزم بە سەر میللەتی ئیسلامی هێناوە و خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشاندۆتەوە (هیثم سمیر٢٠١٦ :١٥٨). داعش وەک ڕەوتە توندڕەوەکانی پێش خۆی مەزڵومیەتی لە گوتارەکانی بەرجەستە کردووە، بە تایبەتی لە نیشاندانی سوننەکانی عێراق کە کەوتونەتە بەر ستەمی شیعە و ئەمەریکا. بۆیە گوتاری مەزڵومیەت بە گشتی ئاڕاستەی جیهانی ئیسلامیی سوننە دەکرێ، بۆ ئەوەی ڕەوایی بدا بە کردەوە تیرۆریستیەکان دژی شیعە و کورد و ئەوانەی یارمەتی سەڵیبیەکان دەدەن. لە پروپاگەندەی دەوڵەتی خەلافەت گوتاری مەزڵومیەت وەک پارسەنگێک یان پاساوێک بەرامبەر گوتاری توندوتیژی بەکاردێ، ئەو جۆرە گوتارە بە شێوەیەکی ستونی لە ڕاگەیاندنەکان بە تایبەتی لە بڵاوکراوە وێنەییەکان و گۆڤاری دابق پەخشدەکرێت.

### ٢-٥-٤گوتاری ئیسکاتۆلۆجیای مەهدەوی[١٦]:

گوتاری ئیسکاتۆلۆجیای مەهدەوی، کە داعش پشتی پێ دەبەستێ، یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی گوتاری سیاسی و ئاینی ڕێکخراوەکە. بە جۆرێک هەمو ژمارەکانی گۆڤاری دابق بەم دەقە دەستیپێدەکرد" لێرە لە عێراق گڕەکە داگیرساوە، گەرمیەکەی پەنا بە خوا، هەمو سوپای سەلیبیەکان لە دابق دەسوتێنی"[١٧].هەڵبژاردنی ناوی دابق خۆی بەرجەستەکردنێکی گوتاریە، بەو پێیەی دابق خاکی سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوە. ئاماژەیە بەم فەرمودەیەی پێغەمبەری ئیسلام موحەممد(د.خ)" لا تقوم الساعة حتى ينزل الروم بالاعماق او بدابق..." ئەم جۆرە گوتارە شێوازێکی ئایدیای لاهوتی هەیە. سەرچاوەکەی فەرمودە و پێشبینیەکانە لە بارەی خاکی شام، کە خەلافەت بۆ مۆسوڵمانان دەگەڕێتەوە بەر لە هاتنی (مەهدی) چاوەڕوانکراو. ئەم جۆرە گوتارە لای داعش دەبەسترایەوە بەو سەرکەوتنانەی کە لە بەرەکانی جەنگ بەدەستدەهاتن و وا نیشاندەدرا کە ئەمە بەڵێنێکی خواییە و هیچ گومانی تێدا نیە هەر دەگاتە جێ (winter2015:28)، تەنانەت ئەوانەی کردەی خۆکوژییان ئەنجامدەدا باوەڕێکی وایان لا دروستدەبو کە خۆی کۆتایی جیهانە و نیشانەکانی کۆتایی ڕون و ئاشکران، بۆیە با پلەی شەهادەت و بەهەشت بەدەستبێنین.

ئەم جۆرە گوتارە دەچێتە ژێر کایەی گوتاری ناعەقلانی، زیاتر بۆ جۆشدانی لایەنگران و شەڕکەران بەکاردێ، بە شێوەیەک ئەو باوەڕەیان لا دروستدەبێ کە لە لایەن خواوە پشتگیری دەکرێن. لە بەرامبەر ئەمەش گوتارێکی عەقلانی بۆ سەرکەوتنەکان هەیە، کە بریتیە لە: نیشاندانی سەربازگەکانی ڕاهێنان، نمایشی سەربازی، نمایشی چەک، نیشاندانی کردە خۆکوژیەکان وەک بەهێزترین و تۆقێنەرترین چەک، وێنە و ڤیدیۆی بەرەکانی جەنگ و هێزی ڕێکخراوەکە. ئەمانە هەمویان پەیامێک بون وەک هاوسەنگییەک بەرامبەر گوتاری ناعەقلانی ئاراستەی جیهانی دەرەوەی خەلافەت دەکرا.

### ٢-٥-٥ گوتاری یۆتۆپیا Utopianism:

گرنگترین توخم لە گوتاری داعش بریتی بو لەو توانایەی کە گەنجانی ڕۆژئاوای پێ ڕازی دەکرد، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانیەوە بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆیان سازکراوبون بە بیری توندڕەوەی و خەونیان بەو جیهانە چاوەڕوانکراوە دەبینی، کە داعش بانگەشەی بۆ دەکرد. ئەوان لەو باوەڕەدابون کە دەوڵەتی خەلافەت ئەو توانایەی هەیە، ببێتە ئەو جیهانە یۆتۆپیایەی کە

[١٦]زانستی پێشبینی کردنی کۆتایی جیهانە. بەشێکە لە لاهوت و فەلسەفە، گرنگی بەو ڕوداوانە دەدا کە پێش کۆتایی جیهان( ئاخر زەمان) ڕودەدن. هەرئاینێک بیروبۆچونی جیاوازی هەیە لە بارەی ئەو ڕوداوانە. لە ئاینی ئیسلام نیشانەکان بە نیشانەی بچوک و نیشانەی گەورە دەناسرێن.

[١٧]لقد اشعلت الشرارة هنا في العراق، وحَرًها سوف يتصاعد بإذنِ الله حتى تحرق الجيوش الصليبية في دابق.

چاوەڕوانی دەکەن. وەک ئەوەی بۆ جولەکەکان هاتەدی لە سەدەی ڕابردو. ئەوانەی کە پەیوەندییان دەکرد، لەم جیهانە چاوڕوانکراوە، پاڵنەرەکانیان لە پەیامە ئاینیەکان دەدۆزیەوە. وەک چونە بەهەشت و پاداشتکردنیان بە حەفتاو دو حۆری (ستێرن و بێرگ٢٠١٧:١٢٩).

گوتاری یۆتۆپیای داعش بە پلەی یەکەم ئاراستەی گەنجانی دەرەوەی خەلافەت دەکرا، بە تایبەتی ئیسلامیی سوننە مەزهەب و ڕەوتە ئیسلامیە جیاوازەکان، کە هەمیشە خەون بە خەلافەتەوە دەبینن. داعش لە گوتارەکانیدا هەمو شتێکی بە خەلافەتەکەی دەبەستەوە، وەک ئەوەی پێیان بڵێ کە "تاکە چارەسەری مەینەتیەکانی ئیسلام تەنیا خەلافەتەکەی داعشە". گوتاری یۆتۆپیا لە لای داعش شادەماری هەمو گوتارەکانی ترە (هیثم سمیر٢٠١٦:١٥٩)، چونکە هەمو شتێک لە پێناوی خەلافەتە. توندڕەوی، کوشتن، دڕەندەیی، قوربانیدان، کردە خۆکوژیەکان و جەنگ لەگەڵ هەمو جیهان، هەر هەموی لە پێناوی خەلافتدایە. جیهانە یۆتۆپیایەکەی داعش بە شێوەیەکی وا وێنا دەکرا کە ستەمکردن نامێنێ، تەنیا سەرکەوتن دەمێنێ، دوبەرەکی مەزهەبی نامێنێ و تەنیا برایەتی لەسەر ڕیبازی سوننە دەمێنێ. هەمو شتێکیش لە پێناوی خەلافەت ڕێگەپێدراوە.

جیا لە ڕەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکانی پێش خۆی و هاوچەرخەکان، لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەت، کردەوە تیرۆریستیەکانی داعش بە هەمو جیهاندا پەرش و بڵاو نەبون، باوەڕی بە پاراستنی ئەو چوارچێوە جوگرافیە هەبو کە لە دوای ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بە دەستی هێنابو، چونکە پانتاییەکی جوگرافی گەورەی لەبەردەست بو و نزیکە ١٢ ملیۆن هاوڵاتی لە ژێر حوکمی خەلافەتەکەیدا دەژیان، بە پشتبەستن بە بنەماکانی دەوڵەت (خاک و سنور و دانیشتوان)، داعش لە هەوڵی ئەوەدابو کە پێگەکانی دەوڵەتەکەی تۆکمە بکا و پەل بهاوێ بۆ دروستکردنی خەلافەتێکی گەورە کە سنوری هەمو وڵاتانی ئیسلامی تێک بشکێنێ و ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ هەڵبوەشێنێتەوە، کە بە بۆچونی داعش بەر لە هەمو کەسێک وڵاتی موسوڵمانانی دابەشکردوە. ئەم گوتارەی یەکخستنەوەی ماڵی موسوڵمانان یەکێک بو لە پاڵنەرە هەرە سەرەکیەکانی کۆچکردن بۆ دەوڵەتی خەلافەت لە هەمو جیهان بە جیاوازیی ڕەگەز و نەتەوە، جێگەی ئومێدی هەمو ئەوانە بو کە باوەڕیان بە یۆتۆپیایەکەی داعش هەبو.

**٢-٦گۆڤاری دابق:**

یەکەم گۆڤاری داعشە، دەزگای ڕاگەیاندنی (الحیاة) دەریدەکرد، بە شێوەی چاپ و PDFلەسەر پێگەکانی ئەنتەرنێت بڵاودەکرایەوە. ژمارەی یەکەمی لە تەمموزی٢٠١٤ بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارە بە زمانحاڵی فەرمیی دەوڵەتی خەلافەت دەناسرێ. ئاراستەی دەرەوەی سنوری خەلافەت بە تایبەتی

وڵاتانی ئیسلامی و ئەوڕوپا دەکرا، بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەوانەی دەیانویست پەیوەندی بە داعشەوە بکەن. گۆڤاری دابق بە کۆکەرەوەی جۆرەکانی گوتاری داعش هەژماردەکرێ و ئەو سەکۆیە بو کە ناوەرۆکی بیر و بۆچونەکانی ڕێکخراوەکەی تێدا پەخشدەکرا. وەک: گوتاری ئیسکاتۆلۆجیا، یۆتۆپیا، سەرکەوتن، مەزڵومیەت و بەزەیی (mercy) (winter:2015:23). چەند هەنگاوێک لە گوتاری دڕەندەیی (الوحشیە) دوردەکەوێتەوە، بەو بڕوایەی کە وێنەیەکی جوانی خەلافەتە یۆتۆپیاکە پێشکەش بە جیهان بکا. بۆیە لە گۆڤاری دابق زیاتر جەخت لەسەر چەمکەکانی: یەکتاپەرستی (التوحید)، برایەتی، کۆمەڵە (الجماعة)، کۆچکردن و جیهاد، دەکرایەوە. ئەوانەش کۆمەڵێک توخمن لە لایەن زۆربەی موسوڵمنانی دەرەوە، جێگەی بایەخن، چونکە زۆربەیان کێشەی ناسنامەی ئاینی و نەتەوەییان هەیە، پێیان وایە لە شوێنێکن کە شوێنی خۆیان نیە. دەوڵەتی خەلافەتیش خۆی وا نیشاندەدا کە شوێنی ڕاستەقینەی ئەوانە (هیثم سمیر٢٠١٦:١٦٥).

بە شێوەیەکی گشتی گۆڤاری دابق بۆ گشتاندنی ئایدیۆلۆژیای داعش کاریدەکرد. لەسەرەتاوە تا ژمارە ١٠ بە چەند قۆناغێک ستراتیژیەتێکی تۆکمەی دەگرتەبەر بۆ ناساندنی دەوڵەتی خەلافەت. دەتوانرێ چەند قۆناغێک لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە جیابکرێنەوە

**قۆناغی یەکەم** (ناساندنی خەلافەت): ژمارەکانی ١،٢، و٣ لەم سێ ژمارەدا پێناسەی دەوڵەتی خەلافەت و چەمکەکانی کۆچکردن، جیهاد، پڕۆگرام(المنهج) و کۆمەڵە، دەکرێ. هەروەها باسی بەیعەی هۆزە سوننیەکان دەکرێ بۆ خەلیفەی داعش. لەم قۆناغە هەوڵدەدرێ کە دەوڵەتی خەلافەت لە چوارچێوەی گوتار ببرێتە دەرەوە و لایەنە پراکتیکیەکانی بەدەوڵەت بون نیشانبدرێ.

**قۆناغی دوەم** (ئۆپەراسیۆنی سەڵیبیەکان): ژمارە چواری گۆڤارەکە، دوای بۆردومانکردنی پێگەکانی داعش لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەستپێ دەکا. ئەمە یەکەم ژمارەیە کە باسی کۆچکردن بۆ دەوڵەتی خەلافەت ناکات و زیاتر جەخت لەسەر ئیسکاتۆلۆجیای شەڕی کۆتایی و تێوەگلانی سەڵیبیەکان دەکا کە هەمویان تێدا دەسوتێن .

**قۆناغی سێیەم** (دەمێنێتەوە و گەشەدەکات): ژمارەکانی ٥،٦،٧ و ٨ جەخت لەمانەوە و پەلهاوێشتنی (باقیە و تتمدد)ی دەوڵەتی خەلافەت دەکا، لە ناوەوەی خەلافەت (عێراق و سوریا)، یان لە دەرەوە، وەک پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵە جیهادیەکانی باکوری ئەفریقیا و خوراسان...هتد دەدوێ. لەم قۆناغەدا داعش بە چڕی بانگەشەی هەمو ڕێکخراوە جیهادیە سەلەفیەکانی جیهانی دەکرد، پەیوەندی بە دەوڵەتی خەلافەت بکەن. گوتارەکانی بەرەو جیهانیبون ئاراستە دەکرد (مصطفی الحسناوی٢٠١٨: ٢). لە ژمارەکانی ٩ و ١٠ی گۆڤارەکە گەڕایەوە سەر چۆنیەتیی بنایتنانی

خەلافەت و شێوازی ژیان لە ژێر حوکمی داعش و فەراهەمبونی دامودەزگای شەرعی و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی شەریعەت لە دەوڵەتی خەلافەتدا.

**٧-٢ جەنگی دەرونی و گوتاری تۆقێنەر:**

بۆ یەکەم جار زاراوەی (جەنگی دەرونی) لە لایەن نوسەری ئەڵمانی (کۆلۆنێل بلاو) لە کتێبێکیدا بە ناوی ( propaganda ale wathe)، ساڵی ١٩٣٥ بەکارهاتوە. پاشان زاراوەکە بە تایبەتی لە جەنگی جیهانیی دوەم بڵاو بوەوە. بۆ یەکەم جاریش لە لایەن سوپای ئەمەریکا بەم شێوەیە پێناسە کرا: بریتیە لە "بەکارهێنانی هەر هۆکارێک بە مەبەستی کاریگەری خستنەسەر گیانی مەعنەوی و ڕەوشتی هەرکۆمەڵەیەک لە پێناو ئامانجێکی سەربازی دیارکراودا (صلاح نصر١٩٦٧: ٩٠). لە دوای ئەوە لە (فەرهەنگی زاراوەکانی جەنگ)ی هەمان سوپا،ئەم پێناسەیە کرا: "بریتیە لە بەکارهێنانی پلان لە لایەن دەوڵەت لە کاتی جەنگ، یان تەنگاوی بە مەبەستی پڕۆپاگەندە، تاکو کاریگەریی لەسەر سۆز و هەڵوێست و ڕەوشتی دوژمن و هاوڕێ و بێلایەنەکان بکا، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت". لە دوایدا لە هەمان فەرهەنگ وشەکانی (لە کاتی جەنگ و لە کاتی تەنگاویدا) لابردران، چونکە مەرج نیە جەنگی دەرونی هەر لە کاتی جەنگی سەربازی، یان کاتی تەنگاویدا بێ، هەندێک جەنگی دەرونی درێژخایەن لە نێوان دو وڵات، یان دو کۆمەڵەی ئایدیۆلۆژی پیادە دەکرێن، بێ ئەوەی بەرەی جەنگیان لە نێواندا هەبێ، وەک شەڕی سارد، ململانێ ئایدیۆلۆژیەکانی نێوان ئاینەکان، ململانێی نێوان علمانیەت و ئاینەکان ... (فهمی النجار ٢٠٠٥: ٦٨).

جەنگی دەرونی، یەکێکە لە ترسناکترین جۆرەکانی جەنگ، کاریگەری و گۆڕان لە ئاکار و مۆراڵی بەرەکانی شەڕ دەکا. لە سەردەمی نوێدا لە پاڵ هەمو هێزێکی سەربازی، سوپایەکی ونی کاریگەر هەیە کە جەنگی دەرونی لە دژی دوژمن بەڕیوە دەبا. جەنگی دەرونی چەکێکە لە کاتی شەڕ ئامانجی تێکشکانی ورەی دوژمن و پەکخستنی بەرگریە. هەروەها چەکێکە دژی هەڵمەتە دەرونیەکانی دوژمن. لە شەڕی دەرونیدا، زمان ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی دەبینێ، چونکە سەرکەوتن لە چۆنیەتیی داڕشتن و شێوازەکانی هاندان و بنیاتی پڕۆپاگەندەی ئەرێنی و دروشمی کاریگەردایە، کە لەسەر بنچینەی زانستی و هونەریی تۆکمە دابڕێژرێ، هاوکاری سەرەکی بەرەکانی جەنگ دەکا (محمد داود٢٠١٦: ١٠٤).

لەگەڵ فراوانبون و پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی، شێوازەکانی شەڕی دەرونیش گۆڕانیان بەسەرداهات. لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، شەڕی دەرونیش خێرایی و

جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینی. لەوانەیە، لە ماوەیەکی کەم هەواڵێک (چ ڕاست بێ یان ناڕاست) ورەی سوپایەک بڕوخێنێ. بۆنموونە، وەک ئەو جەنگە دەروونییەی ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان بەرامبەر سوپای عێراق بەر لە دەسپێکردنی هەردو جەنگی عێراق- ئەمریکا ١٩٩١ و ٢٠٠٣ کردیان، هەر لە نمایشی هێزی سەربازی، فڕۆکەی جەنگی، تەکنۆلۆژیای سەربازی و پلانی نوێی شەڕ، وای لە سوپای عێراق کرد، کە هێزی بەرگرییان نەمێنێ ونەتوانن ڕووبەڕوی سوپای ئەمەریکا ببنەوە. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی کە وشە لەسەر زاری ڕاگەیاندنکارێک کاریگەرتر و ترسناکترە لە چەکێکی دەستی سەربازێک.

ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامیەکان بە گشتی باوەڕیان بە جەنگی دەرونی هەیە و چەندین شێواز و تەکتیکی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ نیشاندانی وێنەیەکی تۆقێەری وەک: سەربڕین، بەردبارانکردن، سوتاندن... هتد. سەربڕین و تۆقاندن مێژوی دور و درێژی هەیە لە کەلتورەکانی هەمو جیهان و ئەوڕپا. بەتایبەتی ئینگلتەرا و فەڕەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە و سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا، لە مێژوی ئیسلامیش ڕوداوی سەربڕینی (حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵب) لە ساڵی ٦٨٠ز، ڕوداوێکی دیار و مێژوییە. واتە؛ ئەم جۆرە تۆقاندنە تەنیا لە داهێنانی ڕێکخراوە ئیسلامیە ئوسوڵیە سەردەمیەکان نیە و پێشینەی ئیسلامی و جیهانی هەیە (لیزا.ج.کامبل ٢٠١٦: ٦٤٠)

لە مێژوی هاوچەرخدا، هەمو کارە تۆقینەر و دڕندەییەکان لە ژێر ناوی ( تیرۆر) کۆکراونەتەوە، هەرچەندە ڕێککەوتنێکی جیهانی لەسەر ناساندنی چەمکەکانی تیرۆر و تیرۆریزم نیە، بەڵام بە گشتی لە زۆربەی زمانەکانی جیهان بە واتای ترس و تۆقاندن دێ. لە زمانی کوردیشدا هەر هەمان زاراوە بەکاردێ بۆ ناساندنی ئەو گروپانەی کە توندوتیژی ئەنجامدەدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئاینی...هتد. لە زمانی عەرەبی زاراوەی (الإرهاب) بەرامبەر هەمان چەمکی ترس و تۆقاندن بەکارهاتوە. ڕیکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکان، بە هۆی شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەندێ ئایەتی قورئان، جۆرێک لە شەرعیەت دەدەن بە کردەوە توندوتیژییەکانیان و بەکارهێنانی زاراوەی (الإرهاب)، بەو پاساوەی کە لە قورئان باسکراوە. وەک لە ئایەتی"وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ" (ئەنفال ٦٠). دیارە لێکدانەوە و پێناسەی تایبەت بۆ دوژمنانی خوا و دوژمنانی خۆیان دەکەن. بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆیان چەند چین و توێژێک لە کۆمەڵگا دەستنیشاندەکەن و وەک دوژمنی خوا و دوژمنی خۆیان دەیانناسێنن. دوای ناساندن و جیاکردنەوەی چین و توێژەکان، کە زۆربەی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەوڕوپی دەگرێتەوە، جگە لە هاوبیرەکانی خۆیان. ئیتر جۆرەها شێوازی کوشتن و تۆقاندن لە سەر

ئەو قوربانیانە جێبەجێ دەکرێ کە دەکەونە بەردەستیان. لە سەردەمی حوکمی دوڵەتی خەلافەتیشدا ٢٠١٤- ٢٠١٨ هەمو شێوازێکی دڕندەییان نیشاندا بەرامبەر بە دیل و خەڵکی سیڤیل و ژن و منداڵ... زۆربەی کارە دڕندەییەکانیشیان بە وێنەی ڤیدۆیی بڵاو دەکردەوە وەک پەیامێک بۆ لایەنێکی دیارکراو. بۆ نمونە؛ بڵاو کردنەوە وێنەی پێشمەرگە دیلەکانی خۆرئاوای کەرکوک لە ٢٢/شوبات/٢٠١٥ لە شارۆچکەی حەویجە، هەر پێشمەرگەیەک بە جلی نارنجی و لە ناو قەفەزێکی ئاسن بە نێو ئاپۆڕای جەماوەرێکی زۆر و لە ژێر گوتنەوەی (الله اکبر)، نمایش دەکران. ئەمە پەیامێکی تۆقێنەر بو بۆ کەسوکاری پێشمەرگە دیلەکان و هەمو کورد بە گشتی. لەڕێگەی ئەو پەیامەوە داعش دەیویست ترس و تۆقاندن لە دەرونی پێشمەرگە دوستبکا و بە پێشمەرگە بڵێ "ئەمەیە چارەنوستان ئەگەر شەڕی ئێمە بکەن.

بەگشتی وشەی تیرۆر دەبێتە (ترس و تۆقاندن). لە بنەڕەتیشدا تیرۆریزم بەبێ تۆقاندن و هەواڵی ترسێنەر بێ بنەمایە. داعش وەک گروپێکی تیرۆریستی بەشێکی زۆری وزە و توانای خۆی. بە داهێنەرترین کەرەکتەر و تەکنەلۆژیای سەردەم تەرخانکردوە بۆ چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ و کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤ. ئەگەر بەشێک لەم کوشت وبڕ و زەبر و تۆقاندنە پەیوەندیی بە بەجێهێنانی ئەرکە ئاینیەکانەوە(لە ڕوانگەی داعش) هەبێ، بەشێکی تری پەیوەندیی بە سیاسەت و لێکدانەوەی بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوە هەیە کە سەرکەوتن و مانەوەی خۆیان لە کوشتن و تۆقاندنی ئەو کەسانەوە دەبیننەوە کە بە: کافر، مورتەد، مەجوسی، سەڵیبی، ڕافیزە ... ناویان دەبەن. داعش، گرتە ڤیدیۆ تۆقێنەرەکانی (کە زۆربەیان دەرهێنانی سینەمایی ئاستبەرزی بۆدەکرا)، وەک چەکێکی دەرونی و مانۆڕی نمایشی هێز بەکاردەهێنا، بە مەبەستی ئەوەی خۆی بەهێزتر نیشانبدا لەوەی کە هەیە و دڵەڕاوکێ بخانە دەرونی نەیارەکانی و پێش بە هێزەکانیان بگرێ. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە بەردەوام سیناریۆی نوێی مرۆڤ کوشتنیان هێناوەتە ئاراوە و وەک پەیامێکی دولایەنە: لە لایەک ترس و تۆقاندن لە دەرونی دوژمنانی خۆیان و لە لایەکی تر بۆ ئەوەی بە گروپە تیرۆرستیە هاوتاکانی بڵێ " ئێمە شەریعەت جێبەجێ دەکەین و ئەرکی خۆمان بە جێگەیاندوە، ئەرکی ئێوەش ئەوەیە پشتیوانیمان بکەن.

## بەشی سێیەم

**تەوەری یەکەم: گوتاری نەتەوەیی و گوتاری سیاسیی کوردی.**

**٣-١-١بیری نەتەوەیی ئەوڕوپی.**

**٣-١-٢بیری نەتەوەیی و گوتاری سیاسیی کوردی.**

**٣-١-٣ ئەحمەدی خانی و بیری نەتەوایەتی.**

**٣-١-٤ بیری نەتەوەیی و گوتاری سیاسی لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەمدا.**

**٣-١-٥ ڕۆژنامەی کوردستان و گوتاری سیاسیی کوردی.**

**٣-١-٦قۆناغی دروستبونی کۆمەڵە و حیزبی سیاسی.**

**٣-١-٧ گوتاری سیاسی لە سەردەمی کۆماری کوردستان.**

**٣-١-٨ سەردەمی شۆڕشی ئەیلول.**

**٣-١-٩ قۆناغی١٩٧٥-١٩٩١.**

**٣-١-١٠ قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١.**

**تەوەری دوەم: شیکردنەوەی گوتارەکان.**

**٣-٢-١ شیکردنەوەی گوتای مەسعودبارزانی – یادی شەنگال- ٢٠١٥/٨/٣.**

**٣-٢-٢شیکردنەوەی گوتاری مەسعود بارزانی- بانگەشەی ڕیفراندۆم- ٢٠١٧/٩/٢٢.**

**٣-٢-٣شیکردنەوەی گوتاری نێچیروان بارزانی-وەزارەتی ئەوقاف- ٢٠١٦/١١/٩.**

**٣-٢-٤شیکردنەوەی گوتاری عەلی باپیر لە دیداری مێری ٢٠١٥/١١/٥.**

**٣-٢-٥شیکردنەوەی گوتاری سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین ٢٠١٦/١٠/٢٧.**

## بەشی سێیەم

### تەوەرەی یەکەم: شیکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی و گوتاری سیاسیی کوردی.

**سەرەتا:** گوتاری سیاسیی کوردی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە ڕوی مێژوییی جیاوازە لەگەڵ گوتاری سیاسیی هەر نەتەوەیەکی تر، لەبەرئەوەی گوتاری سیاسی گوتاری دەسەڵاتە، کوردیش وەکو نەتەوە جگە لە ئەزمونی دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستان، بە درێژایی مێژوی نوێ هیچ کات قەوارە و دەسەڵاتێکی نەبوە، ئەو ئەزمونانەش کە هەبون، ئەزمونی کاتی بون و دوای ماوەیەک لەناوچون، لەوماوە مێژوییەش هەمیشە گوتاری نەتەوەیی و گوتاری سیاسی تێکەڵ و بە ناویەکداچوبون وسنورێکی جیاکەرەوە لە نێوانیان نەبوە. بۆیە بۆ خستنە ڕو وگەڵالەکردنی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گوتاری سیاسیی کوردی، پێویستە ئاوڕێک لە ڕوداوەکانگۆڕەپانی سیاسی کوردی بدرێتەوە وکورتە مێژوێکی سیاسیی کوردستان باسبکرێ.

#### ٣-١-١بیری نەتەوەیی ئەوروپی:

لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی بیری نەتەوەیی(Nationalism) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەستیپێکرد، بەڵام بیری نەتەوەیی وەک ئایدیۆلۆژیا و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەم. لەو کاتەوە مێژونوس و فەیلەسوفان هەوڵیانداوە لە چەمکی نەتەوە بگەن و پێناسەی بکەن، ئەو باوەڕەیان لا دروستبو کە بیری نەتەوەیی بابەتێکە، ناکرێ فەرامۆش بکرێ. بنچینەی زۆربەی توێژینەوەکانی بیر و باوەڕی (العقیدە) نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ بیری ڕۆمانسیی ئەڵمانی. واتە؛ بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم (اومـوت اوزکریملـی٢٠١٣: ٣٧). ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، کەوتبونە ژێر کاریگەریی بۆچونە فەلسەفیەکانی (ئیمانۆئیل کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) و (جان جاک ڕۆسۆ ١٧١٢-١٧٧٨). لەبارەی مافی چارەی خۆنوسین، ڕۆسۆ پێی وابو هاونیشتیمانی بون پێویستیی بە ملکەچبون بۆ ویستی گشتی (General will) هەیە، دەبێ تاک لە ویستی خۆپەرستی دور کەوێتەوە، بەرەو ویستی گشتی بڕوا و تەنیا لە پێناوی خۆیدا نەژی. بۆئەوەی ئەو جۆرە یەکێتیەش لە نێوان تاک و کۆمەڵە (group) بێتەدی، پێویستە تاک شانازی بە خۆبەندیی نەتەوەیی (National affiliation) و هەستی نیشتمانی بکا و تواناکانی بخاتە ناو توانای گشتیی کۆمەڵە، بەم شێوەیە تاک دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو و بەشدار لە کۆمەڵە. بە بۆچونی ڕۆسۆ، هیچ پاساوێک نیە بۆ خۆبەندیی سیاسی( Political affiliation)، ئەگەر بۆ پاراستنی مرۆڤ نەبێ لە شەڕانگێزیی کەسانی تر. ئەمەش نایەتەدی تا تواناکان یەکنەگرن و ویستی گشتی بەرهەمنەهێنن، کە زۆر لە ویستی تاک بەهێزترە.

کانت، جەختی لەوە دەکردەوە کە مرۆڤ ناتوانێ ئازاد بێ، تا گوێڕایەڵی ئەو یاسا ڕەوشتیانە نەبێ کە لە ناخیدا هەن، واتە؛ تا ویستی ئازادی لە ناخی تاک جێگیر نەبێ، نابێتە تاکێکی ئازاد. ئەمەش بە بۆچونی کیدۆوری (Elie Kedourie)[18]، پێناسەیەکی شۆڕشگێڕیی بو بۆ چەمکی ئازادی و مافی چارەی خۆنوسین و پایەیەکی بەرزی بە تاک بەخشی، بە شێوەیەک هەرتاکێک خۆی ببێتە دەسەڵاتدار بەسەرخۆی و سەپاندنی دەسەڵاتی دەرەکی ڕەتبکاتەوە. بۆیە کیدۆوری لەو باوەڕەدا بو کە هەمو شتێک لەگەڵ کانت دەستپێکرد و بیری ناسیۆنالیستی وەک بومەلەرزەیەک بو، فەلسەفەی ئەوروپی هەژاند(Kedourie,1993:14).

فەیلەسوفی ئەڵمانی (هێردەر، ١٧٤٤-١٨٠٣)[19]، پەیوەندیی بەیەکەوەبەستنەوەی نێوان ڕۆشنگەری و ڕۆمانسیەتی ئەڵمانی بەرجەستەکرد. ئەوەی هێردەری لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەری وەک (ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ) جیادەکردەوە، ئەوەبو کە باوەڕی بە تاک کەلتوریی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبو. پێی وابو، کەلتوری نەتەوەیی و نیشتیمانی لەگەڵ هیچ کەلتورێکی تر، جێگەی بەراوردکردن نیە. هەر کەلتورێک مۆرک و پێناسەی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەم بۆچونەش بەتایبەتی لەسەر زمان جێبەجێ دەکرێ. بە بڕوای هێردەر، زمان هەڵگری مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کەسایەتیە. نەتەوە هیچ شتێکی لە زمانی دایک (زگماک)ی بەنرختر نیە، لەناو هەر زمانێک گەنجینەیەک لە کەلتور، مێژو، سامانی نەتەوەیی، ئاین، فەلسەفە و بنچینەکانی ژیان نیشتەجێ و پارێزراون. بێبەشکردنی نەتەوە لە زمان، یان کەمکردنەوەی شکۆی زمان، واتە؛ بێبەشکردنی لە گرنگترین شت. زمان شتێکی ناوەکیە و بیر و بۆچۆن و هەستەکانی پێ دەردەبڕدرێ. پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانی تاکەکانی نەتەوەیەک بە یەکەوە دەبەستێتەوە. شتێک نیە کە مرۆڤ خۆی دروستیکردبێ، هێزێکی زیندوە و هەستێکی خۆڕسکە. وەک خێزانێکی گەورە نەتەوەیەک بەیەکەوە دەبەستێتەوە و یەک کەسایەتیان دەداتێ. بۆیە زمان وەک گیان و دڵی نەتەوەیە (F. M. Barnard 1983:243).

### ٣-١-٢بیری نەتەوەیی و گوتاری سیاسیی کوردی:

جگە لە بیرو بۆچونە نەتەوەیەکانی ئەحمەدی خانی، لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیش لەناو کۆمەڵگای کوردی، بە بەراورد لەگەڵ بیری نەتەوەیی ئەوروپی، درەنگتر و لاوازتر بیری نەتەوەیی سەریهەڵدا، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی و ئابوری. بیر و بۆچونی جیاواز لە بارەی سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردی هەیە،

[18] Elie Kedourie ١٩٢٦-١٩٩٢ مێژو نوسێکی ئینگلیزە چەندین کتێبی لەبارەی بیری ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەورپا هەیە.
[19] J.G.Herder

هەنـدێک دەیگێـڕنەوە بـۆ سـەرەتای داگیرکـردن و دابەشـکردنی کوردسـتان لەلایەن سـەفەوی و عوسمانیەکان ١٥١٤، هەندێک بۆ سەردەمی ئەحمەدی خانی، هەندێکیتر دەیگێڕنەوە بۆ نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە و هەندێکیشیان بۆ کاتێکی درەنگتر.

ئەگەر وەکو پەرچەکردار، یان ڕوبەڕوبونەوەی داگیرکاریی عوسمانی و سەفەوی بڕوانینە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردی، دەبوایە لە دوای شەڕی چاڵدێران و داگیرکردن و دابەشـکردنی کوردسـتان بـۆ دو پـارچە، بیـری نەتەوایەتـی و گوتـاری نەتەوەیـی کـوردی وەک سـەرەتایەک پەیدا بوایە و چەکەرەی بکردایە و بەردەوام بوایە، بەڵام دەسـەڵاتی بەهێزی هەردو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سـەفەوەی، پەرتەوازەیـی و یەکنەگرتنـی میرنیشـینە کوردیەکـانی ئەو سەردەمە و سەرکەوتنی عوسمانیەکان لە شەڕی چاڵدێران. بە ناوی ئاین و خەلافەتی ئیسلامی و هاومەزهەبی لەگەڵ کورد، سەرکەوتوبون لە کپکردنەوەی هەر سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی. لە لایەکی تریش پابەندی و وابەستەیی بۆ بنەماڵە و خێڵ و هۆز و پابەندێتی بۆ ئاین و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی بچـوکتر لە نەتەوە، ئەمـانە هەمـو هۆکـاربون بـۆ ئەوەی خۆبەنـدیی نەتەوەیـی نەتـوانێ شـوێن بە خۆبەندی بچوکتر لە نەتەوە، وەک: خێڵ و بنەماڵە، یان گەورەتر لە نەتەوە (ئیمپراتۆریەت) چۆلبکا (جەعفەر عەلی ٢٠١٣: ١٣٠). دوای جەنگی چاڵدێران، کوردستان تەنیا لە ڕوی بەڕێوەبردنەوە دابەش نەبـو، بەڵکـو لە ڕوی کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و کەلتـوری و سیاسیشـەوە، بـو بە دو بەشـی لێکدابڕاو، بەسـەر دو پێکهـاتەی سیاسـی- بەڕێـوەبەری - مەزهەبیـی جیـاواز دابەش بـو. ئەمەش دەرفەتێکی وای ڕەخساند کە هەریەکە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، میرنیشینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دژی یەکتر بەکاربێنن. ئەم حاڵەتەش تا سەدەی نۆزدەم بەردەوام بو (عەتا قەرداخی ١٩٩٨: ١٠٧). کوردستان لەو سـەردەمە بوبوە گۆڕەپـانی شـەڕی درێژخـایەنی نێوان عوسمانی و سـەفەوی. ئەم شـەڕە دور و درێـژە بـوە کۆسـپێکی گەورە لەبەردەم گەشـەی ئـابوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کورد. بوە هۆی دواخستنی یەکگرتنی کورد و دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردی (جەعفەر عەلی ٢٠١٣: ١٣٠).

لە سەدەی شازدەمدا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە کوردستان پێکهاتەیەکی دەرەبەگیانەی هەبو، لە ڕوی سیاسیەوە میرەکانی کورد پاشکۆی دەسـەڵاتی عوسمانی یان سەفەوی بون. هەر کاتێک ئەو دو دەسەڵاتانە لاواز دەبون، میرنیشینە کوردیەکان گەشەیاندەکرد و سنوری خۆیان فراواندەکرد. جاری وا هەبو، وەک نیمچە سەربەخۆییەک دەردەکەوتن و میرەکـان وەک پاشا خۆیان دەناساند، بەڵام بە دەگمەن دەسەڵاتی ئەو میرنیشینانە ئـارامی سیاسی و ئابوریـیان بەخۆوە بینیوە. بەردەوام ڕوبەڕوی هەڕەشە و فشاری داگیرکەرانی جیاجا بونەتەوە. جگە لەمانەش،

میرەکـان وەک کۆمەڵەیەکی خێڵەکیـی سـەرەتایی بەردەوام لەنـاو خۆیانـدا لە شـەڕ و پێکدادان بـون، جاری وا هەبو، بۆ شەڕی یەکتر داوای یارمەتییـان لە شـای ئێران، یـان سـوڵتانی عوسمانی دەکـرد (عبدالرحمن قاسملۆ ٢٠١٤: ٤١).

سـەرەڕای داگیرکـاری و بندەسـتی عوسـمانی و سـەفەویەکان، بیـری سیاسـی وکـۆمەڵایەتیی میرنیشینەکان زۆر لەوە بەرتەسکتر بوە کە هەوڵـی یەک گوتـاری و یەک ئاڕاستەیی نەتەوەیـی لـێ بەرهەم بێ. نەیانتوانیوە سنوری بنەماڵە و هۆز تێبپەڕێنن و هەڵوێستێکی نەتەوەیی و یەکگرتویـان هەبـێ. ئەو گوتـارەش کە لەو سـەردەمە پێکهـاتوە، بەرهەمـی ئەو قۆنـاغەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری کوردی بو. کورد هێشتا لە ئاستی ئێتنیکیدابوە و ئەوەی پێـی دەگوترێ نەتەوە (nation) پێکنەهـاتوە، بـۆیە گوتـاری ئەو قونـاغە نە گوتـارێکی سیاسـی بـوە و نە گوتـارێکی نەتەوەیی. (عەتا قەرەداخی٢٠٠٧: ٤٧).

ئەم بـارودۆخەی میرنیشـینەکان تـا سـەدەی نـۆزدەم بەردەوامـی هەبـو، لە سـەدەی نـۆزدەمیش میرنیشینێکی وەک سۆران هەرچەندە دەسـەڵاتەکەی فراوان بو و جۆرێـک لە سەربەخۆیی لە دژی تورکەکان ڕاگەیاند، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی ستراتیژیەتێکی تۆکمەی سیاسـی و نەتەوەیـی نەبـو، هێشـتا عەقلیەتـی ئاینی و خێڵەکـی بەسـەر فەرمـانڕەوایەتی موحەممەد پاشـادا زاڵ بـو، بە پیلانێکـی عوسمانیەکان کوژرا و هیچ جێگرەوەیەکی لێهاتو نەبو، تـا جێگەی بگرێتەوە، دەسـەڵاتداریەکەی بە مـاوەیەکی کەم ڕادەسـتی عوسـمانیەکان بـو و فەرمـانڕاوایەتیەکەی کۆتـای پێهـات. (عبـد الـرحمن قاسملۆ ٢٠١٤ :٤٣).

ئەوەی بە گشـتی لە مێـژوی میرنیشـینەکان تێبینـی دەکـرێ، ئاسـتی هۆشـیاری نەتەوەیـی میـرە کوردەکـان و کۆمەڵگـای کـوردی ئاسـتێکی لاوز و پێنەگەیشـتو بـوە، سـتراتیژیەتێکی دورمەودا و تەکتیکێکـی ئەوتۆیـان لە ئاستی دەوروبەر و جیهـان نەبوە. کـورد لەو سـەردەمە خـاوەن گوتـارێکی سیاسـیی نەتەوەیـی ئەوتـۆ نەبـوە کە بتـوانێ لە ڕوی سیاسـیەوە بەرامـبەر پلانەکـانی داگیـرکەران بوەستێتەوە. هەروەهـا لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگایەکی پابەند و داخـراو بـوە. ئەو ڕۆشـنبیریە گشتیە نەبوە کە وەک ئایدیۆلۆژیایەک بیری نەتەوەیی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگا چەکەرە بکا و کەمتر لە سەربەخۆیی داوانەکا.

### **٣-١-٣ ئەحمەدی خانی و بیری نەتەوایەتی:**

بیری نەتەوەیی و خواستی نەتەوەیی کورد لای خانی خەونێکی شاعیرانە نیە. تەنیا بریتی نیە لە هیـوا و ئاواتێـک بـۆ ڕزگـار بـون لە داگیرکـاری عوسـمانی و سـەفەویی، بەڵکـو تێڕوانینێکـی

زانستیانەیە بۆ دۆزی کورد کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ کەتوار و توانای ئەو سەردەمە. خانی کرۆکی دۆزی کورد لە سەردەمی خۆی بەوە دیاردەکا، کە ئیمپڕاتۆریەتەکانی سەفەوی و عوسمانی دەستیانگرتوە بەسەر چەند پارچەیەکی کوردستاندا و هەوڵدەدەن میرنیشینە کوردەکان بسڕنەوە، بەو شەڕانەی بەرامبەر میرنیشینەکان دەیانکرد و یەک لە دوای یەک میرنشینێک دەڕوخا و یەکێکی تر چەکەرەیدەکرد. وەک خانی دەڵێ :

**غالیب نە دبو ل سەر مە ئەڤ ڕووم    نە دبونە خرابەیێ د دەست بووم**

**مەحکومێ عەلییە و سەعالیک    مەغلوب و موتیعی تورک و تاجیک**

(مارف خەزنەدار ٢٠٠٢: ٣٤٥)

خانی هۆکاری ئەو داگیرکاریە بە شێوەیەکی زانستی شیدەکاتەوە و وایدەبینێ کە کەوتەگەی ستراتیژیی کوردستان، کە کەوتۆتە نێوان هەردو ئیمپڕاتۆریەتەکە، وایکردوە ببێتە جێی چاوتێبڕینی داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانی (عزالدین مصطفی رسول ١٩٧٩: ٩٥). ئەو دو ئیمبراتوریەتەش کوردان دەکەنە ئامانجی تیرەکانیان. وەک دەڵێت:

**ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن    کرمانج هەمی ل چار کەنارن**

**هەردو تەرفان قەبیلێ کرمانج    بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج**

(مارف خەزنەدار ٢٠٠٢: ٣٤٦)

لە دیباجەکەی مەم و زیندا، خانی بە شێوەیەکی خۆڕسکانە هەستی نەتەوەیی دەبزوێ و دەیەوێ غەمی دڵی بەهۆی مەم و زین دەربڕێ. خانی داوای لە خەوهەستان و ڕاپەڕین و سەرکردەیەک دەکا، کە سەرکردایەتی کورد بکا، کە جێناوی (مە)ی کەسی یەکەمی کۆ بەکاردەهێنێ، بێگومان مەبەستی هەمو کوردە، نەک تیرەیەک، یان هۆزێک. هەروەها داوای پاشا دەکا، واتە؛ دۆزی کورد لەو سەردەمە بە میری میرنیشینەکان چارەسەر ناکرێ، ئەمەش بیرێکی نەتەوەیی بەهێزە:

**بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار    جارەک ببتن ژ خوابێ هشیار**

**رابت ژ مە جهان پەناهەک    پەیدا ببتن مە پادشاهەک** (هەمان سەرچاوە:٣٤٤)

بە پێی تێگەیشتنی سیاسیانەی ئەو سەردەمە، خانی چارسەرێکی سیاسیی سەربازی هەیە بۆ ئەو ژێردەستیەی کورد، گوتاری خانی لە بارەی ئەو دۆخە سیاسیە ڕون و ئاشکرایە و داوای هێز و یەکگرتویی دەکا، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە دوژمنان بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بکا:

**هەرچی بره شیرێ دەستێ هیممەت    زەبت کر ژ خوە را ب مێری دەولەت**

**لەورا کـــو جیهان وەکـو عەرووسـە      وێ حوکمێ د دەسـتێ شیرێ ڕووسـە**
**پرسی ژ دنێ مـن ئەڤ ب حیـکمەت      مــەهرا تە چ؟ گۆتە من کو هیممەت** (هەمان سەرچاوە:٣٤٦).

بەیەکەوە بەسـتنەوەی دەوڵەت و هێـز و کۆششـکردن و خۆئامـادەکردن بـۆ ڕووبەڕووبـونەوەی دوژمنـان، ستراتیژیەتی سیاسـی و درێژخـایەنی خـانی نیشـاندەدا بەرامبەر تـورک و عەجەم و ئەوە ڕوندەکاتەوە کە تورک و عەجەم بەهۆی گەورەیی و بەهێزییان دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتوە. جگە لەمەش خانی کێشەی کورد لە قاڵبی ئاینی و مەزهەبی دەباتە دەرەوە و ڕاستەوخۆ بە نـاوخۆی کـوردی دەبەسـتێتەوە و داوای یەکڕیـزی دەکـا، چـونکە عەرەب و عەجەم و تـورک بەجیـاوازی مەزهەبیشـەوە هەمویـان موسوڵمانن، واتە؛ کێشـەی خـانی لێرەدا کێشـەیەکی ئـاینی نیە و کێشـەیەکی نەتەوەیـیە، بگـرە کێشـەکە لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی مـیللەتە موسـڵمانەکانە کە خـاکی کوردسـتانیان داگیرکردوە:

**گەر دێ هەبووا مە ئیـتتیفاقەک      ڤێـکرا بـکرا مە ئینقیـادەک**
**ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی      هەمیـــان ژمـەرا دکـر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دیــن و دەولەت      تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت** (هەمان سەچاوە:٣٤٨)

بیـری نەتەوەیـی و گوتـاری نەتەوەیـی لەم چەنـد دێـرە شـیعرەی خـانی بەڕون و ئاشـکرایی بەدیاردەکەوێ. خانی ئەو نەتەوە و دەسەڵاتدارانە دیاردەکا، کە بونەتە هۆی نەهامەتیەکانی کورد. دەکرێ ئەمە وەک سەرەتایەکی هەستی نەتەوەیی لای خـانی دەستنیشـانبکرێ. ئەگەر لە ئەوڕوپـاش لەو سـەردەمە بیری نەتەوەیـی بەو شێوەیە گەشـەی نەکردبـێ، یـاخود هەربـونی نەبـوبێ لە نیـوەی دوەمی سـەدەی حەڤدەدا. لە لای خـانی هۆکـار و زەمینـەی سـەرهەڵدانی ئەو بیرە نەتەوەییە هەبوە، چونکە خانی هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردوە و بە چاوی خۆی ئەو ڕۆژگـارانەی بینیوە کە تـورک و عەجەم و عەرەب، کـورد دەچەوسێننەوە و خـاکی داگیـردەکەن. وەک کـاردانەوەیەک، شتێکی ئاسایە کە ئەو جۆرە گوتارە لەلای خانی لەدایک ببێ.

کەواتە؛ هەموشتێک لای خانی بەستراوەتەوە بە کێشـەی نەتەوەیی. تورک و عەرەب و عەجەم بەربەسـتن لەبەر دروسـتبونی دەوڵەتـی کـوردی و لەبەردەم زانسـت و دانـایی کـورد. ئەم سـێ نەتەوەیەش کە هاوسنور و هاو ئاینی کوردن، جیاوازییان لەگەڵ کورد تەنیا زمانە. زمانیش بنچینەی دامەزرانـدنی نەتەوەیە، بـۆیە کێشـەی خـانی لەگەڵ ئەو نەتەوانە نە کێشـەی چینـایەتیە و نەکێشـەی ئـاینیە، بەڵکو کێشـەیەکی نەتەوەیـی ڕونە. ئەگەر ئەم بیـر و بۆچـونەی خـانی وەک سـەرەتایەک بـۆ هەسـتی نەتەوەیـی کـوردی سـەیربکرێ، ئەوا دەبێـتە سـەرەتایەک بـۆ کێشـەیەکی دور و درێـژی

نەتەوەیی لە نێوان کورد و هەرسێ نەتەوەی عەرەب و تورک و عەجەم کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە و هەرسێ نەتەوەکە بەردەوامن لە داگیرکردن و چەوسانەوەی کورد. مێژووی نوێ چەندین نەهامەتیی تری تۆمارکردوە کە ئەم سێ نەتەوەیە بەسەر کوردیان هێناوە.

**٣-١-٤ بیری نەتەوەیی و گوتاری سیاسی لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەمدا:**

دوای نەمانی دوایین میرنیشینی کوردی ساڵی١٨٥٠، ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بە یەکەمین بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی دادەنرێ کە سیمایەکی فراوانی کوردستانیی هەبێ. لەو ڕوانگەیەوە کە بزوتنەوەکە تایبەت بە خێڵێک، یان ناوچەیەکی بەرتەسک نەبوە، بەڵکو ڕووبەرێکی فراوانی کوردستانی گرتۆتەوە و لە جیاتی شەڕی خێڵایەتی و شەڕی میرنیشینێکی کوردی، شەڕی داگیرکەری کوردستانی کردوە. شێخ عوبەیدوڵڵا خۆشی لە دوای میرنیشینەکان وەک یەکەم ڕابەری بزوتنەوەی کوردی دەردەکەوێ کە هەم سیمای ڕابەرایەتی هەبوە و هەم یەکەم ڕابەری دیاریشە کە بە ڕەچەڵەک شێخ بێ و نوێنەرایەتیی داخوازیەکانی کورد بکا. ئەمەش وەک کۆتایی هاتن بە ڕۆڵی میر و سەرۆک خێڵەکان و دەسپێکردنی ڕۆڵی شێخ و سەیدەکان دەردەکەوێ. (عەتا قەرەداخی ٢٠٠٧: ١٢٧). دەکرێ بزوتنەوەکەی شێخ کە خاوەن گوتارێکی سیاسیی سەربەخۆخوازبوە، وەک گۆڕانێک و وەرچەرخانێک لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی سەیربکرێ. ئەمەش لەو پەیامەیدا کە بۆ باڵیۆزی بەریتانیا لە تەورێزی ناردوە بەدیاردەکەوێ. دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

**(نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی جیاوازە، ئاینەکەی جیایە لە ئاینی ئەوانیتر، داب و نەریت و یاسای جیاوازی هەیە، سەرکردە و کاربەدەستانی کوردستان ئەگەر سەر بە تورک، یان فارس، یان دانیشتوانی کورستان بن، هەموویان یەکن. هەموان هاوڕان لەسەر ئەوەی، ئەم باردۆخە نابێ بەم شێوەیە لەگەڵ هەردو حکومەتی عوسمانی و قاجاری بەردەوام بێ، بۆیە پێویستە شتێک بکرێ. حکومەتەکانی ئەوروپا دوای ئەوەی لەم کێشەیە گەیشتن، پێویستە بەدواداچون بۆ دەوڵەتەکەمان بکەن. ئێمەش نەتەوەیەکی جیاین دەمانەوێ کاروباری خۆمان لەدەست خۆمان بێ).** (David McDowall 2007:53).

هەرچەندە شێخ لە ڕوی بنەماڵەوە سەید بووە و سەر بە ڕێبازی تەسەوفی نەقشبەندی بووە، بەڵام ئەمانە نەبونەتە ڕێگر لەبەردەم ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی، بەڵکو بونەتە هێزی جوڵێنەر و پاڵنەر بۆ خۆجیاکردنەوە و گەڕان بەدوای ناسنامەدا. ئەم پەیامەی شێخ دەکرێ، وەک سەرەتایەکی گوتاری سیاسیی نەتەوەیی کوردی سەیر بکرێ، چونکە سنوری خێڵ و هۆز و

هەرێمیی تێپەڕاندوە و باسی نەتەوە و دەوڵەت و خۆبەڕێوەبردن دەکا (عەتا قەرەداخی٢٠٠٧: ١٣١). وەک لە پەیامەکەدا دیارە، شێخ داوای خۆبەڕێوەبەری و خۆجیاکردنەوە و کۆتاییهێنان بە ستەمکاریی عوسمانی و قاجاری دەکا، هەروەها بە ڕونی ئەوە نیشاندەدا کە کورد نەتەوەیەکی جیایە، خاوەن داب و نەریت و جوگرافیایەکی تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دوپلەماتکارە ڕوسەکان لە کۆتایی تەمموزی ١٨٨٠ شێخ بە بانگەوازێک توانیوەیەتی زیاتر لە (٢٠٠) سەرکردە و سەرخێڵ و ئاغا و میرزا لە بارەگای خۆی لە نەهری کۆبکاتەوە کە نوێنەرایەتیی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی تێدابوە. لەم کۆنگرەیەدا گوتارێکی[٢٠] گرنگی پێشکەشکردوە. لە بەشێکی ئەم گوتارەدا هاتوە:

**(دەبێ گوێڕایەڵیی باب و باپیرانمان بین، بەسە ئیتر نابێ باری زوڵم و دیلایەتیی تورکی کافر هەڵبگرین، پێویستە خۆمان ڕزگار بکەین، نەک تەنیا ئێمەی کورد لە تورکیای عوسمانی، بەڵکو برا کوردەکانی ئێرانیشمان لەم دو حکومەتەی ڕێی پێشکەوتنیان لێ بڕیوین، ڕزگار بکەین. باب و باپیرانمان داوامان لێ دەکەن، لە پێناوی دین و ئازادی نیشتیمانەکەمان لە خوێنی خۆمان ببورین).**

ئەم گوتارەی شێخ وەک سەرەتایەکی گۆڕانی هەستی نەتەوەی بۆ خۆبەندیی نەتەوەیی دەبینرێ، بە بناغەی سەرەتا گشتیەکانی چوارچێوەی ستراتیژیی کاری نەتەوەیی کورد لە پێناوی ڕزگاری و یەکگرتنەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دادەنرێ. وەک سیاسیەکی هۆشیار، لەکاروانی تێکۆشان و هەوڵدانی خۆیدا، بۆ ڕزگاربون لە دەسەڵاتی پڕستەمی عوسمانیەکان لە کوردستان، شێخ ویستویەتی، ئاین بکا بە ئامراز و فاکتەرێکی وزەبەخش بۆسەربەخۆبونی کورد. ڕاستە شێخ ڕێبەری تەریقەت و دەرەبەگێکی گەورەی خاوەن موڵکی کورد بو، گوتارەکەشی شێوازێکی ئاینیی پێوەدیاربو، لەگەڵ ئەوەشدا توانیی، ڕێبەرێکی گەورەبێ لە جوڵانەوەی ڕزگاریی گەلی کورد لە زوڵم و ستەمی عوسمانی و قاجاری.

لەم گوتارەیدا سنوری نێوان هەردو پارچەی باکور و ڕۆژهەڵات بە هەند هەڵناگرێ و چاوەڕوانیی پشتیوانیی کوردانی ئێران (کە بە برا ناویان دەبا) دەکا. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵ و پێگە ئاینیەی کە هەیبوە وەک شێخی تەریقەت، بەر لەوەی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی ناوبانگی هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ ئەرکە ئاینیەکەی، ئەرکی نەتەوەیی و سیاسی دەگرێتە ئەستۆی.

---

[٢٠] بۆ دەقی گوتارەکە سەیری کوردو عەجەم ، نەوشێروان مسەفا، ٢٠٠٧: ١٩١، بکە.

ئەم گوتارە و ئەو نامانەی کە بۆ موتەسەڕیفی ورمێی دەنارد و ئەو ڕاپۆرت و نامانەی کە بۆ دوپلەماتکارەکانی ڕوسیا و بەریتانیای دەنارد، بە گشتی ستراتیژیەت و ئامانجی شێخ دەردەخەن، کە بریتی بوە لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. دەکرێ ستراتیژیەتی گوتارە سیاسیەکانی شێخ لەم چەند خاڵە کورتبکرێنەوە:

١- هەردو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری بە دوژمنی کورد زانیوە و ویستویەتی لە کوردستان دەریانبکا و هەردو پارچەی کوردستان یەکبخاتەوە.
٢- بەکارهێنانی هەردو زاراوەی (نەتەوە) و (نیشتیمان) بە سەرەتایەکی گرنگی خەباتی سیاسیی نەتەوەیی دادەنرێ.
٣- ئاسایشی سەر و ماڵی خەڵک، بازرگانی، خوێندەواری، پیشەسازی، شارستانی لە کوردستان دابینبکا.
٤- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی هاوکاریی دۆستانە لەگەڵ گەلانی مەسیحی، ئاشوری وئەرمەنیی هاونیشتیمانی کورد لەسەر بنچینەی لێبوردەیی ئاینی و ڕێزگرتنی یەکتر، دابمەزرێنێ.
٥- هەوڵدان بۆ ئەوەی لەگەڵ گەلانی موسوڵمانی ئێران، عەرەب، ویلایەتەکانی موسڵ، بەغدا، حیجاز ومیسر هاوپەیمانی دروستبکا.
٦- هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دانپێنانی سیاسی و یاسایی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا (نەوشێروان مستەفا٢٠٠٧: ١٨٦).

هەرچەندە بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوللا هەوڵێکی ڕاستەقینە بو بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد، گوتارەکانیشی بە سەرەتایەکی دیاری گوتاری سیاسیی کوردی دادەنرێ کە هەڵگری بیری نەتەوەیی و ستراتیژیەتی دامەزاندنی دەوڵەتی کوردی بون. لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری سیاسیی ئەو سەردەمە تایبەت بە چینێکی دیارکراو و دەسەڵاتداری وەک شێخ و ئاغا و میرزاکان بوە. چەمکەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازی، بەمەبەستە سیاسیەکەی لەلایەن بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی، چەمکی نامۆبون. ڕەگەزە پێکهێنەرکانی نەتەوە هێشتا لەدەرەوەی لێدوان و گفتوگۆی ئەندامانی کۆمەڵگا بوە، ئەوەی لەوسەردەمە هەستی پێ دەکرێ، گۆڕانی هەستی نەتەوەییە لەلای چینێکی دیارکراو بۆ بیری نەتەوەیی، نەک پەیدابونی ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی. بە واتایەکی تر؛ تا ئەو کاتەش کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی خاوەن ئابوریەکی کشتوکاڵی – ئاژەڵداری بو، لە ڕوی ئایدیۆلۆژیەوە کۆمەڵگایەکی پابەند بە شێخانی تەریقەت بو، ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسیی تاکی کورد، ئاستێکی لاواز بو. بۆیە گوتاری سیاسی ئەو سەردەمە دانەبەزیوەتە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگا و نەبۆتە گوتارێکی سیاسیی گشتگر

کە بتوانێ، زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوەیی کۆبکاتەوە. هەربۆیە دوای کپکردنەوەی بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا و دورخستنەوەی شێخ، دوبارە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید کۆمەڵگای کوردی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و سوارەی حەمیدی بۆ کوردان دامەزرێنرا.

**٣-١-٥ ڕۆژنامەی کوردستان و گوتاری سیاسیی کوردی:**

لە دوای کپکردنەوەی بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا، تا سەردەمی دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لەلایەن (میقداد بەدرخان)ەوە جوڵەیەکی ئەوتۆ لە بزاڤی ڕزگاریی گەلی کورد کە بیری نەتەوایەتی ئاراستە بکا، بەدیناکرێ. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٢/ نیسانی/ ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچو، لە سەرەتا دا ڕۆژنامەکە ئاراستەیەکی لیبراڵی ڕوناکبیری هەبو، بەڵام پاشان بە ئاراستەیەکی ڕەخنەیی سیاسی توند و تیژ بەرامبەر بە سوڵتانەکانی عوسمانی گۆڕا (م. س. لازاریف ٢٠١٥: ٢٦٢)

ڕۆژنامەی کوردستان، وەکو یەکێ لە سەرەتا دیارەکانی پەخشانی کوردی سەیر دەکرێ، لە لایەک ئەو سەرەتایەیە کە تیایدا زمانی کوردی بە شێوەیەکی بەرفرەوان بەکاردێ، لە لایەکی تر لە ئازادی و سەربەخۆیی کێشەی کورد دەدوێ. خودی ناوی ڕۆژنامەکە لە عەقلیەتێکەوە سەرچاوەی گرتوە کە کوردستان وەک یەک نیشتمان سەیردەکا، نەتەوەکەی وەک یەک نەتەوە سەیردەکا. هەرچەندە ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەیەکی گشتی بو، گرنگیی بە ئەدەب و کێشەی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیی زۆری بە بابەتی سیاسی و نەتەوەیی دەدا کە ئەمە هۆکاری ئەوە بو، لە ژێر فشاری عوسمانیەکان شوێنی دەرچونی جێگیر نەبێ و هەر چەند ژمارەیەکی لە وڵاتێکی جیاواز دەربچێ. (عەتا قەرەداخی ٢٠٠٧: ١٦٨).

ڕۆژنامەی کوردستان، بە سەرەتایەکی گرنگی بوژانەوەی سیاسی و کەلتوریی کورد دادەنرێ. دوای ڕاپەڕینە تێکشکاوەکانی کوردستان، بو بە سەرەتای وەرچەرخانێکی سیاسیی ڕۆشنبیری. زمانحاڵی ڕۆشنبیران و نوێنەری ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەستەی ڕوناکبیر و خوێندەواری کوردی بو. شێواز و ڕێگەیەکی نوێ بو لە خەبات، بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد. لە بەر گرنگیی دەرچونی ڕۆژنامەکە، دەکرێ وەک قۆناغێکی نوێی هزری سیاسی و ئەدەبی لە مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد سەیربکرێ(بلەج شیرگوە ١٩٨٦: ٦٢).

میقداد مەدحەت بەدرخان، لەگەڵ دەرچونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکە، گوتارێکی لە پاشکۆی ڕۆژنامەکە بە زمانی فەرەنسی بڵاو کردۆتەوە لە بەشێکیدا دەڵێ: (زۆر بەختیارم بەوەی کە ژمارەی

یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان)تان بۆ دەنێرم، ئەوەی هەر ئێستا لە قاهیرە دامەزراندوە. نەتەوەی من کە نەتەوەی کوردە، ژمارەی شەش ملیۆن کەسە لە ئاسیای بچوکدا، زمانیان گەلێک کۆنە، ئەمە یەکەمین جارە کە بەم زمانە ئەم ڕۆژنامەیەم بڵاوکردۆتەوە، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم و هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشکەوتن و شارستانیەتی نوێ بگرن، لە هەمان کاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆمانیان پێ نیشانبدەین)(جەعفەر عەلی ٢٠١٣: ١٦٤).

ئەم گوتارەی خاوەنی ڕۆژنامەکە پەیوەستبونێکی تەواوی نەتەوەیی پێوە دیارە، بەوەی کە دەیەوێ، نەتەوەکەی هانبدا بۆ خوێندەواری و فێربون و شارەزا بونی شارستانیەتی نوێ. ئەم هاندانە بۆ کـوردە، واتە؛ نەتەوەکەی جیـاواز دەبینـێ لەگەڵ نەتەوەکـانی تـر، ئومێـدی ئەوە دەخـوازێ کە نەتەوەکەی لە ڕەوتی پێشکەوتن و شارستانیەتی سەردەم دانەبڕێ. ئەم گوتارە، لەچاو قۆناغەکانی پێش خۆی کە زیاتر پەیوەستیی بۆ بنەماڵە و هۆز و میر و شێخ بوە، دەسپێکێکی زانستیانەیە بۆ ئاڕاستەکردنی کورد بەرەو بیری نەتەوەیی و سیاسیی نوێ. هەرچەندە دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان زادەی بیر و هەوڵێکی تاکە کەسی، یان بنەماڵەیەک بو، نەک ئۆرگانی بزوتنەوەیەک، یان حیزبێکی سیاسیی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە گوتاری سیاسیی کوردی دادەنرێ و جۆرێک لە یەک گوتاریی نەتەوەیی بۆ ڕۆشنبیران و خوێندەوانی کورد بەرجەستە کرد. هەروەها چیتر گوتاری سیاسی پەیوەست نەبو بە میر و شیخ و دەرەبەگەکانی کورد. لەو قۆناغە بە دواوە ڕۆشنبیران و کەسایەتیە سیاسیەکانی کورد کەوتنە دروستکردنی گروپ و حیزبی سیاسی، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم شێوازێکی تازە لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی دەستپێبکەن کە لەگەڵ بارودۆخ و گۆڕانە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکە بگونجێ.

### ٣-١-٦قۆناغی دروستبونی کۆمەڵە و حیزبی سیاسی:

دوای تێپەڕبونی دە ساڵ بەسەر دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، یەکەم کۆمەڵەی سیاسی کوردی بە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) لە لایەن چەند کەسایەتیەکی کورد لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا. دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە کەسایەتیی ناسراو و خاوەن پێگەی مێژویی کۆمەڵایەتی بون. زۆربەیان پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی (ئیتتیحاد و تەرەققی) بون. لەوانە: شێخ عەبدولقادر(کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری)، ئەمین عالی بەدرخان، جەنەڕاڵ موحەممد شەریف پاشا و چەند کەسایەتیەکی تر. هەروەها چەندین کۆمەڵەی دیکەی کوردی لە دیاربەکر و بەدلیس و موسڵ و بەغدا دامەزران. لە هەمان ساڵیشدا کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بە ناوی

(مەعاریفی کوردی) و قوتابخانەیەکی کوردی بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحمان بەدرخان کە کاری لەسەر پەروەردە و فێرکرن بە زمانی کوردی دەکرد، دامەزران. (David McDowall 2007: 93).

کۆمەڵەی (تەعاون وتەرەققی) شێواز و فۆڕمێکی نوێی بە خەباتی سیاسیی کوردی بەخشی. بۆ یەکەم جار کۆمەڵێک کەسایەتی لەناو کۆمەڵەیەکی سیاسی، دور لە هۆز و خێڵ و پێگەی ئاینی و تاکەکەسی، لە پێناو ئامانجێکی نەتەوەیی لە کۆمەڵەیەک کۆببنەوە. لەسەرەتادا بە هۆی بیروباوەڕی جیاواز، کۆمەڵەکە نەیتوانی ببێتە خاوەن گوتارێکی سیاسیی نەتەوەیی یەکگرتو، جگە لە شەریف پاشا، ئەوانیتر کەوتنە ژێر کاریگەریی شۆڕشی تورکە لاوەکان (ژون تورک) و بیری نەتەوەیی تورانی. تورکە لاوەکان سەرقاڵی بنیاتنانی گوتاری نەتەوەیی تورکی بون. گوتاری ئەم کۆمەڵەیە هەر لە سەرەتاوە بە ڕەگەزەکانی شۆڤێنی تورکی بارگاوی کرابو. شەریف پاشا پێی وابو پرۆژەی تورکە لاوەکان بەرامبەر کورد زۆر ترسناکترە لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی سوڵتان عەبودولحەمید، بۆیە مانەوەی سوڵتان و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەستوری دەوڵەتی عوسمانی باشترە لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیتتیحادیە لاوەکان. (عەتا قەرەداخی ٢٠٠٧: ١٨٣)

کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی) هەوڵی خوێندەواری و گەشەسەندنی زانستی بۆ کورد دەدا، بەڵام نەبوە خاوەن پڕۆژەی گوتاری سیاسیی کوردی لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی، چونکە هەردو بۆچونی ناو کۆمەڵەکە چارەسەری کێشەی کوردیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دەبینی. ڕاستە وەک یەکەم کۆمەڵە، یان حیزبی سیاسیی کوردی سەیردەکرێ، کەچی هەڵگری پڕۆژەیەکی نەتەوەیی بەرهەمهێنی گوتاری نەتەوەیی نەبو. لە لایەک لە ژێر هەژمونی نەتەوەیی تورکیدا بو، لە لایەکی تر کاریگەریی ئاینی بەسەرەوە بو، بە گشتی ئەو بۆچونەیان هەبو کە موسوڵمانان هەمو برای یەکترن، هەمان بەرژەوەندی و هەمان چارەنوسیان هەیە. دەوڵەتی عوسمانیش بە تەنیا دەوڵەتی تورک نیە، بەڵکو دەوڵەتی هەمو نەتەوە موسڵمانەکانە و پێویستە، هەموان پارێزگاریی لێ بکەن ( هەمان سەرچاوە: ٨٤).

وەک تێبینی دەکرێ گوتاری سیاسی سەردەمی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی) گوتارێکی پەرش و بڵاو و بێ ستراتیژیەتی نەتەوەیی بوە و دانەبەزیوەتە ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان و ڕای گشتی جەماوەریی دروستنەکردوە، ناکۆکیی ئاراستەکانی ناو کۆمەڵەکە بە تایبەتی لە نێوان بنەماڵەی بەدرخانیەکان و شێخانی نەهری، یەک نەخستوە. هێشتا مۆرکی بنەماڵەیی و عەقلیەتی خۆسەپاندن زاڵبوە، ئەمەش لەوەدا بەدیاردەکەوێ کە هەریەک لە ئاراستەکان ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆی، وەک زمانحاڵی یەک ڕێکخراوەی سیاسی، دەردەکرد.وەک ڕۆژنامەی (تەعاون وتەرەققی کورد) کە

سەربە بنەماڵەی بەدرخانیەکان بو و لە لایەن (تۆفیق مەحمود ئاغا)[٢١] بەڕێوە دەبردرا، هەروەها ڕۆژنامەی (هەتاوی کورد) کە سەربە بنەماڵەی شێخانی نەهری بو.

لە دوای کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی)، بە دەستپێشخەری کۆمەڵێک ڕوناکبیر و تێکۆشەری کورد (کۆمەڵەی هێڤی) لە ساڵی ١٩١٠ دامەزرا، ئەو کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی خوێندکاری بو، توانیی چەند لقێک لە شارە کوردیەکان و لقێکیش لە ئەوڕوپا لە شاری (لۆزان) بکاتەوە، هەروەها توانی کوردانی ئێران و تورکیا لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و باڵە ناکۆکەکانی ناو بزوتنەوەی کوردی ئاشتبکاتەوە. لە ساڵی ١٩١٣ کۆمەڵەکە یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست، گۆڤارەکانی (ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، یەکبون)ی دەرکرد. ڕێبەرانی ئەم کۆمەڵەیەش لە چینی دەرەبەگ (Feudal) وسەرمایەدار (Aristocratic) و ڕۆشنبیری کورد بون (جەعفەرعلی:١٧٣). گوتاری ئەم کۆمەڵەیە جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبو لەگەڵ کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی)، جگە لە کارکردن لەسەر زمان و کەلتوری کوردی، پرۆژەی گوتارێکی نەتەوەیی سەربەخۆی نەبو و لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی چالاکیەکانی وەستا و زۆربەی ئەندامەکانی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کران.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشبونی کوردستان بۆ چوار پارچە، گوتاری نەتەوەیی کوردی زیاتر لێکترازا و هەر پارچەیەکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی دوڵەتێکی هەرێمی. بزوتنەوە ڕزگاریخوازیە کوردیەکان شێوەیەکی هەرێمییان وەرگرت. وەک: ڕاپەڕینی شیخ مەحمود ١٩١٩، ڕاپەرینی شیخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزانی ١٩٢٧-١٩٣٢، بزوتنەوەی سمکۆی شکاک ١٩٢٤، ڕاپەڕینی بارزان ١٩٤٣. لەگەڵ ئەوەی جۆرێک لە پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان سەرکردەکانی کورد لە بەشەکانی باکور، باشور و ڕۆژهەلات هەبوە، کەچی بە گشتی گوتاری سیاسیی ئەو سەردەمە بەرتەسکتر بوەوە و شێوەی هەرێمیی بەخۆوە دەگرت، داواکاریە نەتەوەییەکان زیاتر بریتی بون لە خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و ئۆتۆنۆمی. پرۆژەی یەکگوتاریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بە تەواوی لە ستراتیژیەتی گوتاری سیاسیی کوردی لە ئارادا نەما (مارایانا خاروداکی ٢٠١٣: ١١٤).

### ٣-١-٧ گوتاری سیاسی لە سەردەمی کۆماری کوردستان:

بەر لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد، لە ١٦ی/ ئابی/ ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ.ک)، بە ئامادەبونی نوێنەرانی حیزبی (هیوا): میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو، لە شاری مەهاباد دامەزرا. حیزبی هیوا، لە دیوی کوردستانی باشور، لە ساڵی

[٢١] پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنوس.

١٩٣٩ خەباتی سیاسی دەستپێکردبو، ئەو حیزبە بە سەرۆکایەتی (ڕەفیق حیلمی) لە لایەن دەستەبژێرێکی (نخبة) ڕوناکبیرانی مەدەنی و شارنشین بەڕێوە دەبردرا. ناسنامەی سیاسیی حیزبەکە، بەرنامە و پرۆگرامێکی نەتەوەیی بو، هەرچەندە حیزبی هیوا دەسکەوتی سیاسیی نەبو، بەڵام بە سەرەتایەکی گرنگی حیزبی سیاسی و کاری سیاسی دادەنرێ لە کوردستانی باشور.(جەلال تاڵەبانی ١٩٧٠: ٢٤٢).

کۆمەڵەی (ژ.ک) کاریگەریی تەواوی حیزبی هیوای بەسەرەوە بو، تەنانەت لە بەشی سەرەوەی یەکەم ژمارەی (گۆڤاری نیشتمان)، کە کۆمەڵەی (ژ.ک) بە نهێنی دەریدەکرد، نوسرابو" بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا". هەروەها لەسەر لاپەڕەی ڕۆژژمێری ساڵی ١٩٤٤ کە ڕۆژژمێری تایبەتیی (ژ.ک) بو، نوسرابو" ئەم ساڵی تازەیە لە هەمو ئەندامەکانی (ژ.ک) و هیوا و هەمو کوردێک کە لە پێناوی سەربەستیی نەتەوەیی کورد تێئەکۆشێ، پیرۆز بێ" (نەوشێروان مستەفا٢٠٠٧: ٧٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کۆمەڵە و حیزبی هیوادا هەبوە و لە ستراتیژیەتی کارکردن و هاوگوتاریی سیاسی لە یەکەوە نزیکبون و بەرنامەی درێژخایەنیان هەبوە بۆ سەربەخۆیی هەمو پارچەکانی کوردستان.

بە گشتی گوتاری سیاسی (ژ.ک) لەسەر دو تەوەرە کاریدەکرد، کە بریتی بون لە: ناوهێنانی ڕێکخراوەکە وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی، کارکردن لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتکردن لە پێناو کوردستانی گەورە. ئەم جۆرە گوتارەش کاریگەریی ناوخۆ و دەرەکی بەسەرەوە بو، بەتایبەتی لە ژێر کاریگەریی ئاراستەی چەپڕەوکان و حیزبە شیوعیەکانی ئەوکاتە لەو وڵاتانە دروستببون کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابو، کە پشتگیریی مافی چارەی خۆنوسین و مافی نەتەوەییان دەرکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی، کۆمەڵەی (ژ.ک) دروشمی ئۆتۆنۆمیی بەرزکردبوەوە. لە لایەکی تر وەک ڕیکخراوێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆبونی کوردستانی گەورە لە ستراتیژیەتی درێژخایەنیدا بو(عەتا قەرداخی ٢٠٠٧: ٤٢٥). دوای پەیوەندیکردنی قازی موحەممەد و فراوانبونی بنکەی جەماوەری (ژ.ک) و دوروستبونی (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان)، لە چوارەم یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک)دا، هەر لە سەر بناغەی ئەم کۆمەڵەیە لە ١٦ی/ئابی/١٩٤٦، حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ک) بە سەرۆکایەتی قازی موحەممەد ڕاگەیەندرا. (ح.د.ک) گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە گوتاری (ژ.ک) کرد. ئەگەر لای (ژ.ک) دامەزراندنی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی دروشمی سیاسی و ستراتیژی بون، ئەوا لای (ح.د.ک) ئەو دروشمە گۆڕا و بو بە خودموختاری. هاوپەیمانی و ڕێککەوتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان گۆڕا بە ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازەکانی ئێران. خۆ

بەستنەوە بە سۆڤیەت لە سیاسەتی دەرەوە، جێگەی بێلایەنی و نزیکبونەوە لە دەوڵەتە گەورەکانی گرتەوە. لە ڕوی دەسەڵاتداری ناو حیزب سەرۆک خێڵ و دەرەبەگ و بازرگان و مەلا و شێخە ناسراوەکان، جێگەی وردە بۆرژوا و ڕوناکبیرەکانیان گرتەوە( جەعفەر عەلی ٢٠١٣: ٢٣٨). بەم شێوەیە، (ح.د.ک) گوڕانکاریی تەواوی لە گوتاری سیاسی و بەرنامەی (ژ.ک) کرد بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی و ناوخۆی ئێران خۆبگونجێنێ.

لە ٢٢ی کانونی دوەمی ١٩٤٦دا کۆماری کوردستان لەسەر دەستی قازی موحەممەد وەک بەرهەمی خەباتی سیاسی (ژ.ک) و (ح.د.ک) لە شاری مەهاباد، بە ئامادەبونی مەلامستەفا بارزانی و نوێنەری سۆڤیەت و نوێنەری حیزبی هیوا، ڕاگەیەندرا. کۆماری مهاباد تەمەنێکی کورتی هەبو، لەو ماوەی تەمەنیدا گرنگیی زۆر بە بواری ڕۆژنامەگەری و زمانی کوردی درا و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوکرانەوە، لەوانە: گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان، گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان. بزاڤێکی ڕۆشنبیریی سیاسیی کەلتوریی فراوان دەستپێکردبو کە نمونەی کەم بو لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی. سەرباری تۆمارکردنی چەندین وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و زانستی، بیر لە ئاڵا و سۆودی نیشتمانی و دروستکردنی سوپاش کرایەوە، لە ڕوی سەربازیەوە هێزێکی خۆبەخشی میللی بە ناوی پێشمەرگە پێکهێنرا.

لە ڕوی سیاسیەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کۆماری کوردستان دوچاری هەڵەی ستراتیژی بوەوە، لەوانە: پشتبەستن بە هێزی سەربازیی هۆز و سەرۆک هۆزە کوردەکان کە هەر لە بنەڕەتدا بە ناوی کۆمار و جیابونەوە لە ئێران ڕازینەبون. هەروەها پشتبەستن تەنیا بە یەکێتیی سۆڤیەت، ئەمانەش لە کۆتاییدا بون بە دو خاڵی بەهێزی ڕوخانی کۆماری کوردستان. لەگەڵ هاتنە پێشی سوپای ئێران، سەرۆک هۆزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، پەیوەندییان بە حکومەتی ناوەندی کرد و پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد و خۆیان بەدەستەوەدا. تاکە هێزی پێشمەرگە کە خۆی نەدایە دەست سوپای ئیران، هێزی مەلا مستەفای بارزانی بو. لە لایەکی تریش لەگەڵ دۆزینەوەی نەوت لە باکوری ئێران، یەکێتیی سۆڤیەت بەرژەوەندیەکانی زیاتر لە ئێران دۆزیەوە، نەک لەگەڵ ئازربایجان و مەهاباد بۆیە خاکی ئێرانی چۆڵکرد و کۆماری مهابادی خستە ژێرنەعرەتەی سوپای ڕگەزپەرستی شا. (دیفید ماکدووال٢٠١٢: ١٠٢).

گوتاری سیاسیی سەردەمی کۆماری مهاباد، بەرهەمی ئەو کەتوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەرێمایەتیە بو کە لەو سەردەمە لە ناوچەکەدا دەگوزەرا. سەرەڕای دڵسۆزی و لێهاتویی سەرکردەکانی کۆمار، گوتاری سیاسی لە ئاست پێویستیە سەردەمیەکان نەبو، لە لایەک هێشتا بیری

نەتەوەیی کوردی، جگە لە دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر، ئەوەندە گەشەی نەکردبو، هێشتا کۆمەڵگای کوردی لە ڕوی ئابوری و سیاسی و نەتەوەییەوە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و دواکەوتو بو. خودی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانیش لە نێوان فەلسەفەیەکی سیاسیی چەپڕەو و کۆمەڵگایەکی پابەند بە ئاین و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، خاوەن یەک گوتاری ستراتیژی نەبون و تێکەڵییەک لە دروشم و گوتارەکانیاندا بەدیدەکرا. جگە لەمەش لە ماوەی نزیکەی یازدە مانگی تەمەنی کۆماری کوردستان، نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی، نەک لە هەمو کوردستان، بەڵکو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ئەوەندە فراوان بکا و پشتگیری و هاوسۆزی سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردانی پارچەکانی تر بەدەستبێنێ.

### ٣-١-٨ سەردەمی شۆڕشی ئەیلول:

شۆڕشی ئەیلول، وەک سەرەتای مێژوی نوێی سیاسیی کوردی سەیردەکرێ. دۆخی سیاسیی کوردی بەرەو ئاسۆیەکی فراون برد و خستیە بەردەم سەکۆ نێودەوڵەتیەکان. جیاواز لە شۆڕشەکانی پێش خۆی، هەمو کوردستانی عێراقی گرتەوە و پشتیوانی و پاڵپشتیی هەمو گەلی کوردی لە دەرەوەی سنوری عێراق بەدەستهێنا، تایبەت نەبو بە ناوچەیەکی دیاریکراو. گەورەترین سەرکەوتنیش کە بەدەستی هێنابێ، بریتیە لە: جێگیرکردنی چەمکەکانی هۆشیاری نەتەوەیی و بیری دیموکراسی لە نێو گەلی کورد. هەروەها ڕۆلی گەورەی بینی لە یەکخستنی گوتاری سیاسیی کوردی و کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و نیشتیمانپەروەران( مسعود البارزانی ٢٠٠٢: ٩)

شۆڕشی ئەیلول وەک بەرپەرچدانەوەیەکی نەتەوەیی بەرامبەر دەسەڵاتداریی شۆڤێنی عەرەبی لە عێراق، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ دەستیپێکرد. ئەم شۆڕشە، لە مێژوی هاوچەرخی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە قۆناغێکی گرنگی چەکەرەکردنی گوتاری سیاسیی کوردی دادەنرێ. سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی لە گوتاری دەسەڵاتی عەرەبی عێراقی ڕویاندا، گوتاری سیاسی لەو سەردەمەدا لە چوارچێوەی مافە سیاسیەکانی گەلی کورد بە گوتارێکی جێگیر و میانڕەو و دور لە توندوتیژیی ئەتنیکی دادەنرێ. لەگەڵ مانەوەی دو هۆکاری هۆزایەتی و کاریگەربونی ڕۆلی ئاین، شانبەشانی کۆمەڵێک دیاردەی دیکە، لە بەردەم سست دەرکەوتنی گوتاری نەتەوەیی، لە هەمان کاتدا بنەما و سەرەتای پێکهێنانی گوتاری نەتەوەیی دەستپێدەکا. کورد بەرەو بە پڕۆژەکردنی زمان و مافە نەتەوەییەکان و سەلماندنی بونی نەتەوەیەک بە پێی دەستور، بەرەو گوتارێکی نەتەوەیی ڕون دەچێ. گوتاری سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، بو بە بنەمای گوتاری سیاسیی قوناغەکانی دواتر. هەرچەندە لە ژێر هەژمونی ناکۆکیی سیاسی و حیزبی دوچاری قەیران و دابەشبون هەڵچون و داچون بوەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا ناواخنی گوتاری نەتەوەیی بەرەو

گەشەکردن برد، هەرچەندە لە دوای شۆڕشی ئەیلول ماوەیەکی درێژخایەن بەخۆوە بینی.(غازی حەسەن ٢٠١٦: ٦٤).

دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دەسەڵاتداریی عێراق ڕویاندا، گرنگترین دەستکەوت لە شۆڕشی ئەیلول بریتی بو لە بەیانی ١١ی ئازار. وەک ئەنجام و بەرهەمی شۆڕش لە ١١ی/ئازاری/١٩٧٠ ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکرادیەتیی عێراقی واژۆ کرا. ئەمە یەکەم جار بو لە مێژوی نوێی کورددا دان بە مافەکانی گەلی کورد بنرێ و لەلایەن دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، ڕێککەوتنێکی سیاسیی یاسایی واژۆ بکرێ. ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە چارەسەرێکی پێشکەوتنخواز و دادپەروەرانە بو بۆ کێشەی کورد. سەرکەوتنێکی گەورە بو بۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی. لە هەمان کاتدا سەرکەوتنێکی گەورە بو بۆ شۆڕشی ئەیلول. ڕێککەوتنەکە هیچ کەموکوڕیەکی تێدا نەبو، بەڵام کێشەکان لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە دروستبون (مسعود البارزاني٢٠٠٢: ٢٤٣).

سەرەڕای جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامەکە و نسکۆبردنی شۆڕش بە پلانێکی نێودەوڵەتی، کەچی تەکانێکی زۆر گەورەی بە هزری نەتەوایەتی و سیاسیی کوردی دا. لە ماوەی چوار ساڵی پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بێ وێنە لە باشوری کوردستان بەڕێوە دەچو، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە لە بواری جیاجیا دەردەچون، هەمویان کارگەریی زۆریان لە سەر تاکی کورد جێهێشت و تاکی کورد لەوە گەیشت کە عێراقێکی دیموکراسی و پێکەوە ژیان لەگەڵ عەقلیەتی شۆڤێنی دەسەڵاتدارانی عێراق زۆر ئەستەمە. هەروەها ئەنجامە کۆتاییەکانی شۆرش، ئەزمون و وانەیەکی تاڵی سیاسەتکردن بو لە نێو گۆڕانکاریە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان و سەرکردایەتی کورد لەوە گەیشت هیچ دۆستێکی دڵسۆزی نیە جگە لە چیاکان.

### ٣-١-٩ قۆناغی١٩٧٥-١٩٩١:

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ئەو یەکڕیزی و یەکگوتاریەی لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥ لە نێوان باڵە جیاوازەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول هەبو لە باریەکچو. گوتاری سیاسی بەسەر چەندین ڕەوت ئایدیۆلۆژیا و ئاراستەی جیاواز و دور لە یەکتر دابەشبو. بۆشاییەکی زۆر گەورە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردی دروستبو، ئەوپەیوەندیەی کە هەمو نیشتمانپەروەرانی کوردی کۆکردبوەوە، نەما. حکومەتی عێراقی سەرکەوتنی بەسەر شۆڕشی کورد ڕاگەیاند و سەرۆک کۆماری عێراقی گوتی:" شۆڕشی کورد بۆ هەتاهەتا کۆتایی هات" (حامد محمود ١٩٩٢: ٢٤٤).

ئەو قۆناغە قۆناغێکی زۆر سەخت و ئاڵۆز و پڕ کارەسات بو. دەسەڵاتی بەعسیەکان لە عێراقدا زۆر توند و فراوان بو، خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی توندڕەوی عەرەبی بون، ئامانجیان دروستکردنی عێراقێکی عەرەبی بو. هیچ چالاکیەکی سیاسی لە کوردستان نەما، حیزبی بەعس لە چەندین پرۆسەی یەک لە دوای یەک هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دەدا، وەک تەعریبکردنی شوێنە ستراتیژی و ئابوریەکانی کوردستان، ڕاگواستن و کاولکردنی دێهاتە سنوریەکان، دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی لەگەڵ ئێران و تورکیا و چەندین ڕێوشوێنی تر بۆ لە ناوبردن و سەرکوتکردنی هەر بزاڤێکی نوێی نەتەوەیی (م.س. لازاریف ٢٠١٥: ٥٥٩) ئەم بارودۆخە و تاوانەکانی حکومەتی بەعس بەردەوام بو، تا گەیشتە پرۆسەی ئەنفال و کیمیا بارانکردن و کاولکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان. بەعسیەکان ئەم سیاسەتەیان تا ڕاپەڕینی باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ پەیڕەودەکرد.

لە دوای شۆڕشی ئەیلول، بزوتنەوە سیاسیەکان لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان دەستیان بە خۆ ڕێکخستنەوە کرد وەک: خۆ ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان... ئەمانە لەسەرەتادا هەوڵی زۆر سەرەتایی بون، تا لە قۆناغەکانی دواتر بە تایبەتی لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق ئێران، حیزبە کوردیەکان دەستیان بە جموجۆڵی چەکداری کردەوە.

لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسی گوتارێکی حیزبی بو، لەگەڵ دروستبونی حیزبەکان، ململانێیی سیاسی و چەکداری لە نێوان حیزبەکان دەستیپێکرد. چەندین شەڕی براکوژی لە نێوان حیزبەکان ڕویدا. بە گشتی حیزبە کوردیەکان خاوەنی پڕۆژەی یەک گوتاریی نەتەوەیی نەبون، هەر حیزبێک خاوەنی دروشم و ئامانجی جیاواز بو. ئەم بارودۆخەی نێوان حیزبە کوردیەکان بەم شێوەیە مایەوە تا دامەزراندنی بەرەی کوردستانی. دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بە دڕندانەترین شێوە چەندین کارەساتی بەسەر گەلی باشوری کوردستان هێنا و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەدا و سیاسەتی ڕاستەقینەی خۆی بەرامبەر گەلی کورد پەیڕەو کرد. حیزبە کورستانیەکانی باشوری کوردستان هەوڵیاندا بەرەیەک دروستبکەن، بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیان و هەڵوێستێکی یەکگرتو لەئاست سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی دروستبکەن. بۆیە لەمانگی ئایاری ١٩٨٨، بەرەی کوردستانیان دامەزراند. لەگەڵ بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، ئامانجەکانی دیارکرابو کە بریتی بو لە: (بەرەی کوردستانی خەباتدەکا لە پێناو ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری وهێنانەکایەی حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراتی کە بتوانێ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دابینبکا)(دلێرئەحمەد ٢٠١٩: ٢٧٣).

لە دوای شۆڕشی ئەیلول، بەرەی کوردستانی یەکەم وێستگەی کۆکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی باشوری کوردستان بو. یەکەم هەنگاوی یەک گوتاری حیزبە کوردستانیەکان بو کە دەکرێ وەک قۆناغێکی نوێ لە گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کوردی سەیر بکرێ، بەرهەم و ئەنجامەکانیشی لەسەردەمی راپەڕین بە ڕونی بەدیارکەوت. هەرچەندە گوتاری بەرەی کوردستانی گوتارێکی سەربەخۆخواز نەبو، هێشتا دروشمی عێراقێکی دیموکراتی بە ئامانجەکانیان دیاربو. بەڵام بۆ ئەو قۆناغە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و بە بەرهەم بو. تا دوای ڕاپەڕینیش کاریگەریەکانی هەرمایەوە.

**٣-١-١٠ قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١:**

گوتاری سیاسیی کوردی، لەگەڵ گوتاری سیاسیی هەر دەسەڵاتێک، بەو دەسەڵاتانەشەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، جیاوازیی زۆری هەیە لە ڕوی چەمک و پێناسەوە. گوتاری سیاسیی کوردی هەمو کاتێک گوتاری نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراو بوە. تا سەردەمی ڕاپەڕین بەناویەکداچون و تێکەڵییەکی تەواو لە نێوان گوتاری نەتەوەیی و گوتاری سیاسیی کوردی هەیە. ئەم تێکەڵی و بەناویەکداچونە تا ئێستاش لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەردەوامی هەیە، چونکە گوتاری سیاسیی کوردی هیچ کات گوتاری دەسەڵات نەبوە، جگە لە ئەزمونی بەشی باشوری کوردستان دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١. بۆیەدوای ڕاپەڕین، جیا لە قۆناغەکانی پێشتر، بە قۆناغی ڕاستەقینەی گوتاری سیاسیی کوردی دادەنرێ. لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسیی کوردی لەگەڵ پێناسەی گوتاری سیاسی دەگونجێ کە بریتیە لە: (گوتاری دەسەڵات بە واتا گشتی و باوەکەی)، چونکە لە دوای ڕاپەڕین جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری دروستبو کە ناوچەیەکی فراوانی کارگێڕی گرتەوە. ئەم ئەزمونەش دەکرێ وەک سەرەتایەکی گوتاری سیاسیی نوێ سەیر بکرێ کە لە قوناغەکانی دواتر زیاتر گەشەی کرد و فۆرم ناوەرۆکی دیکەی بەخۆوە گرت.

لە دوای ڕاپەڕین، گوتاری نەک هەر گوتاری حیزبی بەڵکو گوتاری ناوچەیی و ئایدیۆلۆژیش تارادەیەک بەسەر گوتاری دەزگا سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیەکان زاڵبو. ئەمەش وایکرد، چەندین ئاراستەی سیاسی، ململانێ حیزبیەکانیان بێننە ناو دەزگا بەڕێوەبەریەکان و نەتوانن ئەو دەزگایانە دوربخەنەوە لە کێبرکێی سیاسی. گوتاری سیاسی ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیە بو کە لە سەردەمی خەباتی شاخ لە نێوان حیزبەکاندا هەبو و بەهەمان ئەدەبیاتەوە هاتە ناو شارەکان. واتە؛ جیانەکردنەوە گوتاری کارگێڕی (إداری) و گوتاری سیاسی وایکرد کە کێشە کارگێڕی و سیاسیەکان بەناویەکدا بچن و هیچ دەزگایەکی خزمەتگوزاری بەدەر نەبێ لە ململانێی حیزبی. گوتاری کارگێڕی گوتارێکی پسپۆڕیی سەربەخۆیە، دەستەی جێبەجێکار (حکومەت) پەخشی دەکا و

هەمــو شــێوازەکانی زانیــاری (معرفــة) بەکــاردەهێنێ بــۆ فەراهەمکردنـــی جێگیریـــی بــاردۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابوری لە پێناو ئاسایش و ئارامی ڕژێمی سیاسی (فريدة لعبيدى ٢٠١١: ٢٩).

کەم ئەزمــونی لە بەڕێــوەبردن و نەبــونی گوتــارێکی سیاســی و نەتەوەیــی یەکگرتــو، فشــار و دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمی، دابەشبونی گوتاری سیاسی بەسەر گوتاری حیزبی، زاڵبونی زمـانی چەک ... لە سەرەتاوە، ئەم ئەزمونەی هەرێمی کوردستانی عێراقی خستە بـارودۆخێکی نائـارام و ســەقامگیری بەخـۆیەوە نەبینــی. دوچـاری چەنـدین شــەڕ بــوەوە. وەک: شــەڕی پـارتی کرێکـارانی کوردستان، شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی و دواین جار شەڕی ناوخۆی هەردو حیزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان. لە لایەکی تر دیارترین ئاڕاستەی گوتاری سیاسی لە دوای ڕاپەڕین بریتـی بـو لە: دڵنیـاکردنەوەی وڵاتـانی هەرێمـی بە تـایبەتی تورکیـا و ئێران کە ئەزمـونی باشـوری کوردسـتان نــابێتە هەڕەشــە لەســەر ئەو وڵاتــانە و هەوڵــی دروســت کردنـــی دەوڵەتێکـــی کـــوردی نــادرێ و یەکپارچەیی خاکی عێراق پارێزراو دەبێ. (ماریانا خاروداکی٢٠١٣: ٣٧٠).

یەکێـک لە سیما جیاکەرەوەکـانی گوتـاری سیاسیی دوای ڕاپەڕین، دەرکەوتنـی گوتـاری ئیسـلامی سیاسـیە، بە هەردو ئاڕاسـتە تونـد ڕەو و میـانڕەوەکەی. بـابەتی ئـاین و پیـاوانی ئـاین لە بـزوتنەوە کوردیەکــانی هەمــو پارچەکــانی کوردســتان ڕەگ و ڕیشــەی مێژوییــی هەیە، زۆربەی ســەرکردە سیاسیەکانی سـەدەکانی ڕابـردو و سـەدەی بیسـتەمیش پیـاوانی ئـاینی بـون، پابەنـدیەکی تەواویـان بە بنەماکــانی ئــاینی ئیســلام هەبــوە. لەنــاو گوتــاری سیاســی کــوردی ئیســلامی سیاســی تــا ڕادەیەک ئاڕاستەیەکی نوێ بو ، بە گشتی گوتـارێکی ئایدیۆلۆژی پێکدەهێنا و بە کۆمەڵێـک چەمـک و بیـر و بۆچونی جیـاواز هـاتە گۆڕەپـانی سیاسـی. لەگەڵ ئەوەشدا زەمینەیەکـی لەبـار و ژینگەیەکـی ئامـادەی کارکردنیان دۆزیەوە بۆ کاری ئیسلامی سیاسـی و لە یەکەم هەڵبژاردندا لە سـاڵی ١٩٩٢دا نـزیکەی ٦% ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا. ( دیڤید مکدول ٢٠٠٤: ٥٨١).

دوای تێپەڕاندنی ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، لەگەڵ مانەوەی زۆربەی کێشـە سیاسیەکان و کێشەی سنور و مافە دەستوریەکان، بە تێپەڕبونی کات، گوتاری سیاسیی کوردی لە بەشی باشـوری کوردستان تا ڕادەیەک بەرەو جێگیری هەنگاوی نا، بە تـایبەتی دوای پرۆسـەی ئـازادکردنی عێراق ٢٠٠٣ و ناساندنی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدڕاڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. لەو قۆنـاغەدا گوتـاری دەسـەڵاتی کـوردی وەک گوتـارێکی لیبـڕاڵ و سـەردەمی، خـۆی پێناسـە دەکـا و دروشمەکانی دیموکراسی و پێکەوەژیانی هەڵگرتوە.

## بەشی سێیەم - تەوەرەی دوەم

١- شیکردەنەوەی گوتاری مەسعود بارزانی (یادی شەنگال)

٢- شیکردنەوەی گوتاری مەسعود بارزانی (بانگەشەی ڕیفرادۆم- هەولێر)

٣- شیکردنەوەی گوتاری نێچیروان بارزانی(کونفراسی وەزارەتی ئەوقاف)

٤- شیکردنەوەی گوتاری عەلی باپیر ( دیداری مێری )

٥- شیکردنەوەی گوتاری سەڵاحەددین موحوممەد بەهائەددین (دیداری مێری)

## بەشی سێیەم- تەوەرەی دوەم

### ٣-٢-١شیکردنەوەی گوتاری مەسعود بارزانی – سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادیەکەمی کارەساتی شەنگال ٢٠١٥/٨/٣.

### ٣-٢-١-١ ڕەهەندی زمانەوانی(Linguistic dimension):

ڕەهەندی زمانەوانی دەوروبەری زمانی، یان دەوروبەری ناوخۆی گوتار پێکدەهێنی. ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە، چۆنیەتی کارکردنی کەرەستەکانی ڕستەیەک و ڕستەکانی دەقێک، هەروەها جۆری ڕستەکان و ئەرکەکانیان لە بنیاتی گوتاردا دەخرێنە ڕو.

**أ/ ئاستی دەنگسازی**: لە ئاستی دەنگسازی، گرنگی بە دروستیی گۆکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی و چۆنیەتی گەیاندنی دەنگ بە وەرگران و فۆنیمە ناکەرتیەکان (هێز، ئاوازە، وەستان)، دەدرێ. فۆنیمە ناکەرتیەکان ڕۆلی گرنگیان هەیە لە گۆڕینی واتا و گەیاندنی مەبەستی تایبەت لە گوتاردا. بە هۆی فۆنیمە ناکەرتیەکان نێرەر دەتوانێ واتای جیاواز لە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک باربکا و لە پاڵ واتا فەرهەنگیەکەی واتایەکی کاتیی پێبدا بە پێی دەرورووبەری بەکارهێنانی.

ئەم گوتارە لە هۆڵێکی گەورە پێشکەشکراوە، هۆکارەکانی گواستنەوەی دەنگ و شوێنی گوتاردان ئامادەکراون. گوتارەکە بە شێوەی کوردیی ژورو پێشکەشکراوە، نێرەر کێشەی گۆکردنی فۆنیمە تایبەتیەکانی کوردیی ژوروی نیە، چونکە شێوەزاری خۆی کوردیی ژوروە.

**فۆنیمە ناکەرتیەکان:**

**١/ هێز:** لە گوتاری سیاسیدا بە زۆری گرنگی بەو هێزە دەدرێ کە دەخرێتە سەر وشەیەک لە ناوڕستە، یان ڕستەیەک لەناو پەرەگرافێک هێزی دەخرێتە سەر، بە مەبەستی جەختکردنەوە، یان نیشاندانی واتایەکی تایبەت. بۆنمونە:

- **ب چەکەکێ زۆری کەڤن پێشمەرگا هێزەکا دڕەندە یا کو داعشن، تێکشکاند.**

هێز لەسەر هەردو ئاوەڵناوی (کەڤن) و (دڕندە)یە، هەردو وشەکان لەگەل یەکتر بۆ جەختکردنەوە لە ئازایەتی پێشمەرگە بەکارهاتون کە بە درێژایی گوتارەکە چەندین جار باسکراوە.

- **ب نیسبەتا من ئەو کەچکێت ئێزدی هێمایێ شەرەفا کوردانە.↑**

هێز خراوەتە سەر وشەی (شەڕەف). لە چوارچێوەی کارەساتی شەنگاڵ، داعش هەزاران کچی ئێزیدی ڕفاند و وەکو (کەنیزەی شەڕ) و ( سەبایا) کڕین و فرۆشتنی پێدەکردن. بە زۆر ئاینیان پێ دەگۆڕین، لە ڕوی دەرونیەوە ئەو ڕوداوانە کاریگەریەکی زۆری لەسەر کورد بە گشتی و ئێزدیەکان بە تایبەتی جێهێشتبو، نێرەر لێرەدا دەیەوێ جەخت لە سەر شەرەفمەندیی کچی ئێزدی بکاتەوە، کە ستەمێکی گەورەیان بەرامبەر کراوە.

٢/ **ئاوازە:** فۆنیمێکی ناکەرتیە، هەمو زنجیرە دەنگێکی گۆکراو دەگرێتەوە، دەچێتە ناو پێکهاتەی سەرجەم توخمە گۆکراوەکان و ڕازاندنەوەیەکی مۆسیقاییان پێ دەبەخشێ. ڕۆڵی ئاوازە تەواوکەری ڕۆڵی کەرەستە ناکەرتیەکانی ترە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بە تەواوکاری لەگەڵ هێزدا. ئاوازەی ڕستە دەوەستێتە سەر ژمارە و چۆنیەتی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان لە چرکەیەکدا، ئاخێوەری هەر زمانێک دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی ڕستە، ناوەرۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێ و چەمکی جیا جیای پێببخشێ وەک: نارەزایی، توڕەیی، سەرسوڕمان...( تالیب حوسێن ٢٠١٥: ٩٤)

لەم گوتارەدا بە گشتی ئاوازەی ڕستەکان، ئاوازەی ئاسۆیی و ئاسایی ڕستەی زانیاری وەهەڵدانە کە ڕێژەی ٩٣%ی ڕستەکان پێکدێنێ. ئاستی دەنگ ئاستێکی ناوەندیە و بەرزی نزمیی زۆری تێدانیە. تەنیا لە کۆتایی هەندێک ڕستە، هاوکات لەگەڵ ئەو وشانەی کە هێزیان خراوەتەسەر هەست بە بەرزبونەوەی ئاستی دەنگ و ئاوازەی (هەلس) دەکرێ. بۆنمونە:

- **ب نیسبەتا من ئەو کەچکێت ئێزدی هێمایێ شەڕەفا کوردانە.**

٣/ **وەستان:** دو جۆر وەستان لە گوتاردا ڕۆلیان هەیە،

**أ/** وەستانی کراوە (open transition): وەستانێکی ناوخۆی ڕستەیە و نیشانەی (+) بۆ دادەنرێ، ئەو وەستانەیە کە لەنێوان وشەکانی ڕستەیەک بەدیدەرێ:

- **هێز+ و+ دڕندەییا+ داعشا+ دنیا+ لەرزاند+ ئەمما+ الحمدلله+ ل+ کوردستانێ+ پێشمەرگێت+ قەهرەمان+ ئستورا+ داعشێ+ تێککشاند+**

**ب/** ئەو وەستانە دەکەوێتە کۆتایی درکاندن، لە کاتی بێدەنگی بەدیاردەکەوێ، وەستانی کورت و درێژی نێوان ڕستە و پەرەگرافەکان دەگرێتەوە. لە کاتی بەرزبونەوەی دەنگ پێش وەستان نیشانەی(↑)بۆ دادەنرێ، لە کاتی نزمبونەوەی دەنگ پێش وەستان نیشانەی(↓) بۆ دادەنرێ. ئەگەر بەرزی و نزمی دەنگ نەبو و بەهەمان ئاستی ئاسۆیی دەنگ بەردەوام بو نیشانەی(→) بۆ دادەنرێ.

لەم گوتـارەدا پێـنج وەسـتانی درێـژ هەیە کە دەکەونە کۆتـایی ڕستـە، هەر پێـنج وەسـتانەکە وەسـتانی درێژن بە هۆی چەپڵەی وەرگران.

- **مەزنترین ئاواتا کو مـن هەبـوو ئەوبـوو ئەز ببینم ئەو موجریمێت کو دلـێ خۆ ب ئێزدیا خۆشکردی، بکەڤنە بن پێیت ئێزدیا، ئەڤڕۆ کەفتینەڤ بـن پێیـت هنگۆ↑. +++ ١٠چرکە.**

**ب/ ئاستی وشەسازی:**

**١/ وشەی بیانی:** گوتارەکە لە (٢٦٩٨)[٢٢] وشە پێکهـاتوە، تەنیـا ڕێـژەی ٢,٨%ی وشـەکان، وشـەی عەرەبین. ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ گوتارێکی درێژ. وشە عەرەبیەکان ئەو وشـانەن کە لە زمـانی سیاسـی و ئاخـاوتنی ڕۆژانەی باشـوری کوردسـتان زۆر بەکـاردێن، وەک وشـەکانی (وەحشـیانە، قوەت، وەعد، غەدر ، نەتیجە...)، بە تـایبەتی لە نـاوچەی بادینـان وشـەی عەرەبـی زیـاتر تێکەڵ بە شێوەزارەکە بوە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردوە نێرەر زیـاتر گرنگـی بەو وشـانە بـدا کە لە شێوەزاری ناوچەکە بە شێوەیەکی فراوان بە کاردێن، بۆ ئەوەی گوتارەکە لە ئاستی تێگەیشتنی وەرگران دانەبڕێ. گوتارەکە دورە لە بەکارهێنانی وشـە و دەستەواژەی ئـاڵۆز و سیاسیی ئەوتـۆ کە وەرگران لێی تێنەگەن. ئەمەش ستراتیژیەتێکی سەرکەوتوی گەیاندنی پەیامی سیاسیە کە بە ئاستێکی نزیـک لە زمـانی وەرگران گوتـار ئاڕاستە بکرێ. بـۆ ئەوەی هەمو وەرگـران لە گوتـاەکە تێبگەن. چونکە وەرگرانی گوتارەکە لەهەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێکدێن.

**٢/ شێوەزاری ناوچەیی:** گوتارەکە بە شێوەی کوردیی ژورو پێشکەشکراوە. نێرەر بە شێوەزارێـک گوتارەکەی پێشکەشکردوە کە هەمو کوردێـک تێیبگا، چونکە گوتارەکە ئاڕاستەی هەمو جەمـاوەری کورسـتان کـراوە، جیـاوازی لەگەڵ گوتارەکـانی تـری کە بەشـێوەزاری کـوردیی ناوەڕاسـت پێشیکەشـیاندەکا، زۆرنـیە. جیـاوازیەکە بە زۆری لە ئاسـتی دەنگسـازیە، لەگەڵ هەنـدێک وشـە کە تایبەتن بە کوردیی ژورو وەک وشەکانی: مەزن، دلۆڤان، دەڤەر، هەیڤ، زارۆک، ڕۆندک، گـاڤ، دوماهی خەلەک، کوور، ئول. جـگە لەم وشـانە هەمـو وشـە بەکارهاتوەکـانی تر، ئەو وشـانەن کە لە هەردو شێوەزاری کوردی ناوەڕاست و کوردیی ژورو بەکاردێن.

بەکارهینانی شێوەزاری گونجاو یەکێکە لە ستراتیژیەتە سەرکەوتوەکانی گوتاری سیاسی، چونکە مەبەسـتی سـەرەکی لە گوتـاری سیاسـی گەیانـدنی پەیـامی سیاسیە. گونجـانی زمـانی گوتـار لەگەڵ

[٢٢] بە پێی ژماردنی بەرنامەی(word) کە ئامرازەکانیش بە وشە هەژماردەکا.

وەرگران و ڕەچاوکردنی ئاستی ڕۆشەنبیری و کلوتوری و کۆمەڵایەتیی وەرگران، کاریگەریی گوتار زیاتر دەکا و ناوەرۆکی پەیامە سیاسیەکەش ئاسانتر دەگەیەنێ.

**٣/ جێناوەکەسیەکان:** لە گوتارەکەدا (٣٤٣) جێناوی کەسی بەکار هاتون، دو کۆمەڵەی جێناوە سەربەخۆکان و کۆمەڵەی ڕێککەوتن لە جێناوە لکاوەکان دەگرێتەوە، جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە کە دەگاتە ٣٧%ی کۆی جێناوە بەکارهاتوەکان.

خشتەی ژمارە ١

| جێناو | کەسی یەکەم | | کەسی دوەم | | کەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەربەخۆ | ئەز | ئەم | تو | هوین/هنگۆ | ئەو | ئەو |
| | ٣٠ | ٣٢ | ٤ | ١٤ | ١ | ٦ |
| سەربەخۆ | من | مە | تە | وە/هەوە | وی/وێ | وان |
| | ٣٧ | ٥٤ | ٢ | ٨ | ٦ | ٢٩ |
| لکاو | م | ین | یت | ن | Ø | ن |
| | ٢٧ | ٤٠ | ٢ | ٧ | ١٩ | ٢٥ |

**ج/ ئاستی ڕستەسازی:**

**١/ ئەرکی ڕستەکان:**

**أ/ ئەرکی هەواڵدان و زانیاری:** ڕستەی هەواڵدان و زانیاری ڕۆلێکی سەرەکی هەیە لە گوتاری سیاسیدا، کەسایەتی دەسەڵاتزانیاری زۆری لایە، هەمیشە جێگەی بەیاخی وەرگرە ڕاستەوخۆکان و ناڕاستەوخۆکانە، ئەوانەی لە شوێنی گوتاردانەکە ئامادەن، ئەوانەش کە لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە گوتارکە دەبینن و دەبیستن، بە تایبەتی لەکاتی شەڕ و باری نائاسایی و قەیرانەکاندا. پێگەی نێرەر زۆر گرنگە لە هەواڵ و زانیاریی سیاسی. بە تایبەتی پێگەی سەرۆکی وڵات، چونکە لەم باردۆخانەدا زانیاریە سەربازی و سیاسیەکان بە پلەی یەکەم لە لای سەرۆکی وڵاتە. لەم گوتارەدا، نێرەر سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکانە. باس لە ئەزمونی یەک ساڵ شەڕی داعش و قارەمانیەتی پێشمەرگە و پلان و ستراتیژیەتەکانی داهاتو دەکا. بۆیە ڕستەی هەواڵدان و زانیاری ڕێژەی ٩٣%ی ڕستە بەکارهاتوەکان پێکدەهێنێ. بۆنمونە:

- **نە مومکینە ئەم ڕاوەستین، هەتا تەمامی ئاخا خۆ ل دەستێ دوژمنێ خۆ ڕزگار نەکەین.**

- **انشـاالله دێ دگەل هنگۆ هێین ڤێکرا دێچینەڤ شـنگالدا، مـوەتمەئین بـن دێ هنگۆ بەینەڤە شنگال.**

ئەم دو نمونـانە پەیوەنـدیەکی ڕاسـتەوخۆیان بە دەسـەڵاتی نێـرەرەوە هەیە، چـونکە هەمـو کەسـێک ناتوانێ ئەم دەقانە بەرهەمبێنێ، ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێکی سەربازی وسیاسی نەبێ. لە هەمان کاتدا دەقەکان لە چەند ڕستەیەکی هەواڵدان پێکهاتون، هەواڵی زۆر گرنگن بۆ وەرگران کە زۆربەیـان دانیشتوی شەنگال و دەوروبەری شەنگالن.

**ب/ ئەرکی پرسیاری:** گوتارەکە تەنیا دو ڕستەی پرسیاری تێدایە، ڕستە پرسیاریەکانیش بە مەبەستی زانیاریـدان بەکارهـاتون، هەردو ڕسـتە پرسـیاریەکان زانیـاریی مێـژوییە لە بـارەی کارەسـاتەکانی ڕابردو:

- **بۆ فەقیر و هەژارێت گەرمیان توش بون ؟ ئێزدیش هەر لبەر وێ توش بون.**
- **بۆ بارزانی توش بون؟ ئێزدیش هەر لبەر وێ سەبەبێ توش بون.**

هێرشـی داعش و جینۆسـایدکردنی ئێزیدیەکانیش هەمـان ئەو فەرهەنـگەیە کە دوژمنـانی کـورد بە درێژایی مێژو، دوژمنایەتی کوردیان پێکردوە.

**ج/ ئەرکی فەرماندان و داخوازی:** بە گشتی گوتارەکە یەک ڕستەی فەرمانـانی تێدایە، تەنیـا لەڕوی ڕیزمـانیەوە فەرمانـدانە، چـونکە ڕاسـتەوخۆ ئاڕاسـتەی کەسـی دوەمـی کـۆ کـراوە. لەناوەرۆکدا بـۆ مەبەستی فەرماندان بەکار نەهاتوە . بەڵکو بۆ مەستی هەواڵدان و وەک مژدیەک بەکار هاتوە:

- **ئەز دبێژمە هنگۆش خۆ حازر بکەن، انشاالله دێ دگەل هنگۆ هێین ڤێکرا دێچینەڤ شنگالدا.**

ڕستەی داخوازی ڕێژیەکی زۆرتر بەکـار هـاتوە، ڕێژەی ٥,٤%ی ڕستەکان بە مەبەسـتی ئەرکـی داخوازی بەکار هاتوە. ئەمەش پەیوەندیی بە بارودۆخ و جۆری وەرگران هەیە. چونکە وەرگران لە هەمـو چـین و توێژەکـانی پێکهـاتەی ئێزیـدی پێکهـاتون، ڕسـتە داخوازیەکـان بـۆ مەبەسـتی ورە بەرزکردنەوە و ئاڕاستەکردن بۆ ئایندە بەکارهاتون:

- **باوەڕی ب وڵاتێ خۆ ل دەست نەدەن، باوەڕی بخۆ بون ل دەست نەدەن ئومێد ب ئاییندەیەکی گەش ل دەست نەدەن.**

**د/ ئەرکی ڕاپەڕاندن:** ئەو جۆرە ڕستانەن کە بەڵێن و پەیمانی تێدایە، ئەمەش لە گوتاری سیاسیدا پەیوەندەیەکی ڕاستەخۆی بە پێگەی نێرەرەوە هەیە، چونکە لە بارودۆخێکی وا سەخت، هەمو کەسێک ناتوانێ بەڵێن بدا. هەرچەندە دەسەڵاتی نێرەر فراوانتر بێ لە توانایدا هەیە بەڵێنی زیاتر و کاریگەرتر بدا. گوتارەکە چوار ڕستەی ڕاپەڕاندنی تێدایە:

- **ئەز دێ وی وەعدیش دەم، ئەوێن کو ئەڤ تاوانە کردی هەتا یەک نەفەرێ وان مابێ ل هەر جهەکی بن، ئەم ل دو وان ڤەنابین. لازمە بگەهنە جەزایێ خۆ.**
- **وەعدیش ددەم، ئەوێت کو دەستدرێژکردی بۆ ناموسا مە، هەتا ئاخر نەفەرێ وان ل هەر جهەکێ دنیایێ بیت، ئەم ل دو وان ڤەنەبین، هەتا تۆڵا میللەتێ خۆ لێڤەنەکەی.**

**٢/ ڕستەی نەرێ:** ڕێژەی ١٠%ی ڕستەکانی گوتارەکەڕستەی نەرێن و ڕیژەی ٩٠%، ڕستەی ئەرێن. زۆربەی ڕستە نەرێکان بۆ جەختکردنەوە لە ئامانجەکانی گوتارەکە بەکارهاتون وئاڕاستەی داهاتوکراون، ستراتیژیەت و پلانی دوای گوتارەکە نیشاندەدەن. چونکە بەشی زۆری گوتارەکە ئاڕاستەی داهاتو دەکرێ. پێگەو کەسایەتی نێرەر ڕۆلی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئەوجۆرە ڕستانە، چونکە نێرەر فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە:

- **نە مومکینە ئەم ڕاوەستین هەتا تەمامێ ئاخا خۆ ل دەستێ دوژمنی ڕزگار نەکەین.**
- **ئەم ل دو وان ڤەنابین هەتا تۆڵا میللەتێ خۆ لێڤەنەکەین.**

**٣/ ڕستەی بکەر نادیار:** گوتارەکە بە ڕێژەی ٢,٤% ڕستەی بکەر نادیاری تێدایە. ڕستە بکەر نادیارەکان بە مەبەستی بە لوتکەکردنی بەرکار بەکارهاتون، چونکە زیاتر بەرکارەکان(دەڤەر) مەبەستن، بکەر دیار و ناسراوە(پێشمەرگە) و لە چەندین شوێنی تری گوتارەکە باسکراوە:

- **الحمدلله زۆر دەڤەر هاتینە ڕزگارکردن.**
- **من دیت کو ب چ قەهرەمانی ئەڤ دەڤەرە هاتە ڕزگارکردن.**

### ٣-٢-١-٢ ڕەهەندی دەروزمانی(Linguistic PsychologyDimension):

**أ/ باری دەرونی نێرەر:** گوتارەکە لە یادی کارەساتێکی گەورە کە کارەساتی جینوسایدکردنی ئێزیدیەکانە لە ٢٠١٥/٨/٣ پێشکەشکراوە کە یادی یەکەمی کارساتەکەیە. گوتارەکە لە باردۆخێک پێشکەشکراوە کە هێشتا شەنگال ئازاد نەکراوە و لە دەست داعشدایە. بە هەزاران کەسی ئێزیدی لە بندەستی داعشدان. تاوانە دڕندەییەکانی داعش کاریگەریی بەسەر هەمو تاکێکی کورد ماوە. ڕفاندنی

کـچ و ژنــی ئێزیـدی کـاریگەریی دەرونــی زۆری بەســەر وەرگـران و هەمـو خەڵکـی کوردسـتان هەرمـاوە. وەکـو سـەرۆکی هەرێم، ئەم ڕوداوانە کاریگەریـان لەسـەر گوتارکەیدا دیـارە، شێوازی گوتاردانەکەی شێوەیەکی خەمناکی پێوە دیارە. ئەم بارودۆخە و ئەو هاوخەمیەی نێرەر، وایکردوە لە چەندین شوێن ئەو کاریگەریە بە گوتارەکەوە دیاربێ:

- **باوەڕ بکەن دلێ من ل یێ هنگۆ بریندارترە و ئەز ل هنگۆ موتەئەسیرترم.**

ناوهێنــانی (کــچ و خوشــکێن ڕەڤانــدی)بە تــایبەتی، ڕادەی کــاریگەریە دەرونیەکــانی ڕوداوەکــان نیشــاندەدا. چــونکە لە کۆمەڵگــای کــوردی. ژن ڕێــز و کەســایەتیەکی تــایبەتی هەیە و هەمیشــە پارێزراون، لە شەڕ و ناکۆکیەکان. لە دوای پرۆسەی ئەنفالیش، ئەوە بۆ یەکەم جار بو بەرێژەیەکی وا زۆر ژن ومنداڵ ببنە قوربانیی هێرشێکی دڕندانە. ئەم ڕوداوانە کـاریگەریە دەرونیەکـانی نێرەر نیشاندەدەن بۆنمونە:

- **من بخۆ زۆر و بچاڤێ خۆ زۆر کارەساتێت دیتی کو ب سەر میللەتێ مە هاتی، بەس باوەڕ بکەن هیچەک ل وان کارەساتا هندی ئەڤ کارەساتا بسەر خوشک و برایێت مە یێت ئێزدی هاتی، دلێ من بریندار نەکرد.**

**ب/ دەروزمانیی پەیام:** کاریگەریەکانی کارەساتی شەنگال و دەوروبەری، نەک دوای ساڵێک بەڵکو تـا دەیـان سـاڵ بەسـەر ئیزیـدیەکان هەر دەمێنـێ. بە هەزاران خێـزان پـارچە پـارچە بـون، بەشێکیان کۆمەڵکوژکران، بەشێکیان کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا. ئەو ڕوداوانە بارێکی دەرونی زۆر دژواری بـۆ ئێزیـدیەکان دروسـتکردبو. بـۆیە بەشـێکی گرنگـی پەیـامەکە بـریتیە لە دڵنەوایـی کەس وکـاری قوربایانی کارەساتی شەنگال:

- **ئەز بەشدار و هەڤ خەمێ ئێک ئێک بنەمالێت شـەهید و ئێخسـیرانم. هەڤ خەمـی هەمـی بنەمالێت کچ و خوشـکێن ڕەڤانـدی یێن کـوردێن ئێزدیمە، خـودێ سـەبر و تەحەمولێ بدتە مە هەمیا.**

بەکارهێنــانی هاوەڵنــاوی(ئێــک ئێــک) تایبەتمەنــدیەکی تەواو دەدا بە هەر تــاکێکی بنەمــاڵەی قوربانیەکان، ڕادەی کاریگەریی پەیامەکە بەهێز دەکا، بەتایبەتی کە جێناوی (مە) بەکاردێنێ کاتێک کە باسی سەبر و تەحەممول دەکا (خودێ سەبر و تەحەممول بدەتە مە هەمیا). ئەمە ڕادەی نزیکی و تێکەڵبونی نێرەر لەگەڵ ڕوداوەکان نیشان دەدا.

بەشێکی تری پەیامەکە بریتیە لە هاندانی ئێزدیەکان و خەڵکی شەنگال و دەوروبەری بۆ ئەوەی بەرەو داهاتو هەنگاو بنێن. ئاڕاستەکردن بەرەو داهاتو یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی گوتاری سیاسی. هەرچەندە باردۆخ سەخت و دژوار بێ، گوتاری سیاسی بەدەرنیە لە پەخشکردنی هیوا و ئاوات و هەنگاونان بەرەو داهاتویەکی باشتر. بۆیە لە گوتارەکەدا (٢٨) جار ناوی ئێزیدی و (٢١) جار ناوی شەنگال و (٢٢) جار هەردو جێناوەکانی (هنگۆ/ وە) بەکارهاتوە، واتە بە شێوەیەکی تایبەت پەیامەکە ئاڕاستەی ئێزیدیەکان دەکرێ. بۆنمونە:

- **هەمی شیانێت خۆ مە بکارئینان بۆ هندێ کو کوڕ و کچێت ئێزدی باوەڕی ب خۆ پەیدابکەن، هەمی تاکەکێ کورد، بەس ب تایبەتی ئێزدی کو بەرەڤ ئایندەیەکێ گەش بچن و ئومێدەکا مەزن بۆ دروستببی.**
- **تڤیا ئەم هەوڵبدەین کوڕێ ئێزدی، کیژا ئێزدی، مرۆڤێ ئێزدی، باوەڕی بخۆ پەیدابی. لازمە بزانیت کوڕێ ڤی ولاتیە و ئەڤە ولاتی ویە و ئاخا ویە، و لازمە ب سەربەستی تێدا بژیت.**

یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی گوتاری سیاسی بریتیە ئاراستەکردن بەرەو ئاینده و چاندنی گەشبینی لە دەرونی وەرگران. لەم دو دەقەی سەرەوە ئەو ڕەگەزانە بە ڕونی بەدیدەکرێن، سەرەڕایی سەختیی باردۆخیان، ئێزیدیەکان ئەو جۆرە پەیامەیان پێویستە، بۆ ئەوەی دوبارە هەنگاو بەرەو داهاتو بنێن.

**ج/ باری دەرونی وەرگران:** لە چوارچێوەی ئەو شەڕە دەرونییەی داعش لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەڕێوەی دەبرد، وەک نیشاندانی دیمەنی کوشتنی بە کۆمەڵ و سەربڕین و کڕین و فرۆشتن بە کچانی ئێزدی و گۆڕینی ئاینی منداڵانی ئێزدی... خەڵکی کوردستان بە گشتی و پێکهاتەی ئێزیدی بە تایبەتی لە بارودۆخێکی دەرونی زۆر سەختدابون. ئەو پەیامانەی داعش ئاڕاستەی گەلی کوردستانی دەکرد، ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەوی ئیسلامی لە پشتەوە بو، بۆیە ئێزدی بە گشتی ئەو باوەڕەیان لا دروسبووبو کە بە هۆی جیاوازیی ئاینی و نەتەوەیی، ئەو کارەساتەیان بەسەرهاتوە و بە (فەرمانا٧٤) ناویان دەبرد. ئەم بارودۆخە باری دەرونیی ئێزیدیەکانی زۆر سەخت کردبو. ئەمەش لە گوتارەکەدا بە وردی هەڵوەستەی لەسەر کراوە:

- **حەقیقەت ئێزدیا ڕەسەنایەتی کوردا یا پاراستی و ئەو باجێ کو دایش ئێزدیا مومکینە یەک ل سەبەبا ئەوە چونکی کوردایەتیا خۆ یا پاراستی، دینێ خۆ ب کوردی یێ پاراستی، عادات و تەقالیدێت کوردا یێت پاراستی، زمانێ خۆ یێ پاکژ یێ کوردی یێ پاراستی.**

لەم دەقە و لە چەند دەقێکی تری گوتارەکە، بە تایبەتی جەخت لە لایەنی نەتەوەیی ئێزیدی کراوەتەوە. کارەساتی ئێزیدیەکان بە کارەساتەکانی وەک: ئەنفال و بێ سەرو شوێنکردنی فەیلیەکان و بارزانیەکان بەستروواوەتەوە، بە یەک فەرهەنگ لەقەڵەم دراوە کە ئەویش دژایەتیکردنی نەتەوەی کوردە لە لایەن نەتەوەکانی تر. هێناونەوەی ئەم جۆرە نمونانە بەشێکە لە دڵدانەوەی باری دەرونی ئێزدیەکان بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان لا نەمێنێ کە تەنیا ئێزیەکان دوچاری ئەو کارەساتانە بون. بەڵکو هەمو کورد ڕوبەڕوی کارەساتی گەورەتر بون بە درێژیی مێژوی هاوچەرخ.

### ٣-٢-١-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان(Social linguistics dimensions):

**أ/ ڕەهەندی نەتەوەیی:** نێرەر سەرکردەیەکی کاریگەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیە و یەکێک لەو ناسنامانەی کە هەمیشە شانازی پێوەدەکا لە هەمو گوتارەکانی، ناسنامەی پشمەرگایەتیە. بۆیە لەگوتارەکەیدا (١٥) جار ناوی پێشمەرگە و(٢٢) ناوی کوردی هێناوە. هەردو ناوەکە سیمایەکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە و بەیەکەوە بەستراونەتەوە. بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی گوتارەکە ئەوەیە ڕەهەندە نەتەوەییەکانی هێرشەکانی داعش نیشانبدا. چونکە داعش هێرشیکردە سەر هەردو پارچەی باشور و ڕژئاوای کوردستان. واتە؛ هێرشی سەر ئێزیدیەکان تەنیا لەبەر جیاوازیی ئاینی نەبو، بەڵکو لەبەر جیاوازیی نەتەوەیی بو:

- **ئەڤەش درێژەپێدەرا وان کارەساتایە، یا وان مسیبەتایە کو بسەرێ مللەتێ کورد هاتی.**

یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نەتەوەی، یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە گوتارەکەدا گرنگی تەواوی پێدراوە. وەک لە باسی هاوکاریی شەرڤانانی ڕۆژئاوا ئاماژەی پیدراوە:

- **هەمی جارا یەکڕیزی و یەکەیەتیا میللەتێ کورد ل هەمی سیلاحەکی ب قوەتترە بۆ مە و سەرپشکە بۆ هەمی سەرکەفتنەکی و هەمی دەسکەفتەکی مەزنیش.**

**ب/ ڕەهەندی مێژویی:** هەمو گوتارێکی سیاسی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک ڕوداوی مێژویی، ئەو ڕوداوانە کاریگەریان لەسەر بەرهەمهێنانی گوتارەکە هەیە و بەشدارن لە پێکهێنانی بنیاتی گوتارەکە. هەندێک لە ڕوداوە مێژوییەکان دەبن بە ئەزمون و دەکرێن بە بەڵگەی مێژویی. لەگەڵ ئەوەش گوتاری سیاسی بریتی نیە لە گێڕانەوەی مێژوی ڕوداوەکان، بەڵکو ڕوداوە مێژوییەکان یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی و سود لەو ڕوداوانە وەردەگیرێ بۆ داهاتو. ئەم گوتارە لە یادی

کارەساتێک پێشکەشکراوە کە بوە بە مێژو و ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە. بۆیە کارەساتی شەنگال دەبەسترێتەوە بە کۆمەڵێک کارساتی تر کە بەسەر باشوری کوردستاندا هاتون:

- **ئەوا بسەرێ ئێزدیا هاتی، خەلەکەیەکە ل وێ زنجیرا کو ب سەرێ مللەتێ کورد هاتی.**

چەندین کارەساتی زۆر گەورەتر لە کارەساتی شەنگال لە باشوری کوردستان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردو بەسەر میللەتی کورد هاتون، ئەو کارەساتانە لە گوتارەکەدا بە پێی زنجیرەی مێژوی ڕوداوەکان کراوەنەتە بەڵگەی مێژویی بۆ فەرهەنگی شۆڤینی و خۆسەپێنی دەسەڵاتدارانی عێراق. بۆنمونە: کارەساتی ئەنفال لەژێر ناوی یەکێک لە سورەتەکانی قورئان ئەنجامدرا، هەمان ئەو ئایدیۆلۆژیایە بو کە ڕەوایی دەدا، کچ و ژنی کورد ئەتک بکرێن و زیندە بەچاڵ بکرێن. ئەوەی لە شەنگال ڕویدا دوبارەکردنەوەی ڕەفتاری هەمان ئایدیۆلۆژیا بو:

- **وەکی وێیە کو دوازدە هەزار کوڕ و کچێت فەیلی ئەڤڕۆش د بێسەروشوینن، هەشت هەزار بارزانی ئەڤڕۆش د بێسەر و شوینن، سەد و هەشتێ هەزار کوڕ و کچێت مە هە ل گەرمیان بگرە و هەتا دگەهتە زاخۆ، بێسەروشوینن. ئەڤەش درێژەپێدەرا وان کارەساتایە، یا وان مسیبەتایە کو بسەرێ مللەتێ کورد هاتی.**

**ج/ ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی:** لە ڕوی ئایدۆلۆژیای ئاینیەوە نێرەر و وەرگران لە دو ئاینی جیاوازن. نێرەر کەسێکی باوەڕدارە بە ئاینی ئیسلام و وەرگرانیش لە پێکهاتەی ئاینیی ئێزدین. پەیوەندیی نێوانیان بریتیە لە هاوبەشە نەتەوەیی و کلتوریەکان. ئەمەش ئایدیۆلۆژیا گوتارەکە دیاردەکا کە بریتیە لە ئازادیی ئاینیی و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕە ئاینیە جیاوزەکان. بۆیە گوتارەکە هیچ دەقێکی تایبەت بە ئاینی ئیسلام و ئاینی ئێزیدی تێدا نیە. ئەمەش واتە ڕەچاوی ئایدیۆلۆژیای وەرگران کراوە. لە گوتارەکەدا پێنج جار(الحمدلـلە) و پێنج جار(إنشاءالله) سەرەتای گوتارەکەش بە ڕستەی(ب ناڤێ خودێی مەزن و دلۆڤان) دەستپێکردوە. باوەڕبون بە (خوا) لە هەردو ئاینەکەدا هەیە. واتە؛ بە گشتی پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر پەیوەندیەکی نەتەوایەتیە:

**ئەڤ پێکڤەژیانا بوسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و هەمی دین و مەزهەب، ئەڤە لازمە ئەم ڤێ بپارێزین. چونکی سەروەریەکا زۆرا مەزنە و ئێکە ل سەبەبێت هەرە سەرەکی یێت کو ئیحتراما مللەتێ کورد هاتیە فەرزکردن.**

**٣-٢-١-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی (pragmatic dimension) :**

**أ/ دەوروبەری نـاوخۆ:** دەوروبەری نـاوخۆی گوتـار دەروبەری زمـانی و چۆنیەتی کـارکردنی یەکە زمانیەکـان لە چوارچێـوەی دەقێـک و چـۆنیەتی هەمـاهەنگی نێـوان پارچەکـانی گوتارێـک دەگرێتەوە. بۆ ئەوەی یەکێتیی بابەتی گوتارەکە بپارێزن. ئەو دەربڕین و دەستەواژانەش دەگرێتەوە کە لەوانەیە لە دەوربەرێکـی تـر بـۆ مەبەسـتێکی جیـاواز بەکـار بـێن وەک: جێناوەکـان، دەربـڕینە خوازەییەکان، پەند، ئەو ناوانەی بە ئامرازەکانی نیشانە نیشانکراون ... بۆ نمونە:

- **ئەوێن کو ئەڤ تاوانە کردی هەتا یەک نەفەرێ وان مابێ ل هەر جهەکی بن، ئەم ل دو وان ڤەنابین.**

لە جیاتی کارەساتی شەنگال و هەمو ئەو ڕوداوانەی ڕویانداوە (ئەڤ تاوانە) بەکارهاتوە کە تەنیا لەناو گوتارەکە دەزانرێ مەبەست چ تاوانێکە. لەبەر ئەوەی گوتارەکە تایبەتە بە یادکردنەوەی یەک ڕوداو، بـۆیە بەشـــی هەرە زۆری ئەو نـــاو و ئاوەڵنـــاوانەی کە لە گوتـــارەکەدا بەکارهـــاتون مەبەسـتەکانیان تەنیـا لە چوارچێـوەی گوتـارەکە و پەیوەنـدیەکانی نێـوان پارچەکـانی گوتـارەکە ڕوندەبێتەوە:

- **هەمی شیانێت خۆ مە بکارئێنان بۆ هندێ کو کوڕ و کچێت ئێزدی باوەڕی ب خۆ پەیدابکەن، هەمی تاکەکێ کورد، بەس بتایبەتی ئێزدی کو بەرەڤ ئایندەیەکێ گەش بچن و ئومێدەکا مەزن بۆ دروستببی.**

هەردو دەسـتەواژەی (ئاینـدەیەکی گەش) و (ئومێـدەکا مەزن) تـایبەتن بە چوارچێـوەی گوتـارەکە بەرامبەر بەو کارەسـات و کاولکاریـانە بەکارهاتون کە داعش بەسـەر نـاوچەی ئێزدیەکـانی هێنـاوە. هەروەها بەرامبەر ڕابردو و بێ ئومێدبونی تاکی ئێزیدی بەکارهاتون.

**جێناوە کەسیەکان:**

جێناوەکەسیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێکهێنانی بنیاتی نـاوەوەی گوتـارەکە، جێنـاوی کەسـی یەکەمـی کۆ زۆرتـرین بەکارهێنـانی هەیە کە دەگـاتە نـزیکەی ٣٧%ی جێنـاوە بەکارهاتوەکـان. ئەم ڕێژەیە بۆ سروشتی گوتارەکە و پێگەی نێرەر دەگەڕیتەو. بە تایبەتی کەسی یەکەمی کۆ لەو شوێنانە بەکارهـاتون کە پێویسـتیان بە کـاری پێکەوەیـی هەیە. جێناوەکـانی (ئەم/ مە) لە جیـاتی (سـەرۆکی هەرێم، پێشمەرگە، گەلی کوردستان) بەکار هاتوە بۆنمونە:

- **ئەم دێ ب مێرانی تۆلا خۆ ڤەکەین، ئەو نامەردن، میللەتێ مە میللەتەکی مەردە، پێشمەرگێ مە پێشمەرگەیەکی مەردە.**
- **ئەم ناکەینە شەڕێ میللەتا، ئەم ناکەینە شەڕێ ئاینا، ئەم ناکەینە شەڕێ یێ مەزهەبی.**

لە هەمو بارەکاندا جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ لە پێناو هاریکاری و بەرژەوەندی گشتی بەکارهاتون. لە بەرامبەر جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ، جیناوەکانی کەسی سێیەمی کۆ(ئەو/ وان) هەیە کە بەرێژەیەکی زۆر لە جێی ناوی داعش بەکار هاتوە. لە هەمو گوتارەکە (٦) جار ناوی داعش هاتوە، ئەوەیتر جێناوەکانی (ئەو/ وان) بەکارهاتون، چونکە ناوەکە (داعش) ناوێکی نەخوازراوە و لە گوتارەکە زۆر دوبارە نەکراوەتەوە. بۆنمونە:

- **وان زۆر ب نامەردی شەڕێ مە کرد، ئەم دێ زۆر ب مەردایەتی شەڕێ وان کەین.**
- **وان ئیسپات کرد کو وان نە ناموس هەیە، نە ئەخلاق هەیە، نە دین هەیە.**

بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاک(ئەز/ من) پێگە و دەسەڵاتی کەسایەتی نێرەر نیشاندەدا، کە جگە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی، خاوەن جەماوەرێکی زۆر فراوانە لە کوردستان و زۆربەی جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ بۆ ئەزمونی کەسیی خۆی بەکار هێناوە کە هەمویان پەیوەندیان بە ڕوداوەکانەوە هەیە. چونکە گوتارەکە کۆمەڵێک بەڵێنی تێدایە، بەڵێنیەکانیش لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان.

- **ئەزدێ ڤێ وەعدێ دەمە هنگۆ شەرتبێ ئەز دێ ڕوحا خۆ لسەر دانێم و ڤێ تۆلێ ل ڤان دوژمنانە ڤەکەین.**

**ب/ دەوروبەری دەروە:** دەوروبەری دەرەوە، هەمو ئەو ڕوداو و بارودۆخانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسی. بەو پێیەش گوتاری سیاسی گوتارێکی فرە ڕەهەندە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، ئایدیۆلۆژی ... هەمو ئەوانەش هۆکاری بەرهەمهێنی گوتاری سیاسین و لە پەیامی سیاسیدا ڕەنگدەدەنەوە. بۆیە دەوروبەری دەرەوە بنچینەی تێگەیشتن و شیکردنەوەی گوتاری سیاسیە، چونکە هەمو کات و شوێن و کەسە بەشدارەکان دەگرێتەوە. ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن چوارچێوەی گوتار دیاردەکەن. ئەم گوتارە لە کاتێکدا پێشکەشکراوە کە هێشتا شەڕی داعش بەردەوامبو و کۆتایی نەهاتبو، بە هەزاران کچ و کوڕ و ژن و منداڵی ئیزیدی لەبەردەستی داعشدابون، بە درێژایی سنوری کوردستان پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگریدابون و هەرێمی کوردستان بوبوە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی ڕوبەڕوبونەوەی داعش، پێشمەرگە لە چەندین شوێن داعشی تێکشکاندبو... ئەمانە بە

گشتی ئەو بارودۆخە بون کە گوتارەکەی تیادا پێشکەشکراوە و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لە گوتارەکەدا دیارە، بۆنمونە:

- **هەزاران ل وان موجریما کەلەشێت وان بێت کەفتیە مەیدانێت شەڕیدا.**

ئەم نمونەیە چوارچێوەی گشتیی کاتی گوتاردانەکە دیاردەکا، کە هێشتا هەڕەشەی شەڕ لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەردەوامە. ئاوەڵکاری (مەیدانێت شەڕی)، ئاماژەیە بۆ هەمو سنوری کوردستان، هەروەها کاتی ئێستا (کەفتیە) بەکارهاتوە کە چوارچێوەی کاتی پێشکەشکردنی گوتارەکە دیاردەکا کە یادی یەکەمی کارەسانی شەنگالە:

- **ئەڤرۆ سالەک دەربازدبیت ب سەر هێرشا وەحشیانە یا ڕێکخراوا تیرۆریستی یا داعش بۆ سەر کوردستانێ و هەروەها یەک ساڵ دەربازدبیت بسەر کۆمکوژیا کو ل شنگالێ ڕودای.**

ئاوەڵکارەکانی شوێن، بەشێوەیەکی فراوان بەکار هاتون ئەو شوێنانە نیشاندەدەن کە پەیوەندیی ڕاستەخۆیان بە گوتارەکەوە هەیە وەک: (نیڤەکا باژێرێ شنگالێ، چیایێ شنگالێ، ل وێرێ، هەرێماکوردستانێ...).

- **انشاالله دێ دگەل هنگۆ هێین ڤێکرا دێچینەڤ شنگالدا، مەتمەئین بن دێ هنگۆ بەینەڤ شنگال.**

**٣-٢-٢شیکردنەوەی گوتاری (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بانگەشەی ڕیفراندۆم،هەولێر ٢٠١٧/٩/٢٢.**

**٣-٢-٢-١ ڕەهەندی زمانەوانی:**

**أ/ئاستی دەنگسازی:** گوتارەکە گوتارێکی جەماوەریی فراوانە، بە دەیان هەزار کەس ئامادەبون. لەبەر فراوانیی شوێنی گوتاردانەکە و زۆری جەماوەری ئامادەبو، ئاستی دەنگیی گوتارەکە لە ئاستی ئاسایی بەرزترە. دەنگ لە ڕێگە چەند بڵندگۆیەک دەگوازرێتەوە. گوتارەکە بە شێوەی کوردیی ناوەڕاست پێشکەشکراوە. هەرچەندە شێوەزاری گوتاربێژ کوردیی ژوروە، لەگەڵ ئەوەش کێشەی گۆکردنی دەنگەکانی کوردیی ناوەڕاستی نیە. چونکە زۆربەی گوتارەکانی بە شیوەی کوردی ناوەڕاست پێشکەشدەکا.

**فۆنیمە ناکەرتیەکان:**

**١/ هێز:** هەمو ڕستەیەک هێزی ئاسایی خۆی وەرگرتوە، بەرز و نزمی دەنگ لەناوهەندێک ڕستە بەدیدەکرێ. بەرزی و نزمیەکان، ئاوازەی (هەلس)،یان (کەوت)یان لەگەڵە، ئەو وشانەی کە هێزیان خراوتە سەر بریتین لە (ناو، جێناو، ئاوەڵکار)، هەندێ جاریش ڕستەیەکی تەواو لەناو دەقێک هێزی خراوەتەسەر، ئەو کەرەستانەی کە هێزیان وەرگرتوە، بە مەبەستێکی تایبەت و واتای بارکراو و جەختکردنەوە هێزیان خراوەتە سەر، بۆ ئەوەی لەپاڵ واتا فەرهەنگیەکەیان واتای تر بدەن. بۆ نمونە:

- **جەماوەری شاری هۆلاکو بەزێن↑.**

هێز خراوەتە سەر (هۆلاکۆ بەزێن) کە یەکێکە لە پێناسەکانی شاری هەولێر و جەختی لێکراوەتەوە لەگەڵ ئاوازەیەکی بەرز.

- **ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەکان و هەمووی دەرچووە کەوتووتە دەستی ئێوە↑**

هێز خراوەتە سەر جێناوی (ئێوە) بۆ جەختکردنەوە لە ڕۆلی وەرگران کە ئامادەبوان و هەمو جەماوەری کوردستان دەگرێتەوە.

- **سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین بۆ ئەو دەعمەی کە بۆ ئێمەیان کرد، بەڵام ئێمە خوێنماندا.**

هێز کەوتۆتە سەر جێناوی (ئێمە)، وە ئاماژەیەک بۆ شەهیدانی شەڕی داعش.

تەنیا لە گوتاری گوتراودا کاریگەریەکانی فۆنیمە ناکەرتیەکان بە دیاردەکەوێ، ئاستەکە ئاستی دەنگیی گوتارە و لە گوتاری نوسراو ئەوە کاریگەریە و مەبەستەکانی فۆنیمە ناکەرتیەکان ڕۆلیان نابێ.

**٢/ ئاوازە:** بە گشتی ئاوازەی گوتارەکە ئاوازەیەکی بەرزە بە تایبەتی لەگەڵ ئەو وشە و ڕستانەی کە هێزیان لەسەرە ئاوازەیەکی بەرز بەکارهاتوە. ڕستە پرسیاریەکان ئاوازەی پرسیارکردنیان وەرگرتوە، لە ڕستە نەرێکان هێز کەوتوتە سەر نیشانەکانی نەرێکردن لەگەڵ ئاوەزەیەکی بەرز:

- **من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری مللەتی خۆم بکەم.**

**٣/ وەستان:** لە پەرەگرافدا چوار وەستان هەن:

أ/ کورتەبۆشایی نێوان وشەکان( کورتترین وەستان).

ب/ وەستانی ناوەندیی نێوان ڕستە سادەکانی( ڕستەی لێکدراو یان ئاوێتە)، کە لە نوسیندا بە (،) کوما ئاماژەی پێ دەکرێ.

ج/ وەستانی تەواو لە کۆتایی ڕستەکان.

د/ وەستانی درێژ لە کۆتایی پارەگراف. (محمود عکاشة ٢٠٠٥: ٢٠١٥)

ئەم گوتارە وەستانی زۆری تێدایە بە تایبەتی وەستانی کۆتایی ڕستە و کۆتایی پەرەگرافەکان. تێکڕاپێشکەشکردنی خێرا نیە، لەبەر ئەوەی گوتارەکە لە گۆڕەپانێکی گەورە پێشکەشدەکرێ و دوریی نێوان نێرەر و بڵندگۆکان زۆرە و بڵندگۆکان دەنگدانەوەیان هەیە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێ کە وەستانێک لە نێوان وشەکانی یەک ڕستەدا هەیە بۆ ئەوەی دەنگەکان تێکەڵاو نەبن. بۆنمونە:

- **ئازیزان+ ئیمڕۆ+ کە+ لێرە+ کۆبوینەتەوە+ لە پایتەختی+ هەرێمی+ کوردستان+ بۆ+ ئەوەی+ بە یەک+ دەنگ+ بەناوی+هەموو+ گەلی+ کوردستانەوە+ بڵێین++ بەڵێ+ بۆ+ سەربەخۆیی++**

بەدرێژای گوتارەکە هەمان ئاستی خێرایی گوتاردان (معدل الإلقاء) بەکارهاتوە کە ئاستێکی خێرا نیە و وەستانی نێوان وشەکانی یەک ڕستە بە ڕونی هەستپێدەکرێ. بۆیە وەستانەکان ڕۆلێکی گرنگیان هەیە لە دیارکردنی سنوری نێوان ڕستەکان و دیارکردنی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ئامانجی گوتارەکە ڕووندەکەنەوە وەک: (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی). ئەمەش بۆئەوەیە وەرگران لە هەمو دەستەواژە و ڕستەکانی گوتارەکە تێبگەن. تاوەکو بە ڕونی پەیامی گوتارەکەیان پێبگا کە ئامانجی

سەركیی گوتاری سیاسیی جەماوەریە. هەندێک لە وەستانەكان كە وەستانی درێژن پەیوەندیی بە چەپڵەلێدان و دروشم گوتنەوەی وەرگران هەیە، چونكە دەنگی وەرگران كاریگەریی زۆری لەسەر گوتارەكە هەیە. جۆشوخرۆشێكی زۆر بە وەرگرانەوە دیارە، ئەمەش ڕاستەوخۆ كاریگەری لە خێرایی گوتاردانەكە كردوە. لەگەڵ كاردانەوەی وەرگران سەرۆكی هەرێم لە گوتاردان ڕادەوەستێ، تا دەنگی وەرگران خامۆش دەبێتەوە ئینجا دەستدەكاتەوە بە گوتاردان، ئەمە چەندین جار دوبارە دەبێتەوە. بۆ نمونە:

- **ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەكان و هەمووی دەرچووە كەوتۆتە دەستی ئێوە.+++ ١٤ چركە.**

**ب/ ئاستی وشەسازی:**

**١/ وشەی بیانی:** گوتارەكە لە (١٨٨١) وشە پێكهاتوە، بە شێوەزاری كوردیی ناوەڕاست پێشكەشكراوە. بە ڕێژەیەكی زۆر كەم وشەی بیانی بەكارهاتوە كە بریتیە لە ڕێژەی ١,٧%ی وشەكانی گوتارەكە. ئەم ڕێژەیە لەچاو هەمو نمونە گوتاریەكانی تر ڕێژەیەكی زۆر كەمە. نێرەر گرنگی زۆری بە بەكارهێنانی وشەی كوردی داوە. ئەو وشە عەرەبیانەی كە بەكار هاتون ئەو وشانەن كە لە ژیانی ڕۆژانە و گوتاری سیاسیی هەرێمی كوردستان بەڕێژەیەكی فراوان بەكاردێن وەک وشەكانی(ئیلتیزام، مەزهەب، وەعد...)

**٢/ جێناوە كەسیەكان:** لە گوتارەكەدا جێناوە كەسیەكانی كوردیی ناوەڕاست بەكارهاتون. یەک كۆمەڵەی جێناوە سەربەخۆكان، دو كۆمەڵەی جێناوە لكاوەكان. كۆمەڵەی خاوەنیەتی و كۆمەڵەی ڕێككەوتن. جێناوەكانی كەسی یەكەمی كۆ بە ڕێژەی ٣٩%، جێناوەكانی كەسی دوەمی كۆ بە ڕێژەی ١٥,٦%، جێناوەكانی كەسی سێیەمی كۆ بە ڕێژەی ٢٠%، بەكارهاتون.

خشتەی ژمارە٢

| كەسی یەكەم | | كەسی دوەم | | كەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | ئێمە | تۆ | ئێوە | ئەو | ئەوان |
| ٢٠ | ٥٠ | ٣ | ١٧ | — | — |
| م | مان | ت | تان | ی | یان |
| ١٣ | ٢٧ | ١ | ١٤ | ١٣ | ٤٣ |
| م | ین | یت | ن | Ø | ن |
| ٢٧ | ٥٧ | ٦ | ٢٨ | ٢٣ | ٣٦ |

**ج/ شێوەزاری ناوچەیی:** نێرەر بە دو شێوەزاری کوردی گوتارەکانی پێشکەشدەکا، شێوە کوردیی ژورو و شێوەی کوردی ناوەڕاست. زۆربەی گوتار و پەیامەکانی بە شێوەی کوردیی ناوەڕاست پێشکەشدەکا. هەرچەندە شێوەزاری خۆی کوردیی ژوروە، بەڵام ئەمە بە گوتارەکەیەوە دیار نیە و گوتارەکەی بە شێوەی ستانداردی کوردیی ناوەڕاست کە شێوەزاری فەرمی هەرێمی کوردستانە، پێشکەشکردوە.

**د/ ئاستی ڕستەسازی:**

**١/ئەرکی ڕستەکان**

**أ/ ڕستەی زانیاری و هەواڵدان:** لەبەرئەوەی گوتارەکەکۆمەڵیک بەڵگەی مێژویی و زانیاری نوێی تێدایە، لە بارەی پرۆسەی ڕیفراندۆم و هەڵوێستی جیهان و وڵاتانی دەوربەر. بۆیە ڕستەی زانیاری و هەوڵدان نزیکەی ٨٨%ی ڕستەکانی گوتارەکەی پێکهێناوە. بەشێکی تری ڕستە هەواڵیەکان ئەو ڕستانەن کە دوا هەڵوێستی هەرێم نیشاندەدەن لە بارەی دواخستن یان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. بۆنمونە:

- **ئەگەر بەغدا ڕازی نەبووبا فیشەکیش نەدەهات بۆ پێشمەرگە، ئەوە بوو حالی ئێمە بەدەست بەغدا.**

**ب/ ڕستەی هەست وروژاندن:** هەمو گوتارێکی جەماوەریی فراوان، بە تایبەتی ئەگەر فەرماندانێک یان داواکاریەکی سەرەکیتێدابێ، هەندێک ڕستە و دەستەواژە و ڕاستیی ئەتۆی تێدایە کە باوەڕ و متمانە لای وەرگران دروست بکا و هەستی وەرگران بجوڵێنی. بە تایبەتی ئەگەر هەست وروژاندنەکە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بێ. وەک : مافی چارەی خۆنوسین، پرۆژەیەکی نیشتمانی، گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەچونی وڵات... ئەم گوتارەش ئامانجی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بو لە هەرێمی کوردستان کە پرۆژەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی مێژویی بو. بۆیە گوتارەکە چەندین نمونەی هەست وروژاندنی تێدایە.وەک :

- **دەیانەوێت ئیرادە و کەرامەتی ئێمە بشکێنن، ئەگینا هیچ شتێکی تر نیە، ئایا چ گوناحی تێدایە میللەتێک بڵێ من دەمەوێ ڕێگەم بدەن سەربەخۆبم.**
- **ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەکان و هەموی دەرچوە کەوتۆتە دەستی ئێوە.**

**ج/ ڕستەی داخوازی و فەرماندان:** گوتارەکە بە ڕێژەیەکی کەم ڕستەی فەرماندان و داخوازیی تێدایە کە دەگاتە ڕێژەی ٣%ی ڕستەکان، بەڵام ڕستە داخوازی و فەرماندانەکان گرنگترین ئامانجی

گوتــارەکە پێکـدەهێنن و پەیــامی ســەرەکیی گوتــارەکەن. چـونکە گوتــارەکە دو ڕۆژ پـێش ڕۆژی بەڕێوەچـونی پرۆســەی ڕیفرانـدۆم پێشکەشــکراوە و داواکــاری ســەرەکیی گوتــارەکەش بـریتیە لە دەنگدان بۆ سەربەخۆی کوردستان. ئەمەش لە شێوەی فەرماندان هاتوە. وەک:

- **ڕۆژی ٢٥ مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاربکەن.**

داواکاریەکە لە شێوەی ڕستەی داخوازیش هاتوە:

- **بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەبێ ئامادەبین بۆ هەمو باجێک، چونکە ئێمە لەبەردەم دووڕیانێکین یان ژیانی بندەستی هەڵدەبژێرین، یان ژیانی سەربەستی و سەربەخۆیی.**

ڕستەی فەرماندان بۆ پێشهاتەکانی دوای ڕیفراندۆم بەکارهاتوە. هەرچەندە فەرماندانەکە ڕاستەخۆیە و ئاڕاستەی وەرگری ڕاستەوخۆدەکرێ. بەڵام هەردو ڕستە فەرماندانەکان بۆ ئەوەیە وەرگران لە داهاتوە کارەکە ئەنجامبدەن :

- **ئەو ئاوارانەی کە لە کوردستانن، برای ئێمەن، میوانی ئێمەن، تەوسیەی من بۆ هەر هەموتان وەک چاوی خوتان بیانپارێزن، ئیحترامیان بگرن.**

**د/ ئەرکی پرسیاری:** گوتارەکە بە ڕیژەی ٥%ڕستەی پرسیاریی تێدایە، ڕستە پرسیاریەکان ئەرکی جیاوازیان بینیوە، هەندێک لە ڕستە پرسیاریەکان بۆ باوەڕپێهێنان و بەڵگە بەکارهاتون، لە ناوەرۆکی گوتارەکە وەڵامدراونەتەوە. وەک :

- **بۆ گەلی کوردستان بریاری ڕیفراندۆمی دا؟**

بەشێکی زۆری گوتارەکە بریتیە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بۆیە بە تەورێکی گرنگی گوتارەکە دادەنرێ و لە ناوەرۆکی گوتارەکە وەلامدراوەتەوە و چارەسەرکراوە. ڕستەکە ئەرکی هەواڵدان و زانیاریی بینیوە، بۆتە سەرەتایەک بۆ چەندین بەڵگەی مێژوویی و سەردەمیی گوتارەکە. هەندێکی تر لە ڕستە پرسیاریەکان ئەرکی نەرێکردنیان بینیوە. وەک:

- **ئایا ئیمڕو دەوڵەتێکی مەدەنی و فدڕاڵی و دیموکراتی لە عیراق حاکمە؟**
- **کوا دەبابەی بە ئێمەیانداوە؟ کوا مدەرەعەی بە ئێمەیانداوە؟ کوا تۆپی گەورەی بە ئێمە داوە؟**

بە گشتی ڕستەی پرسیاری لە گوتاری سیاسیدا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێ، چونکە گوتار گفتوگۆکردن نیە و نۆرەی قسەکردنی تێدا نیە، بۆ ئەوەی پرسیارەکە وەڵام بدرێتەوە. نێرەر گوتارەکەی پەخشدەکا و وەرگران گوێ ڕادەگرن، ئەگەر ئەم بنەمایە ببەزێنرێ و وەرگران وەڵامبدەنەوە، دەبێتە گفتوگۆ، لە قاڵبی گوتار دەردەچێ، بۆیە لە هیچ ڕستەیەکی پرسیاری نێرەر چاوەڕوانی وەڵامی وەرگران ناکا. بەڵکو ڕستە پرسیاریەکان دەبنە تەوەرێکی پێکهێنەری گوتار، بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بە وەرگر بدرێ. ئەم شێوازە بۆ ئەوە بەکاردێ تا وەرگران زیاتر سەرنج بدەنە گوتارەکە و بەدوای وەڵامی پرسیارەکە بگەڕێن.

**٢/ ڕستەی نەرێ:** گوتارەکە بەڕێژەی ١١% ڕستەی نەرێی تێدایە، ڕستە نەرێکان بۆ نیشاندانی هەندێک ڕاستیی مێژوویی نێوان هەرێم و بەغدا بەکارهاتون. لە هەمان کاتدا بونەتە بەشێک لەو بەڵگانەی کە هێزی باوەڕپێهێنانی گوتارەکە زیاتر دەکا.

- **بەغدا ئیلتیزامی پێ نەکرد. شەراکەت نەما، دەستوور نەما، ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ نەکرا.**
- **یەک فیشەکیان بۆ پێشمەرگە نەنارد.**

**٣/ ڕستەی بکەر نادیار:** ڕستەی بکەر نادیارتەنیا ٣%ی ڕستەکانی گوتارەکە پێکدێنێ، ئەمەش بۆ ڕون و ئاشکرایی گوتارەکە دەگەڕێتەوە. ڕستە بکەر نادیارەکان بە مەبەستی شاردنەوەی بکەرەکان بەکار نەهاتون، بەڵکو بۆ ئەو پڕۆسانە بەکارهاتون کە زیاتر لە بکەرێکیان هەیە. هەروەها بەرکارەکان بە لوتکەکراون چونکە زیاتر مەبەست بەرکارەکانە. بۆنمونە:

- **ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا.**
- **بڕیاربو دەوڵەتێکی مەدەنی لە عێراق دروستبکرێ.**
- **داوای تەئجیلکردنی ریفراندۆم لە ئێمە دەکرێ.**

هەر یەک لەم پڕۆسانە ماوەیەکی زۆریان خایاندوە و زیاتر لە بکەرێکیان هەیە، بۆیە تەنیا بەرکارەکان باسکراون.

### ٣-٢-٢-٢ ڕەهەندی دەروزمانی:

**أ/ باری دەرونی نێرەر:** نێرەر، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. گوتارەکە لە درێژەی بانگەشەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان پێشکەشکراوە. جۆشوخرۆشێکی زۆر بە هەمو وەرگران و ئامادەبوانەوە دیارە، چەندین کەسایەتی و سەرکردەی حیزبە کوردستانیەکان ئامادەن. گوتارەکە

دواین گوتاری بانگەشەی ڕیفراندۆمە. لە گوتارەکانی پێشتر کە لە دهۆک و سلێمانی و سۆران و زاخۆ... پێشکەشکرابون، پرۆسەی بانگەشەی ڕیفراندۆم پاڵپشتیی جەماوەریی زۆری بەدەستهێنابو. بۆیە لە کاتی گوتاردانەکە سەرۆکی هەرێم زۆر دڵخۆش دیارە و بە جۆش و خرۆشەوە گوتارەکەی پێشکەشدەکا. هەرچەندە فشارێکی دەرکیی زۆر دەکرا، بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم و لە هەندێک کاتدا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکرا. بۆنمونە:

- **دراوسێیەکانمان براردەرینە، ئەمە ٢٥ ساڵە، ئایا بەس نیە بۆئەوەی بۆتان دەرکەوێ کە ئێمە عاملی تهدید نین بۆ ئێوە، بۆ پێکەوە دانەنیشین و هەرچی گرفت و مەترسیی کە هەیە بەلاوەبنێین؟، بۆ بە زمانی تەهدید قسەمان لەگەڵ دەکەن.**

سەرەڕای ئەوە هەڕەشانەی وڵاتانی دەوروبەر، باری دەرونی سەرۆکی هەرێم بە جێگیر و ئارام دەبینرێ و لەکاتی گوتاردانەدا تێکەڵ بە جۆشوخرۆشی وەرگران دەبێ و بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەدا:

- **ڕۆژی ٢٥ مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاربکەن.**

هۆکاری ئەو دڵخۆشی و جێگیری باری دەرونی سەرۆکی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە درێژایی تەمەنی خۆی وەکو پێشمەرگەیەکی کوردستان خۆی پێناسە دەکا و هەمو هەوڵێکی لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بوە. ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی. پرۆسەی بانگەشەی ڕیفراندۆم پاڵپشتیەکی جەماوەریی زۆر فراوانی بەدەستهێنابو و پرۆسەیەکی نیشتمانی بو و زۆرینەی جەماوەری کوردستان بەشداریان تێدا کرد. ئەم بەشداریەی جەماوەر لەم نمونەیەدا دیارە:

- **من سوپاسی هەموو حزب و لایەنەکان ئەکەم، هەموو پێکهاتەکان ئەکەم، بۆ ئەو جۆش و خرۆشەی کە من دەیبینم بۆ ئەو هەڵوێستە نیشتمان پەروەرانەی کە من دەیبینم . سوپاسی ئێوە جەماوەری خۆڕاگر، بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمتان کرد، ئەمە ڕیفراندووەمە.**

جێناوی نیشانەی (ئەمە) ئاماژەیە بۆ هەڵوێست و کاردانەوەی وەرگران کە لە شوێنی گوتاردانەکە ئامادەن و گڕوتینێکی تایبەتیان بە گوتارەکە داوە.

**ب/ دەروزمانیی پەیام:** تا کاتی پێشکەشکردنی گوتارەکە فشارێکی زۆر هەبو بۆ دواخستن، یان ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم. هەڕەشی وڵاتانی هەرێمیی (ئێران و تورکیا)، هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق، لە زیادبوندا بو. بۆیە گوتاری (هەولێر) گوتارێکی یەکلاکەرەوە بو. هەرچەندە هەڕەشەکانی وڵاتانی هەرێمیی کاریگەرەیەکی زۆری کردبوە سەر دەرونی جەماوەر لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی جەماوەری کوردستان ئامادە بون بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگ بدەن:

- **داوای تەئجیلکردنی ڕیفراندۆم لە ئێمە دەکرێ، شەو و ڕۆژ فشار بەردەوامە.**

ئەو هەڕەشانە جۆرێک لە دودڵی لای وەرگران دروستکردبو، هەمو جەماوەری کوردستان و وەرگران چاوەڕوانی پەیامی ئەو گوتارە بون. بۆیە پەیامی گوتارەکە یەکلاکەرەوە بو و کاریگەریەکی زۆری هەبو. بوە وەڵامێک بۆ هەمو ئەو دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانیەی کە لە ئارادابو.

- **ئیمڕۆ کە لێرە کۆبوینەتەوە، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە یەک دەنگ، بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.**
- **دەڵێین ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆیەکی زۆر جیددی بە دڵێکی ساف بە مێشکێکی کراوە، بەڵام دوایی ٢٥ ئەیلول.**

لە هەردو دەقەکان جێناوی کەسی یەکەمی کۆ بەکار هاتوە، چونکە پرۆسەکە پرۆسەیەکی گشتییە و هەمو دانیشتوانی هەرێم و ناوچە دابڕاوەکانیش بەشداری دەکەن. لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی پرۆسەی ڕیفراندۆمی دەکرد، بۆیە لە دواین پەیامی جەختکردنەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەڵێ:

- **من دەمەوێ لێرە یەک شت بە خوایی خۆم بڵێم، بە ئێوەش بڵێم: من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم.**

جێناوی کەسی یەکەی تاک بەکار هاتوە، بۆ ئەوەی بەرپرسیارەیەتی ئەنجامدانی پرۆسەکە بخاتە سەر شانی خۆی. ئەمەش دواین پەیامی یەکلاکەرەوەی گوتارەکەیە کە ئامانجی گوتارەکە دیاردەخات.

**ج/ باری دەرونیی وەرگران:** وەرگران بریتین لە هەمو چین و توێژەکانی جەماوەری شاری هەولێر. خواستی سەربەخۆیی لای وەرگران و هەمو خەڵکی کوردستان، خواستێکی لە مێژینەیە و خەباتێکی زۆری لە پێناودا کراوە، سەرەڕای فشارە دەرەکیەکان هەمو تاکێکی کورد چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بو کە بە ئازادی بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدا. بۆیە گڕو

تین و دڵخۆشیەکی زۆر بە وەرگرانەوە دیارە. شێوازی گوتاردان و بابەتی گوتارەکە پاڵنەری ئەو جۆش و خرۆشەن. کەسایەتیی سەرۆکی هەرێم کە کەسایەتیەکی خۆشەویستە لای جەماوەری کوردستان یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی جۆش و خرۆشی جەماوەر. لە گوتارەکەشدا ڕۆڵێکی زۆر بە وەرگران دراوە. بۆنمونە:

- **ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەکان و هەمووی دەرچووە کەوتووتە دەستی ئێوە.**

لە گوتارەکەدا چەندین جار ئاماژە بە وەرگران دەکرێ وەک: خۆشکو برایانی بەڕیز، ئازیزان، جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن... هەروەها گوتارەکە هیچ دەستەواژەیەکی وای تێدا نیە کە فشار یان هەڕەشەبێ بۆ سەر هیچ کەسێک.

**٣-٢-٢-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان:**

**أ/ ڕەهەندی مێژوویی:** نێرەر لە ساڵی ١٩٦٢ بوە بە پێشمەرگە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوە لە شۆڕشەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، خاوەن ئەزمونێکی زۆرە، لە پێشمەرگایەتی و سەرۆکایەتی حیزب و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە بە گشتی گوتارەکانی نمونەی مێژویی زۆری تێدایە. زۆربەی نمونە مێژووییەکان ئەزمونی کەسیی خۆیەتی، ئەمەش وایکردوە ڕوداوە مێژووییەکان بەشێکی گرنگ بن لە هەمو گوتارەکانی. لەم گوتارەشدا چەندین نمونەی مێژویی هەیە کە هەمویان باسی ئەو کارەساتانە دەکەن کە بەسەر میللەتی کوردهاتوە.

- **بەڕێزان، موعانات و کارەساتی گەلی ئێمە چیرۆکێکی زۆر قووڵە.**

پرۆژەی سەربەخۆی نەتەوەیی ئامانجی زۆربەی شۆڕش و بزوتنەوە کوردیەکان و داخوازی و ئارەزوی هەمو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی بوە، بە درێژایی مێژوی نوێ. بۆنمونە شیخ عوبەیدوڵلای نەهری لەساڵی ١٨٨٢ بە یاداشتێک کە بۆ باڵوێزی بەریتانیای ناردوە دەڵێ:

- **حکومەتەکانی ئەوروپا دوای ئەوەی لەم کێشەیە گەیشتن، پێویستە بەدواداچون بۆ دەوڵەتەکەمان بکەن. ئێمەش نەتەوەیەکی جیاین دەمانەوێ کاروباری خۆمان لەدەست خۆمان بێ).** (David McDowall 2007:53).

هەمان ئەو داواکاریە لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٠١٧/٧/١١ لە بەردەم پەرلەمانی ئەورپا دوپات کراوەتەوە:

- **ئێمە داوامان لە دۆستەکانمان ئەوەیە کە پشتگیریمان بکەن. ئێمەش وەکو هەمو میللەتێکی تر لە دونیا، مافی ئەوەمان هەیە کە سەربەخۆبین، ئازاد بین.**

کەواتە ویستی سەربەخۆیی ویستێکی لە مێژینەی میللەتی کوردە. لەهەمو شۆڕشەکانی کورد هەوڵ بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە دراوە، هەرچەندە هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبون و لەباریەکبردراون وەکو ڕوخاندنی کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦، ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ دژی شۆڕشی ئەیلول. زۆربەی شۆڕش و بزوتنەوەکای تر.

**ب/ ڕەهەندی نەتەوەیی:** سەربەخۆیی خەونێکی لە مێژینەی زۆربەی سەرکردەکانی کورد بوە. خەباتی نەتەوەیی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزەدهەم و سەرتای سەدەی بیستەم دەستیپێکردوە، بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم. لە هەرچوار پارچەی کوردستان بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکان بە پێی قۆناغەکان لە خەبات بەردەوام بون. لە باشوری کوردستانیش چەندین شۆڕش بەرپابون. بۆ یەکەم جار لە مێژوی نوێی کورد پرۆسەیەکی گەورەی وەکو ڕیفراندۆم بەڕێوەچو. داواکاری ئەزمونەکانی ڕابردو بریتی بون لە خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمی و دواین جاریش فیدراڵی. ریفراندۆم وەک کردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بریتی بو لە بەرهەمهێنانەوەی ئەوبەها نەتەوییانەی کە لە دەرونی تاکی کورد پەنگی خواردبوەوە، لەگەڵ خۆی هەمو پاڵنەرە نەتەوایەتی و ئارەزوە جەماوەریەکانی هێنایە گۆڕەپانی سیاسی و بو بە وێستگەیەکی دروستی ئاڕاستەکردنی بیری نەتەوایەتی و خۆێندنەوەیەکی وردی دەرونی تاکی کوردی نیشاندەدا:

- **ڕۆژی ٢٥ مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاربکەن.**

ڕیفراندۆم بۆ یەکەم جار تاکی کوردی خستە بەردەم پرسیارێکی چارەنوسساز و بەهای نەتەوەیی و نیشتمانیی بەتاکی کورد بەخشی، باشترین ئەزمون بو بۆ ناسینی بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان. گوتارەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆم ئاڕاستەی ئەو پاشخانە مێژوییە پڕستەمەی تاکی کورد دەکرا کە تەنیا لەبەر ناسنامەکەی بەسەریداهاتبو. بۆنمونە:

- **وێران کردنی (٤٥٠٠) گوند، بزرکردنی (١٢) هەزار گەنجی فەیلی، (٨) هەزار بارزانی، (١٨٢) هەزار ئەوانەی ئەنفال کران، لە ساڵی (١٩٨٨)، کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرتاسەری کوردستان.**

بەدەقکردنی هەریەک لەم ژمارە و ڕوداوانە لە گوتاری بانگەشەی ڕیفراندۆم، ئەو کارەساتە مێژوییانە بە بیر وەرگران دەهێنێتەوە کە لەبەر ناسنامە نەتەوەیی بەسەر کورد هاتون. ئەمەش لە ستراتیژیەتی داڕشتنی گوتاری سیاسی وەکو بەڵگەی مێژویی پاڵپشتی بڕیاری سیاسی دەکا.

ج/ **ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی:** هەمو گوتارێک بەرهەمی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتە. بەرهەمهێنی گوتار لە ڕێگەی گونجاندنی ئایدیۆلۆژیاکەی لەگەڵ لۆژیک و کەتوار، ئایدیۆلۆژیاکەی دەگەیەنێتە وەرگران و هەوڵدەدا گۆڕانێک لە کردەوەکانیان دروستبکا، گوتاری ڕیفراندۆم بەرهەمی ئایدیۆلۆژیایەکنەتەوەییە کە لەسەر بنچینەی جیاوازی نەتەوەیی بنیاتنراوە، بەو پێیەی نەتەوەی کورد لەسەر هیچ بیروبۆچونێکی ئاینی، فەلسەفی، کومەڵایەتی... نەچەوسێنراوەوتە، جیاوازیەکەی تەنیا جیاوازیی نەتەوەیی بوە لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەری:

- **بەڵام بە ڕاستی ئێمە نازانین ئەو ڕۆژەی کە موناسبە، ڕۆژی بەختی کوردستان کەیە؟ ئەمە سەد ساڵە ئەو ڕۆژە نەهات.**

**٣-٢-٢-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی:**

أ/ **دەوروبەری ناوەوە:** دەوروبەری ناوەوە ئەو دەربڕینانە دەگرێتەوە کە لە پەیوەندیەکانی ناوەوەی گوتارەکە مەبەستەکانی بەدیاردەکەوێ. بۆنمونە:

- **کاتێ لە ڕۆژی ٦/٧ ئەوبڕیارە درا کە بڕیارێکی بۆێرانە بو.**

ئەگەر پەیوەندیەکانی ناوەوەی دەقەکان نەبێ مەبەستی (ئەو بڕیارە)دیار نابێ کە چ بڕیارێکە، چونکە جێناوی نیشانە بەکارهاتوە، بەو پێیەی بڕیارەکە بریتیە لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، لە دەقەکانی پێشتری گوتارەکە باسکراون.

- **من ئەو کەسە نیم کە خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم.**

وشەی (شەرمەزار) بۆ مەبەستێکی جیاواز لە واتا فەرهەنگیەکەی بەکارهاتوە، لێرە واتای جەختکردنەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم و دوانەخستنی ڕیفراندۆم بەکارهاتوە.

**جێناوە کەسیەکان:** جێناوە کەسیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهاتەی ناوەوەی دەقەکان بینیوە. جێناوەی کەسی یەکەمی کۆ بە ڕێژەی ٣٩% زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە. کەسی یەکەمی کۆ هەمو بەشداربوانی ڕوداوەکە دەگرێتەوە:

- **ئیمڕۆ کە لێرە کۆبوینەتەوە، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە یەک دەنگ، بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.**

هەمو بەشداربوانی گوتارەکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەو دەقەوە هەیە، چونکە وەکو وەرگری ڕاستەوخۆ بەشدارن لە گوتارەکە.

لەبەر ئەوەی گوتارەکە ڕستەی فەرماندانی ڕاستەوخۆی تێدایە و بەشی زۆری گوتارەکەش ئاڕاستەی ئامادەبوان کراوە، جێناوی کەسی دوەمی کۆ بەڕێژەی ١٧% بەکارهاتوە:

- **ڕۆژی ٢٥ ئەیلول بڕۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، چارەنوسی خۆتان دیار بکەن.**

لەم نمویەدا سێ جێناوی کەسی دوەمی کۆ(تان- ن) هەیە کە پەیوەندیی نێوان نێرە و وەرگران دیاردەکا کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە و دەسەڵاتی نێرەر نیشاندەدا، لە بەرهەمهێنانی ئەم دەقە چونکە وەرگران ئاڕاستە دەکا بۆ ئەنجامدانی کارێک.

یەکێکی تر لە بەکارهێنانی جێناوە کەسیەکان کەسی یەکەمی تاکە. لە گوتاری سیاسیدا جێناوی کەسی یەکەمی تاک لەو بارودۆخانەدا بەکاردێ کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی نێرەرەوە هەبێ. وەک گێڕانەوەی ئەزمونی کەسی، ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندیان بە دەسەڵاتی نێرە هەیە، ئەو بەرپرسیارێتیەی نێرەر هەیەتی بەرامبەر بە ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. لەم گوتارەدا سەرۆکی هەرێم بەرپرسیاریەتی لێکەوتە و ئەنجامەکانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەگرێتە ئەستۆ:

- **ئەگەر پێتان خۆشە دیسان بگەڕێنەوە بۆ سزادان واز لە خەڵکی کوردستان بینن، وەرن من سزابدەن.**

**ب/ دەوروبەری دەرەوە:** دەوروبەری دەروە هەمو ئەو ڕوداو و فشارانە دەگرێتەوە کە لەسەردەمی بانگەشەی ڕیفراندۆم بەڕێوەدەچون و کاریگەریی زۆریان بەسەر گوتارەکە هەیە، لە نێوان دواخستن و ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم. دو جۆر فشار هەبون : فشارێکی نێودەوڵەتی، وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعش و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی یاسایی، بەو پێیەی لە ڕوی یاساییەوە مافی ئەوەیان نیە پرۆسەکە ڕەتبکەنەوە، داوای دواخستنی ڕیفراندۆمیان دەکرد تا کۆتاییهاتنی شەڕی داعش:

- **داوای تەئجیلکردنی ڕیفراندۆم لە ئێمە دەکرێ، شەو و ڕۆژ فشار بەردەوامە.**

فشاری دوەم: کە زیاتر کاریگەربو و هەڕشەی لەگەڵدا بو، فشاری وڵاتانی دراوسێ و عێراق بو. ئەوانە جۆرەها فشاریان بەکاردەهێنا هەر لە سنور داخستن و هەڕەشەی سەربازی و تا گەیشتە

پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان. فشارە هەرێمیەکان کاریگەریان زیاتر بو، چونکە پەیوەندیەکی بازرگانی بەهێز لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێران هەبو:

- **دراوسێکانمان بڕاردەرینە، ئەمە ٢٥ ساڵە، ئایا بەس نیە بۆئەوەی بۆتان دەرکەوێ کە ئێمە عاملی تهدید نین بۆ ئێوە، بۆ پێکەوە دانەنیشین و هەرچی گرفت و مەترسیی کە هەیە بەلاوەبنێین؟، بۆ بە زمانی تەهدید قسەمان لەگەڵ دەکەن.**

ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن ئەو ڕوداوانە دیاردەکەن کە پێش گوتارەکە و کاتی گوتارەکە و لە داهاتوە ڕودەدەن. هەردو ئاوەڵکاری( ئیمڕۆ) ٦جار و (ئێستا) ٩ جار بەکار هاتون بۆ نیشاندانی ئەو ڕوداوانەی کە هاوکاتن لەگەڵ پڕۆسەی ڕیفراندۆم وکاتی پێشکەشکردنی گوتارەکە و ڕاستەوخۆ کاریگەریان بەسەر گوتارەکەوە دیارە و بەشێکی گرنگی گوتارەکە پێکدەهێنن. زۆربەی دەسەڵاتدارانی عێراق بە تایبەتی شیعەکان دۆست و هاوخەباتی کورد بون، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس. بەڵام دوای ئەوی کە دەسەڵاتیان کەوتە دەست ئەو مافەیان بەکورد ڕەوا نەدەدیت کە بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدا:

- **زۆرێک لەوانەی دەستهەڵاتدارن ئیمڕۆ لە بەغدا، نەک هەموویان، بەڵام زۆریان، تەنها دەمووچاویان گۆڕاوە.**

تا سەردەمی ڕیفراندۆمیش شەڕی داعش کۆتایی نەهاتبو پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدابون. ئاوەڵکارەکانی شوێن وەک: پایتەختی هەرێمی کوردستان، هەولێر، بەغدا، عێراق، ئەوشوێنانە دیار دەکەن کە پەیوەندیان بە گوتارەکەوە هەیە و ئەوچوارچێوە گشتیە دیار دەکەن کە گوتارەکەی تیادا پێشکەشکراوە.

- **ئەوانەی ئیمڕۆ لە سەنگەرەکانی پێشەوە دەستیان لەسەر کلیلی تفەنگە.**

**هۆکارەکانی باوەڕپێهێنان:** لەبەر ئەوەی گوتارەکە ئاراستەی هەمو چین و توێژەکانی جەماوەری کوردستان کراوە و فەرماندانێکی ڕاستەوخۆی تێدایە، نێرەر داوا لە وەرگران دەکا کارێک ئەنجامبدەن. بۆیە ئەو جۆرە گوتارە پێویستی بە کۆمەڵێک بەڵگە هەیە، بۆ ئەوەی ئەو باوەڕە لای وەرگران دروست بێ کە فەرماندانەکە جێبەجێبکەن. داواکاری سەرەکی گوتارەکە بریتیە لە:

- **ڕۆژی ٢٥ مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاربکەن.**

ئەم داواکاریە کە لە شێوەی فەرماندانی ڕاستەخۆ هاتوە، داواکاریەکی سادە و ساکار نیە، پێویستی بە کۆمەڵێک تەکنیک و سەلماندن و شیکردنەوە هەیە کە نێرەر بەکاریانبهێنێ بۆ ئەوەی

باوەڕ لای وەرگران دروستبێ. ئەم تەکنیکانە هەندێکیان لە ناوەوەی گوتارەکەن، وەک: ڕیزکردنی پارچەکانی گوتارەکە، پێشەکی و ناوەرۆک و کۆتایی، جەختکردنەوە لە ئامانجی گوتارەکە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) و بەکارهێنانی زمانێکی نزیک لە ئاستی وەرگران. هەرچەندە چەندین کەسایەتی سیاسی و سەرکردەی حیزبەکان ئامادەن، بەڵام گوتارەکە ئاراستەی جەماوەری شاری هەولێر کراوە، بۆیە زمانی گوتارەکە نزیکە لە زمانی ئاسایی و دەربڕین و دەستەواژەی ئاڵۆز و تەمو مژاویی تێدا نیە، تەنیا لە یەک شوێن باسی (هێڵی سەوز) دەکرێ، ئەویش ڕوندەکرێتەوە کە مەبەست لە هێڵی سەوز کوێیە.

جگە لە بنیاتی ناوەوەی گوتارەکە چەندین بەڵگە و سەلمێنراو لەدەروەی گوتارە دەهێنرێتەوە، وەک پاساوی یاسایی و سیاسی، بۆ پاڵپشتکردنی ئامانجی گوتارەکە. وەک:

- **بەداخەوە نە شەراکەت ما، نە دەستوور ما، وە لەو دەستوورەشدا هاتووە (إن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده) نالێ (وحدته) ئەڵێ (إتحاده)، یەعنی پێکەوەژیانێکی ئارەزومەندانە.**

هەمو بەڵگە مێژووییەکان و ڕوداوە نوێ و هەنوکەییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە مەبەستی باوەڕپێهێنان بەکارهاتون. ئەو بەڵگە و نمونانەی کە لە گوتارەکەدا هاتون لەلای وەرگران ڕون ئاشکران زۆربەی وەرگران زانیاریان لەبارەی ڕوداوەکان و بەڵگە مێژووییەکان هەیە:

- **بەغدا ئیلتیزامی پێ نەکرد. شەراکەت نەما، دەستوور نەما، ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ نەکرا.**

لە گوتارسیاسیدا بەڵگە و هۆکارەکانی باوەڕپێهێنان(الإقناع) دەبێ لەسەر بنچینەی لۆژیک و کەتوار بنیاتنرابن، نێرەر دەبێ بەدوای ئەو ڕاستایانەدا بگەڕێ کە لەگەڵ بیر و بۆچون و زانیاریەکانی وەرگران دەگونجێ و کاردانەوەیان (reaction) لەلا دروستدەکا.

## ٣-٢-٣ شیکردنەوەی گوتاری نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسی وەزارەتی ئەوقاف ٩ / ١١/ ٢٠١٦

### ٣-٢-٣-١ ڕەهەندی زمانەوانی:

**أ/ ئاستی دەنگسازی:** شێوەزاری نێرەر کوردیی ژوروە، گوتارەکەشی بە شێوەزاری کوردی ناوەڕاست پێشکەش کردوە، تاڕادەیک فۆنیمەکانی کوردیی ناوەڕاست بە باشی گۆدەکا کێشەیەکی وای نیە لە درکاندنی دەنگەکان. چونکە نێرەر شارەزاییەکی باشی لە شێوەزاری ستانداری کوردی ناوەڕاست هەیە. بەهەردو ستانداری کرمانجی ژورو و کوردی ناوەڕاست گوتاری هەیە، بە پێی ئەو ناوچەی کە گوتاری تێدا پێشکەشدەکا.

**فۆنیمە ناکارتیەکان:**

**١/ هێز:** گوتارەکە لە هۆڵێکی داخراو پێشکەشدەکراوە. ئامرازەکانی گواستنەوەی دەنگ بەشێوەیەکی باش دابینکراوە، پێویست بە دەنگی بەرز و نزم ناکا، هەروەها نێرەر نایەوێت بە هۆی هێز خستنە سەر وشەیەک واتایەکی تایبەتی پێبدا، چونکە ناوەرۆکی گوتارەکە ڕون و ئاشکرایە و هەر وشەیەک بەرامبەر واتای خۆی بەکار هاتوە. دەستنیشانکردنی هەرسێ جۆرەکەی (بەرز، ناوەندی، نزم) لەسەر یەکە یەکەی وشەکان، لە بنەڕەتدا کارێکی ئاسان نیە. لەم گوتارەشدا لەبەرئەوەی ڕستەکان بە شێوەکی گشتی ڕستەی هەواڵدانن و ئاوازی رستەکان ئاسۆیی و ئاساییە و بەرز و نزمی تێدا نیە و شەپۆڵی دەنگ خاوە و لەرەلەرەی کەمە، دەستنیشانکردنی هێزی سەر وشە و ڕستەکانی گرانتر کردوە. ئەوەی دەتوانرێ، جیاکردنەوەی هێزی سەرەکیە، کە لە ناوەکاندا دەکەوێتە کۆتایی بڕگە و لە کارەکاندا بە زۆری دەکەوێتە بڕگەی سەرەتا. هێزی سەرەکیی ڕستەش دەکەوێتە سەر کارەکان، جگە لەو ڕستانەی تیایاندا ناوێک بە لوتکەکراوە و هێنراوەتە سەرەتا.

لەم گوتارەدا هەست بەوە ناکرێ، نێرەر بیەوێ جەخت لەسەر وشەیەکی دیارکراو بکا و بیەوێ بە مەبەست هێزی سەرەکیی ڕستەی بخاتە سەر، تەنیا لە نەرێکاندا، هێزی سەرەکیی ڕستە کەوتۆتە سەر ئامرازی نەرێ.

**٢/ ئاوازە:** هەمو ڕستەکان ئاوازی ئاسۆیی و ئاسایی خۆیان وەرگرتوە، بەزۆری ئاوازەی ڕستەی زانیاری و هەواڵدانە کە ڕێژەی ٨٣% ڕستەکانی گوتارەکە پێکدەهێنێ. نێرەر نەیویستوە بە هۆی ئاوەزەوە گۆڕانکاری لە واتای هیچ ڕستەیەک بکا. تەنیا یەک ڕستەی پرسیاری لە گوتارەکە هەیە، ئەویش ئامرازی پرس (ئایا) بەکارهاتوە و ئاوازەی پرسیاری وەرگرتوە. واتە؛ هیچ ڕستەیەک بەهۆی ئاوازەوە واتای تایبەتی وەرنەگرتوە.

**٣/وەستان:** وەستانەکان وەستانی ئاسایی کۆتایی ڕستەن، وەستانی درێژی تیادا نیە. لەبەرئەوەی وەرگران ڕاستەوخۆ کاریگەرییان نیە بەسەر گوتارەکەوە. دروشمی لایەنگیری و بەرهەڵستکاریی وەرگران بە درێژایی گوتارەکە بەدیناکرێ، بۆیە گوتارەکە بە شێوەیەکی ئاسایی پێشکەشدەکرێ. وەستانەکان دەکەونە کۆتایی ڕستە و پەرەگرافەکان.

**ب/ ئاستی وشەسازی:**

**١/ وشەی بیانی:** گوتارەکە لە (١٣٤٢)وشە پێکهاتوە، شێوەی ستانداردی کوردیی ناوەڕاست بەکارهاتوە، ڕێژەیەکی زۆرکەم وشەی بیانی لە گوتارەکەدا هەیە کە نزیکەی ٠،٨% وشە بەکارهاتوەکانە. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆ گوتارێکی شانزە خولەکی. ئەو وشە بیانیانەی کە بەکارهاتون، ئەو وشانەن کە لە زمانی سیاسی و بەکارهێنانی ڕۆژانە زۆر بەکاردێن وەک: (کۆنفراس، ئەجێندا، فۆرمەلە، ستراتیژیەت، ئەخلاق، تەکفیر، بەجیددی، جورئەت، فیرقە، تایفی، مەزهەبی). زمان پاراویی گوتارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیژیەتی گوتارەکە، کە بەر لە پێشکەشکردن گوتارەکەی نوسیوەتەوە. ئەمەش ستراتیژیەتێکی سەرکەوتوە و یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گوتاری سەرکەوتو. نوسینەوەی گوتار بەر لە پێشکەشکرنی یەکێتی بابەتی گوتارەکە دەپارێزێ، نێرەر ئەو وشە و دەستەوەژانە هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامەکەیدا دەگونجێ و کاریگەریی زیاتر لەسەر وەرگران دروستدەکا، لەم گوتارەدا بەگشتی ئەو ستراتیژیەتە بەکارهاتوە.

**٢/شێوەزاری ناوچەیی:** گوتارەکە بە شێوەی کوردیی ناوەڕاست و شێوەزاری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردسان پێشکەشکراوە، شێوەزاری گوتاربێژیش کوردی ژوروە، لەبەر ئەوەی گوتارەکە نوسراوەتەوە، تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی شێوەزاری ژورو هەروەها شێوەزارە ناوچەیەکان بە سەر گوتارەکەوە دیار نیە.

**٣/جیناوە کەسیەکان:** لە گوتارەکە (١٢٧) جار جێناوی کەسی بەکارهاتوە. (١٧)جێناوە سەربەخۆکان، (١١٠) جێناوە لکاوەکان. جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ بە ڕێژەی ٣٠% بەکارهاتوە کە دەکاتە زۆرترین ڕێژە. هەروەها جێناوەکانی کەسی دوەمی کۆ بەڕێژەی ٢٥% بەکارهاتون. خشتەی ژمارە٣

| کەسی یەکەم | | کەسی دوەم | | کەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | ئێمە | تۆ | ئێوە | ئەو | ئەوان |
| ـــ | ٨ | ـــ | ٨ | ـــ | ١ |
| م | مان | ت | تان | ی | یان |
| ٦ | ١١ | ـــ | ١٠ | ١٧ | ١٢ |
| م | ین | یت | ن | Ø | ن |
| ٤ | ١٣ | ـــ | ٩ | ١٠ | ١٥ |

**ج/ ئاستی ڕستەسازی:**

**١/ ڕیزکردنی کەرەستەکان:** گوتارەکە لە (١٤٣) ڕستە پێکهاتوە، کەرەستەکان بە شێوەیەک ڕیزکراون کە لەگەڵ یاساکانی ڕیزبونی کەرەسەکانی زمانی کوردی (sov)دەگونجێن.

**٢/ ڕستەی نەرێ:** ڕستە نەرێکان و ئامرازەکانی نەرێکردن بەگشتی بەرامبەر ئەو دیاردانە بەکارهاتون کە نێرەر دەیەوێ جەخت لەسەر نەهێشتنیان بکاتەوە و سودی لە ڕستە نەرێکان وەرگرتوە بۆ ئەوەی جۆرێک لە فەرماندان یان ئاگادارکردنەوە ئاڕاستەی چەند لایەنێک یان چەند مامۆستایەکی ئاینی بکا:

- **بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نییە، هیچ حیزبێک خۆی بکاتە خاوەن ئەو مینبەرانە.**
- **نابێ هیچ مامۆستایەکی ئاینی و هیچ حیزبێک ڕەوایی بداتە کاری حیزبیی خۆی و دژایەتی حیزبێکی دیکە بکات لەژێر ناوی پیرۆزی ئیسلامدا.**

دەستەواژە و ڕستە نەرێکان ستراتیژیەتی دوای گوتارەکە دیاردەخەن، پەیامێکی دیار ئاڕاستەی داهاتو دەکا، بۆیە ئامرازەکانی نەرێ دەکاتە وەڵام بەرامبەر کۆمەڵێک دیاردە، وەک ئەم نمونانە:

- **دژایەتیکردنی ئاینەکانی تر (گونجاونیە).**
- **ئەو زەمینەیەی کە داعشی دروستکرد (نەهێڵرێت).**
- **کۆمەڵگەی توندوتیژ (بە ئارامی نەژیاوە، پێشنەکەوتوە).**
- **هاندانی تایفی و مەزهەبی ( نامانەوێ لە کوردستان دوبارە ببێتەوە).**

**٣/ بکەر نادیار:** لەگوتارکەدا، چوار ڕستەی بکەرنادیار هەن، لەم نمونانە نێرەر نایەوێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکەرەکان دیاربکا و بە ئاشکرا ئاماژەیان پێ بکا، چونکە لەوانەیە ئەو لایەنە سیاسیانەی کە نێرەر نەیویستوە ناویان بهێنێ، لای هەموان ناسراو بن. وەک ئەم نمونانە:

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان، دژی ئەوەیە ئاینی ئیسلام و مینبەری مزگەوتەکان بکرێتە ئامراز و شوێنی بڵاوکردنەوەی بیری توندوتیژی و توندڕەوی.**
- **بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نییە، هیچ حیزبێک خۆی بکاتە خاوەن ئەو مینبەرانە و بەناوی ئیسلامەوە بۆ بەرژەوەندی و ئەجێندای حیزبیانەی خۆی بەکاریان بهێنێت.**

دو لایەنی سیاسیی ئیسلامی لەوسەردەمەدا لەدەسەڵات بەشداربون. واتە؛ هاوبەشی ئەو حکومەتە بون کە نێرەر سەرۆکایەتیی دەکرد، بۆیە نێرەر ڕەچاوی پێگەی سیاسی خۆی کردوە و ڕاستەوخۆ هیچ لایەنێکی ئیسلامی دیارنەکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا پەیامەکەی ئاڕاستەی هەمو ئەوکەس و لایەنانە کردوە کە لە پەنای مزگەوتەکانەوە کاری سیاسی و حیزبی دەکەن. ئەم پەیامە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چەند کەسێک لە کوردستان پەیوەندییان بە ڕیزەکانی داعشەوە کرد، سەرەڕای ئەودڕەندەیی و

دوژمنایەتیەی کە داعش بەرامبەر بە کورد و دەسەڵاتداریی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە هەیبو، بە شێوەیەک کە پێشمەرگەی دیل لەبەرچاوی کامێراکان سەردەبڕدرا و داعش دەسەڵاتداریی هەرێمی کوردستانی بە هەڵگەڕاوە و هاوپەیمانی ئەمەریکا تاوانباردەکرد.

**٤/ جۆری ڕستەکان لە ڕوی ئەرکەوە:**

**أ/ زانیاری و هەواڵدان:** ڕستەی هەواڵدان و زانیاری ڕێژەیەکی زۆری گوتارەکەی پێکهێناوە کە دەگاتە ٨٣% ڕستەکانی گوتارەکە، ئەمەش ڕێژەیەکی ئاساییە و لەگەڵ ناوەرۆکی گوتارەکە یەکدەگرێتەوە، چونکە نێرەر ستراتیژیەتی حکومەتەکەی دەخاتەڕو لە بەرەنگاربونەوەی بیری توندوتیژی و فەراهەمکردنی پێکەوەژیانی ئاینی و ئایدیۆلۆژی، لە لایەکی تر گوتارەکە کۆمەڵێک زانیاریی مێژویی و هەنوکەیی تێدایە کە لەگەڵ ناوەرۆکی گوتارەکە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

**ب/ هەست وروژاندن:** گوتارەکە ڕێژەی ٥% ڕستەی هەست وروژاندنی تێدایە. وروژاندنی هەستی وەرگر یەکێکە لە ستراتیژیەتە گرنگەکانی گوتاری سیاسی. نێرەری سیاسی لە ناوەرۆکی گوتارەکەیدا هەندێک دەستەواژە و ڕستەی ئەوتۆ دەکاتە ئامانج کە ڕاستەخۆ هەستی وەرگران بجوڵێنێ. ئامانج لەو جۆرە دەقانە زیاتر هاندانی وەگرانە بۆ ئەوەی پەیامی گوتارەکە جێبەجێبکەن. لەم گوتارەدا نێرەر دو دەستەواژەی تایبەت و گونجاو دەکاتە ئامانج، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر وەرگران دروستبکا: (دیمەنی نوێژکرنی بە کۆمەڵی پێشمەرگە لە بەیانیەکاندا)، (پێشمەرگە خاوەن ئەخلاقێکی بەرزە)، ئەم دوو دەربڕینە تەواو لەگەڵ دەوروبەر و وەرگرانی گوتارەکە گونجاوە، چونکە وەرگران مامۆستایانی ئاینین، ئەو دو سیفەتەی پێشمەرگە لای ئەوان جێگەی بایەخە. بە تایبەتی کە هەردو سیفەتەکە دەبەستێتەوە بە شۆڕشەکانی کورد لە ڕابردو کە مامۆستایانی ئاینی لە هەمو شۆڕشەکان ڕۆڵی پێشەوایان هەبوە و سەرکردایەتیی شۆڕشیان کردوە. وەک، لەم نمونەیەدا دیارە:

- **دیمەنەکانی نوێژکردنی بەکۆمەڵی پێشمەرگە لە بەیانیەکاندا بەر لە هێرشکردنە سەر هێزە داگیرکەر و تیرۆریستەکانی داعش، دیمەنەکانی پێشمەرگە لە پاراستن و ڕزگارکردنی منداڵ و ژنانی گوندەکانی ژێردەسەڵاتی داعش، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە سەر بە چ ئاین و نەتەوەیەکن ئەوە نیشاندەدات کە پێشمەرگە خاوەن ئەخلاقێکی بەرزە، ئەو ئەخلاقەی کە بە درێژایی شۆڕشەکانی کورد پەیڕەو کراوە.**

لە لایەکی تر نێرەر ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەر دەدا بە وەرگران لە چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆردا. داوای شەڕی ئایدۆلۆژییان لێ دەکا، ئەوە ڕوندەکاتەوە کە شەڕی مامۆستایانی ئاینی دژی بیری توندوتیژی ئەوەندە گرنگە، هیچی کەمتر نیە لە شەڕی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ. ئەم

هەست وروژاندنە لە پلان و ستراتیژیەتی گوتارەکەدا، هێزێکی زۆر دەدا بە گوتارەکە، ئەوە دەسەلمێنێ نێرەر زۆر بە گرنگیەوە لەسەر کاریگەریی مامۆستایانی ئاینی لە کۆمەڵگەی کوردی دەوستێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ نێرەر زۆر بە وردی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاینی گۆمەڵگای کوردیە. وەک لەم نمونەیەدا هاتوە:

- **چاوەڕوانیی پێشمەرگە و هەمو گەلی کوردستان لە ئێوەیە، بۆ ئەوەی بە بیری ڕوناک و مرۆڤدۆستانە، بەرەنگاری بیری توندڕەوی و تەکفیر و تیرۆر ببنەوە و بە شێوەیەکی چالاک لە بنبڕکردنیدا بەشدار بن.**

هەمو ئەو ڕستانەبە مەبەستی هەست وروژاندن بەکارهاتون بۆ سودی گشتیە، نەک بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی، چونکە دەکرێ نێرەر هەستی وەرگران بجوڵێنێ بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەتی حیزبی وەک لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بە دیدەکرێ، یان بۆ بەرژەوەندیەکی تاکە کەسی.

**ج/ ڕستەی پرسیاری:** بە گشتی گوتارەکە یەک ڕستەی پرسیاری تێدایە کە دەکاتە ڕێژەی ٠,٧%. ئەو ڕستەیەش پرسیار لە وەگران ناکا، بەڵکو لەو جۆرە پرسیارانەیە کە پێویستیی بە وەڵام نیە و بۆ ئەوە بەکارهاتوە کە دۆخێک نەرێ بکا. بەو واتایەی ئێستا پلان و سیاسەتێک نیە بۆ نەهێشتنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش. واتە؛بۆ مەبەستی هەواڵدان بەکارهاتوە:

- **ئایا ئێستا پلان و سیاسەتێک هەیە بۆ نەهێشتنی هۆکارەکانی و زەمینەی سەرهەڵدانەوەی داعش؟**

**د/ ڕستەی فەرماندان و داخوازی:** هەرچەندە نێرەر خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانە و کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەرێمی کوردستانە. ئەو دەسەڵاتەی بە شێوەیەکی فراوان لە گوتارەکەیدا بەکارنەهێناوە، لەبەرئەوەی ڕەچاوی پێگە و کەسایەتیی وەرگرانی کردوە کە مامۆستایانی ئاینین، لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا پایەیەکی دیاریان هەیە. تەنیا ڕێژەی ١,٣% ڕستەی فەرماندانی ڕاستەوخۆ لە گوتارەکەدا هەیە کە دەکاتە دو ڕستە. ئەم دو ڕستەیەش کاردانەوەن بۆ کاریگەریەکانی دڕندەیی داعش لەسەر کوردستان:

- **دڕندەیی هەرە گەورەی داعشیش لە کوردستان بوو، لە پێش هەمووشیانەوە ڕفاندن و بردنی خوشکان و دایکانی ئێزدی لە کوردانی ئێزدی، دەبێ لەسەر ئەو دڕندەییە بوەستن.**
- **لەڕوی ئاینیەوە دژبونی لەگەڵ گشت بنەما ئاینیەکان بۆ هەموان زۆر بە تەواوەتی ڕونبکەنەوە.**

ڕستە داخوازیەکان زۆرترن و ڕێژەی ١٠%ی ڕستەکانی گوتارەکە پێکدەهێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ گوتارەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئاڕاستەی داهاتو دەکرێ، چونکە گوتارەکە بەر لە

دەستپێکردنی کۆنفراسی زانایانی ئاینی، بە دیارکراوی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفراسەکە، پێشکەشکراوە. لە ڕستە داخوازیەکان نێرەر خۆشی بەشدارە لە جێبەجێکردنی ئەوکارانەی کە دەیەوێ لە داهاتو ئەنجامبدرێن. وەک ئەم دو نمونەیە:

- **لەبەرئەوەش دەبێ بەدوای هەموو خاڵ و دیاردەکانی توندوتیژیدا بگەڕێین، لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا، دەبێ زۆر بە جورئەتیشەوە دەستنیشانیان بکەین.**
- **دەبێ، بەدوای نەهێشتنی توندوتیژییەکانەوە بین لە گوتارە ئاینیەکاندا، لە پرۆگرامی خوێندندا، لە کەلتوری خۆمان و ژیانی ڕۆژانەماندا.**

لە هەمو ڕستە داخوازیەکاندا نێرەر جێناوی لکاوی (ین)ی کەسی یەکەمی کۆی بەکارهێناوە، واتە؛ وەکو کەسی یەکەمی حکومەت و دەزگاکانی تری حکومەت بە وەزارەتی ئەوقافیشەوە هەموان بەشداربن لە کارەکانی داهاتو. ئەو جۆرە خۆ نزیککردنەوە و خۆتێکەڵکردنەی نێرەری سیاسی لەو بارودۆخانەدا بەدیاردەکەوێ کە پێویستی بە کاری هەرەوەزی و هاوکاری هەمە لایەنە هەیە.

### ٣-٢-٣-٢ ڕەهەندە دەروزمانیەکان:

**أ/ باری دەرونی نێرەر:** باری دەرونی نێرەر بە ئاسایی و جێگیر دەبینرێ. هیچ فشار و هەڵچونێکی دەرونی پێوە دیار نیە. شوێنی گوتاردانەکە بە باشی ئامادەکراوە. نێرەر خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانە کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پێگە و کەسایەتیی نێرەر خاڵێکی ئەرێنیە بۆ ئەوەی کەسایەتیی لە کاتی گوتارداندا بە جێگیری ببینرێ، بە بەراورد لەگەڵ گوتارەکانی پێشتری، جیاوازیەک لە کەسایەتی نێرەر بەدیناکرێ.

باردۆخی پێش گوتارەکە بە تایبەتی ڕوداوەکانی دوای ٣/ ئاب/ ٢٠١٤ و جینۆسایدکردنی ئێزیدیەکان و ڕفاندنی کچ و ژنی ئێزیدی و فرۆشتنیان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش، کاریگەریی تەواوی بەسەر گوتارەکەوە هەیە. ئەو ڕەفتارە دڕندانە و دژە مرۆڤایەتیانەی داعش و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی دەیانکرد، بەتایبەتی دیمەنە تۆقێنەرەکانی کوشتن و سوتاندن و سەربڕین و خنکاندن... وەک بە شێک لە شەڕی دەرونی داعش دژی کورد، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە دەرونی جەماوەری کوردستان دروستکردبو. کاریگەریی بەسەر زۆربەی گوتارە سیاسیەکانی ئەوسەردەمە هەبو. لەم گوتارەشدا دو جار وەکو ڕێکخراوێکی مەترسیدار وەسف دەکرێن:

- **پێشمەرگە ئازایەتیەکی زۆر گەورە دەنوێنێ، بۆ پاراستنی کوردستان و تێکشکاندنی هێزی مەترسیداری داعش.**

- **کردەوە تیرۆریستیەکانی ڕێکخراوی قاعیدە و دوای ئەویش داعش، نیشانیاندا کە ئەو ڕێکخراوانە تەنیا مەترسی‌نین، لەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئەو ڕێکخراوانەیان تێدا دروستدەبن. بەڵکو مەترسین، بۆ سەر هەمو جیهان.**

مەترسیداریی ئەو ڕێکخراوە لە شەڕی بەرەکانی جەنگ نیە، چونکە لەو سەردە لە هەمو بەرەکانی جەنگ داعش تێکشکابو، بەڵکو مەترسیەکە لەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە ئەو جۆرە توندڕەویە بەرهەمدێنێ، نێرەر بەڕونی ئەوجۆرە مەترسیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە ڕو، بە ئایدیۆلۆژیایەکی نامۆی دەناسێنێ لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا کە کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانە و لەسەر بنچینەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام تاکەکانی پەروەردەکراون.

ب/ **دەروزمانی پەیام:** گوتارەکە پەیامێکی ئاشکرای هەیە کە بریتیە لە (پێکەوە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی). ئەو پەیامەش ئاڕاستەی ئەو لایەن و کەسایەتیانە کراوە کە هاوکار و هاندەر بون بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. خەڵکیان هاندەدا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی داعش بکەن. هەندێک لەوانە لە چەند مزگەوتێکی هەرێمی کوردستان پەروەردەی توندڕەویی ئاینییان وەرگرتبو. ئەم باردۆخە کاریگەریەکی تەواوی بەسەر گوتارەکەوە هەیە. لە گوتارەکەدا لە چەندین شوێن باسی ئاکامە نەرێییەکانی (توندوتیژی) ئاینی کراوە، لە بەرامبەریشدا چەندین جار باسی (پێکەوەژیان) کراوە. هەردو چەمکەکە بەرامبەر یەک وەستاوەن. بەم ڕێژەیە:

- **توندوتیژی ٨ جار.**
- **پێکەوەژیان ١٠جار.**

وەک تێبینی دەکرێ لە گوتارەکەدا ڕێژەی چەمکی (پێکەوەژیان) زیاترە، هاوکات چەمکەکانی (ئاشتیی کومەڵایەتی، لێبوردەیی) لەگەڵی بەکارهاتون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و بنبڕکرنی سەرچاوەکانی، بە پێکەوەژیان دەبێ، نەک بە توندوتیژی. جەختکردنەوە لەو چەمکانە، پلان وستراتیژیەتی نێرەر نیشاندەدا لەو بارودۆخە کە بریتیە لە گۆڕینی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی، بە هەمان ئەو ناوەرۆکە ئاینیانەی کە دروستیکردون. ئەوەی لە پەیامەکە بەدیدەکرێ، ئەوەیە: ئەگەر ڕێکخراوە توندڕەوەکان بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان بۆ ئاین، دەتوانن کەسانی توندڕەو دروستبکەن، زانایان و مامۆستایانی ئاینی ئیسلامیش دەتوانن ئەو ناوەرۆکانە بەئامانج بگرن کە باس لە لێبوردەیی و پێکەوەژیان دەکەن. نێرەر نمونەیەکی گونجاو بۆ ئاکامەکانی توندوتیژیی ئاینی و ئۆلی دەهێنێتەوە کە لە عێراق پەیڕەوکراوە:

- **له عێراقدا هاندانی تایفەیی و مەزهەبی بارودۆخی عێراقی گەیاندوەتە ئەو ڕۆژگارە خراپەی ئێستا دەیبینین، نامانەوێ، ئەوە بەشێوەیەکی دیکە لە هەرێمی کوردستان دووبارە ببێتەوە.**

**ج/ باری دەرونیی وەرگران:** وەرگران توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردین، جگە لە میوانە ناوخۆیی و بیانیەکان کە لە کردنەوەی کۆنفراسەکە ئامادەن، سەرجەمیان مامۆستا و زانای ئاینین. هۆڵەکە هۆڵێکی ئامادەکراوە و شوێنی دانیشتنی وەرگران دابینکراوە. هەست بە هیچ فشارێک لەسەر وەرگران ناکرێ. جگە لە ئامادەبوان، ناوەرۆکی گوتارەکە ئاڕاستەی ئەو مامۆستا ئاینیانە دەکرێ کە مینبەری مزگەوتەکان بۆ مەبەستی حیزبی بەکاردەهێنن. نێرەر هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەو مامۆستا ئاینیانە دەکا کە لە پەنای مینبەری مزگەوتەکانەوە کاری حیزبی دەکەن. بۆنمونە:

- **نابێ هیچ مامۆستایەکی ئاینی و هیچ حیزبێک ڕەوایی بداتە کاری حیزبیی خۆی و دژایەتیی حیزبێکی دیکە بکات لەژێر ناوی پیرۆزی ئیسلامدا.**
- **ئەو مامۆستا ئاینیانەی ئەوە دەکەن، کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو لێکترازانی ناوەخۆیی و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هاندەدەن.**

بە وردی دیارنیە، ئەو مامۆستا ئاینیانە بە چ ڕێژەیەک لەناو هۆڵەکە ئامادەن. بۆیە جێناوی کەسی سێیەمی کۆ (ئەو مامۆستا ئاینیانە) بەکارهاتوە. واتە؛ مەرج نیە لەناو هۆڵەکە ئامادەبن، بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێکراوە. لە چوارچێوەی پلانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر، سەردەمی شەڕی داعش و پێش ئەو سەرردەمەش، مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن دەزگاکانی ئاسایش چاودێری دەکران، بۆ ڕێگریکردن لە هەندێک مامۆستای ئاینی کە خەڵکیان هاندەدا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی داعشەوە بکەن. چەند کەسێکیش چونە ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوە. ئەو بارودۆخە جۆرێک لە نائارامی دەرونی بۆ مامۆستایانی ئاینی دروستکردبو و بەسەر چەند بیرو بۆچونێکی جیاواز دابەشبوبون، هەندێکیان بیری نەتەوەییان لە گوتارەکانیادا بەرجەستە دەکرد و پشتگیریی تەواوی پێشمەرگەیان دەکرد، هەندێکیان بێدەنگ بون، بەشێکیشیان جۆرێک لە هاوسۆزییان بۆ گروپە توندڕەوەکان هەبو.

### ٣-٢-٣-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان:

**أ/ ڕەهەندی نەتەوەیی:** لەبەر ئەوەی گوتارەکە لە بۆنەیەکی وەزارەتی ئەوقاف پێشکەش کراوە، بەوپێیەش کە پەیڕەوانی هەمو ئاین نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەشدارن لە

کۆنفراسەکە. بۆیە گوتاربێژ زیاتر جەختی لە خۆبەندیی نیشتیمانی و ناسنامەی کوردستانی کردۆتەوە. پێکەوە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەشێکی سەرەکیی گوتارەکە پێکدەهێنێ. بۆنمونە:

- **گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بە قوربانیدان و بەرگریی هێزی پێشمەرگە نیشانیانداوە کە گەلێکی دژی تیرۆرە و ئامادەیە بۆ ئەوپەڕی هاوکاریکردن لە پێناو دروستبوون و چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.**

ئەم پێکەوەژیانە قوڵایی مێژویی و ڕەهەندی نەتەوەیی هەیە. لە هزری نەتەوایەتی کورد دژایەتی ئاینی بەدیناکرێ و کورد وەکو نەتەوە نەکەوتۆتە ململانێی ئایدیۆلۆژی و ئاینی لەگەڵ پەیڕەوانی ئاین و ئانزاکانی دەوروبەری و بەدرێژایی مێژوی نوێ لە ڕوی نەتەوەییەوە چەوساوەتەوە نەک لە ڕوی ئاینیەوە. بۆنمونە:

- **ئەمەش لە فیکر و مێژووی نەتەوەی کورددا لە پێکەوەژیان و هاوکاری لەگەڵ گەلانی دیکەدا سەرچاوە دەگرێت.**

**ب/ ڕەهەندی مێژویی:** لە ڕوی مێژوییەوە گوتارەکە بە چەند دەقێک دەوڵەمەند کراوە کە باس لە مێژوی پیاوانی ئاینیی کوردی دەکا، ئەمەش بەئاگایی نێرەر لە ڕوداوە مێژوییەکان نیشاندەدا. بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگی پیاوانی ئاینی لە ڕابردو بەدەقکراوە:

- **گەورە پیاوانی ئاینیی ئێمە، هەمومانیان فێری پێکەوەژیان دەکرد لەگەڵ ئاینە جیاوازەکاندا و هەموانیان فێردەکرد کە خەڵک لە قسە و ڕەفتاریان سەلامەت بێت.**

مێژوی ئەم دەقە بە وردی دیارنەکراوە. ڕێژەی کاری (ڕابردوی بەردەوام) بەکارهاتوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو سەردەمانەی کە پیاوانی ئاینیی کورد سەرکردایەتیی شوڕشەکانیان دەکرد و ڕۆڵی زۆر گەورەیان هەبو لە پێشەوایەتی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو ناوەرۆکانەی ئاینی ئیسلامیان دەکردە ئامانج کە باس لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکەن. لەو سەردەمانە مامۆستایانی ئاینی تێکەڵی کاری حیزبی و ڕیکخراوە توندڕەوەکان نەدەبون. ڕوداوێکی تری مێژویی دیار کە دامەزراندنی یەکێتی زانایانە، ساڵی ١٩٧٠ ڕۆڵی کاریگەری زانایانی ئاینی پیشاندەدا:

- **چۆن یەکێتی زانایان بووە هۆکارێکی یەکێتیەکی تەواو لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئێستاش پێویستە، بە هەمان گیانی یەکگرتوییەوە پێکەوە کاربکەین. لەسەر بنەما سەرەکیەکانی پێکەوەژیان و یەکگرتویی، لە پێناو گوتارێکی یەکگرتوی دور لە توندوتیژی ئاینی.**

لەم دەقەشدا نێرەر مامۆستایانی ئاینی هاندەدا، بۆ ئەوەی هەمان ڕۆڵی پێشو بگێڕن لە ناوکۆمەڵگەی کوردی، هێنانەوەی هەردو دەقە مێژوییەکە تەواو لەگەڵ بارودۆخی دەروبەر و

مێژوی گوتارەکە دەگونجێ. بەم نمونانە، نێرەر دەیەوێ ئەوە بەبیر مامۆستایانی ئاینی بێنێتەوە، فەرامۆش نەکراون و ئێستاش دەتوانن، هەمان ڕۆلی پێشو بگێڕن. چونکە کومەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پابەندە بە ئاینی ئیسلامەوە و تا ئێستاش مامەڵەی کۆمەلایەتی لەسەر بنچینەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بەڕێوە دەچێ.

ج/ **ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی:** گوتارەکە بە گشتی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی ئیسلامی کراوە. نێرەر لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی میانڕەو و دیموکراسیەوە دەڕوانێتە گروپە توندڕەوەکان. ئایدۆلۆژیای تاکڕەو و خۆسەپێنی ئەو گروپانە ڕەتدەکاتەوە، بە سەرچاوەی تێکدان و کارەساتەکانی ناوچەکەیان دەزانێ. بۆیە داوای شەڕی ئایدیۆلۆژی لە وەرگران دەکا. ئەم شەڕە شەڕێک نیە دژی خودی ئاینی ئیسلام، بەڵکو دژی ئایدیۆلۆژیای توندڕەویی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەیە کە ئاینی ئیسلام وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنی توندڕەوی دەبینن. وەک لەم دەقەدا دیارە:

- **ڕۆلی ئێوەی مامۆستایان و زانایانی ئاینی زۆر گرنگە، لە دروستکردنی گفتوگۆیەکی زانستیی ئاینی بۆ وشککردنی سەرچاوەکانی توندڕەوی.**

توندڕەوەیی گروپە ئیسلامیەکان لە هەمان ئەو دەقە قورئانی و فەرمودانە سەرچاوەیگرتوە کە زانایانی ئاینیی ئیسلام شارەزاییان لێ هەیە و پەیڕەوی دەکەن، بۆچونە جیاوازەکان لە تێڕوانینی جیاوازی گروپە توندڕەوەکان بۆ ئەم دەقانە دروستدەبێ، ئەمەش بە پێی شیکردنەوە جیاواز، ئاراستەی جیاواز لە ناو هەمان ئاین دروستدەکا. گروپە توندڕەوەکان تەنیا گوێڕایەڵی ئەو شیکەرەوانە (مفسر) دەکەن کە لەگەڵ کردەوە تیرۆریستیەکانیانیەکدەگرنەوە. بەرەنگاربونەوەی سەرچاوەکانی توندڕەوی ئاینی بە ناوەرۆکەکانی دیکەی هەمان ئاین، داواکاریی سەرەکیی گوتارەکەیە. ئەم بەرەنگاربونەوە بە کەسانی ئاسایی ناکرێ، دەبێ زانایان و لێکۆڵەرانی ئاینی ئیسلام، تیشکۆ بخەنە سەر ئەو دەقانەی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی لەناو کۆمەڵگە لاواز دەکەن، لە بەرامبەردا ئەو دەقانە بێننە پێشەوە و کاریان لەسەر بکەن کە گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاینی بەرجەستەدەکا.

**٣-٢-٣-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی:**

**أ/ دەوروبەری ناوخۆ:** لە دەوروبەری ناوخۆدا دەقەکانی گوتارێک لەگەڵ یەکتر تەواوکار و هاماهەنگ دەبن ، بۆ ئەوەی دەوروبەرێکی گونجاو بۆ دەستەواژەیەک، وشەیەک، ڕستەیەک، دروستبکەن و مەبەستی بەکارهێنانی دیاربخەن، بۆنمونە :

- **هیوادارم کۆنفراسەکەتان بە بەرهەم و کارنامەیەکی گونجاو بۆ قۆناخی ئێستامان بگاتە ئەنجام و ئامانجەکانی.**

وشەکانی ( ئەنجام) و (ئامانج) ڕون نین، بەپێی دەوروبەر واتایان دەگۆڕێ. ئەگەر دەقەکانی پاش و پێشی نەبن، نازانرێ، ئەنجام و ئامانجەکانی ئەم کۆنفراسە چین؟ هەروەها دەستەواژەکانی (وشککردنی سەرچاوەکان)، (گەراداکوتان)، (ڕەگەکانی توندوتیژی)، هەمو دەستەواژەکان خواستنی تێدایە، لە بنچینەدا واتای فەرهەنگی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەم گوتارەدا بۆ مەبەستی دژایەتنیکردنی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوەی بەکارهاتون و لەپاڵ واتا فەرهەنگیەکانیان، مەبەستێکی تر دەگەیەنن.

**جێناوەکەسیەکان:** جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ بە ڕێژەی زیاتر لە هەمو جێناوەکانی تر بەکارهاتون، ئەمەش بۆ ئەو کارە هەروەزی و داخوازیانە دەگەڕێتەوە، کە لە چەندین شوێنی گوتارەکە جەخت لە پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی کراوەتەوە:

- **دەبێ بەدوای هەموو خاڵ و دیاردەکانی توندوتیژیدا بگەڕێین، لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا، دەبێ زۆر بە جورئەتیشەوە دەستنیشانیان بکەین.**

جێناوەکانی کەسی دوەمی کۆ، بە پلەی دوەم، ڕێژەی ٢٥%ی جێناوە بەکارهاتوەکان پێکدێنن، چونکە گوتارەکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی زانایانی ئاینی کراوە و ڕۆڵی گەورەی ئەو زانایانە لە بەرەنگاربونەوەی بیری توندڕەوی خراوەتە ڕو. وەک (لەبەر ئەو ڕۆلە گرنگەی ئێوە)، (ئێوەی بەڕێز)، (چاوەڕوانی هەمو گەلی کوردستان لە ئێوەیە)، (بە بیری ڕوناکتان)...

**ب/ دەوروبەری دەرەوە:**

گوتارەکە لە تشرینی دوەمی ساڵی ٢٠١٦ پێشکەشکراوە. شەڕی داعش کۆتایی نەهاتبو. هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی ناجێگیری سیاسی، ئابوری، سەربازیدابو. داعش هێشتا دەسەڵاتی بەسەر موسڵ و چەند ناوچەیەکی تر مابو. لە سەرەتای گوتارەکە ئاماژە بە شوێنی بەستنی کۆنفراسەکە دەکرێ (**ئێمە ئێستا بە ئارامی لێرە کۆبووینەتەوە**). ئێرە، واتە؛ هەرێمی کوردستان، ئاوەڵکاری (**بە ئارامی**) واتە؛ ناوخۆی هەرێمی کورستان، ئێستا ئارامە لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق. هەروەها ئاوەڵکاری (**ئێستا**)، واتە؛ ماوەیەک پێش ئێستا ئارام نەبو، بە دیارکراوی ساڵێک بەر لە پێشکەشکردنی گوتارەکە، هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەی داگیرکاریی ڕێکخراوێکی تیررۆیستی جیهانیدا بو. هەردو ئاوەڵکارەکان لەگەڵ کاتی پێشکەشکردنی گوتارەکە گونجاون.

چونکە ئەو کاتە خاکی هەرێم بە تەواوی ئازاد کرابو. هەردو ئاوەڵکارەکان ئاماژەن بەو نائارامیەی کە لە بەشێکی عێراقدا هەیە.

چالاکیی نهێنیی گروپە توندڕەوەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هاوسۆزییان لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان، کاریگەریی تەواوی بەسەر گوتارەکەدا هەیە، لە چەندین شوێنی گوتارەکە ئاماژە بە ڕۆلی ئەو گروپانە کراوە. سەرەڕای قەیرانە دارایی و کارگێڕیەکان و کێشەی سیاسیی نێوان لایەنەکانی دەسەلات (بەتایبەتی کێشەی نێوان گۆڕان و پارتی)، چەکەرەکردن و ڕەگداکوتانی ئەو گروپە توندڕەوانە، پشێویەکی تەواوی بۆ دەسەلاتی هەرێم دروستکردبو.

بە گشتی دەوروبەری دەرەوە، کاریگەریی تەواوی لەسەر گوتارەکە دروستکردوە. شاری موسڵ کە نزیکە لە هەرێمی کوردستان، سێ جار لە گوتارەکە ناوی هاتوە:

- **موسڵ کە کرابووە پایتەختی داعش دەکەوێتە تەنیشت ئێمەوە.**
- **داعش شاری موسڵی کردە شوێنی ڕاگەیاندنی دەسەلاتەکەی و کردیە پایتەختی دەسەلاتەکەی.**
- **هەڵوەستەکردن لەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش و گەشەکردن و مانەوەی بۆ زیاتر لە ٢٩ مانگ لە موسڵ و شوێنی دیکە، مایەی لێکۆڵینەوە و ڕاوەستانە.**

نزیکی پایتەختی دەسەلاتی داعش لە هەرێم، واتە؛ زەمینەی گەشەکردنی بیری توندڕەویی داعش لە (ئێمە)وە دو نیە، لە هەمو کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو بیرە توندڕەوە بگاتە ئێمە. ئەگەر لە ڕوی سەربازیەوە داعش تێکشکابێ، لە ڕوی ئایدیۆژیەوە کاریگەریی هەر دەمێنێ. هۆکارێکی تری مانەوەی بیری داعش لە موسڵ دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی مەزهەبی لە نێوان سوننە و شیعەکانی عێراق، بە تایبەتی کە دەسەلات لای شیعەکانە، ئەمەش زەمینەی بەرهەڵستکاری و دوا جاریش توندڕەویی مەزهەبی سوننەکان بەرهەمدێنێ. بەو پێیەی زۆرینەی کورد موسوڵمانی سوننە مەزهەبە و ئەو بنەمایانەی کە گروپە سوننە توندڕەوەکان کاری پێ دەکەن، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکانی کوردستان دەبێ ، لە ئەنجامدا ئەو گروپانە زیاتر تەشەنە دەکەن و زەمینەی کارکردنیان زیاتر بۆ دەڕەخسێ. نێرەر پێشگریمانەی ئەوە دەکا، دوای نەمانی خەلافەتی داعش لە موسڵ، ئەو بیرە توندڕەویە هەربمێنێ و کاریگەریی تەواویشی بەسەر هەرێمەوە بمێنێ، چونکە مانەوەی داعش بۆ زیاتر لە ٢٩ مانگ، واتە؛ ئەو ناوچەیە زەمینەیەکی لەبارە بۆ گەشەکردن و مانەوەی ئایدیۆلۆژیای توندڕەوەی سوننە و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ هەرێم هەیە. ئەم پێشگریمانەیەی نێرەر لەم نمونەیە بەدیاردەکەوێ:

- **بەرژەوەندیی گەلی کوردستان لەوەدایە، دراوسێی ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر بێت، نەک لەگەڵ ناوچەیەک دراوسێ بێت کە پڕبێت لە ناکۆکیی ناوەخۆیی و تایفی.**

وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا کە لە چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆر هێزی سەربازییان لە هەرێم هەبو، گرنگی زۆریان بە پێکەوەژیانی ئاینی دەدا. دەسەڵاتداریەتیی هەرێم لە هەوڵی ئەوە دابو، وەک ستراتژیەتێک پێکەوەژیانی ئاینی پەرە بە ئازادی ئاینیی کەمینە ئاینیەکانی هەرێم بدا. ئەمەش هەمیشە لە سیاسەتی حکومەتدا وەک هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وڵاتە زلهێزەکان زەقکراوەتەوە ، وەک لەم نمونەیە بە دیاردەکەوێ:

- **هەمووومان لە بیرمانە، ئەوشەوەی بەڕێز باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا، دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانیەکانی بۆ پاراستنی هەولێر و گەلی کوردستان ڕاگەیاند، چۆن ئەوەی زەقکردەوە کە گەلی کوردستان بە کولتووری بەهێزی پێکەوەژیان، ژیانێکی نموونەییان لە ناوچەکەدا دروستکردوە و دەبێ بپارێزرێن.**

### ٣-٢-٤گوتاری عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە دیداری مێری ٢٠١٥/١١/٥

#### ٣-٢-٤-١ ڕەهەندە زمانەوانیەکان:

**أ/ ئاستی دەنگسازی:**

گوتارەکە لە ناو هۆڵێکی داخراودا پێشکەشکراوە، دەنگ لە ڕێگەی چەند بڵندگۆیەکەوە پەخش دەکرێ. دەنگ بە کواڵێتیەکی بەرز دەگاتە وەرگران. هۆڵەکە زۆرگەورە نیە و ژمارەی وەرگرانیش لەچەند سەد کەسێک تێناپەڕێ و زۆر نین. بۆیە ئاستی دەنگی گوتاربێژ ئاستێکی ناوەندیە و دەنگی زۆربەرز ناکاتەوە. ڕێژەی خێرایی گۆکردنی ناوەندیە و لە تێکڕای (١٩,٩)نۆزدە خولەک و نۆ چرکەدا نزیکەی(٢٣٠٣) وشە دەدرکێنێ، کە ئاستێکی ناوەندە و خێرایی و خاویی لە دەربڕینەکاندا بەدیناکرێ. هەمو دەنگەکان لە ڕوی کواڵێتی دەربڕینەوە بە شێوەی تەواو لەلایەن گوتاربێژەوە گۆدەکرێن و هیچ کێشە و کەموکوڕی لە گۆکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی نیە. لەگەڵ هەندێک جیاوازیی کەم کە زیاتر بۆ شێوەزاری ناوچەیی گوتاربێژ دەگەڕێتەوە وەک لە وشەکانی ( نێوەڕاست، نێوخۆ، هێندە، وەگەڕخستن) تێبینیدەکرێ.

**فۆنیمە ناکەرتیەکان:**

**١/ هێز(Stress):** هەر گوتاربێژێک، فۆنیمە ناکەرتیەکان بە شێوەی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێ. لەهەر شوێنێک مەبەستی بێ هێز دەخاتە سەر وشەیەک بۆ ئەوەی جیای بکاتەوە، یان جەختی لێ بکاتەوە، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بێ. لەم گوتارەدا، گوتاربێژ لە چەندین شوێن هێز دەخاتە سەر چەند وشەیەک. لەبەر زۆری نمونەکان تەنیا چەند نمونەیەک وەردەگیرێن:

- **بەرهەمی خەباتێکی دورودرێژ و درێژخایەنی خەڵکی باشوری کوردستانە.**

هێزکەوتۆتە سەر وشەی لێکدراوی (دورودرێژ) کە دیارخەرە، بە مەبەستی زۆریی، هێزی خراوەتە سەر.

- **توانیمان کە بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەین لە بەرامبەر شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعشدا.**

هێز خراوەتە سەر وشەی (تیرۆریستان) بۆ نیشاندانی مەبەستێکی تایبەت، ئەویش ناساندنی ڕێکخراوەکەیە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، لە لایەن حیزبێکی ئیسلامی.

- **ئێمە پەرلەمانمان هەبوە، بەڵام نەمانهێشتوە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە و شوێنی بڕیار و یاسا بێ.**

هێز خراوەتە سەر ڕستەی (نەمانهێشتوە)، کە ڕستەیەکی نەرێیە و جێناوی (مان) کەسی یەکەمی کۆی تێدا بەکارهاتوە، گوتاربێژ دەیەوێ، جەخت لەوە بکاتەوە کە خۆمان نەمانهێشتوە پەرلەمان کارا بێ. جێناوی کەسی یەکەمی کۆ بۆ لایەنەسیاسیەکان دەگەڕێتەوە.

- **لە ڕابردو خوێنمان لەبەیندا هەبوە.**

هێز لەسەر وشەی (خوێن)ە، ئاماژەیە بە شەڕی براکوژیی نێوان لایەنە سیاسیەکان. بێ ئەوەی ناوی لایەنەکان و شەڕەکان بهێنی. بەوپێیەی هەموان ئاگاداری مێژوی لایەنەسیاسیەکانن.

### ٢/ ئاوازە( Intonation):

لەم گوتارەدا فۆنیمی ناکەرتی ( ئاوازە) ئاوازێکی ئاسۆییە و لە چەند دێڕێکی کەم هەست بە بەرزی و نزمی دەکرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی گوتارەکە و بابەتی گوتارەکە کە گوتارێکی جەماوەریی فراوان نیە و تێکڕای ئاستی دەنگیی گوتارەکە بەرز و نزمیی پێوست نیە. لە چەند شوێنێک گوتاربێژ ئاوازی ڕستەکان دەگۆڕی بۆ ئەوەی مەبەستێکی تایبەت نیشانبدا. وەک:

- **ئێمە هەژارەکانمان هەژارتر بون !**
- **دەوڵەمەندەکانیشمان بەشێکیان هەژار کەوتون!**

لەم دوڕستەیەدا گوتاربێژ ئاوازی تایبەت بەکاردێنێت بۆ نیشاندانی سەرسوڕمان .

- **پێکەوە نەبون؟**
- **ڕەفیق نەبون؟**

بەمەبەستی دروست کردنی ڕستەی پرسیاری

**٣/ وەستان (juncture):** وەستانەکان وەستانی ئاساییں. ئەو وەستانانەن کە لە کۆتایی وشە و ڕستە و پەرەگرافەکان هەن. هیچ وەستانێکی ئاسایی ناو ڕستەکان ناگاتە چرکەیەک وەک لەم نمونەیەدا دیارە:

**من + پێنج + بنەمای + گرنگم + بۆ + چارەسەری + کێشە + و + قەیرانەکانی + ئێستای + هەرێم + لەبەرچاوگرتوە.**

لە گوتارەکەدا ڕەچاوی بنەمای ئابوریی کات کراوە. درێژترین وەستانی نێوان ڕستەکان لە دو چرکە تێپەڕ ناکا. هەرچەندە گوتارەکە نەنوسراوەتەوە و گوتاربێژ وەکو سەرەقەڵەم گوتارەکەی نوسیوە. وەک لەم نمونەیەدا دیارە:

**هەمیشە لە درزی ڕیزەکانی خۆمانەوە، دوژمن و ناحەزانمان زەفەریان پێ بردوین++** (دو چرکە)

## ب/ ئاستی وشەسازی:

### ١/ وشە بیانیەکان :

گوتارەکە لە (٢٣٠٣)[٢٣] وشە پێکاتوە، گوتاربێژ هەوڵیداوە بە ڕێژەیەکی زۆر وشەی کوردی بەکاربهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا گوتارەکە لە وشەی بیانی بەدەرنیە. زۆربەی وشە بیانیەکان ئەو وشانەن کە ژیانی لە ئاسایی ڕۆژانە بەکاردێن، وەک وشەکانی (حەقیقەت، حیزب، سیاسەت، سایت، کۆنکرێت، کۆنترۆل، واقع... ). لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک وشە بەرچاو دەکەون کە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردی کەم بەدیدەکرێن، وەک وشەکانی ( ئیکتیفا، هەمزەی وەصل، خەدش، وەخراندن)، ئەم وشەیەی دوایی(وەخراندن) بە واتای دواخستن هاتوە، لە بنچینەدا لە وشەی (تأخیر)ی عەرەبی وەرگیراوە، یاسای تێپەڕاندنی بەسەردا جێبەجێکراوە، بە زیادکردنی(اندن) هەروەها گۆڕینی هەندێک لە دەنگەکانی وشەکە و گونجاندنی لەگەڵ شێوەزاری ناوچەیی گوتاربێژ، وەک لە وشەکانی (وەگەڕخستن، وەتەنگدێ)، بەرچاو دەکەون.

ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی، جگە لە دەقە عەرەبیە وەرگیراوەکان (Quotation)، بریتیە لە ٤%ی وشە بەکارهاتوەکان. ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراون، بریتیە لە ٠,٢%ی وشە بەکارهاتوەکان. ئەمەش بۆ پاشخانی ڕۆشبیریی و ئاینیی گوتاربێژ دەگەڕێتەوە کە پاشخانێکی ئیسلامی و عەرەبیە. بە گشتی گوتاربێژ ئەو وشە و دەربڕینانەی هەڵبژاردوە کە لەگەڵ دەروبەری گوتارەکەی دەگونجێ. گوتارەکە لە بەردەم کۆمەڵێک کەسی سیاسی و ئەکادیمی و توێژەری سیاسی پێشکەشدەکرێ. بۆیە گوتارەکە دورە لە زمانی ڕازاندنەوە و یاریکردن بە وشە و ڕەوانبێژی. ئەمەش لەگەڵ زمانی گوتاری سیاسی دەگونجێ کە زیاتر بریتیە لە گەیاندنی بیرۆکەی سیاسی نەک ڕازاندنەوەی گوتار، هەرچەندە گوتاری سیاسی لە دەربڕینی جوان بەدەر نیە.

**٢/ کاریگەریی شێوەزاریی ناوچەیی:** هەرچەندە گوتاربێژ بە ڕادەیەکی زۆر شێوەی ستانداردی (standard) کوردیی ناوەڕاستی بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی شێوەزاری ناوچەیی لە هەندێک شوێنی گوتارەکە بەرچاودەکەوێ. ئەمەش شتێکی ئاساییە و زۆربەی سەرکردە سیاسیەکانی کوردی و جیهانی، کاریگەریی شێوەزاری ناوچەیی، یاخود شێوەزاری دایک، بەسەر گوتارەکانیانەوە دیارە.وەک ئەم نمونانە:

- **ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.**
- **بارودۆخی نێوخۆیی.**

[٢٣] بە پێی ژماردنی بەرنامەی (word) کە هەمو ئامراز و وشە جیاوازەکان کە سپەیسیان لە نێوانە بە وشەیەک هەژمار دەکا.

- **بارودۆخەکە هێندە خەراپ نیە.**

لەم نمونانەی سەرەوە گوتاربێژ بزوێنی /ێ/ی بەکارهێناوە لە جیاتی بزوێنەکانی /ا/ و /ە/ کە لە ناوچەی پشدەر بە زۆری بەکاردێن.

**٣/بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان:**

ڕیژەی جێناوە بەکارهاتوەکان لەم گوتارەدا بەم شێوەیە:

جێناوە سەربەخۆکان ٦٢ کە دەکاتە ڕێژەی ١٥,٧%

جێناوە لکاوەکان ٣٣٢ کە دەکاتە ٨٤,٣% کۆی جێناوە بەکارهاتوەکان.

خشتەی ژمارە٤

| کەسی یەکەم | | کەسی دوەم | | کەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | ئێمە | تۆ | ئێوە | ئەو | ئەوان |
| ٢٣ | ٣١ | ٣ | ٢ | ١ | ٢ |
| م | مان | ت | تان | ی | یان |
| ٣٦ | ١٠٩ | ١٢ | ١٢ | ٢٤ | ١٠ |
| م | ین | یت | ن | Ø | ن |
| ١٠ | ٩٤ | — | ٦ | ١٠ | ١٠ |

**ج/ ئاستی ڕستەسازی:**

١/ **ڕیزکردنی کەرەسەکان:** بە گشتی گوتارەکە لە (٤٣٩) ڕستە پێکهاتوە. گوتاربێژ بە ڕێژەی ٩٦.٤% پابەند بوە بە یاسای ڕیزکردنی کەرەسەکانی ڕستەی زمانی کوردی. (بکەر، بەرکار، کار)، بۆ ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان تێپەڕن. (بکەر، کار) بۆ ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان تێنەپەڕن. ڕێژەی ٣.٦% ڕستەکان کەرەسەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە، وەک لەم چەند نمونەیەدیارە:

- **ئەوانەی کە دەیانەوێ مشوربخۆن لە چارەسەری کێشەکان بە بێ لایەنە و بابەتیانە.**
- **ئەمجا دابنیشین لە جێیەکی ئارام و هێمن.**
- **خەڵک دەپەڕێتەوە لە ڕوبار.**

زۆربەی جێگۆڕینەکان بریتین لە پێشخستنی کار، بۆ هەر مەبەستێک بێ، گوتاربێژ کارەکانی پێش ئاوەڵکارەکانی شوێن و کات خستوە.

**٢/ ڕستەی نەرێ:** ڕێژەی ١١,٨% ڕستەکان کارەکانیان نەرێن، ڕێژەی ٨٨.٢% ئەوڕستانە بەکارهاتون کە کارەکانیان ئەرێن. کارە نەرێکان، بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بەکارهاتون بە تایبەتی لەو

ڕستانە کە گوتاربێژ ڕەخنە لە لایەنە سیایەکان دەگرێ کە بونەتە هۆکاری ئەنجامنەدانی هەندێک ڕێکاری پێویست بۆنمونە:

- **لایەنە سیاسیەکان، نەمانهێشتوە کە حکومەتەکەمان، حکومەتێکی دەستکراوە بێت.**
- **زۆر شت دەکرێ و دەگوزەرێ و دەسەڵاتی دادوەری هیچ کارا نیە.**

**٣/ئەرکی ڕستەکان:**

**أ/ ڕستەی هەواڵدان:** زۆربەی ڕستەکانی گوتارەکە ڕستەی هەوڵدانە کە دەگاتە ڕێژەی ٨٦.٨%ی کۆی ڕستەکان. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوتاربێژ بەشێکی زۆری گوتارەکەی تەرخانکردوە بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ڕابردو و ئەزمونی کەسیی خۆی و زیاتر دەمکاتی ڕابردوی سادەی بەکارهێناوە. وەک ئەم نمونەیە:

- **ئێمە توانیمان کە بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەین. هەڵبەتە، بە هاوکاریی کەسانێکیش کە پشتگیرییان لێکردین، هێزە نێودەوڵەتیەکان، لە بەرامبەر شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعشدا.**

**ب/ ڕستەی فەرماندان:** ڕستەی فەرماندان بەڕێژەیەکی زۆر کەم لە گوتارەکەدا بەدیدەکرێ کە بریتیە لە ڕێژەی ١%ی ڕستەکان. لەو ڕێژەیەش دو ڕستە شیکردنەوەی ئایەتێکی قورئانە:

- **وریای خۆتان بن.**

ڕستەیەکیش گێڕانەوەی پەندێکی عەربیە.

- **دەربازمکەن.**

ڕستەیەکی تریش گێڕانەوەی قسەی کەسێکی ترە. واتە؛ فەرماندانی ڕاستەخۆ لە لایەن گوتاربێژ بەدیناکرێ، ئەمەش لەگەڵ دەسەڵات و پێگەی سیاسیی گوتاربێژ گونجاوە، هەروەها ئامادەبوانیش لەو جۆرە کەسانە نین کە گوتاربێژ فەرمانیان بەسەردا بکا.

**ج/ ڕستەی داخوازی:** ڕستەی داخوازی بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەرچاودەکەوێ. ڕێژەکە ١٣.٢%ی ڕستەکانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی گوتارەکە کە بە گشتی بریتیە لە پێشنیار و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان. وەک ئەم نمونانە:

- **با هەمومان کەموکوڕیەکانی خۆمان ببینین، وە دانیشیان پێ بێنین.**
- **با هیچمان خۆمان پێ وا نەبێ، لەسەرو ڕەخنەوەین.**

**٤/ ڕستەی بکەرنادیار:** ڕستەکانی گوتارەکە بە ڕێژەی ٩٩% ڕستەی بکەردیارن، تەنیا ١% ڕستەکان بکەرنادیارن کە دەکاتە چوار ڕستە. بۆنمونە:

- **له هەر شوێنێک بنکە و بارەگای حیزبێک زیانی پێگەیەنراوە.**
- **دوای ئەوەی باردۆخەکان ئاسایی دەکرێنەوە و یاسایی دەکرێنەوە.**

لە ڕستە بکەرنادیارەکاندا گوتاربێژ نەیویستوە باسی ئەو ڕوداوانە بکا کە لە نێوان دو حیزبی بەشدار لە دەسەڵاتداری هەرێم ڕویانداوە و هێرشکراوەتە سەر بارەگاکانیان و بارەگاکان سوتێنراون، هەروەها نایەوێ بکەرەکانی ڕوداوەکان نیشانبدا، بۆیە بەرکارەکان دێنێتە پێشەوە و هەرچەندە بکەرەکانیش بناسێ، چاوپۆشی لە بکەرەکان دەکا.

**٣-٢-٤-٢ ڕەهەندە دەروزمانیەکان:**

**أ/ باری دەرونی گوتاربێژ:**

باری دەرونی گوتاربێژ بە جێگیر و ئاسایی دەبینرێ. هیچ فشارێکی دەرونیی، یان هەڵچونێکی دەرونی پێوە دیار نیە. بە بەراورد لەگەڵ گوتارەکانی تری کە لە بۆنەی جیاجیا پێشکەشیکردون، جیاوازییەکی دیار و ئاشکرا بە گوتارەکەیدا نابینرێ، چونکە گوتاربێژ خۆی کەسایەتیەکی سیاسی و ئاینیی ناسراوە لە هەرێمی کوردستان و کەسی یەکەمی حیزبێکی ئیسلامیە. ئەزمونی گوتاردانی چ بەرامبەر کامێرا و چ بەرامبەر بە جەماوەر، پێوەدیارە. گوتارەکەی نەنوسیوەتەوە، بەڵکو تەنیا هەندێک سەرەقەڵەمی نوسیوەتەوە.

کاریگەریی دەروبەر و وەرگران بەسەر گوتاربێژەوە دیار نیە، چونکە هۆڵەکە زۆر گەورە نیە و ژمارەی وەرگران لە چەند سەد کەسێک تێپەڕناکا. وەرگرانیش بە بێدەنگی گوێیان بۆ گوتارەکە گرتوە. هیچ دروشم و لایەنگیری و بەرهەڵستکاری بە وەرگرانەوە دیار نیە. ئەمەش دەبێتە کارئاسانی بۆ ئەوەی گوتاربێژ پەیامەکەی بە کاتێکی کەمتر و دەرونێکی ئارامتر پێشکەشبکا.

**ب/ دەروزمانیی پەیام:**

گوتاربێژ پەیامێکی ڕون و ئاشکرای هەیە، هیچ بەربەستێک بەدیناکرێ لە گەیاندنی پەیامەکەی.ئەو قەیرانە ناوخۆییانەی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕو کە لەو سەردەمە کاریگەریی دەرونی و دڵەڕاوکێی لەناو جەماوەر دروستکردوە و بابەتێکی سەردەمی بووە. بۆیە پەیامی گوتارەکە جێگەی گرنگیپێدانی وەرگرانە. گوتاربێژ ڕەچاوی باری دەرونیی وەرگرانی کردوە و هیچ دەستەواژەیەکی ئەوتۆ بەکارناهێنێ، ببێتە مایەی نیگەرانیی گوێگران. هەوڵدەدا پەیامەکەی بە شێوەیەکی ڕەخنە ئامێز بگەیەنێتە وەرگران. وەک ئەم نمونانە:

- **قەیرانی ئێستامان، دەرهاوێشتەی کەموکوڕیەکانی ڕابردومانە. ئەگەر تەحدیدی بکەین، دەبێ بڵێین کرچوکاڵی دامەزراوەکان.**

- **نەماتوانیوە، بڕیارێکی کۆنکرێتی بدەین کە دەبێ پاراستنی هێمنیی کۆمەڵایەتی، ئاشتیی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەوە خەتی سوربێ. هیچ کەس تەجاوزی نەکا.**

بۆ زیاتر کاریگەربونی پەیامەکەی گوتاربێژ پێگەی خۆی وەکو کەسایەتیێکی سیاسیی ئاگادار لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژویی و سیاسی، بەکاردەهێنێ. ئەمەش لە ناوەرۆکی پەیامەکەی بەدیدەکرێ کە ڕەنگدانەوەی کەتواری ئەو سەردەمەیە کە گوتارەکەی تێدا پێشکەشکراوە. بۆیە گوتاربێژ کۆمەڵێک دۆزی (argument) مێژویی و سیاسی لەگەڵ ئەو سەردەمە بەراورد دەکا. وەک ئەم نمونەیە:

- **ئەگەر تەماشای ڕابردوی خۆمان بکەین بەسەر گرفتی زۆر گەورەتردا زاڵبوین. ئەمە هەر هیچ نیە لە چاو ڕابردو.**

لە بەشێکی تری گوتارەکەیدا گوتاربێژ کۆمەڵێک چارەسەر و پێشنیار دەخاتەڕو، پێشنیارەکانی لە شێوەی داخوازیە نەک فەرماندان، ئەمەش ئەوە دەردەخا کە گوتاربێژ پێگە و کەسایەتیی خۆی لەبەرچاوگرتوە.

- **بۆیە من پێموایە، پێویستە، بە خێرایی ئەو زەرەرەی گەیاندومانە بە هەرێمەکەمان، بە قەوارە سیاسیەکەمان، قەرەبوی کەیەنەوە.**

**ج/ باری دەرونیی وەرگران:**

وەرگران کۆمەڵەیەکی دیارکراو و تایبەتن، هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی تێدا نیە. ئامادەبوان پلە و پایەی سیاسی و حیزبی و ئەکادیمییان هەیە. ئامادەبونەکەشیان ئارەزومەندانەیە. بۆیە وەرگران بە وردی گوێیان بۆ گوتارەکە گرتوە و ناوەرۆک و بابەتی گوتارەکە لەگەڵ وەرگران دەگونجێ. هەرچەندە گوتاربێژ ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینیی دیارکراوی هەیە، بەڵام ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتیی وەرگران و ئایدیۆلۆژیا دژە ئاینەکانی کردوە و دەستەواژەی نەخوازراو و (بریندارکەر)ی بەکارنەهێناوە. ئەمەش وایکردوە باری دەرونیی وەرگران هێورو ئارام و ئاسودە بێ.

### ٣-٢-٤-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان:

لە ڕوی کومەڵایەتیەوە، گوتارەکە دەربڕین و وشەی تابۆی وای تێدا نیە، کە لەگەڵ کەتواری کۆمەڵگەی کوردی نەگونجێ. ناوەرۆکی گوتارەکە لەگەڵ مەبەست و بابەت و شوێنی گوتارەکە گونجاوە، چونکە خودی ئەو دیدارەی کە گوتارەکەی تێدا پێشکەشکراوە، لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەکانی ئەو سەردەمەی هەرێمی کوردستان سازکراوە. بە تێڕوانین لە پاشخانی

ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیی گوتاربێژ، بەدیاردەکەوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی گوتارەکەی، پەنای بۆ ڕەهەندی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری بردوە.

**أ/ ڕەهەندی نەتەوەیی:**

هەندێک ئیدیەمی کوردی بەکارهێناوە کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەگونجێ. بۆنمونە :

- **ئاوڕێک لە ڕابردو دەدەمەوە، نەک بەو واتایەی کە کای کۆن بەبا بکەم، وە برینان بکولێنەمەوە.**

لەم دەقەدا گوتاربێژ دو ئیدیەمی کوردی بەکار هێناوە:

- **کای کۆن بەبا بکەم.**
- **برینان بکولێنمەوە.**

هەردو ئیدیەمەکە لە یەکەوە نزیکن و پەیوەندییان بە ڕابردوەوە هەیە. گوتاربێژ نایەوێ بە وردەکاریەوە باسی ڕوداوەکانی ڕابردو بکا. لەبەر ئەوەی هەم زۆر باسکراون و هەم ڕوداوی تراژیدی و جەرگبڕن. وەک ڕوداوەکانی شەڕی براکوژی کە وەک برینێک لە ناخی هەر تاکێکی کورد ماوە کە لەو سەردەمە ژیاوە و ڕوداوەکانی بینیوە. بە کورتی، دەیەوێ بیرهێنانەوەیەکی کورت بۆ ڕوداوەکانی ڕابردو بکا، بێ ئەوەی پەنجە لەسەر هەمو وردەکاریەکان دابنێ . بەڵکو دەیەوێ پەند لەو ڕوداوانەی ڕابردو ببینرێ بۆ ئێستا و داهاتو.

لە دو شوێنی تر، دو ئیدیەمی تر بەکاردەهێنێ:

- **ئێمە میللەتێکی دەستەوپاچە نین.**
- **توانیمان ئێمە ئەو برینانە قەتماغە بکەین.**

ئەم دو نمونەیە هاندانی تێدایە، گوتاربێژ هەوڵدەدا بە بەڵگەی مێژویی ئەوە بسەلمێنی، لایەنە سیاسیەکان دەتوانن ئەو قەیرانانە تێبپەڕێنن، لە ڕابردوشدا قەیران و کێشەی گەورەتر چارەسەرکراون، هەروەها دەیەوێ، قەبارەی قەیرانە هەنوکەییەکان بچوک بکاتەوە، دیسان بە هێنانەوەی بەڵگەی مێژویی وئاماژە کردن بە ئیدیەمێکی تر:

- **ئەوانەی ئێستا لە چاو ڕابردو هەر هیچ نین، لە ڕابردو خوێنمان لەبەیندابووە.**

(خوێنمان لە بەیندا بووە) ئاماژەیەکی ڕونترە بە براکوژی کە لە پێش ڕاپەرین و دوای ڕاپەڕین، لە نێوان لایەنە سیاسیەکان بەڕێوەدەچو و ئەزمونێکی تاڵ بو لە مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی.

**ب/ ڕەهەندی ئایدۆلۆژی:**

گوتاربێژ پەنای بۆ پاشخانە ڕۆشنبیریە ئاینیەکەی بردوە، تاکو قسەکانی پشتەستور بکا و بەڵگەی قورئانی بۆ قسەکانی دەهێنێتەوە. هێنانەوەی ئەم نمونانە لە لایەن گوتاربێژەوە بە شێوەیەکی ڕەمەکی و دور لە بابەتەکە نین، بەڵکو گوتاربێژ ئەو دەقانەی هەڵبژاردوە کە لەگەڵ ناوەرۆکی گوتارەکەی دەگونجێن. بۆ نمونە گوتاربێژ لە چەندین شوێن باسی( خۆمان) دەکا و زۆربەی قەیران و ململانێکان دەگێڕێتەوە بۆ (خۆمان)، بۆ ئەمە دەقی ئایەتی ( ١٠٥، لە سورەتی مائیدە) بە نمونە دەهێنێتەوە:

- **یا أیها الذین آمنوا علیکم أنفسکم لا یضرکم من ضل إذا اهتدیتم.**

لەدوای ئەم ئایەتەش گوتەیەکی خۆی بەنمونە دەهێنێتەوە:

- **هەمیشە لە درزی ڕیزەکانی خۆمانەوە دوژمنان و ناحەزانمان زەفەریان پێ بردوین.**

ئایدیۆلۆژیایەکەی لەگەڵ گوتارەکە تێکەڵکردوە، چونکە خۆی کەسایەتیەکی ئاینیی ئیسلامە و وەک گوتاربێژێکی ئاینی ئیسلام ناسراوە، بۆیە ئەم پاشخانە ئایدۆلۆژیەی لەگەڵ بابەتی گوتارەکەی تێکەڵدەکا و ئەو چاودێرە خواییە بە بیر ئامادەبوان و دەسەلاتداران دەهێنێتەوە کە خوا چاودێری بەندەکانی دەکا و لەسەر بنچینەی کردەوەکانیان پاداشت و سزای بەندەکانی دەداتەوە.

- **با چاودێری خوا بەسەر خۆمانەوە بێنین.**
- **با جار جار بیر لە قیامەت و بیر لە مێژو بکەینەوە.**

ئەمانەش بە ئایەتی قورئان دەبەستێتەوە:

- **ومن یتقی الله یجعل له مخرجا و من یتقی الله یجعل له من أمره یسری.**

وەک بیروباوەڕێکی ئاینی، لە خواترسان، وەک یەکێک لە چارەسەری قەیرانەکان دەبینێ، هەرچەندە جێناوی (خۆمان) بەکاردەهێنێ، بەڵام ڕوی پەیامەکەی لە دەسەڵاتداران دەکا. چونکە لە نمونەیەکی تردا باسی زوڵم دەکا:

- **وما کنا مهلکي القری إلا و أهلها ظالمون.**

لەم نمونەیەدا ئاماژە بەوە دەکا کە لە ناو خۆمان زوڵم لە یەکتری دەکەین، بێ ئەوەی لایەنەکان بە ڕونی دیاربکا کە کێ زوڵم لە کێ دەکا؟ لێرەشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕوی پایەمەکەی لە دەسەڵاتدارانە، چونکە لایەنە سیاسیەکانی تر ئەو هێز و دەسەڵاتەیان نەبووە کە زوڵم بکەن، هێزی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسی، تەنیا دو لایەن دەگرێتەوە. جگە لە دەقە قورئانیەکە، گوتاربێژ خۆشی باسی زۆڵم دەکا:

- **ئێمە بە زوڵم وڵاتەکەمان لێ وەتەنگ دێ.**

جگە لە پاشخانە ئاینیەکەی، گوتاربێژ پاشخانە ڕۆشنبیریەکەی لە کەلتور (culture) و پەند و گوتەی عەرەبی بەکاردێنێ کە لە ڕێگەی ئاینی ئیسلامەوە شارەزایی لێ پەیداکردوە. ئەم پاشخانە ڕۆشنبیریە لە چەندین نمونە بەدیاردەکەوێ:

- **إذا احب الله عبدا أبصره بعيوب نفسه.**
- **يداك أوكتا و فوك نفخ.**
- **الإعتراف بالخطأ فضيلة.**

**ج/ ڕەهەندی مێژویی:**

بەو پێیەی گوتاربێژ کەسایەتیەکی بەشدابوە، لەو ڕوداوە سیاسیانەی کە لە ڕابردودا ڕویانداوە، ئاگاداری زۆربەی کێشە و گرفتەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکانە، بۆیە بەبیرهێنانەوەی مێژو ئامادەیی هەیە لە گوتارەکەیدا. بۆنمونە:

- **ئەم هەرێمی کوردستانە کە بۆ چارەگە سەدەیەک دەچێ، لەسەر پێی خۆی وەستاوە... بە ئاسانی بۆمان بەرهەم نەهاتوە. بەرهەمی خەباتێکی دورودرێژ و درێژخایەنی خەڵکی باشوری کوردستانە.**

گوتاربێژ هەندێک لە ڕوداوە مێژوییەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بەکاردەهێنێ. لە پاڵ ئەو خاڵە گەشانەی کە لە مێژودا هەن، ئەوە نیشاندەدا کە کەمتەرخەمی هەبوە و دەکرا. بارودۆخی هەرێمی کوردستان باشتر بوایە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئێستا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرایە. بۆنمونە:

- **ئەو خوێن و خەباتەی خەڵکی باشوری کوردستان خەرجیکردوە، زۆر بە زیادەوە بەشی دەوڵەتێکی کوردیشی دەکرد، نەک بەشی هەرێمێک.**

**٣-٢-٤-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی:**

**أ/ دەوروبەری ناوەوە:** دەوروبەری ناوەوە، ئەوپەیوەندیانەیە کە دەقەکانی گوتارێک بەیەکەوە پێکیدەهێنن، یان ئەو پەیوەندیانەی کە یەکە پێکهێنەرەکانی دەقێک لە ناوەوە دروستیدەکەن بۆ گەیاندنی مەبەستی دەق. لە گوتارەکەدا چەندین دەربڕینی وا هەیە کە پێویستیی بە دەوربەری ناوخۆی گوتارەکە و جیهانی دەرەوەی گوتارەکە هەیە، بۆ ئەوەی مەبەستی بەکارهێنانی ڕونبێتەوە. چونکە یەکە زمانیەکان، بەرامبەر واتا فەرهەنگیەکانیان بەکارنەهاتون و بۆ مەبەستی تر و گەیاندنی واتای تر بەکارهاتون. ئەگەر لە دەووبەرێکی تر بن واتا جیاوازی دەدەن. تەنیا لە ناو گوتارەکە دەتوانرێ، مەبەستی گوتاربێژ ڕون بێتەوە، بۆنمونە:

- **گوتومە، بە هەر بارێکدا قسە بکرێ، ڕەنگە، باش نیشانە نەپێکێ.**

ئەم دەربڕینە (نیشانە نەپێکێ) لە هەر دەوروبەرێک بێ، بە پێی دەوروبەرەکە واتای جیاواز دەبێ، چونکە خۆی دەربڕینێکی خوازەیە و بۆ ئەو دەوروبەرە بەکار هاتوە. لێرە بە واتای ئەوە هاتوە کە لەوانەیە قسەکانی بە شێوەی تر لێکبدرێتەوە. هەروەک لەم نمونەیە:

- **چ ئەوەی ڕاگەیاندنی لابەلای غەیرە حیزبیە کە بە زۆری دەردەکە لەوێوەیە.**

لە فەرهەنگدا (دەرد) واتایەکی تایبەتی هەیە و بە گشتی بە واتای نەخۆشی بەکاردێ، بەڵام لێرە بۆ ڕاگەیاندنە سێبەرەکانی حیزبەکان بەکارهاتوە. ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە زیاتر لە ڕاگەیاندنە حیزبیەکان پەردە لەسەر شتە شارەوەکان هەڵدەدەنەوە، بۆیە گوتاربێژ وەکو دەردێک لەناو ڕاگەیاندنی کوردی وەسفیان دەکا. دەرد تەندروستیی مرۆڤ تێکدەدا، لە ڕاگەیاندنیش تەندروستیی ڕاگەیاندن تێکدەدا. واتە؛ ڕاگەیاندنی لابەلا، کاری ڕاگەیاندن بە لاڕێدا دەبەن.

- **ئێمە لە یەک کەشتی داین، ئەو کەشتیە لە هەر شوێنێکەوە کونی تێبێ، هەمومان غەرق دەبین.**

لەم نمونەیەشدا شێوازێکتەواو خوازە بەکارهاتوە کە بە پێی دەوروبەری ناوەی گوتارەکە نەبێ مەبەستی تەواوی دەقەکە بە دیارناکەوێ. ئەگەر ئەم دەقە کەشتیوانێک بیدرکێنێ، دەقێکی ئاساییە و بۆ کەشتیێکی ناو دەریا بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە گوتارێکی سیاسیدا تەنیا لە پەیوەندیی نێوان دەقەکان مەبەستی تەواوی ئەو دەقە بەرجەستە دەبێ، چونکە هەمو یەکە زمانیەکان بۆ مەبەستی تر بەکارهاتون.

**مەبەست لە جێناوەکان:**

جێناوی من(٢) جار بۆ گێڕانەوەی قسەی کەسێکی تر بەکار هاتوە (٢١) جار گوتاربێژ باسی خۆی دەکا. جێناوی(م) (٦) جار بۆ گێرانەوەی قسەی کەسێکی تر بەکارهاتوە، (٤٠) جار گوتاربێژ باسی خۆی دەکا. جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ( ئێمە، مان، ین) زۆرترین بەکارهێنانیان لە گوتارەکەدا هەیە کە دەگاتە ڕێژەی ٦٠,٧ %ی کۆی جێناوە بەکارهاتوەکان. گوتاربێژ ئەم جێناوانەی بۆ چەند مەبەستێک بەکارهێناوە:

١/ جێناوی (ین)ی کەسی یەکەمی کۆ لە یەک شوێن لە جیاتی (م)ی کەسی یەکەمی تاک بەکارهاتوە، وەک لەم نمونەی خوارەوە دیارە:

- **برای بەڕێزمان دکتۆر دلاوەر بانگهێشتی کردین.**

٢/ بە مەبەستی خۆتێکەڵکردن لەگەڵ جەماوەر، گوتاربێژ دەیەوێ، خۆی وەک بەشێک لە جەماوەری هەرێمی کوردستان نیشانبدا. وەک، ئەم نمونانە:

- **ئێمە ئەگەر بمانەوێ و ئیرادەمان هەبێ، میللەتێکی دەستەوپاچە و بێ ئیرادە نین. وە عەقلیشمان باش ئیشدەکا، دەتوانین خۆمان لە قەیران و کێشەکان دەربازکەین.**

٣/ وەک ئەندامێک یان بەرپرسی یەکەمی (کۆمەڵی ئیسلامی) وەک لەم نمونانە دیارە:

- **حەقیقەت ئێمە ئامادەشین کە هەمزەی وەسڵ بین، پردی بەیەکگەیشتن بین.**

٤/ وەک بەشێک لە لایەنە سیاسیەکان، یان بەشێک لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. وەک، ئەم نمونەیە:

- **ئێمە کاتی خۆی کێشە و ناکۆکی و دوبەرەکیمان بو، بەڵام توانیمان بەسەریاندا زاڵبین.**

خاڵی چوارەم زیاتر مەبەستەکانی گوتاربێژ لە بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ بەدیاردەخا، لە ڕێگەی خۆتێکەڵکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان. گوتاربێژ ڕەخنەکانی بە شێوەیەکی نەرم و پەردەپۆشکراو ئاراستەی هەردو حیزبی دەسەڵاتدار دەکا. بێ ئەوەی ناویان بێنێ، یان جێناوەکانی (ئێوە)، یان (ئەوان) بەکاربێنێ. وەک، ئەم نمونانە:

- **ئێمە بە زوڵم وڵاتەکەمان لێ وەتەنگدێ.**
- **ئەوەتا بە هەموشمانەوە نەمانتوانیوە وەکو پێویست وەڵامگۆی خەڵکەکەمانبین، چ جای لایەنێک، دولایە بە تەنێ.**

**ب/ دەروربەری دەرەوە:**

گوتارەکە لە ٢٠١٥/١١/٥دا بەزمانی کوردیی ناوەڕاست پێشکەشکراوە. گوتارەکە گوتراوە و نوسراو نیە. لەبەردەم کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی پێشکەشکراوە، هاوکاتە لەگەڵ چەندین قەیرانی ناوخۆ و دەرەکیی هەرێمی کوردستان. وەک: قەیرانی دارایی، قەیرانی سیاسی و شەڕی داعش. واتە؛ گوتارەکە لەگەڵ کات و شوێن و وەرگران گونجاوە و بابەت و پەیامی گوتارەکە سەردەمیانەیە، باسی ڕوداوێک ناکا کە بەسەرچوبێ، یان کاتی نەهاتبێ. بارودۆخی دەروبەری دەرەوەی گوتارەکە لەلایەن گوتاربێژ بە وردی دیارکراوە:

- **ئێمە لە هەڵومەرجێکداین، کە تا بڵێی هەستیارە و دژوارە.**

بارودۆخی سەردەمی گوتارەکە لە چەند قەیرانێک پێکهاتوە. وەک: پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسیەکان، شەڕی داعش و قەیرانی ئابوری. ئەو بارودۆخانە کاریگەریی تەواویان بەسەر بەرهەمهێنانی گوتارەکەدا هەیە و چوارچێوەی گشتیی دەوربەری گوتارەکە پێکدێنن. بەو پێیەش کە گوتاری سیاسی بەرهەمی سەردەمە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیە و کردەیەکی

کۆمەڵایەتیە، بۆیە هەمو ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کاریگەرییان بەسەر گوتاری سیاسیدا دەبێ. بۆ نمونە:

- **ماوەیەکە من بە حەقیقەت لە ڕاگەیاندندا قسەم نەبووە. لەبەر ئەوەی کە بارودۆخەکەم بە گونجاو نەزانیوە،**

ئەو باردۆخەی کە گوتاربێژ ئاماژەی پێدەکا، دو خاڵی سەرەکی دەگرێتەوە:

**١/** شەڕی داعش و هەڵوێستی گوتاربێژ و (کۆمەڵی ئیسلامی) بەرامبەر بە ڕێکخراوەکە. ڕێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) کە خۆیان وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامی نۆژەنخواز (Radicalism)پێناسەدەکرد. لەو سەردەمە لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە لە حیزبە ئیسلامیەکان دەکرا کە بە لێدوانی فەرمی، یان گوتارێکی ڕون و ئاشکرا، ئەو ڕێکخراوە وەکو (کافر) بناسێنن. حیزبە ئیسلامیەکان ئەو ڕێکخراوەیان وەکو تیرۆریست و توندڕەو دەناساند، بەڵام وەکو (کافر) نا، لەبەرئەوەی بە تێڕاونینی ئەوان، بە (کافر) ناساندن بنەمای (شەرعی، فیقهی، عەقیدەیی، کردەوەیی) پێویستە، ئەو بنەمایانەش لە ڕێکخراوەکەدا نین. چونکە ئەوان شهادە دەێنن و نوێژ دەکەن و پەیڕەوی کۆمەڵێک بنەمای ئاینی ئیسلام دەکەن.

**٢/** کێشەی نێوان (بزوتنەوەی گۆڕان) و ( پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ئارادا بو، سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی (بزوتنەوەی گۆڕان) لەکارەکانیان دورخرابونەوە. گوتاربێژ نەیویستوە کە لانگیر، یان بەرهەڵستکاری بەرامبەر هیچ لایەنێکیان نیشانبدا. چونکە وەکو (کۆمەڵی ئیسلامی) خۆشیان بەشداربون لە دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان.

گوتاربێژ خۆی یان حیزبەکەی بەشدارییەکی کارا و ئەزمونێکی دورودرێژیان لە دەسەڵات نەبووە، زیاتر وەک ئۆپۆزیسیۆن دەرکەوتون، بۆیە گوتارەکەی شێوازێکی ڕەخنەیی پێوەدیارە و زیاتر باسی دەستکەوتە نەتەوەییەکان دەکا، نەک دەستکەوتە حوکومی و حیزبیەکان. هەرچەندە لەو سەردەمەدا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربون. بەڵام بەشداریەکەیان زۆرینە و دەستڕۆیشتو نەبو. بۆیە ئەوەندەی زمانی ڕەخنەیی بەکارهێناوە، ئەوەندە زمانی ستایشی بەکارنەهێناوە. وەک، ئەم نمونەیە:

- **هەڵبەتە دەبێ، بە ڕونی قسە بکەین و پەنجە لەسەر شتەکان دابنێین. قەیرانی ئێستامان، دەرهاوێشتەی کەموکوڕیەکانی ڕابردومانە، کە ئەگەر تەحدیدی بکەین، دەبێ بڵێین کرچوکاڵی دامەزراوەکان.**

ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن بە شێوەیەکی فراوان لە گوتارەکەدا بەکارهاتون، بە تایبەتی ئاوەڵکاری کاتی ئێستا (ئێستا،هەمیشە، ئەم بارودۆخە ). ئەمەش پەیوەندی و کارلێکی گوتارەکەیە لەگەڵ

جیهانی دەرەوە و ئەو ڕوداوە سەردەمیانەی کە لە کاتی گوتارەکە بەڕێوەدەچون. ئاوەڵکارەکانی کاتی ڕابردو (لە سەرەتای نۆوەتەکان، پێشتر، زۆر جار، کاتی خۆی، چارەگە سەدەیەک) بۆ نیشاندانی نمونە مێژوییەکان بەکارهاتون. هەروەها ئاوەڵکارەکانی شوێن (هەرێمی کوردستان، هەرێمەکەمان، لە عێراقدا)، شوێنی ئەو ڕواداوانە دیاردەکەن کە لە گوتارەکەدا باسکراون. بە گشتی ئاوەڵکارەکان دەوروبەری کات و شوێنی گوتارەکە پێکدێنن،

**۳-۲-٥شیکردنەوەی گوتاری سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان. دیداری (مێری) ۲۷/۱۰/۲۰۱٦.**

**۳-۲-٥-۱ ڕەهەندی زمانەوانی:**

**أ/ئاستی دەنگسازی:**

دەنگ لە هۆڵی گوتاردانەکە بە باشی دەگوازرێتەوە، هیچ کێشەیەک لە گواستنەوەی دەنگ نیە. گوتارەکە بە کوردیی ناوەڕاست پەخشدەکرێ. گوتاربێژ کێشەی درکاندن و گۆکردنی دەنگەکانی نیە. ئاستی دەنگی گوتاربێژ لە ئاسایی نزمترە، بە تایبەتی سەرەتای دەستپێکردنی گوتارەکە بە دەنگێکی نزم دەستپێدەکا. لە تێکڕای گوتارەکەشیدا دەنگی زۆر بەرز ناکاتەوە، بەرەبەرە چینەکانی دەنگی بەرزتر دەکا، بۆ ئەوەی بە درێژایی گوتارەکە لە ئاستێک جێگیربێ. بە گشتی گوتاربێژ لە ئاخاوتندا ئاستی دەنگی نزمە و جۆرێک لە هێمنی و لەسەرخۆیی بە گوتارەکانیدا دیارە.

**فۆنیمە ناکەرتیەکان:**

**۱/ هێز:** هێز بەشێوەیەکی ئاسۆیی بە سەر ڕستەکانی گوتارەکەدا دابەشبوە، هەر ڕستەیەک هێزی ئاسایی خۆی وەرگرتوە کە بەگشتی دەکەوێتە دوا وشەی ڕستەکان، هێزی بەرامبەریی ڕستە زۆر بەکەمی بە دیدەکرێ چونکە گوتاربێژ تۆنی دەنگی لە یەک ئاستدایە و بەرز و نزمی کەم تێدایە. تەنیا لە چەند وشەیەک هەست بە هێزێکی زیاتر دەکرێ لەسەر هەندێک تاکە وشە. وەک لەم نمونانە دیارە:

- **لە شاریشا نازکردن، خۆ لەپێش بینین.** هێز کەوتۆتەسەر وشەی(نازکردن)
- **بە نەتیجە پاشقوڵدان و یەکتر شکاندن و ملشکاندنی یەکتری.** هێز کەوتۆتەسەر وشەی(ملشکاندن)

هەروەها چەند وشەیەکی تریش بەدیدەکرێن وەک وشەکانی پێشمەرگە، یەکدەنگی... بەگشتی گوتاربێژ هێزی لەسەر ئەو وشانە بەکارهێناوە کە وستویەتی گرنگی زیاتریان پێ بدا لە چاو وشەکانی دەوروبەریان.

**۲/ئاوازە:** بە گشتی ئاوەزەی ڕستەکان ئاوزەیەکی ئاسۆییە، ئاوازەی تایبەت بۆ هیچ وشەیەک یان ڕستەیەک بەکارنەهاتوە، بۆ ئەوەی مەبەستێکیتر یان واتایەکی تایبەت بدا.

**۳/ وەستان:** جیا لە نمونە گوتاریەکانی تر ئەم گوتارە وەستانی زۆری تێدایە، ئەمەش وایکردوە گوتارەکە کاتێکی زۆر بخایەنێ کە دەگاتە (۲٦:٥) بیست وشەش خولەک و پێنج چرکە، ئەمەش

کاتێکی زۆرە بۆ ئەو بڕە وشەیەی کە گوتارەکەی لێ پێکهاتوە کە بریتیە لە (١٩١٧)وشە. ئەمە وایکردوە کە گوتارەکە لە تێکڕای خێرایی (معدل الإلقاء) گوتاردان خاوتربێ. بە بەراورد لەگەڵ هەندێک نمونەی تر، بۆ نمونە گوتارەکەی عەلی باپیر لە (١٩:٩) نۆزدە خولەک و نۆ چرکە (٢٣٠٣) وشە دەدرکێنێ، هەروەها زۆربەی نمونە گوتاریەکانی تر تێکڕای خێرایی دەربڕینیان زیاترە. وەستانەکان پەیوەندییان بە سروشتی گوتاربێژەوە هەیە کە لە زۆربەی گوتارەکان تریشی هەمان شێوازی گوتاردانی هەیە. گوتارەکەی وەکو سەرەقەڵەم نوسیوەتەوە، واتە؛ دەقی گوتارەکەی نەنوسیوەتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەستانەکانی زیاتر بێ. وەستان کاتێکی زۆری گوتارەکەی بردوە، ئەمەش بە گشتی ستراتیژیەتێکی سەرکەوتو نیە لە گوتاردان، چونکە لەوانەیە جۆرێک لە بێزاری لای وەرگران دروستبکا و گوتاربێژ نەتوانێ، بەسەریەکەوە زانیاریەکانی پەخشبکا. وەستانەکان زۆرن، لە دو چرکە و سێ چرکە تا دە چرکەشی تێدایە. وەک ئەم نمونانە:

- **حیزب+ لێرە+ بە+ شێوەیەکی+ تایبەت+ پێکدێ،+ دروستەکرێ +++ (٦چرکە)**
- **تەعمیمکردن + و+ نائومێدکردنی+ خەڵک+ خەتایەکی+ سیاسی+ و+ ئەخلاقیی+ گەورەیە ++++ (١٠چرکە)**

**ب/ئاستی وشەسازی:**

**١/ وشە بیانیەکان:** گوتارەکە لە (١٩١٧) وشە پێکهاتوە، لەو ڕێژەیە (٢١٨) وشەی عەرەبی تێدایە کە دەکاتە ڕێژەی ١١,٢% وشە بەکارهاتوەکان. (٦) وشەی تێدایە کە لە زمانەکانیتر وەرگیراوەن و بەکارهێنانی فراوانیان هەیە، وەک (ئایدیۆلۆژیا، ستراتیژیەت، دیموکراسی...) کە دەکاتە ڕێژەی ٠,٣% وشەکانی گوتارەکە. ڕێژەی وشە عەرەبیەکان زۆرن، ئەمەش دیاردەیەکی باوە لە گوتارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم ڕێژەیە، ڕێژەیەکی زۆرە لەچاو نمونەکانی دیکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی ئاینی و ڕۆشنبیریی گوتاربێژ کە پاشخانێکی ئیسلامیە. خۆشی سەرکردەی حیزبێکی سیاسیی ئیسلامیە و خاوەنی مێژوییێکی دیارە لە خەباتی ئیسلامیی کوردی و کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری پەروەردە و بانگخوازیدا هەیە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.

هەندێک لە وشە عەرەبیەکان بەکارهێنانێکی فراوانیان هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەرێمی کوردستاندا. وەک وشەکانی ( حیزب، حکومەت، سیاسەت، موزایەدە...)، ئەگەر وشەی کوردیش بەرامبەریان هەبێ، نەبۆتە باو و بەکارهێنانیان کەمە، بەڵام هەندێک لە وشە عەرەبیەکان وشەی کوردیی گونجاوی بەرامبەر هەیە، وەک وشەکانی ( تەهدید، تەزاد، قەزیە، نەتیجە...). هەندێک وشەی عەرەبی و کوردیی بەیەکەوە بۆ هەمان چەمک بەکارهێناوە، وەک (ئینفیراج و کرانەوە، ناوزڕاندن و تەشهیر، حەسساس و هەستیار، تەراجوع و پاشەکشێ...). ئەمەش

کاریگەریی لەسەر ئابوری زمان (Language economy)هەیە، چونکە دو وشە بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتون کە تەنیا یەکێکیان پێویستە.

**٢/ کاریگەریی شێوەزاری ناوچەیی:** گوتاربێژ لەدایکبوی شارەدێی تەوێلەیە، لە ناوچەی هەورامان، گوتارەکەی بە شێوەی کوردیی ناوەڕاست پێشکەش دەکا، شێوەزاری ناوچەیی پێوەدیار نیە، بە شێوەیەکی گشتی زمانی گۆتارەکەی نزیکە لە ستانداردی کوردبی ناوەڕاست، کاریگەریی شێوەزاری شارەزور بەسەر گوتارەکەیدا دیارە نەک هەورامی، جیاوازیەکەش جیاوازیێکی دەنگیە، لە سوانی هەندێک دەنگی وەک /د/، /ت/ بەدیدەکرێ، وەک لەم نمونانە دیارە:

- **ختوکەی هەر کەسمان بەی.**
- **بەڕای ئێمە چون بۆ بەغا.**
- **دەسکەوت.**
- **ئەگەر گوێی بایە، ئەوەی پێ نەئەکرا.**
- **بە یەکدەس بۆ گەیشتن بە نەتیجە.**

**٣/ جێناوە کەسیەکان:** لە گوتارەکەدا بە گشتی(٢٤٨) جێناو بەکارهاتون، لەوانە (٢٥) جێناوی سەربەخۆ کە دەکاتە نزیکەی ١٠%ی جێناوە بەکارهاتوەکان. ڕێژەی ٩٠% جێناوی لکاو لە هەردو کۆمەڵەکانی ڕێککەوتن و خاوەنێتی بەکارهاتون. جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە، مان، ین) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانیان هەیە کە دەگاتە (١٥٣) جار بە ڕێژەی ٦١% سەرجەم جێناوە بەکارهاتوەکان.

خشتەی ژمارە ٥

| کەسی سێیەم | | کەسی دوەم | | کەسی یەکەم | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەوان | ئەو | ئێوە | تۆ | ئێمە | من |
| ١ | ٣ | — | ٢ | ١٦ | ٣ |
| یان | ی | تان | ت | مان | م |
| ٨ | ٣٢ | — | ٢ | ٦٠ | ٢ |
| ن | ø | ن | یت | ین | م |
| ١٣ | ٣٠ | ١ | — | ٧٥ | ٢ |

**ج/ ئاستی ڕستەسازی:**

**١/ ڕیزکردنی کەرەستەکان:** هەرچەندە گوتارەکە نوسراو نیە، گوتاربێژ گوتارەکەی وەکو سەرەقەڵەم نوسیوەتەوە، بە ڕێژەی ٩٧,٧% ڕستەکان پابەندی یاسای ڕیزکردنی کەرەستەکانی

زمانی کوردی (sov) بووە. تەنیا بە ڕێژەی ٢,٣% پاش و پێش لە هەندێک لە کەرەستەکان هەیە. وەک ئەم نمونانە:

- **چونکە ئەتەپێ بەسەر هەموماناـ** (پێشخستنی کار)
- **ئەمەی کە هات بەسەر ناوچەکە بە گشتی.** ( پێشخستنی کار)

**٢/ ڕستەی نەرێ:** ڕێژەی ٨,٣% ڕستەکان کارەکانیان نەرێن، زۆربەی ڕستە نەرێکان بۆ دۆخی چەقبەستوی سیاسی و دیاردە بێ چارەسەرەکان بەکارهاتون. ڕستە نەرێکان زیاتر بۆ ڕەخنەگرتن بەکارهاتون:

- **ناگەینە هەڵوێستێکی یەکپارچە لە مەسەلە نەتەوەییە جیددیە ئەساسیکانیشمانا.**
- **بیرۆکەی تەکامول و تەواوکاری نیە لە ناومانا.**
- **بە تەمەننیات و تەخەییول، بە خەیاڵ واقع ناگۆڕێ.**

**٣/ بکەر نادیار**: گوتارەکە (٩) ڕستەی بکەر نادیاری تێدایە کە دەکاتە ڕێژەی ٢,٦% ی ڕستە بەکارهاتوەکان. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر نیە، بۆ گوتارێک کە بە گشتی ڕەخنە ئامێزە. ڕستە بکەرنادیارەکان بۆ ئەو کردەوانە بەکارهاتون کە دەبێ دەسەڵات جێبەجێیان بکا. گوتاربێژ لە جیاتی داخوازیەکانی ئاراستەی لایەنێک، یان دو لایەن بکا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناویانبهێنێ، شێوازی بەلوتکەکردنی بەرکاری بەکارهێناوە. ئەمەش لە گوتاری سیاسیدا شتێکی ئاساییە. نێرەر لەبەر هەر هۆکارێک بێ (هۆکاری سیاسی، مێژویی، بەرژەوەندی...) بکەر دەشارێتەوە، جەخت لەسەر بەرکار دەکاتەوە. وەک ئەم نمونە:

- **حیزب لێرە بە شێوەکی تایبەت پێکدێ، دروستەکرێ، بە شێوەیەک لە شێوەکان دژایەتی لەگەڵ خۆیا هەڵدێنێ و ڕەدفعلی و تەزاد لەگەلیایەتی.**

پێش ساڵی (٢٠١٦) تەنیا یەک حیزبی کاریگەر لە هەرێمی کوردستان دروستبوە، ئەویش (بزوتنەوەی گوڕان)ە، لە ساڵی (٢٠٠٩). بزوتنەوەکە وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر هەردو حیزبی دەسەڵاتدار دروستبو. دژایەتیکدرن و ململانێی نێوان بزوتنەوەکە و حیزبەکانی دەسەڵات لەسەرەتاوە بە دروشمەکانی بزوتنەوەکە دیاربو. گوتاربێژ نەیویستوە بە ئاشکرا ئاماژە بەو دژایەتیە بکا کە هەر لە سەرەتاوە بزوتنەوەکە لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەرهەمیهێناوە.

لە نمونەیەکی تریشدا گوتاربێژ بکەرنادیار لە شێوەی داخوازی بەکاردێنێ:

- **پەرلەمان موئەسەسەیەکی شەرعیی هەڵبژێردراو، ئێستا پەکیکەوتوە. ئەوە ساڵێک و چەند ماوەیەکە. ئەبێ بخرێتەوەگەڕ.**

دوای زنجیرەیەک ململانێی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسیە بەشدارەکانی دەسەڵات، ڕوداوێکی دیارکراو بوە هۆی پەککەوتنی پەرلەمان، بەڵام گوتاربێژ نایەوێ هەمو پرۆسەکە بەو ڕوداوە ببەستێتەوە و ئەو بکەرە دیار بکا کە دەتوانێ پەرلەمان بخاتەوەگەڕ. بۆیە بکەرنادیاری بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێ و خۆی لە هەندێک بەرپرسیاریەتی سیاسیش دەرباز بکا. چونکە ئەگەر ڕوداوەکان بخاتە ئەستۆی تاکە لایەنێک، دەبێ هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕوداوەکای پێش پەکخستنی پەرلەمان دیاربکا کە نەیویستوە لەم گوتارەدا بچێتە ناو ئەو وردەکاریانە.

**٤/ ئەرکی ڕستەکان:**

**أ/ زانیاری و هەواڵدان:** بەشی هەرە زۆری ڕستەکانی گوتارەکە ڕستەی هەواڵدان و زانیارین کە دەگاتە ڕێژەی ٨٧,٣% . سروشتی گوتارەکە ئەو ڕێژە زۆرە دەخوازێ، چونکە گوتارەکە باسی چەند بابەتێکی جیاوازی وەک: شەڕی داعش، قەیرانی دارایی، قەیرانی سیاسی و چەند ڕوداوێکی ڕابردو دەکا کە هەمویان پێویستییان بە زانیاری و هەوڵدان هەیە.

**ب/ داخوازی و فەرماندان:** بە گشتی گوتارەکە هیچ ڕستەیەکی فەرماندانی ڕاستەوخۆی تێدا نیە، پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگران لەو جۆرە نیە کە فەرمانی ڕاستەخۆیان ئاڕاستە بکا. وەرگران توێژێکی تایبەتن لە لێکۆڵەری سیاسی و کەسایەتیی لایەنە سیاسیەکان. ڕستەی داخوازی ڕێژەیەکی بەرچاوی گوتارەکە پێکدێنێ کە دەگاتە ٩%. گوتاربێژ لە ڕێگەی ڕستە داخوازیەکان چارەسەری گونجاو پێشکەشدەکا بۆ ئەو قەیرانانەی لەو سەردەمە لە ئارادابون. لەگەڵ داخوازیەکان گوتاربێژ شێوازێکی ڕەخنەیی بەکاردێنی بەرامبەر بەو کێشانەی کە لایەنە سیاسیەکان نایانەوێ چارەسەری بکەن. بۆ نمونە:

- **ئەبێ، واز لە موزایەدات و چەواشەکاری بهێنین.**
- **سەرکردەکان ئەبێ، دانیشن، پلان دانێن، ستراتیژیەتی وازیحیان ببێ پێکەوە. نەخشەڕێژی بکەن بۆ ئیش.**

**ج/ ڕستەی پرسیاری:** گوتارەکە ڕێژەی ٣,٨% ڕستەی پرسیاریی تێدایە. ڕستە پرسیاریەکان ئاڕاستەی داهاتو دەکرێن. گوتاربێژ سودی لە هەندێ ڕستەی پرسیاری بینیوە بۆ ئەوەی پێشگریمانەی ڕوداوەکانی داهاتو بکا.

- **ئەگەر داعش تەواو بو، کە ئەبێ تەواو بێ، دوای ئەوە چی ڕوئەدا؟**
- **سیاسیەکان چیمانکردوە، تا ئەوەی دەسبکەین، بە بینای ئەوەی کە ڕوخاوە؟**

ڕستە پرسیاریەکانیتریش بۆ ئەوە نین کە نێرەر داوای زانیاری لە وەرگران بکا، بەڵکو زیاتر بۆ مەبەستی زانیاری و هەواڵدان بەکارهاتون.

**٣-٢-٥-٢ ڕەهەندی دەروزمانی:**

**أ/ بـاری دەرونـی گوتـاربێژ:** گوتـاربێژ کەسـایەتیەکی سیاسـیی ئیسـلامیی هەرێمـی کوردسـتانە، ئەمینداری گشتیی حیزبێکی ئیسلامیە کە یەکێکە لە پێنج حیزبە بەشدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەک لە زۆربەی گوتارەکانی پێشویدا دیارە، بە شێوازێکی نەرم و دەنگێکی نزم، بە گوتنی( بسم الله الرحمن الرحيم) کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ وەرگرانی دەکاتەوە و دوایيش بە ( السلام علـيکم و رحمـة لله). دەسـت بە گوتـارەکەی دەکـا، وەرگـران ژمارەیـان زۆر نـیە، هەسـت بە هـیچ فشارێک ناکرێ لەسەر گوتاربێژ و بە درێژایی گوتارەکە وەرگرارن بە بێ دەنگی گوێیان گرتوە.

لە یەک شوێندا هەست بە جۆرە هەڵچونێکی گوتـاربێژ دەکرێ، لەم نمویەدا وەسفێکی جیاوازی داعش دەکا (ڕاونانی داعش و کۆتایی هێنان بە **سەرەتانی** داعش). ئەم وەسفکردنە ئەوە نیشاندەدا کە داعـش زیـانێکی زۆری بە ناوبـانگی ئیسـلام و کـاری بـانگخوازی گەیانـدوە. چـونکە ئەو شـێوازە تونـدوتیژەی بە نـاوی ئیسـلام داعـش پەیـڕەوی دەکـرد ، لە ئایـدیۆلۆژیای گوتـاربێژ زۆر دورە کە کەسێکی ئیسلامیی میانڕەوە و لە بڵاوکـردنەوەی ئـاینی ئیسـلامدا بـاوەڕی بە شێوازی بـانگخوازی پەروەردەیی هەیە،.

لە هەندێک بڕگەی گوتـارەکەدا جۆرێـک لە کـاردانەوەی دەرونـی بە گوتـاربێژەوە دیـارە، ئەمەش بـارێکی تـایبەتی بۆ دروسـتکردوە. چـونکە هەمـو حیزبەکـانی دیـکە پاشـخانێکی خەبـاتی چەکداریی شـاخیان هەیە، کەسـایەتیە سیاسیەکانیش ئەو پاشـخانەیان هەیە، بەڵام یەکگرتـوی ئیسـلامی لە سـاڵی ١٩٩٤ دامەزراوە و خـودی گوتـاربێژیش لەسـەردەمی پـێش ڕاپەڕیـن چەکـی هەڵنەگرتـوە. ئەمەش کاریگەریی بەسەر گوتارەکەوە دیارە و گوتاربێژ وەکو ڕەخنەیەک ئاراستەی لایەنەکانی دەکا:

- **خەباتی شاخ و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، بە شێوەیەک بەبێ وتن، بەبێ وتن، بەڵام بە کرداری نەقڵ بۆتە شار، نەقڵ بۆتە ئیدارەی شار**
- **بێگومان، بە نەتیجە خۆ موقەددەسکردن بۆتە مۆدە، بۆتە سەقافە.**

**ب/ دەروزمانیی پەیام:** گوتارەکە چەند پەیامێکی تێدایە، بە گشتی پەیامەکان ڕەخنەیین. ڕەخنەکان ئاڕاستەی هەندێک لایەنی سیاسی دەکرێن کە بە کەم سەیری لایەنەکانی تر دەکەن. ئەم دەستەواژە(بەکەم سەیرکردن) دو جار لە گوتارەکە دوبارە بۆتەوە. هاوکات ڕستەی (کەسمان لێ زیاد نیە)، بە هەمان واتا بەکارهاتوە وشەی (زیادە) چوار جار بەکارهاتوە. ئەم تێڕوانینەی دەسەڵات بەرامبەر بە لایەنەکانی دیکە، وایکردوە ئەم بۆچونە لای گوتاربێژ دروستبێ:

- **وا ئەزانین، ئەویتر زیادە. بە عەمەلیش دیارە کە تەسەووڕمان وایە، ئەویتر زیادە. لێمان زیادە و ئەبێ لە کۆڵمانبیێتەوە. ئەم سەلیقەیە زاڵە بەردەوام، زۆر و کەم، دەرەکەوێ لە هەڵسوکەوتی سیاسیمانا.**

ئەم بیروبۆچونەی گوتاربێژ لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە لایەنەکانی دەسەڵات پەراوێزیان خستون و لە بڕیارە چارەنوسسازەکاندا بەشداریی کارایان پێ ناکەن. ئەم شێوازە ڕەخنەییە، زیاتر بە گوتاری ئۆپۆزیسیۆن دەچێ، نەک لایەنێکی بەشداری دەسەڵات، چونکە ئۆپۆزیسیۆن کار لەسەر ئەوە دەکا کەموکوڕیەکانی دەسەڵات بخاتەڕو، لەم گوتارەشدا چەندین کەموکوڕی کارگێڕی، سیاسی، ئابوری کۆمەڵایەتی خراونەتەڕو.

**ج/ باری دەرونیی وەرگران:** وەرگران کۆمەڵەیەکی تایبەتن، لە هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئامادەنین، چونکە گوتارەکە گوتارێکی جەماوەریی فراوان نیە، ئامادەبونیان ئارەزومەندانەیە. لە ناوەڕۆکی گوتارەکەدا هیچ دەربڕینێکی وا بەدیناکرێ کە کاریگەریی دەرونی بخاتە سەر وەرگران. گوتارەکە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاڕاستەی ڕای گشتی دەکرێ ، بۆیە لە هیچ شوێنێکی گوتارەکە جێناوی (ئێوە) بەکارنەهاتوە. تەنیا دو جار دەستەواژەی (بەڕێزان) بەکارهاتوە کە ئاماژەیە بەو وەرگرانەی کە لە هۆڵەکە دانیشتون.

**٣-٢-٥-٣ ڕەهەندە کۆزمانەوانیەکان:**

**أ/ ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی:** سەرەڕای ئەوەی گوتاربێژ پاشخانێکی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی هەیە، بەڵام ئەمە لە گوتارەکەیدا زۆر بە کەمی ڕەنگیداوەتەوە. زیاتر وەک کەسایەتیێکی سیاسی گوتارکەی پێشکەشکردوە. لە گوتارەکەیدا ئاماژەی بە هیچ ئایەتێکی قوڕئان، یان فەرمودەیەک نەکردوە. تەنیا لە یەک شوێن باسی (عەسای سیحری) دەکا، ئەویش ئاماژە نیە بە عەسای موسا، کە لە ئایەتی ٦٣ سورەتی شوعەرا، لە قوڕئان باسکراوە، بەڵکو ئاماژەیە بە (عەسای) جادویی کە وەک ئەفسانەیەک لە ناو زۆربەی میللەتانی جیهان هەیە. سەرتای گوتارەکەی بە (بسم الله الرحمن الرحيم) و ( السلام عليكم و رحمةالله) دەستپێدەکا، لە کۆتایی گوتارەکەیدا یەک جار ناوی (خوا) هاتوە:

- **به مسداقییەت و ڕاستکردن لەگەڵ خۆمان، لەگەڵ خەڵکمان، لەگەڵ خوامان.**

**ب/ ڕەهەندی نەتەوەیی:** لە سەردەمی شەڕی داعش، پێشمەرگە وەک سومبولێکی نەتەوەیی و نیشتمانی جێی شانازی هەمو تاکێکی کوردستان بو. ئەم شانازیکردنە لە چەندین شوێنی گوتارەکەدا ڕەنگیداوتەوە، چونکە گوتاربێژ کەسایەتیەکی کوردە و وەکو هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیری پێشمەرگە دەکا، نەک وەکو هێزێکی حیزبی.

- **ئەوەی کە ئێمەی ڕزگارکرد، توانیی، بڵێین، حورمەتێک بۆ گەلی ئێمە دروستکا، پێشمەرگە بو.**

وەکو کەسێکی ئیسلامی پێشمەرگە بە شەهید ناودەبا. لە سەردەمی شەڕی دژ بە داعش مشتومڕێکی زۆر دەکرا، لە سەر ئەوەی ئایا لە ڕوانگەی ئیسلامەوە پێشمەرگە و ئەو هێزانەی شەڕی داعش دەکەن بە شەهید هەژماردەکرێن یان نا؟ بەوپێیەی پێشمەرگە و هێزەکانی تر لەگەڵ (خاچپەرستان) لە یەک سەنگەردان. لە بەرامبەردا داعش بە ناوی ئیسلام و بە چەندین دروشمی جیهادی شەڕی هێزی خاچپەرستان دەکا. ئەوانەش کە پێشمەرگەیان بە شەهید هەژماردەکرد، پشتیان بەم فەرمودەیە دەبەست: (مَنْ قُتِل دُونَ مالِهِ فهُو شَهيدٌ، ومنْ قُتلَ دُونَ دمِهِ فهُو شهيدٌ، وَمَنْ قُتِل دُونَ دِينِهِ فَهو شهيدٌ، ومنْ قُتِل دُونَ أهْلِهِ فهُو شهيدٌ). پێشمەرگەش شەڕی بەرگری لە خاک و نیشتمان دەکا، بۆیە بە شەهید هەژماردەکرێ، وەک، لەم نمونە دیارە:

- **لێرەوە پێمخۆشە، سڵاوێکی گەرم و درود بنێرین بۆ برا پێشمەرگەکانمان، لە بەرەی جەنگی بەرگری لەخاک و نیشتمان و دورخستنەوەی تەهدید لە هەرێمی کوردستان.**

داعشیش داگیرکەری نیشتمانە و زوڵم دەکا، ئەمەش لە کوردستان بە کرداری ڕویدا و چەندین شوێنی خاکی کوردستانی داگیرکرد، بۆیە پێشمەرگە لە ڕێگەی بەرگری لە خاک و نیشتمان دەکوژرێ، شەهیدە:

- **بێگومان ڕەحمەت و درودی پەروەردگار داوادەکەین، بۆ شەهیدەکانمان و داوای شیفای عاجل دەکەین، بۆ بریندارەکان.**

**ج/ ڕەهەندی مێژویی:** گوتاربێژ خۆی بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعس بووە، وەک کەسایەتیێکی سیاسی لە چاڵاکیە سیاسیەکانی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەشدار بوە. لە ساڵی ١٩٨٢ عێراقی جێهێشتوە و لەگەڵ گروپە ئیسلامیە میانڕەوەکان کاری سیاسیی کردوە، بەڵام وەکو سەرکردەی حیزبێکی سیاسی ساڵی ١٩٩٤ بو بە ئەمینداری گشتیی یەکگرتوی ئیسلامی. بۆیە کەمتر لە سەرکردەکانی تر نمونەی مێژویی و سەردەمی خەباتی شاخ لە گوتارەکانیدا بەدیدەکرێ. ئەو

نمونانەش کە لە گوتارەکەدا هەن، وەکو بەڵگەی مێژویی بەکارنەهاتون، بەڵکو وەکو ڕەخنە بەکارهاتون، بۆ نمونە:

- **خەباتی شاخ و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، بەشێوەیەک بەبێ وتن، بەبێ وتن، بەڵام بە کرداری نەقڵ بۆتە شار، نەقڵ بۆتە ئیدارەی شار. لە شاریشا نازکردن، خۆ لەپێش بینین، هەمیشە لەسەر ئەساسی ڕابردوە.**

لەم نمونەیەدا بە شێوەیەکی تر جەخت لە (بە کەم سەیرکردن) دەکرێتەوە، ئەم ڕەخنەیە ئاڕاستەی ئەو لایەنانە دەکرێ کە لەسەر بنچینەی خەباتی شاخ مامەڵە لەگەڵ لایەنەسیاسیەکان دەکەن و پێیانوایە، تەنیا ئەوان مافی دەسەڵاتیان هەیە. گوتاربێژ ئاماژە بەوە دەکا، مەرج نیە، تەنیا ئەوانە لە پێشبن کە خەباتی چەکداریان هەیە. کەسانێکی تریش هەن کە خەباتی شاخیان نیە و بەشداربون لە چاڵاکیە سیاسیەکانی پێش ڕاپەڕین. لە بڕگەیەکی تر ئاماژە بە ململانێی نێوان لایەنەکان دەکا و باسی براکوژی دەکا، وەک ڕەخنەیەک بۆ ئەو سەردەمە مێژوییە:

- **مونافەسەیەکی توند، ململانێیەکی سەخت، جاری وا هەیە و بینیشمان، لەو چل ساڵی پێشوا ئەگاتە کوشتار، براکوژی.**

لێرەشدا ئاماژە بە مێژوێکی دورودرێژ دەکا کە دەگاتە (چل ساڵ) لەو مێژوەدا چەند جارێک شەڕی براکوژی ڕویداوە، ئاوەڵکاری (جار)ی بەکاهێناوە، واتە؛ زیاتر لە جارێک شەڕ لە نێوان لایەنەکان ڕویداوە. لەهەردو نمونەکەی پێشودا ڕەخنە لە سەردەمی خەباتی شاخ دەگرێ، کەچی لە کۆتایی گوتارەکەیدا رستەیەکی دژ لەگەڵ ئەو بۆچونانەی دێنێتەوە و بەشێوەیەکی تر وەسفی سەردەمی شاخ دەکا:

- **بگەڕێنەوە بۆ بەرائەتی سەردەمی شاخ.**

نمونەکانی پێشو، هیچیان ئەوە نیشانناداەن کە سەردمی شاخ سەردەمێکی ئەوەندە پڕ بەرائەت بوبێ، لە ڕاستیدا جگە لە سەردەمی بەرەی کوردستانی (١٩٨٨-١٩٩٢)، هیچ کات ئەو بەرائەتە لە سەردەمی شاخ نەبووە و لایەنە سیاسیەکان بەردەوام لە ناکۆکی و شەڕدابون.

### ٣-٢-٥-٤ ڕەهەندی مەبەستزانی:

**أ/ دەوروبەری ناوخۆ:** دەوروبەری ناوخۆی گوتار ئەودەربڕینانە ڕوندەکاتەوە کە پەیوەندیی نێوان بڕگەکانی گوتارەکە ڕوندەکاتەوە کە لەوانەیە لە دەوروبەرێکی تردا واتایەکی جیاوازبدا. بۆ نمونە:

- **هەمو دەستە چەوەرەکە بەسەر چەند کەسێکا یان لایەنێکا بسوین.**

- **ئەوەش دروست نیە هێزە سیاسیەکان خۆیان بەریکەن لەوەی کە ئەگوزەرێ.**
- **گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەیبینین.**

نمونەی یەکەم: پەندێکی کوردیە، لە هەر دەوروبەرێکدا واتایەکی جیاواز دەدا. لێرە بە واتای هەڵسوکەوتی سیاسیی ئەو لایەنانە دێ کە بونەتە هۆی قەیرانی سیاسی و ناکۆکی نێوان لایەنەکان کە لەو سەردەمە لە ئارادابون.

لە نمونەی دوەم: (ئەوەی کە ئەگوزەرێ) دەربڕینێکی تەمومژاویە، لە هەر دەوروبەرێکدا بێ، بە پێی ئەو دەوروبەر واتای جیاواز دەدا. ئەگەر کاتی شەڕ بێ، مەبەست بەڕێوەچونی شەڕە. ئەگەر کاتی هەڵبژاردن بێ، مەبەست بەڕێوەچونی هەڵبژاردنە... لەم گوتارەدا مەبەست بارودۆخی خراپی قەیرانی دارایی و قەیرانی سیاسیە کە لەو سەردەمە لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرا.

نمونەی سێیەم: (ئەو ئەنجامەی کە ئەیبینین)، هەمو کارێک ئەنجامێکی هەیە، ئەگەر ئەم دەقە لێژنەیەکی پزیشکی ڕاییگەیەنن، دوای تاقیکردنەوەیەکی زۆر دەرمانێک بۆ نەخۆشیەک بدۆزنەوە، بیگومان ئەنجامێکی باشە، بەڵام لێرە نازانرێ ئەنجامەکە چیە؟ باشی و خراپی دیارنەکراوە. چونکە ئەم دەقە لێکەوتەی چەندین ڕوداوی دیکەیە کە بەر لە گوتارەکە ڕویانداوە و لە دەقەکانی پێشو باسکراون، بە گوێرەی گوتارەکە ئەنجامەکە ئەنجامێکی باش نیە، مەبەست قەیرانەکانی هەرێمی کوردستانە لەو سەردەمە. جگە لەم نمونانە، چەندین نمونەی دیکە لە گوتارەکەدا هەن کە بە پێی دەوروبەری ناوەخۆی گوتارەکە مەبەستەکانیان دیاردەکەوێ.

**مەبەست لە جێناوە کەسیەکان**

جێناوی من(٣) جار بەکارهاتوە، دو جار بە مەبەستی خۆی بەکاریهێناوە. جارێک بۆ باسکردنی کەسێک، یان لایەنێکی تر بەکارهاتوە، بێ ئەوەی بە ڕونی کەسەکە، یان لایەنەکە دەستنیشانبکا. گوتاربێژ بە ناوی خۆی نمونەیەک دێنێتەوە:

- **بەڵام وەختێ تەسەوور وایلێهات، من بە تەنها خۆم ئەتوانم ئەوە بکەم کە هەیە، بیکەم، تەبعەن ناشکرێ.**

هەرچەندە گوتاربێژ بە ناوی خۆی قسەدەکا، بەڵام باسی تاکڕەویی لایەنەکانی دەسەڵات دەکا، لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان.

جێناوەکانی کەسی یەکەمی کۆ، بۆ دو مەبەستی جیاواز بەکارهاتوەن:

١/ وەکو بەشداریک لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەو ڕێگەیەشەوە زۆربەی ڕەخنەکانی خستۆتەڕو کە ئاراستەی لایەنە دەسترۆیشتوەکانی ناو دەسەڵاتی کردوە. وەک:

- **پێکەوە تەنازول بکەین لەو بەشە نەفسانەییەی خۆمان، لەو گێژەڵوکە نەفسی و شەخسیەی کە تێیکەوتوین.**

گوتاربێژ نە خۆی نە حیزبەکەی بەشێک نەبون، لەو قەیرانە سیاسیەی کە لەو سەردەمە بەڕێوەدەچو، بەڵام بۆ ئەوەیە، بە ڕونی پەنجە نەخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە خۆبەزلزانن و سازش ناکەن لەسەر بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی. وەک شێوازێکی ڕەخنەیی نەرم خۆشی تێکەڵاوی پرۆسەکە کردوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا و تێڕاونینی گوتاربێژ بۆ تێکڕای پرۆسەی سیاسی و چارەسەری قەیرانەکانی ئەو سەردەمە. خۆی و حیزبەکەشی خاوەن گوتارێکی نەرم و پەروەردەیین و لە چارەسەری کێشە و گرفتەکان باوەڕیان بە توندوتیژی نیە.

**٢/** جێناوی کەسی یەکەمی کۆی بەکارهێناوە لەجیاتی خۆی یان حیزبەکەی:

- **بەڕای ئێمە، چون بۆ بەغا لەو هەنگاوە ئیجابیانە بو کە لە تەوقیتیا بەجێ بو.**

جێناوی (ئێمە) گوزارشت لە بۆچونی خۆی، یان حیزبەکەی دەکا.

**ب/ دەوروبەری دەرەکی:** دەوروبەری دەرەکی، جیهانی دەرەوەی گوتارەکە و ئەو ڕوداوانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی گوتارەکە، وەکو کات و شوێن و ئەو ڕوداوانەی کە لە ڕابردو، ئێستا و داهاتو دەوری گوتارەکەیانداوە. لەم گوتارەدا سەرەتا ئاماژە بە شوێنی گوتارەکە کراوە:

- **بەڕێزان.. لێرەوە پیەخۆشە سڵاوێکی گەرم و درود بنێرین بۆ برا پێشمەرگەکانمان، لە بەرەی جەنگی بەرگری لەخاک و نیشتمان و دورخستنەوەی تەهدید لە هەرێمی کوردستان.**

گوتارەکە لەسەردەمێک پێشکەشکراوە کە هێشتا شەڕی داعش بەردەوامە و پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕن. ئەمەش بەشێک لە چوارچێوەی گشتیی دەوروبەری دەرەوەی گوتارەکە دیاردەکا، چونکە ئەو باردۆخەی کە گوتارەکەی بەرهەمهێناوە، تەنیا شەڕی داعش نیە. کۆمەڵێک بارودۆخی تر کاریگەرییان بە سەر گوتارەکەوە هەیە، لەوانە: باردۆخی ئابوری، بارودۆخی سیاسی، پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسیەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان. ئەمانە چوارچێوەی گشتیی دەوروبەری گوتارەکە پێکدەهێنن. وەک لەم نمونانە دیارە:

- **وڵاتی ئێمە لەم ساڵانەی پێشوا، وەزعێکی باشمان بینی بە خۆمانەوە. بەڵام عەیبەکەی ئەوەبو، حیزب و حکومەت و بازاڕ سەریکرد بە یەکا، سەری یەکتریشیان خوارد.**
- **پەرلەمان موئەسسەیەکی شەرعیی هەڵبژێردراو، ئێستا پەکیکەوتوە.**
- **هەمومان خەمی بژێویی میللەتی خۆمان بخۆین، خەمی ئایندەی نادیاری پاش داعش بخۆین**

ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن بە گشتی بۆ نیشاندانی باردۆخی دەوروبەری گوتارەکە بەکارهاتون، ئاوەڵکارەکانی کاتی ڕابردو، ئێستا و داهاتو وەکو (لەم ساڵانەی پێشو، ئێستا، پاش داعش) کە لەم نمونانەی سەرەوە بەکارهاتون، وێنەیەکی گشتیی دەوروبەری گوتارەکە نیشاندەدەن. ئاوەڵکارەکانی شوێن، وەکو (لێرەوە، لە کوردستان، لە بەغدا) شوێنی ئەو ڕوداوانە نیشاندەدەن کە لە گوتارەکە باسکراون.

## ئەنجامەکان

١- زمانی گوتاری سیاسیی کوردی، زمانێکی ڕون ئاشکرایە و دورە لە ڕەوانبیژی سایسی و یاریکردن بە وشە و بەکارهێنانی دەستەواژە و چەمکی نامۆ کە ئاشنا نەبن بە ئاستی وەرگران. ئەمەش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گوتاری سیاسی.

٢- لە ڕوی وشەسازیەوە، زمانی گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، زمانێکی پاراو نیە و وشەی بیانی تێکەڵە، بەتایبەتی وشەی عەرەبی.

٣- شەڕی داعش جۆرێک لە یەک گوتاریی سیاسی دروستکردبو، بە جۆرێک زۆربەی گوتارەکانی نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ کاریگەریەکانی شەڕی داعشی پێوەدیارە.

٤- گوتاری بانگەشەی ڕیفراندۆم بەهێزترین گوتارەکانی سەردەمە و هەمو بنەماکانی گوتاری سیاسی تێدایە، وەک: ئامادەبونی هەمو چین و توێژەکانی جەماوەری کوردستان، ئامانجێکی دیارکراو، بەکارهێنانێکی زمانێکی ڕون و ئاشکرا...

٥- بۆ یەکەم جارە لە مێژویی هاوچەرخی کوردی، گوتاری سیاسیی کوردی لە بانگەشەی ڕیفراندۆم هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی نەتەوەیی نیشتمانی بێ.

٦- هەرچەندە گوتاری سیاسیی کوردی مێژوێکی دورو درێژی نیە لە ڕوی زمان و ستراتیژیەتی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوی فۆڕم ناوەرۆکەوە گوتاری سیاسی کوردی گەیشتۆتە ئاستێکی وا جێگیر کە بە پێی تیۆرە زمانەوانیە نوێکانی جیهانی پێناسە و شیکردنەوەی بۆ بکرێ.

٧- لە گوتاری سیاسی هەرێمی کوردستان دو ئاڕاستەی جیاواز بەدیدەکرێن، ئاڕاستەیەک کە بەشدارییەکی کەمی هەیە لە دەسەڵاتداری هەرێم، گوتارەکانیان شێوازێکی ڕەخنەیی پێوە دیارە لە خودی دەسەڵاتداری هەرێم. ئاڕاستەیەکی تر دەسەڵاتێکی تەواوی هەیە و جومگەکانی دەسەڵاتی بە دەستە، زیاتر جەخت لە دەستەکەوتەکانی ئەزمونی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.

٨- جگە لە گوتاری دەزگا فەرمیەکان، بە گشتی هێشتا گوتاری کوردی نەبۆتە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی یەکگرتو کە کار بۆ پرۆژە نەتەوەییەکان بکا و بەرژەوەندیە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە پێش بەرژەوەندیە حیزبی و ئایدیۆلۆژیەکان بگرێ. زۆربەی گوتارە سیاسیەکان کاریگەریی حیزبی و ئایدیۆلۆژییان بەسەرەوە دیارە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم/ بەزمانی کوردی:


١- تاڵیب حوسێن علی (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

٢- تاڵیب حوسێن عەلی(٢٠١٥)، چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣- جێسیکا ستێرن. ج.م. بێرگەر(٢٠١٧)، داعش دەوڵەتی تیرۆر، وەرگێڕانی: سیراوان حوسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر

٤- جەعفەر عەلی (٢٠١٣)، ناسیۆنالیزم و ناسۆنالیزمی کوردی، ئەندێشە بۆچاپ و بڵاوکرنەوە. سلێمانی.

٥- جەلال تاڵەبانی(١٩٧٠)، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی، چاپی عەرەبی، بەیروت. وەرگێڕانی ح-أ کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر. ساڵ و شوێنی چاپی کوردی دیارنەکراوە.

٦- دلێر ئەحمەد حەمەد(٢٠١٩)مێژوی جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد، چاپخانەی کاردۆ،سلێمانی .

٧- دیار عەلی کمال، ٢٠٠٩، گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی صلاح الدین، بەسەرپەرشتی د. تاڵیب حوسێن عەلی.

٨- شەرمین ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١٧، بنەماکانی هاریکاریی گرایس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا (کوردی ناوەڕاست)، نامەی ماستەر، زانکۆی صلاح الدین، بەسەرپەرشتی پ.د.عبداللە حوسێن ڕەسوڵ.

٩- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،٢٠١٥ زمانەوانی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٧

١٠- عەبدولڕەحمان قاسملۆ (٢٠١٤) کوردستان و کورد، وەرگێرانی عبداللە حسن زادە، چاپی ٨ دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ڕۆژهەڵات. هەولێر

١١- عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٤). پراگماتیکی دەق و گوتار،چ١، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

١٢- عەبدولواحید موشیر دزەیی و شێرزاد صەبری سلێڤانەیی (٢٠١٣)زمانەوانی سیاسی، چ١، هەولێر.

١٣- عەتا قەرەداخی (١٩٩٨) ستراتیژیەت و کەسێتیی نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم . سلێمانی.

١٤- عەتا قەرەداخی(٢٠٠٧)گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج سلێمانی.

١٥- غازی حەسەن موحێدین، ٢٠١٦،گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن لەهەرمی کوردستان، شیکردنەوەی پراگماتیکی، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، بەسەرپەرشتی د. قەیس کاکل توفیق.

١٦- م.س. لازاریف(٢٠١٥) مێژوی کوردستان. وەرگێرانی هوشیارعبداالله سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

١٧- مارف خەزنەدار(٢٠٠٢) مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

١٨- نەوشێراوان مستەفا(٢٠٠٧) کورد و عەجەم،مێژوی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چاپی سێیەم،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی. سلێمانی.

١٩- وریا یونس (٢٠١٩)تارماییەکانی داعش دوای روخانی خەلافەت،چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر


**دوەم/ بە زمانی عەرەبی:**


٢٠- احمد مختارعمر، دكتور،١٩٩٨ علم الدلالة، ط٥، مكتبة لسان العرب، القاهرة.

٢١- إدوين إمري، فليب. هـ. أولت، وارين ك أجي (٢٠٠٠) الإتصال الجماهيري، ترجمة ابراهيم سلامة ابراهيم، الجلس الأعلى للثقافة. القاهرة.

٢٢- ازهر الزناد (١٩٩٣) نسيج النص، ط١، المركزالثقافى العربى، بيروت

٢٣- اندرياس فيرإكة و اخرون (٢٠١٢)، اطلس العلوم السياسة، ترجمة د. سامى ابو يحيى ط١، المكتبة الشرقي، لبنان

٢٤- أوموت أوزكيريملي (٢٠١٣)، نظريات القومية. ترجمة معين الإمام. ط١. بيروت.

٢٥- باتريك شارودو و دومينيك منغنو. ٢٠٠٨.معجم تحليل الخطاب.ترجمة عبدالقادر المهرى وحمادى صمود، دار سيناترا، تونس

٢٦- بدر بن على عبدالقادر، دكتۆر (٢٠١٦) الترابط النصى فى الخطاب السياسى السعودى، جامعه الباحه، السعودية.

٢٧- بلەج شيرگوه(١٩٨٦) القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم،ط١، دار الكتاب، بيروت.

٢٨- ج.براون و ج.يول (١٩٩٧)تحليل الخطاب،،ترجمة د.محمد لطفى الزلطنى و د. منير التركى . الرياض

٢٩- جمعان بن عبدالكريم ، دكتۆر(٢٠١٦). من تحليل الخطاب الى تحليل الخطاب النقدي، ،ط١، دار الكنوز عمان.

٣٠- جون جوزيف (٢٠٠٧) اللغة و الهوية – قومية – اثنية – دينية ، ترجمة د.عبدالنور خراقي، عالم المعرفة سلسلة ٣٤٢، الكويت.

٣١- جون لاينز، (١٩٨٧)اللغة و المعنى و السياق، ترجمة الدكتور عباس صادق الوهاب، ، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد

٣٢- حامد محمود عيسى(١٩٩٢) المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١،مكتبة مدبولى. بورسعيد،مصر.

٣٣- حسن عماد مكاوى، دكتور و ليلى حين السيد، دكتور (١٩٩٨) الإتصال ونظرياته المعاصرة ، ط١، دار المصرية اللبنانية، القاهرة.

٣٤- خليفة الميساوى (٢٠١٣) لسانيات النص، ضمن كتاب (لسانيات النص و تحليل الخطاب)، ج١، ط١، دار الكنوز، عمان.

٣٥- دايان مكدونيل،(٢٠٠١) مقدمة في نظريات الخطاب. ترجمة دكتور عز الدين اسماعيل. المكتبة الاكاديمية. القاهرة.

٣٦- ديان مكدونيل(٢٠٠١) مقدمة في نظريات الخطاب، ترجمة دكتورعزالدين اسماعيل، المكتبة الاكاديمية ش.م.م، القاهرة.

٣٧- ديڤيد مكدول (٢٠٠٤) تاريخ الأكراد الحديث، ترجمة راج ال محمد، ط١. دار الفارابى. بيروت.

٣٨- ربيعة العربى (٢٠١٣) في تصور الخطاب:اليات الأنتاج و التاويل – لسانيات النص و تحليل الخطاب- ج١، ط١، دار الكنوز، عمان.

٣٩- روبرت دى بوجراند(١٩٩٨) الخطاب والنص والإجراء. ترجمة الدكتور تمام حسان، ط١، دار عالم الكتب، القاهرة.

٤٠- زكريا ابراهيم دكتور، ١٩٦٧، مشكلات الفلسفة، ط٣، مكتبة المصر، سلسلة٤، القاهرة

٤١- زواوى بوغرة، دكتور. ٢٠٠٠مفهوم الخطاب فى فلسفة ميشيل فوكو،المجلس الاعلى للثقافة القاهرة

٤٢- سعيد حسن البحيرى (١٩٩٧)، علم لغة النص المفاهيم الإتجاهات، دار النويا، القاهرة

٤٣- صالح خليل ابو اصبع. (٢٠٠٦)الأتصال و الإعلام في المجتمعات المعاصرة. ط٥،، دار مجدلاوى، عمان

٤٤- صلاح فضل دكتور. (١٩٩٢)، بلاغة الخطاب و علم النص. عالم المعرفة، سلسلة١٦٤، الكويت

٤٥- صلاح نصر (١٩٦٧) الحرب النفسية معركة الكلمة والمعتقد،ج٢،ط٢،دار القاهرة للطباعة و النشر- القاهرة .

٤٦- عبدالله العروى(٢٠١٢) مفهوم الإيديولوجيا، ط٨، المركز الثقافى العربى، دار البيضاء

٤٧- عبدالله صولة، دكتؤر (٢٠٠١) في نظرية الحجاج ط١، مسكليانى للنشر، تونس .

٤٨- عبدالهادى بن ظافر الشهيرى، دكتور( ٢٠١٥) استراتجيات الخطاب ج١،ط٢، دار الكنوز، عمان.

٤٩- عزالدين مصطفى رسول(١٩٧٩)، احمدي خاني شاعرا و مفكرا و فيلسوفا و متصوفا، مطبعة الحودث. بغداد.

٥٠- على عجوة و اخرون( تأليف جماعى)( ١٩٨٩) مقدمة في وسائل الإتصال، ط١، مكتبة مصباح، السعودية.

٥١- عمر اوكان، ٢٠١١، اللغة والخطاب،ط١، الرؤية، القاهرة

٥٢- عيسى عودة برهومة (٢٠٠٧) تمثيلا اللغة قي الخطاب السياسي،عالم الفكر سلسلة ٣٦، الكويت.

٥٣- فان دايک، توين أ (٢٠١٤) الخطاب والسلطة، ترجمة غيداء العلي، ط١، المركزالقومي للترجمة، القاهرة.

٥٤- فان دايک، توين أ (٢٠٠١) علم النص، ترجمة د. سعيد حسن بحيري، ط١، دار القاهرة للكتاب، القاهرة.

٥٥- فريده العبيدى(٢٠١١) لغة الخطاب الإدارى،ط١، دا الوسام، الجزائر

٥٦- فهمى النجار،دكتور (٢٠٠٥)الحرب النفسية – أضواء إسلامية، دار الفضيلة، الرياض.

٥٧- فيندرس جوزيف ( ٢٠١٤) اللغة، ترجمة: عبدالحميد الدواخلى و محمد القصاص ، القاهرة

٥٨- كريستيان تليغيا(٢٠١٦) علم النقس السياسي- رؤى نقديه- ترجمه اسامه الغزولى، عالم المعرفه سلسله ٤٣٦، الكويت.

٥٩- ليزا.ج. كامبل (٢٠١٦) استخدام الذبح في الإسلام الأصولي، ترجمة مركزنماء للبحوث و الدراسات، ضمن كتاب داعش و الجماعات القتالية.بيروت.

٦٠- مارايانا خاروداكى (٢٠١٣) الكرد و السياسة الخارجية الامركية، ترجمة خليل الجيوسى ط١، دار أراس للطباعة والنشر. اربيل.

٦١- ماري ان بافو و جورج إليا سرفاتي(٢٠١٢) النظريات اللسانية الكبرى، ترجمة محمد الراضى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

٦٢- محمد الشاوش (٢٠٠١) اصول تحليل الخطاب ط١، مكتبة النقد الأدبي، تونس

٦٣- محمد بن سعود البشر (٢٠٠٨) مقدمه في الإتصال السياسي، مكتبه العبيكان، الرياض

٦٤- محمد راجى(٢٠١٥) ابعاد ايديولوجيا الخطاب الإعلامى لتنظيم الدولة الإسلامية. بحث، مركز الجزيرة للدراسات. الدوحة.

٦٥- محمد على الخولي، دكتور(٢٠٠١)علم الدلالة، ، دار الفلاح، عمان .

٦٦- محمد محمد داود، دكتور (٢٠١٦) اللغة والقوة و الحرب اللغوية، مكتبة العلماء، القاهرة.

٦٧- محمود عكاشة، دكتؤر(٢٠٠٥) لغة الخطاب السياسي ط١ دار النشر للجامعات، القاهرة.

٦٨- مسعود البارزانى (٢٠٠٢) البارزانى و الحركة التحررية الكردية. الجزء الثانى، اربيل.

٦٩- مصطفى طه رضوان، دكتور. (٢٠٠٩)مفهوم السياق، مجله الدراسات الاجتماعيه العدد ٢٩: ٢٤٥. اليمن.

٧٠- منية عبيدي، دكتور(٢٠١٦)التحليل النقدى للخطاب ط١، دار الكنوز،عمان.

٧١- ميشيل فوكو (١٩٨٧) حفريات المعرفة. ترجمة سالم يفوت،ط٢ المركزالثقافى العربى، دار البيضاء.

٧٢- ميشيل فوكو(٢٠٠٩) نظام الخطاب، ترجمة د.محمد سبيلا، دار الفارابي، ط٢، بيروت.

٧٣- ناعوم تشومسكى(٢٠٠٢) ٩/١١ ترجمة: ابراهيم محمد ابراهيم،مكتبة شروق الدولية، ط١، القاهرة.

٧٤- نجلاء المكاوى و اخرون (٢٠١٦) تنظيم الدولة،دراسة تحليلية في بنية الخطاب، ط١، مركز صناعة الفكر للدراسات و الابحاث، بيروت

٧٥- ندى مرعشلى هوارى(٢٠١٤) تحليل الخطاب النظرية- التطبيق دار النهضة، بيرروت

٧٦- نوال مغزيلى(٢٠١٧) دور تنولوجيا الإعلام والاتصال في إرساء ممارسة جديدة للديمقراطية : الديمقراطية الالكترونية،مجلة العلوم السياسيهوالقانون، العدد٣، برلين.

٧٧- نوال مغزيلى(٢٠١٧)مجلة العلوم السياسيهوالقانون،العدد٣. مركز الديمقراطي العربى. برلين

٧٨- نورمان فيركلاف(٢٠٠٩) تحليل الخطاب، ط١، ترجمة طلال وهبة، المنظمة العربية للترجمة ، بيروت.

٧٩- نورمان فيركلاف (٢٠١٥) الخطاب والتغير الإجتماعى ط١، ترجمة محمد عنانى، المركزالقومى للترجمة، القاهرة.

٨٠- هالة انتوس جيرد (٢٠٠٧) علم لغة النص نحو افاق جديدة. ترجمة د. سعيد حسن البحيرى،مكتبة زهراء الشرق، القهرة.

٨١- هيثم سرحان. (٢٠١٠) خطاب الجنس ط١ المركزالثقافى العربى، دار البيضاء.

٨٢- هيثم سمير (٢٠١٦) داعش قرأءة تحليلية للخطاب، ضمن كتاب داعش و الجماعات القتالية، مركزنماء للبحوث و الدراسات، بيروت.

٨٣- يامين بودهان، دكتور(٢٠٠٠) تكنلوجيات حديثة، وسائل الإتصال و علاقاتها بالإتصال السياسي، مجلة الإذاعات العربية،العدد ٣. الجزائر

**سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی:**


84- BRAIN MC NAIR(2011) an introduction to political communication,5th ed, Routledge new York and London.

85- CHARLIE WINTER (2015)The Virtual “Caliphate”: Understanding Islamic states propaganda strategy, Quilliam. London

86- DAVYD MCDOWALL (2007),A Modern history of the Kurds, London.

87- ELIA KEDOURIE (1993), Nationalism, 4th expanded. Ed:uk: Cambridge. Mass, usa Dlackwell.

88- F. M. BARNARD(1983)National Culture and Political Legitimacy,Published by: University of Pennsylvania Press.

89- GRAY. A. MAUSER.(1983) political marketing: an approach to camping strategy. New York.

90- J. R BITTNER(1986) mass communication, an introduction 4th .ed. London.

91- J.M. BERGER and M. JONATHON(2015) The ISIS Twitter Census, the brooking institution, Washington.

92- M.A.K HALLIDAY and RUQAIYA HASAN (1976)Cohesion in English, first published, Longman group, London.

93- M.M.BAKHTIN(1986) speech Genres and other late Essays. Translated by Vern W. McGee USA.

94- MALCOM COULTHARD(2014), an Introduction to discourse analysis, third edition, New York.

95- MICHIL FOUCALT(1972)The archaeology of knowledge and the discourse on language. Translated from the French. by A. M. Sheridan Smith PANTHEON BOOKS, NEW YORK

96- NORMAN FAIRCLOUGH(1993) discourse and social change,Polity Press, Cambridge, CB2 1UR, UK.

97- NORMAN FAIRCLOUGH.(1989) language and power, Long man group UK.

98- PUL CHILTON (2004) Analyzing political discourse theory and practical, taylor and francis group New York.

99- SARA MILLS. (1997)Discourse. First published, London

100- SAUSSURE FERDINAND DE. (1959)Course in General linguistics, translate from French by Wade Baskin. New York

101- VAN DIJK TEUN. A.(1985) the hand book of discourse analysis, Ap London.

102- VAN DIJK TEUN A, (1992)text and context. Longman, new York

**چوارەم/ پێگەی ئەنتەرنێت:**

١٠٣- حسن ابو هنية (٢٠١٥) الألة الإعلامية لتنظيم الدولة الإسلامية: جيش الخلافة الالكترونية، عربي٢١. https://arabi21.com /story/803770

١٠٤- مصطفى الحسناوى ١١/مارس / ٢٠١٨ خطاب داعش في مرحلة الافول الترويج لأخبار الفتن و الملاحم و ظهور المهدي raseef22.net

١٠٥- هبه عبد المعزاحمد تحليل الخطاب. مركز نور للدراسات ٢٠٠٩/٣/٣

**پاشكۆی ژماره(١)**

**دەقی گوتاری مەسعود بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان، لە یەكەم یادی جینۆسایدی شەنگال ٢٠١٥/٨/٣**

ب ناڤێ خودێیێ مەزن و دلۆڤان، جەماوەرێ خۆشتڤیێ كوردستانێ، پێشمەرگێن قەهرەمان، كەس و كارێن سەربەرزێن شەهید و قوربانیان، مێڤان و ئامادەبوییێن بەرێز:

ئەڤرۆ ساڵەك دەربازدبیت ب سەر هێرشا وەحشیانە یا رێكخراوا تیرۆریستی یا داعش بۆ سەر كوردستانێ و هەروەها یەك ساڵ دەربازدبیت بسەر كۆمكوژیا كو ل شنگالێ رودای. د ڤێ رۆژێدا من رێز و حورمەتەكا زۆر یا هەی بۆ ئێك ئێك پێشمەرگێن كوردستانێ و سلاڤ بۆ گیانێ پاكێ هەمی شەهیدان و ئەز بەشدار و هەڤ خەمێ ئێك ئێك بنەماڵێت شەهید و ئێخسیرانم. هەڤ خەمی هەمی بنەماڵێت كچ و خوشكێن رەڤاندی یێن كوردێن ئێزدیمە، خودێ سەبر و تەحەمولێ بدتە مە هەمیا، قوەتێ بدەتە مە و هەمی ئەو تاوانبار بسزایی خۆ بگەن.

هێز و درندەییا داعشا دنیا لەرزاند، ئەمما الحمدللـه ل كوردستانێ پێشمەرگێت قەهرەمان ئستورا داعش تێككشاند و ئیسپاتكرد بۆ دنیایێ كو ب چەكەكێ زۆری كەڤن پێشمەرگا هێزەكا درەندە یا كو داعشن تێكشكاند، كو باشترین چەك د دەستێ وان دا بو، و ب ڤێ قەهرەمانییێ و ب خوینا شەهیدا ناڤ و بانگێ پێشمەرگە و مللەتێ كورد گەهیشتە هەمی جیهانێ و ئەڤرۆ هیچ وڵاتەك وهیچ جهەك نییە د دنیایێ دا كو ب شانازیەڤە بەحسێ قەهرمانیا پێشمەرگەی و گەلێ كوردستانێ نەكەت.

الحمد لـلە، زۆر دەڤەر هاتنە رزگاركردن، وهێشتا هندەك جهـ یێت مای، یەك ل وان نیڤەكا باژێرێ شنگالێیە و دەوروبەرێ وی، نە مومكینە ئەم راوەستین هەتا تەمامێ ئاخا خۆ ل دەستێ دوژمنێ خۆ رزگار نەكەین، ئەمما مە دڤێ وەختێ ئەم وێ بكەین كو خەڵك بشێت ڤەگەرێت بۆ جهێت خۆ، ئەڤێ ژی بەرنامەیەكێ مەزن یێت پێش، كو گرێدایە ب هندەك عەمەلیاتێت مەزن ڤە، كو حكومەتا عێراقیش دێ بەشداربیت تێدا و ب پشتیڤانیا هەڤپەیمانا، لبەر هندێ ئەم د چاڤەرێیینە.

بەس من لڤێ قاعێ، ئەز بێژم ل دەوروبەرێ بیستێ هەیڤا دەهـ بوو، من گۆتە هەوە خوشك و برایێت ئێزدی، انشاالله زۆر پێ ناچی، ئەمما ئەگەر سەد ساڵ پێبچن، سەد رۆژیش پێبچن، ئەم دێ شنگالێ گرینەڤە و ئەم دێ چیایێ رزگاركەین و دێ رێكیش بۆ شنگالێ ڤەكەین. هەر دیسا ل بیستێ هەیڤا دوازدە بوو ل چیایێ شنگالێ، كو بۆ من وەكو رۆژەكا نوو بوو د ژیانا من دا ژیانەكا نوو بوو، ل وێرێ بسەربەرزی دگەل وان خۆراگرا وان قەهەرەمانا و وان خانەوادیێت كو ل وێرێ

مای، من دیت کو ب چ قەهرەمانی ئەڤ دەڤەرە هاتە ڕزگارکردن، و ل سەرێ وی چیای من گۆتە گەلێ کوردستانێ کو ئەز مزگینیێ بدەمە خۆ و بدەمە هەوەش کو چیایێ شنگالێ ڕزگاربوو.

مشکیلا مەزن یا مە خوشک و برایێت مەزن، ئەڤەیە مە خەلەلەکا مەزن د مەسەلا جوغرافیدا هەبوو، هەرێما کوردستانێ دگەل شەنگالێ مەسافەیەکا زۆر زۆرا درێژ، دوژمنێ مە تێدا بەینا وان، وەختێ کو ئەز هاتمە ڤێ دەڤەرێ، من زۆر تەخمینا خۆ تێدا کرد، هەتا ئەم پشتا خۆ قایم نەکەین، هەتا ئەم رێکێت خۆ ڤەنەکەین، ئەم پێناوەستین زەمانەتێ بدەین ئەم دێچینەڤە شنگالێ، لبەر هندێ سەربەرزانە پێشمەرگێت قەهرەمان ب حدودێ حەفت هەزار کیلۆمەتر ب خوینا خۆ ڕزگارکردن، بۆ هندێ هە شنگالێ هەتا دگەتە دهۆکێ و هەتا زاخۆ و هەتا دگەتە سحێلا، بە سەربەستی و ب ئازادی زارۆکەک بێت هاتوچۆیێ بکەت، کەسەکی دی جورئەت نەکەت جارەکا دی ڕێکێ لێبگریت.

وەختێ کارەساتا شنگالێ ڕوودای، جەنابێ بابەشێخ دگەل وجەهایێت ئێزیدیا هاتە نک من، دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ پێچۆبوون، ئەز چ جارا ڕۆندکێت بابەشێخ ل بیر ناکەم. من گۆتێ بابەشێخ ئەڤە تو و ئەڤ وجەهایێت هنگۆ، باوەڕ بکەن دلێ من ل یێ هنگۆ بریندارترە و ئەز ل هنگۆ موتەسیرترم، بەس ئەزدێ ڤێ وەعدێ دەمە هنگۆ شەرتبێ ئەز دێ ڕوحا خۆ لسەر دانێم و ڤێ تۆلێ ل ڤان دوژمنانە ڤەکەین. من گۆتێ من نەشڤێ تو تەخمینێ بکەی یان جارەکا دی ڤێ تیکرار بکەیەڤە و بێژیە من ئێزدخانە تەمام. ئێزدخانە تەمام نابی.. چونکە کوردستان تەمام نابی، ئێزدخانە وئێزدی یەعنی کورد، یەعنی کوردستان.

د وەختێ خۆدا من گۆت کو کوردێت ڕەسەن ئێزدینە. قەد من ئەو ل خۆڤە نەگۆت، چونکی ب حەقیقەت ئێزدیا ڕەسەنایەتی کوردا یا پاراستی و ئەو باجێ کو دایش ئێزدیا مومکینە یەک ل سەبەبا ئەوە چونکی کوردایەتیا خۆ یا پاراستی، دینێ خۆ ب کوردی یێ پاراستی، عادات و تەقالیدێت کوردا یێت پاراستی، زمانێ خۆ یێ پاکژ یێ کوردی یێ پاراستی. لبەر ڤێ هندێ ئەز زۆر ب ئەرک دزانم و لسەر مەژی واجبە ئیهتیمامەکا زێدەتر ب ئێزدیا بدەین، ئەز زۆر باش دزانم کو درێژاییا مێژوویی دا چ غەدر و زولم یا ل ئێزدیا هاتیە کردن، هەم ل ناحیا نەتەوەییڤە، هەم ل ناحیا ئۆلی ڤە، لبەر وێ یەکی وەختێ کو فورسەت بوو و مەجال بوو، هەمی شیانێت خۆ مە بکارئێنان بۆ هندێ کو کوڕ و کچێت ئێزدی باوەڕی ب خۆ پەیدابکەن، هەمی تاکەکێ کورد، بەس بتایبەتی ئێزدی کو بەرەڤ ئایندەیەکێ گەش بچن و ئومێدەکا مەزن بۆ دروستببی، تەسەورێ نەکەن د بندەستن و دێ جارکا دی تووشی غەدر بن.

ئەوا بسەرێ ئیزدیا هاتی خەلەکەیەکە ل وێ زنجیرا کو ب سەرێ مللەتێ کورد هاتی، وەکی وێیە کو دوازدە هەزار کوڕ و کچێت فەیلی ئەڤرۆش د بێسەروشوینن، هەشت هەزار بارزانی ئەڤرۆش د بێسەر و شوینن، سەد و هەشتێ هەزار کوڕ و کچێت مە هە ل گەرمیان بگرە و هەتا دگەهتە زاخۆ بێسەروشوینن. ئەڤەش درێژەپێدەرا وان کارەساتایە، یا وان مسیبەتایە کو بسەرێ مللەتێ کورد هاتی. مومکینە زۆر کەس دێ بێژی ڕاستە بۆ مە زۆر برینەکا کوورە. ناموسا مە نەچویە، ناموسا خوشک و برایێت مە یێت ئێزدی نەچویە، بەلێ وان ئیسپات کرد کو وان نە ناموس هەیە، نە ئەخلاق هەیە، نە دین هەیە. فەقیرەکی، کچکەکێ تو بگری دێ تە پێ چێبی بکوژی، هەرچی تو لێ بکەی، ئەو مێرانی دوێ دا نییە، ب نیسبەتا من ئەو کەچکێت ئێزدی هێمایێ شەرەفا کوردانە.

الحمدللە، هەتا نها خودێی فورسەتا دای زۆر ل وان موجریما یێت گەهشتیە جەزایێ خۆ، و ئەز دێ وی وەعدیش دەم، ئەوێن کو ئەڤ تاوانە کردی هەتا یەک نەفەرێ وان مابێ ل هەر جهەکی بن، ئەم ل دو وان ڤەنابین. لازمە بگەهنە جەزایێ خۆ، ئەمما د ڕێکێن ئسولی ڕا، د ڕێکێن قانونی ڕا. تەوسییا من بۆ خوشک و برایێت مە یێت ئێزدی ئەوە نەکو وەبی بەرێ خۆ بدەنە تۆل ڤەکرنەیەکا عەشوائی یان کو نەتیجە ب زەرەرا وان تەمام بی و ب زەرەرا میللەتێ وانیش تەمام ببی. هەزاران ل وان موجریما کەلەشێت وان یێت کەفتیە مەیدانێت شەڕایدا، ئەم دێ ب مێرانی تۆلا خۆ ڤەکەین، ئەو نامەردن، میللەتێ مە میللەتەکی مەردە، پێشمەرگێ مە پێشمەرگەیەکی مەردە. لبەر هندێ وەختێ خۆژی من گۆتە وان خوشک و برایێت مە یێت ئێزیدی، من گۆتێ لازمە بیر ل هندێ نەکەنەڤە کو خودێ فەرسەت دا تۆلەیەکا کۆرکۆرانە بێتە ڤەکردن، چونکی نەتیجە پاشی دێ ب عەکسی ڤەگەڕێت بۆ مە. ئەم دێ ئیحتراما قانونێ گرین، ئەوکەسێ کو یێ بێ گوناح بیت مە چ دگەلدا نییە، ئەو کەسێ کو زەرەر نەکردبیت مە چ دگەلدا نییە، ئەم ناکەینە شەڕێ میللەتا، ئەم ناکەینە شەڕێ ئاینا، ئەم ناکەینە شەڕێ یێ مەزهەبی. بەس وەللاهی ئەوێت کو تاوان کردی، تەعدا کردی، خاسەتەن مەسەلا ناموسێ و ئەوێت کو هاروکاری بۆ کردی و ئەوێش چاڤساغی بۆ کردی و ئەوێش کو ڕێ بۆ خۆشکردی، هەمی ب نسبەت مە ئەو موجریمن کو چ عەفوبوونێت وان نینە و هەموش دڤێ بگەهنە جەزایێ خۆ، ئەڤە خالەکە کو من پێخۆشبوو ئەز وێ بۆ وە ڕوونبکەمەڤە.

خوشک و برایێت خۆشتڤی.. گەلەک زۆرداری میللەتێ مە یێت دیتی و من بخۆ زۆر و بچاڤێ خۆ زۆر کارەساتێت دیتی کو ب سەر میللەتێ مە هاتی، بەس باوەڕ بکەن هیچەک ل وان کارەساتا هندێ ئەڤ کارەساتا بسەر خوشک و برایێت مە یێت ئێزدی هاتی دلێ من بریندار نەکرد. ئەز شانازی ب هەمی کوردستانێ دکەم، هەمی کوردستان بۆ مە یا پیرۆزە، هەمی دار و بەردەکی کوردستانێ ل هەر پارچەیەکا کوردستانێ، بەس وەکی من گۆتی ئەڤ کارەساتێ هند ئەم

بريندارکردين، کو من شعور ب برينداربوونا هنگۆ دکرد و يا ميللەتێ کورد دکرد، لبەر هندێ من ئەو وەعدێ من دايە جەنابێ بابەشێخ و وجەهايێ هنگۆ من هەمی واجبێت خۆ و تشتێت خۆ تەرک کردن و ئەز هاتم بۆ ڤێ مەنتيقێ.

ڕزگار کردنا ب تنێ چيايێ شنگالێ دەوروبەرێ شنگالێ کافی نەبوو، ئەگەر مە مەنتيقە هەمی پاکژ نەکردبا، هيچ، دا عەينی کارەسات بسەرێ مە هێتەڤە، هەر قوەتەکا تو بينی ل دنيايێ ئەگەر پشتا تە يا قايم نەبيت، مومکين نييە ئەو قوەت پێ بوەستيت چ بکەت، نە ئەو ميللەتێ کو ل وێرێ دژيت ئيعتيمادێ ب مستەقبەلێ خۆ بکەت، ل بەر هندێ ئەڤ خوينا کو مە داى کو ب سەدان شەهيد و قەهرەمان مە دان، هەمی هەدەفێ مە پێ ئەو بوو کو ئەم شنگالێ گرێ بدينەڤە ب هەرێمی کوردستانێ و الحمدللە ئەڤە تمام بوو. بير ل هندێ نەکەنڤە جارکا ئەم دێ ڤێ مەنتيقێ تەسليمی يەکێدی کەين، تەلەبا من ئەوە ل حکومەتا هەرێمێش هەمی ئيمکانياتێت خۆ بکار بينيت، هەرچەندە ڤێ گاڤێ يا د قەيرانەکا ئابوريدا هەرێمێ کوردستانێ، تەفسيريش نەکرديە، ئو بجددی بير ل هندێ بێتەکرنەڤە ئيدارەيەکا تايبەت بۆ شنگالێ بێتە دانان. ئو بجدديش کار لسەر ڤێ بيرێ کەين هەتا دگەل بەغداش، کو ئەسلەن ببيتە پارێزگەهەک، ئەڤ مەنتەقا غەربێ ديجلە. و لێرەدا ئەز زۆر ب فەر دزانم پڕ ب دل ئەز سوپاسيا خەلکێ پارێزگەها دهۆکێ بکەم و هەمی گەلێ کوردستانێ، بەس بتايبەتی خەلکێ ڤێ دەڤەرێ کو دل و دەرگەهـ و مال و هەمی تشتێ خۆ ڤەکر بۆ ئەو خوشک و برايێت خۆ، ئەوێت لێقەوماى. و ئەز سوپاسيا ئيدارا پارێزگەها دهۆکيش دکەم، چونکی زەحمەتەکا زۆر کێشا.

دەرمانێ دوماهيێش بۆ ڤێ مشکيلێ ئەوە کو تڤی ئەم ڤی خەلکە ببەينەڤە سەر جهـ و ڕيێت وان، سەر گونديێت وان و باشترين خەدەمات بۆ بێنە تەقديم کردن، يەک ل وان ئەوە ئەڤ مەشروعێ ئاڤێ کو دبێژنێ ڕەى جەزيرە، کو ئاڤا کوردستانێيە و ئاخا کوردستانێيە، وەنەکرديەش کو گوندەکێ کوردا، ماڵەکا کوردا، ئيستفادە ل يەک قەترا ئاڤێژ بکە، ئەڤ مەشروعە لازمە بێت هەتا شنگالێ، ئەڤە يەکە ل وان تشتێت کو د خەيالا مە دا و ئاڤەدانکردنەڤا دەڤەرا شنگالێ ژيانەکا سەربەرز و بەختەوەر بۆ خەلکێ ڤێ دەڤەرێ، دێ ئێک بيت ل ئەولەوياتێت بەرنامێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ. بەس ڕجايا من ئەوە کو هنگۆ تەفەهومێ بکەن، تڤيا هەمی شۆلەکی وەختێ خۆ بێت و ئيمکانيەتا بۆ بهێنە کردن، ئەمما کو بێژين ل بەرچاڤ ناهێتەگرتن يا حساب بۆ نەهاتيەکردن، حسابا ڤان تشتانا هەميا يا هاتيەکردن.

تەبيعی ئێزدی و شنگال و شێخان، ئێزدی ل هەمی جێها، و زۆر جهێ ڕێز و خۆشەويستيەکا تايبەت بوون ل نک جەنابێ بارزانی نەمر، ئو ئەڤێت مەزنێت هنگۆ، ئەوێت ڕەنگە هندەکێت ماى

یان هنگۆ گوهـ ل پیرێت خۆ بووی ئەوێت گەهیشتە خزمەتا جەنابێ بارزانی، چونکی ئەڤە من یا ل وی گوهـ لێ بووی، گۆت ئێزدیا غەدرەکا مێژوویيا یا لێ هاتیە کردن، دوو جارا، جارەکی لبەر نەتەوەیی و جارەکێ لبەر دینێ وان. تڤیا ئەم هەوڵبدەین کورێ ئێزدی، کیژا ئێزدی، مرۆڤێ ئێزدی، باوەری بخۆ پەیدابی. لازمە بزانیت کورێ ڤی وڵاتیە و ئەڤە وڵاتی ویيە و ئاخا ویيە، و لازمە ب سەربەستی تێدا بژیت و ب ئازادی تێدا بژیت، ل دینێ خۆ یێ ئازاد بی، ل جلوبەرگێ خۆ یێ ئازاد بی، ل زمانێ خۆ یێ ئازاد بی و ل هەمی تشتەکێ خۆ یێ ئازاد بی.

ئەز بێژم الحمدلله ئەڤرۆ ئەو بۆ ئێزدیا یا هاتیە جەه، مەزنترین، مەزنترین ئاواتا کو من هەبوو ئەوبوو ئەز ببینم ئەو موجریمێت کو دلێ خۆ ب ئێزدیا خۆشکردی، بکەڤنە بن پێیت ئێزدیا، ئەڤرۆ کەفتینەڤ بن پێیت هنگۆ.

ل هەمی سەردانێت خۆ بۆ دەرڤە و ل هەمی رونیشتنێت خۆ دگەل ئەو شاندێت کو ل دەرڤە دهاتن، باوەربکەن مەسەلا ئەوا کو ئەم هەمی پێ بریندار، ل سەرێ هەمی گفتوگۆیێت من دا بوویە دگەل هەمی دۆست و ئەوێن دی و دێ بەردەوامیش بین و ئەز لێرە بپێویست دزانم ئەز بانگەوازەکێ ئاراستەی هەمی ئەو هەمی کەسێت خودان ویژدان و هەمی ماڵبات و عەشیرەتێت عەرەبا ژی بکەم، کو ئەڤە فورسەتەکە ئەوا وان ل دەست بێتن هاروکاریێ بکەن بۆ رزگارکردنا هەتا ئەگەر زارۆکەکیش بیت. چونکێ ئەڤە دێ سەروەرییەکا مەزن بۆ وانیش تۆمارکەت، چونکێ ئەڤ تشتێ کو هاتیە کردن دوورە ل هەمی دین و ئەخلاق و رەوشتەکی، ئەوێ کو دڤێدا هاروکاریا مە بکەت، ئەمیش وەعدی ددەین چ جارا ئەم چاکیيا وان لبیر ناکەین و دێ دەهـ قات تۆڵێ بۆ ڤەکەین، ئو جارەکادیش تیکرارێ دکەمەڤە و وەعدیش ددەم، ئەوێت کو دەست درێژکردی بۆ ناموسا مە، هەتا ئاخر نەفەرێ وان ل هەر جهەکێ دنیایێ بیت ئەم ل دو وان ڤەنەبین هەتا تۆڵا میللەتێ خۆ لێڤەنەکەین.

تەبعەن ئەڤە دەمەکێ زۆرە کو ناحیا سنونێ و مەجموعەک زۆر ل وان گوند و شارۆچکێت کو ل دەوروبەرێ شنگالێ یێت رزگاربوی، نەک رێکەک ئەز بێژم سێ رێک ڤەبوون الحمدلله، بۆ چیایێ شنگالێ، ئو بۆ من جهێ سەربڵندیەکا ئێکجار ئێکجار یا زۆرە کو پێشمەرگێت قەهرەمان ب خوینا خۆ، کارەکێ ئاسان نەبوو، ب خوینا خۆ مە ئەڤ رێکە ڤەکردن، ئەمما دیسا جهێ سەربەرزییێشە کو ئەو پێشمەرگێت قەهرەمان ئەو خەلکێ کو مای ل چیایش و ل دەروبەرێ چیای، پشتی کو ئەز چۆی من چیا دیتی و دەوروبەرێ وێ دیتی، ب حەقیقەت قەهرەمان بوونە کو بەرگری کردی و د وی وەختێ نەخۆشدا دیفاع ل خۆ کردی و مەنتەقا خۆ پاراست، ئو ئەو

پێشمەرگێت کو بەردەوامیش بووین و نەهێلای دوژمن بگەهتە چیای جهێ دەستخۆشیە و جهێ سەربەرزییە بۆ مە هەمیا.

هەرچیا مە ژ دەست هاتبیت بۆ خوشک و برایێت کوردێت ئێزدی مە یا کردی و دێ بەردەوامیش بین و ئەز باوەڕناکەم کەس وەکی وان بزانیتنیش کا چ بۆ هاتیەکردن، چ منەتیش تێدا نییە، واجبە، خۆزی مە پێچێبا مە زێدەتر کردبوا. ئەوا مە دڤێت بەری هەر تشتەکی، بزانن ئەڤ وڵاتە وڵاتێ هەوەیە، ئەڤ خاکە، خاکا هەوەیە، موسیبەتەکا بسەر هەوە هاتی یا بسەر مە هاتی، یا بسەر میللەتێ کورد هاتی. وەکی من گۆتی وەکی وێیە یا بسەر فەیلییا هاتی، ئەوا بسەر بارزانیا هاتی، ئەوا بسەر گەرمیان هاتی، ئەوا بسەر دۆڵا بالیسان هاتی، ئەوا بسەر قەرەداغ هاتی، یا بسەر دهۆکێ و زاخۆ و ئامێدی هاتی. یەعنی جهەک نەمایە د کوردستانێ دا کو دوژمنی زەڕبا خۆ لێ نەدابیت و کارەسات بسەر نەئینابیتن، هەر یەکی ب نەوعەکی و هەر یەکی د وەختەکێ دا، بەس عەینی فەرهەنگە، عەینی سەبەبە کو کا بۆ بارزانی تووش بوون؟ ئێزدیش هەر لبەر وێ سەبەبێ تووش بوون. بۆ فەقیر و هەژارێت گەرمیان تووش بوون ؟ ئێزدیش هەر لبەر وێ تووش بوون. لبەر هندێ ل هەمی موهیمتر ئەوە باوەڕی ب وڵاتێ خۆ ل دەست نەدەن، باوەڕی بخۆ بون ل دەست نەدەن ئومێد ب ئاییندەیەکی گەش ل دەست نەدەن، چونکی دوژمن و زاڵم، مومکینە کوفر بمینی بەس زوڵم نامینی، زالم نامینن.

جارکا دی ئەز سوپاسیا هەمی وان پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم یێت کو هەر ل ڕۆژا ئەوەل بەردەوام بوون و قەهرەمانی نواند، سوپاسی هاروکاریا، جارەکی دی، هەمی خەلکێ کوردستانێ دکەم بتایبەتی پارێزگەها دهۆکێ. و ئەز ب فەر دزانم سوپاسیا وان شەرڤانێت برایێت مە یێن کوردێن ڕۆژئاڤاش بکەم، چونکی واش دەورێ خۆ دیت و هاروکار بون د گەل پێشمەرگا بۆ ڕزگارکردنا ژمارەکا زۆر ل وان ژن و زارۆکێت خوشک و برایێت کوردێت ئێزدی. موهیم تێرەدا ئەڤێ نیشێددەت کو هەمی جارا یەکڕیزی و یەکەیەتیا میللەتێ کورد ل هەمی سیلاحەکی ب قوەتترە بۆ مە و سەرپشکە بۆ هەمی سەرکەفتنەکی و هەمی دەسکەفتەکی مەزنیش.

من درێژ کرد، قسوریا من عەفوبکەن. بەس حەقیقەت من ڤیا کو ڤان ئاخافتنا بۆ هەوە بکەم. جارەکا دی ئەز دبێژم هەوە باوەڕی بخۆ هەبیت، دڵنیا بن مستەقبەل بۆ میللەتێ مەیە کو هنگ پارچەیەکا عەزیزن ل ڤی میللەتەی، دوژمن دێ سەرشۆڕبیت و یێ سەرشۆڕیش بووی و ئەم ل دو ڤی دوژمنەیش ڤەنابین و ئەز لێرەدا زۆر ب پێویست دزانم سوپاسیەکا بێ پایان یا هێزێت هەڤپەیمانانیش دکەم بۆ ئەو هاروکاریا بۆ مە کردی، هاروکاریەکا زۆرا بۆ مە کردی و ئەم چ جاراش وێژی لبیر ناکەین، ئەمما ئەڤرۆ ئەم دگەل هەمی جیهانا ئازاد ئەمێ د سەنگەرەکێ دا و

سەرەرمێ ڤی شەڕێ دگەل ڤی دوژمنەی میللەتێ کوردە و پێشمەرگەنە، لبەر هندێ ئختیارا مە ئختیاراکا ڕاستە، ئەمێت د مەوقعەکێ ڕاستدا، یا دی کو خالەکا زۆر گرنگە، تڤیێ ئەم نەکەینە شەڕێ نەتەوەیی و ئایینی ئەڤانە، و ئەڤ پێکڤەژیانا بوسڵمان و مەسیحی و ئێزدی هەمی دین و مەزهەب و ئەڤە، لازمە ئەم ڤێ بپارێزین، چونکی سەروەریەکا زۆرا مەزنە و ئێکە ل سەبەبێت هەرە هەرە سەرەکی یێت کو ئیحتراما مللەتێ کورد هاتیە فەرزکردن، ئیحتراما کوردستانێ هاتیە فەرزکردن، ل دەرڤە و هەمی جیهانێ ب چاڤێ ڕێز و ئیحتیرام ڤە تەماشەی کوردستانێ دکەن. ئەڤ ئەوە عەینی ب نیسبەت مەسیحی، برایێت مە یێت هەر دین و مەزهەبێت دی. ئەز بەری مودەتەکی ئەز دگەل وان شێخێت عەرەبا ژی ڕونیشتم، من زۆر ب سەراحەت گۆتێ، ئەم برایێت یەکین، برایەتیا کورد عەرەبا، ئەم برایێت یەکین، بەس ئەو عەرەبێ کو دگەل داعش دا بیت دوژمنێ مەیە، ئەمما ئەو عەرەبێ زددێ داعش بیت برایێ مەیە، ئەم یێت د سەنگەرەکی دا، لبەر هندێ نابیت ئەم تەشجیعا هندێ بکەین، ببیتە دوژمنایەتی ل بەینا مللەت و دین و مەزهەب، ئەڤە تشتەکێ خەلەتە و ناشبیت.

وان زۆر ب نامەردی شەڕێ مە کرد، ئەم دێ زۆر ب مەردایەتی شەڕێ وان کەین، و زۆر ب مەردایەتیش مە تۆڵا خۆ یا لێ ڤەکردی و ئەوا مایيش دێ لێڤەکەین، و ئەز دبێژمە هنگۆش خۆ حازر بکەن، انشاالله دێ دگەل هنگۆ هێین ڤێکڕا دێچینەڤ شنگالدا، مەتمەئین بن دێ هنگۆ بەینەڤ شنگال. بەس ئەڤە عەمەلیەکا مەزنە، مە نەڤێ لێکبێتە پارچە کردن، ئو ئەم ب تنێش نینە، لایەنێت دیشێت تێدا، ئەمێت پێکڤە لسەر شۆل دکەین و انشاالله دێ بینینیش.

ل دوماهی هەزاران سلاڤ بۆ گیانێ شەهیدان و انشاالله دێ ئەڤێت کو ئێخسیر و ددەستێ دوژمنیش دا ب هەر نەوعێ بیت گەهنەڤ ناڤ کەسوکارێت خۆ و هەمی دێ ب دیتنا یەکودو شاد بن.

خودێ انشاءالله هەوە بپارێزی و کوردستانێش بپارێزی. زۆر سوپاس

**پاشکۆ ژمارە (٢)**

**دەقی گوتاری مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بانگەشەی ڕیفرافراندۆم – هەولێر ٢٠١٧/٩/٢٢**

بەناوی خوایی گەورە و میهرەبان. خوشك و برایانی بەڕێز سوپاسی بێ پایان بۆ ئێوەی خوشەویست، جەماوەری شاری هۆلاکو بەزێن، شاری ڕەسەن. ببورن ئەزانم ئەمە چەند سعاتێکە ئێوە لەبەر ئەو گەرمایە لێرە چاوەڕوانن، بەڵام بۆ سەربەخۆیی هەموو فیداکاریەك ئاسانە. سوپاسی ماندیبونتان دەکەم. وە دەشزانم هەولێر هەر هەولێرە. ئازیزان، ئیمڕۆ کە لێرە کۆبوینەتەوە، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە یەك دەنگ، بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. ڕەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارە بکەن، بۆ گەلی کوردستان بڕیاری ڕیفڕاندۆمیدا؟ چەند ساڵێکە ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە ئیتر ئێمە لەگەڵ بەغدا ناتوانین چیتر بژیین. زۆر هەوڵماندا لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەگەڵ خودی بەغدا، کە چارەسەرێك بدۆزینەوە بۆ ئەو گرفتانەی کە هەن، ئیلتیزام بە دەستوور بکرێ، شەراکەت قەبوڵکەن کە هەر وەکو ئیتفاقی لەسەر کرا بوو. بەڵام بەداخەوە نە شەراکەت ما، نە دەستوور ما، وە لەو دەستوورەشدا هاتووە (إنّ الالتزام بهذا الدستور يحفظُ للعراق اتحاده) ناڵێ (وحدته) ئەڵێ (إتحاده)، یەعنی پێکەوەژیانێکی ئارەزومەندانە. ئێمە وامان دەزانی دوایی (٢٠٠٣) دەرفەتێکی تازەیە بۆ هەموو خەڵکی عێراق کە عێراقێکی تازە دروستکەینەوە. وە خەڵکی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیان بینی. ئێمە وامانزانی وێران کردنی (٤٥٠٠) گوند، بزرکردنی (١٢) هەزار گەنجی فەیلی، (٨) هەزار بارزانی، (١٨٢) هەزار ئەوانەی ئەنفال کران، لە ساڵی (١٩٨٨)، کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرتاسەری کوردستان، ئێمە وامان زانی ئەم هەموو کارەساتە بە سەری گەلی کوردستان هاتوون، ویژدانی جیهانی هەژاندووە و بەغدای تازەش ئەم کارەساتە قەرەبوودەکاتەوە بۆ گەلی کوردستان. بەڵام بەداخەوە، هەر پاش ماوەیەکی زۆر کورت، بۆمان دەرکەوت کە زۆرێك لەوانەی دەستهەڵاتدارن ئیمڕۆ لە بەغدا، نەك هەموویان، بەڵام زۆریان، تەنها دەمووچاویان گۆڕاوە، ئەگینا هەڵگری هەمان عەقلیەتی ئەنفال و کومەڵکوژیەکانن. لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٥ دوایی ئەوەی کە دەستوورێك نووسرایەوە، بۆ هەموو عێراق بە ڕەغمی هەموو کەموکوڕیەکانەوە، بەڵام گەلی کوردستان ئەو دەستوورەی ڕزگار کرد لە دەنگدان، ئێمە پێی ڕازی بووین. بەڵام بەغدا ئیلتیزامی پێ نەکرد. شەراکەت نەما، دەستوور نەما، ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ نەکرا. دەبوایە چەك و بودجەی پێشمەرگە بێ، بە پێی دەستوور، بەڵام یەك فیشەکیان بۆ پێشمەرگە نەنارد. بڕینی بودجە کە ئەویش بە شێوەی خۆی ئەنفالێکیتربو بەسەر گەلی کورستانیاندا هینا، بڕیار بوو دەوڵەتێکی مەدەنی، فیدڕاڵی، دیموکراتی دروست بکرێ. بەڵام پرسیار

لە هەموو کەسێك دەکەم، تخوا ئایا ئیمڕو دەوڵەتێکی مەدەنی و فدراڵی و دیموکراتی لە عیراق حاکمە؟ یا دەوڵەتێکی مەزهەبی؟ تا ئیمڕوش لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانی قارەمان لەو پەری ناخوشی و سەختی دابوون لە شەڕێکی سەختدا بوون دژی تیرۆرستانی داعش، ئەگەر بارێك فیشەك هاتبا بۆ پێشمەرگە، دەبوایە بچێت بۆ بەغدا، لەوێ تەفتیشی بکەن، ئەگەر بەغدا ڕازی نەبووبا فیشەکیش نەدەهات بۆ پێشمەرگە، ئەوە بوو حالی ئێمە بەدەست بەغدا. کاتی باسی ڕیفراندۆم کرا، نەك لە ڕۆژی ٦/٧ ئەو بڕیارە درا، پێشتر زۆر باسکرا لەگەڵ هەموو لایەنەکان، پێمان گوتن بە جددی وەریبگرن ئەمە مەسەلەیەکی جددییە، ئێمە بێ تاقەت بووین، ماندیبووین، ناتوانین بەردەوام بین بەم شێوە پەیوەندیە لەگەڵ بەغدا. بەڵام بەهەند وەریان نەگرت، زۆرڕێکیان وایان تەسەور دەکرد، وایان دەزانی ئەمە کارتی فشارە، یان هەندێ جار دەیانگوت ئەمە بۆ دەرباز بوونە لە قەیرانی ناوخۆ. کاتی لە ڕۆژی ٦/٧ ئەو بڕیارە درا، کە بڕیارێکی بوێر و نیشتمان پەروەرانە بوو، وە من جارێکی تر دەستخۆشی لە هەموو ئەو حزب و لایەنانە دەکەم کە ئەو بڕیارەیاندا. ئینجا هەموو لایەنەکانی دەرەوە هەندێک وە لە بەغداش هەندێك پێیان وابوو کە لەناو خۆماندا دووبەرەکی دروست دەبێت، هەر خۆبەخۆ ناهێڵین ئەم پرۆسەیە سەربگری، بۆیە دیسان جارێکی تریش بە هەندیان وەرنەگرت و ئیهتمامیان پێ نەدا. ڕۆژی کە بڕیارەکە درا، ئەم لایەنانەی کە ئێستا گلەییمان لێدەکەن و هەندێك تەهدیدمان دەکەن، نەهاتن بپرسن بڵێن ئەرێ بۆ ئەمەتان کرد؟ ئەرێ ڕێگە چارەیەکی تر هەیە؟ بەڵام کەوتنە تەهدید و وە داوایی نەهێشتنی ریفراندۆم، ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەکان و هەمووی دەرچووە کەوتووتە دەستی ئێوە.

پێشان هەڵوێستی نێودەوڵەتی زۆر نەرم بوو، زۆر سەیرە لای من کە ئێستا، تا ئێستا کەس ناڵێن ئێمە دژی ڕیفڕاندۆمین، ئەڵێن کاتەکەی موناسب نیە، بەڵام بە ڕاستی ئێمە نازانین ئەو ڕۆژەی کە موناسبە، ڕۆژی بەختی کوردستان کەیە؟ ئەمە سەد ساڵە ئەو ڕۆژە نەهات. بەغداش تەشجیع بوو بەو هەڵوێستەی دەرەوە، ئەگینا پار ساڵ وەکو ئەم ڕۆژانە ئێمە چووین بۆ بەغدا، لەگەڵ وەفدی گەورە، هەڵوێستی هەموو لایەنەکانی سیاسی لە بەغدا زۆر نەرم بوو، ئێستاش بۆتە قەزیەجەماوەر، لە دەست ئەشخاس و ئەحزاب دەرچووە. داوای تەئجیلکردنی ڕیفراندۆم لە ئێمە دەکرێ، شەو و ڕۆژ فشار بەردەوامە، وە ئەلێن ڕیفڕاندۆم تەئجیلکەن، پاشان گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ بەغدا دەستپێبکەن، ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ئەزمونێکی شکست خواردوو، ئێمەش دەڵێین ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆیەکی زۆر جیددی بە دڵێکی ساف بە مێشکێکی کراوە، بەڵام دوایی ٢٥ ئەیلول. تازە زۆر درەنگە، کات بۆ ئەو جۆرە قسانە نەماوە، سەرەڕایی هەموو ئەو هەوڵانەش، من دەمەوێ لێرە یەك شت بە خوایی خۆم بڵێم، بە ئێوەش بڵێم (من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری مللەتی خۆم بکەم). کە

ئێستا حساب بۆ خواستی گەلەکەمان نەکەن، کە زۆر زۆر  بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە، تەنها داوایی ئەوە دەکات ڕێگەم بدەن دەنگی خۆم  بدەم، چیم دەوێت؟ هەتا ئەوەش پێمان ڕەوا نابینن، چەندی بیری لێدەکەمەوە بۆ قبوولی ناکەن؟ والله تەنها ئەوەیە بە ڕەئی من دەیانەوێت ئیرادە و کەرامەتی ئێمە بشکێنن، ئەگینا هیچ شتێکی تر نیە، ئایا چ گوناحی تێدایە میللەتێك بڵێ من دەمەوێ ڕێگەم بدەن سەربەخۆبم؟ نابێ ئەمەش بڵێین. پاشان ڕیفڕاندۆم  بۆ دەستنیشانکردنی سنور نیە، بۆ فەرزی ئەمری واقع نیە، هەنگاوی یەکەمە گەلێك ئەڵێ من دەمەوێ سەربەخۆبم. خواستی ئێمە داوایی ئێمە ئەوەیە لە بەغدا وە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دوایی ٢٥ ئەیلول وەرن با گفتوگۆیەکی جیددی بکەین لەسەر  سنوور، لەسەر ناوچەکان، لەسەر نەوت، لەسەر غاز، لەسەر ئاو، لەسەر هەموو شتێك. بەڵام  پێمان بڵێن ئێستا و لە ئایندەش هەموو داواکاریەکی ئێوە قبول نیە، پێمان بڵێن بگەڕێنەوە بۆ خەتی سەوز، بۆ معلوماتی ئێوە خەتی سەوز خەتی تەماسی کۆنە بەینی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە زەمانی صدام. یەعنی بگەڕێنەوە بۆ نزیکی قوشتەپە هەرکات بیانەوێت بە توپخانە لە هەولێر بدەن، نە ڕیفڕاندۆم سنووری هەرێم دەستنیشان دەکات نە قابیلی قبوڵە ڕۆژێك لە ڕۆژانیش بۆ یەك دەقیقەش ئێمە مناقشەی سنووری کوردستان لەگەڵ هیچ لایەنێك بکەین لەسەر خەتی سەوز کە خویان پێیدەڵێن. ئێمە ئامادەین وە بە جددی بەردەوام دەبین  لە هاوکاری تەواو لەگەڵ سوپای عێراق، لەگەڵ هاوپەیمانان  لە دژی تیرۆرستانی داعش.  وە لێرەدا من سوپاسی هاوپەیمانانیش دەکەم، لەکاتی شەڕی ئێمە لەگەڵ داعش یارمەتی ئێمەیان داوە.

بەڕێزان، موعانات و کارەساتی گەلی ئێمە چیرۆکێکی زۆر قووڵە، لەوەتەی دەوڵەتی تازەی عێراق دامەزراوە، ئێمە هەر ئەڵێین براین، با برا بین، با شەریك بین، لە کوێی دونیا دیوتانە مللەتێك( ١٨٢) هەزار کە بەشی هەرە زۆری ژن و منداڵن بێ سەر و شوێن کران، گەنجەکانیان، گەنجەکانی فەیلی و بارزانیەکان بردیانن بۆ عەکاشات و قایم تەجروبەی چەکی کیمیاوی لەسەریان کراوە، لە کوێی دونیا هەیە دەوڵەتێك مللەتی خۆی بە ژەهری کیمیایی ئیبادە کردبی، ئینجاش بچینەوە و پێیان بڵێین ئێمە برایی یەکین دەستی برایەتیتان بۆ درێژدەکەین، پێمان بڵێن ملتان بشکێنن بڕۆنەوە ئێوە نانی ئێمە دەخۆن. هەر لەم شەڕە، لە شەڕی داعش تا ئیمڕۆ (١٧٨٩) قارەمان شەهید بوون (١٠ هەزار ١٩٩) قارەمان بریندار بوون زۆریان وایان لێهاتووە کە ژیانیان لێتاڵ بووە ناتوانن بژین هەندێك پەکیان کەوتووە وەکو شەهید وان، زۆرێك لەو دۆستانەی دەرەوە کە دەهاتنە لامان نیو سعات هەر مەدح و سەنای پێشمەرگەیان دەکرد، پێشمەرگە وا قارەمانە و پێشمەرگە وایە، وە بە حەقیقەتیش وایە، ئەوەی پێشمەرگە کردی من تەحەددا دەکەم  سوپایەکی تر لە هەموو جیهان بەو چەکەی پێشمەرگە ئەو دوژمنە بشکێنێ. کوا دەبابەی بە ئێمەیانداوە؟ کوا مدەرەعەی بە

ئێمەیانداوە؟ کوا تۆپی گەورەی بە ئێمە داوە؟ ئەوەی هەمان بوو ئەوە بووە کە لە جەیشی صدام دەست کەوتبووە، ئەویش هەمووی کۆنە و بێ کەڵکە، بەڵام پێشمەرگە بەکاری هینا و ئوستورەی داعشی تێکشکاند. ئێمە مللەتێکی بەوەفاین، لێرەدا جارێکیتر ئەڵێم سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین بۆ ئەو دەعمەی کە بۆ ئێمەیان کرد، بەڵام ئێمە خوێنماندا، ئێمە خوێنماندا، بەڵێ مەدحی پێشمەرگەیان دەکرد زۆر، بەڵام ئیستا قبوڵ ناکەن دایك و کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش، شەهیدانی ئەنفال، پاشماوەی ئەنفال، کیمیابارن، فەیلیەکان، بارزانیەکان، هەموو خەڵکی کوردستان، قبوڵ ناکەن بێن تەنها ئەوەندە بڵێن بەڵێ ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆبین. لێیانگەڕێن، با ڕەئیی خۆیان دەربڕن، پاشان ئەنفالێکی ترمان بکەنەوە.

من لێرەدا بە پێویستی ئەزانم چاوپێکەوتنێکی خۆم لەگەڵ سەرۆك بۆش بۆتان باس بکەم، ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆکی ئەمریکا جورج بۆش، هات بۆ (قاعدة الأسد) لەسەر حدودی سوریا و ئوردن لە پارێزگای ڕومادی، داوایان کرد منیش چووم بۆ ئەوەێ، هەموو قیادەی عێراقیش هاتبوون. زۆر قسەی کرد پاشان ڕووی لە من کرد گوتی: ئێمەی خەڵکی تکساس و ئێوەی خەڵکی کوردستان زۆر وەکو یەکین هەردووکمان ئازاین، نەوتمان هەیە، ئالای خۆمان هەیە، مەردین، بەڵام هەردووکیشمان عاقڵین، ئێمە بینیمان ئەگەر لەگەڵ واشنتن بین، بەهێز تر دەبین، ئێوەش بینیتان لەگەڵ بەغدا بن بەهێزتر دەبن. پێم گوت جەنابی سەرۆك، والله ئەوەی بەغدا بە سەری ئێمەی هێناوە، واشنتون بەسەری ئێوەی تکساس هێنابا، بە حەیاتت نەدەچوویەوە واشنتن. بەڵێ ئێمە چووینەوە بەغدا، بەڵام ئێستا فەرهەنگێکیان دروستکردووە، کە نزیکی هەڵبژاردن دەبن، کامەیان زیاتر جنێو بە کوردستان بدا، تەهدید بکات، نکۆڵی لە مافی خەڵکی کوردستان بکات، دەنگی زیاتر دێنێ. دەوەرە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی وا پێکەوە بژی. لە ٢٠٠٣ یەوە هەرچی بە ئێمەیان گوت گوتمان بەڵێ باشە، زۆر وعودیان بە ئێمە دا، هیچ وەعدێکیان بەجێ نەهێنا، هەمووشی بە زەرەری ئێمە تەواو بوو. ئێستاش چەند دوابکەوین ئێمە زەرەرمەندین. بۆیە هەرچی زووترە دەستی ئەو میللەتە خۆشبی، دەستی ئێوە خۆشبی، ڕۆژی ٢٥ مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاربکەن. ئەوەی لەگەڵ ئەمەبی، ئەمە سندوقەکان، ئەوەی بشترسی با نەچی، یان با بڵێیت نەخێر. لە بەیانی مجلس ئەمندا هاتووە کە نیگەرانن لەوەی کە تەرکیز لەسەر شەڕی داعش نامێنی، هەروەها ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە. من لێرە بە ناوی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە، بە ناوی گەلی کوردستانەوە بە مجلس ئەمن ئەڵێم: ئێمە تەئکید دەکەینەوە، ئێمە سورتر دەبین لە شەڕی دژی داعش وە زیاتر لە جارانیش شەری داعش دەکەین.

بەنسبەت ئاوارەكانیش ئەو ئاوارانەی كە لە كوردستانن، برای ئێمەن، میوانی ئێمەن، تەوسیەی من بۆ هەر هەمووتان وەك چاوی خوتان بیانپارێزن، ئیحترامیان بگرن. مشكیلەی ئاوارەكان لە كوردستان نیە، لە فەلوجە، لە تكریتە، لە بەغدایە، با لەوێ بگەڕێنەوە، ئەگینا ئێمە چ مشكیلەمان نیە. دراوسێیەكانمان براردەرینە، ئەمە ٢٥ ساڵە، ئایا بەس نیە بۆئەوەی بۆتان دەركەوێ كە ئێمە عاملی تهدید نین بۆ ئێوە، بۆ پێكەوە دانەنیشین و هەرچی گرفت و مەترسیی كە هەیە بەلاوەبنێین؟، بۆ بە زمانی تەهدید قسەمان لەگەڵ دەكەن؟. چ سودێكی هەیە؟ زۆرێك ئەپرسن، بەڵێ وەڵاهی تۆ داوای سەربەخۆیی بكەیت موجازفەی تیدایە، بەڵام وەڵاهی دانیشی و چاوەڕوان بی كا چ دەبی یا خەڵكی تر بریار لە چارەنووسی تۆ بدات. ئەو موجازفەیە مردنە، مەرگە، سەد جار خەتەرترە لەوەی تۆ موجازفەبكەی و بڕیاری خۆت نەدەیت. سیستمی ئایندەمان سیستمی ئێمە بە شێوەیەك دەبێ كە ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی كوردستان دەوڵەمەندتر بكرێت، دەوڵەتی هەموو پێكهاتەكان دەبی، هی هەموو نەتەوە و ئاینەكان و مەزهەبەكان دەبی، دەوڵەتێكی فیدراڵی دیموكراتی پەرلەمانی دەبی كە مافی هەموو لایەنەكان زامنبێ.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمانەكان بكەم. پێشمەرگە قارەمانەكان، ئەوانەی شەهید بوون، ئەوانەی بریندار بوون، یا ئەوانەی ئیمڕۆ لە سەنگەرەكانی پێشەوە دەستیان لەسەر كلیلی تفەنگە، بۆ ئەوەی ئێمە هەموو بۆنەكان بە ئازادی پێكەوە كۆبینەوە، من دلنیام هەر ئەو قارەمانانە چۆن لە ٦١ وە تا ئیمڕۆ نەیانهێشت كوردستان بكەوێتە دەستی دوژمنان، ئەگەر بۆ ماوەیەكیش كەوتبێتە دەست دوژمنان، بەڵام قەت نەیانهێشتووە دوژمن ئیسراحەت لە كوردستاندا بكات، من دڵنیام ئیمڕۆ وە لە ئایندەش پێشمەرگە قارەمانەكان ناهێڵن كوردستان بكەویتەوە دەستی دوژمنان. قارەمانێتی پێشمەرگەكان خۆڕاگریی ئێوە جەماوەری كوردستان لە هەموو هێزێك بە هێزترە.

بۆ سەربەخۆیی كوردستان ئەبێ ئامادەبین بۆ هەموو باجێك، چونكە ئێمە لەبەردەم دووڕیانێكین یان ژیانی بن دەستی هەڵدەبژێرین یان ژیانی سەربەستی و سەربەخۆیی. باجی ژیانی بن دەستی لە دەستدانی ئیرادە و كەرامەتە، بەڵام ئەژی، باجی سەربەخۆیی، سەربەستی و سەرفیرازی و شەرەفە، بەڵام مومكینە بمرین. لەم ڕۆژانەی ئەخیر حەتمەن ئێوەش زۆر گوێتان لە تەهدیداتی جۆرا و جۆر بووە، تەهدید دەكرێ بەوەی سزامان ئەدەن، وەڵامی من ئەمەیە، ئەمە ١٠٠ ساڵە گەلی كوردستان سزا ئەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ تێر نەبوون لە سزادانی خەڵكی كوردستان؟ ئەگەر پێتان خۆشە دیسان بگەڕێنەوە بۆ سزادان واز لە خەڵكی كوردستان بینن، وەرن من سزابدەن.

من سوپاسی هەموو  حزب و لایەنەکان ئەکەم، هەموو پێکهاتەکان ئەکەم، بۆ ئەو جۆش و خرۆشەی کە من دەیبینم بۆ ئەو هەڵوێستە نیشتمان پەروەرانەی کە من دەیبینم . سوپاسی ئێوە جەماوەری خۆراگر، بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمتان کرد، ئەمە ڕیفراندووەمە. لە کۆتایدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی  شەهیدان بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان، بۆ ئێوەی خوشەویست و هەموو جەماوەری کوردستان هەربژین هەر ساغبن، جارێکی تریش ئەڵێم: شەرەفمەندین  هەولێر هەر هەولێرە.

**پاشکۆی ژمارە(٣)**

**دەقی گوتاری نێچیروان بارزانی لە کۆنفراسی ( بەرەو گوتاری ئاینیی هاوسەنگ لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی) ی وەزارەتی ئەوقاف لە ٩ی / تشرینی دوەم/ ٢٠١٦**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.

بەیانیتان باش ماموستایانی بەڕێز، وەزیرەکان، کونسوڵگەرییەکانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، هەمو لایەکتان بەخێربێن بە سەرچاو...

زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا بەشدارم لە کۆنفراسی ( بەرەو گوتاری ئاینی هاوسەنگ لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی). ئەوە کۆنفراسێکی گرنگە و لەکاتێکی گونجاودایە، دەستخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم کۆنفراسەکەتان بە بەرهەم و کارنامەیەکی گونجاو بۆ قۆناخی ئێستامان بگاتە ئەنجام و ئامانجەکانی.

بەڕیزان...

ئێمە ئێستا بە ئارامی لێرە کۆبووینەتەوە لە ئەنجامی زیاتر لە دوو ساڵ خۆڕاگری و قارەمانێتیی پێشمەرگە و هێزە ئەمنیەکانی کوردستان لە بەرامبەر مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستدا لە جیهان. پێشمەرگە ئازایەتییەکی زۆر گەورە دەنوێنێ بۆ پاراستنی کوردستان و تێکشکاندنەهێزی مەترسیداری داعش. ئەو ڕێکخراوە بە کارکردنی بە ناوی ئیسلامەوە زیان بە ناوبانگی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت، بەڵام پێشمەرگە بە ئەخلاقی بەرزی خۆی و بە تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و بە پاراستنی هەمو گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکە، بووەتە مایەی سەربەرزی هەمو گەلی کوردستان و ناوچەکە و جیهان.

دیمەنەکانی نوێژکردنی بەکۆمەڵی پێشمەرگە لە بەیانیەکاندا بەر لە هێرشکردنە سەر هێزە داگیرکەر و تیرۆریستەکانی داعش، دیمەنەکانی پێشمەرگە لە پاراستن و ڕزگارکردنی منداڵ و ژنانی گوندەکانی ژێردەسەڵاتی داعش، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە سەر بە چ ئایین و نەتەوەیەکن ئەوە نیشاندەدات کە پێشمەرگە خاوەن ئەخلاقێکی بەرزە، ئەو ئەخلاقەی کە بە درێژایی شۆڕشەکانی کورد پەیرەو کراوە. لێرەوە سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانمان و کەسوکاریان دەنێرین، بەراستی هەمومان قەرزداری قارەمانی و گیانفیدایی ئەو تێکۆشەر و خۆشەویستانەین، هەروەها لێروە سڵاو دەنێرین بۆ هێزەکانی عێراق، کە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانانندا درێژە بە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵ دەدەن.

مامۆستایانی بەڕێز..

چـاوەڕوانیی پێشـمەرگە و هەمـوو گەلـی کوردسـتان لە ئێـوەیە، بـۆ ئەوەی بە بیـری ڕوونـاک و مرۆڤدۆستانە، بەرەنگـاری بیـری تونـدڕەوی و تەکفیـر و تیـرۆر ببـنەوە و بەشـێوەیەکی چـالاک لە بنبڕکردنیدا بەشداربن. گەورە پیاوانی ئـایینیی ئێمە، هەمومانیـان فێری پێکەوەژیـان دەکـرد لەگەڵ ئـایینە جیاوازەکانـدا و هەموانیـان فێردەکـرد کە خەڵـک لە قسـە و ڕەفتاریـان سـەلامەت بـن، لەبەر ئەوەش بوونی بیری دژایەتیکردنی ئایینەکانی دیکە و تەکفیرکردن، بە هیچ شێوەیەک گونجـاو نییە لەگەڵ ئێمە و هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانەدا. لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئێوە، پاراستنی ناوبانـگ و پێشکەوتن و ئارامیی کۆمەڵگەی کوردستان، بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی ئێوەی بەڕێز. لێرەدا دەمەوێ بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە دووخاڵ باس بکەم، ئەوانیش بڵاوکردنەوەی بیری توندوتیژی و بە حیزبیکردن و بە سیاسیکردنە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە. زۆر گرنگە ئێوە بە جیددی لەسـەر ئەو دووخاڵە بوەستن و گفتوگۆی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگەی لێبگرن.

حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بە هەمـوو شـێوەیەک پابەنـدە بە بنەمـا مرۆڤایەتیەکـانی ئـایینی ئیسلامەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دژی ئەوەیە ئایینی ئیسلام و مینبەری مزگەوتەکان بکرێتە ئامراز و شوێنی بڵاوکردنەوەی بیری توندوتیژی و توندڕەوی. ئەرکی حکومەتی هەرێمـی کوردستانە ڕێـگە لە گەراداکوتـانی تونـدوتیژی بگرێت و لە ڕێـگەی پرۆگرامەکـانی پەروەردە و مـزگەوت و هەمـوو شـوێنە ئـایینی و زانسـتی و پەروەردەییەکـانەوە ڕەگەکـانی تونـدوتیژی لە ناوببـات و کولتـووری پێکەوژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەهێزتر بکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕابردووئەوەی کردوە و ئێستاش بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوە بەشداری و پشتیوانییەکی بەردەوامـی ئێوەی بەڕێزی پێویستە. هەروەها ئەرکی حکومەتە چاودێری هەموو شوێنەکان بکات، لەوانەش مزگەوتەکان، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕێـگە پێدراو نییە، هیچ حزبێـک خـۆی بکـاتە خـاوەن ئەو مینـبەرانە و بەنـاوی ئیسلامەوە بۆ بەرژەوەندی و ئەجێندای حیزبیـانەی خۆی بەکاریـان بهێنێت. ئەو مامۆسـتا ئایینیـانەی ئەوە دەکەن، کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو لێکترازانی ناوەخۆیی و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هاندەدەن و سیاسەت دەخەنە ناو ئایینەوە، ئەوش پێچەوانەی هەموو بنەمـا ئـایینی و یاسـاییەکانە و ئەرکـی دەزگـا پەیوەندیدارەکانە ڕێگەیان لێبگرن. نابێ هیچ مامۆستایەکی ئایینی و هیچ حزبێک ڕەوایی بداتە کاری حزبیی خۆی و دژایەتی حزبێکی دیکە بکات لەژێر ناوی پیرۆزی ئیسلامدا.

لە عێراقدا هانـدانی تـایفەیی و مەزهەبـی بـارودۆخی عێراقـی گەیانـدووەتە ئەوە ڕۆژگـارە خـراپەی ئێستا دەیبینین، نامانەوێ، ئەوە بەشێوەیەکی دیکە لە هەرێمی کوردستان دووبارە ببێتەوە. خەڵـک لە

مزگەوتەکاندا دەبێ بە پێی بنەما پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام هانبدرێن بۆ پاکی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان، نەک بۆ دووبەرەکی و کردنی خەڵک بە بەشێک لە ناکۆکیی سیاسیی حزبیەکان.

بەڕیزان..

داعش لەڕووی سەربازییەوە لە تێکشکانی بەردەوامدایە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو زەمینەیە نەهێڵدرێت کە داعشی دروستکرد، ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرنگە چونکە مووسڵ کە کرابووە پایتەختی داعش دەکەوێتە تەنیشت ئێمەوە هەروەها دڕندەیی هەرە گەورەی داعشیش لە کوردستان بوو، لە پێش هەمووشیانەوە ڕفاندن و بردنی خوشکان و دایکانی ئێزدی لە کوردانی ئێزدی، دەبێ لەسەر ئەو دڕندەییە بوەستن و لەڕووی ئایینییەوە دژبوونی لەگەڵ گشت بنەما ئایینییەکان بۆ هەموان زۆر بە تەواوەتی ڕوونبکەنەوە. لەبەرئەوەی هۆشیارکردنەوە ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ هەڵنەخەڵەتانی هیچ کەسێک بەگوفتار و ڕەفتاری دوور لە ئایین و دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکانی داعش و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی دیکە.

بەڕێزان

داعش شاری موسڵی کردە شوێنی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتەکەی و کردییە پایتەختی دەسەڵاتەکەی. ڕاستە ئێستا هێزەکانی عێراق لەهەموو لایەکەوە هێرش دەکەن بۆ ئەوەی لەژێردەستی داعش ڕزگاربێ و ئینشاڵلا بە پشتیوانی خوای گەورە لە ماوەیەکی کەم و بەکەمترین زیان ڕزگاری دەکەن، بەڵام هەڵوەستەکردن لەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش و گەشەکردن و مانەوەی بۆ زیاتر لە ٢٩ مانگ لە مووسڵ و شوێنی دیکە، مایەی لێکۆڵینەوە و ڕاوەستانە. تێکدانی پێکەوەژیانی ئایینی و مەزهەبی، دروستبوونی باڵادەستیی مەزهەبی و پشتگوێخستنی ئەوانی دیکە بەشێک بوون لە هۆکارە گرنگەکانی دروستبونی داعش و دەستگرتنی لە ماوەیەکی کەمدا بەسەر شوێن و چەکەکانی ٦ فیرقەی سوپای عێراقدا، پرسیاری گرنگ ئەوە، ئایا ئێستا پلان و سیاسەتێک هەیە بۆ نەهێشتنی هۆکارەکانی و زەمینەی سەرهەڵدانەوەی داعش؟ ئەوەی بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە جێگەی بایەخ بووە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و هاوپەیمانانـدا، دانانی پلان و ڕێککەوتنێک بووە، بۆنەهێشتنی ئەو زەمینەیە و دروستکردنی بارودۆخێکی گونجاو لەگەڵ ئارەزووەکانی خەڵکی ئەو ناوچەدا. بۆ ئەوەی داعش و هاوشێوەکانی جارێکی دیکە سەرهەڵنەدەنەوە. بەداخەوە تا ئێستا لەو ڕووەوە نەگەیشتووینەتە ئەنجام. سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان خاوەن ئامانجی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوباوەڕەدایە کە بەرژەوەندیی گەلی

کوردستان لەوەدایە دراوسێی ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر بێت، نەک لەگەڵ ناوچەیەک دراوسێ بێت کە پڕبێت لە ناکۆکیی ناوخۆیی و تایفی.

گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بە قوربانیدان و بەرگریی هێزی پێشمەرگە نیشانیانداوە کە گەلێکی دژی تیرۆرە و ئامادەیە بۆ ئەوپەڕی هاوکاریکردن لە پێناو دروستبوون و چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا، ئەمەش لە فیکر و مێژووی نەتەوەی کورددا لە پێکەوەژیان و هاوکاری لەگەڵ گەلانی دیکەدا سەرچاوە دەگرێت.

مامۆستایانی ئایینی بەڕێز..

کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوی قاعیدە و دوای ئەویش داعش، نیشانیادا کە ئەو ڕێکخراوانە تەنیا مەترسی نین، لەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئەو ڕێکخراوانەیان تێدا دروست دەبن. بەڵکو مەترسین، بۆ سەر هەموو جیهان. لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا ڕێککەوتنێکی سیاسیی نیە لە عێراق، بۆ عێراقی دوای داعش، هەروەها ڕێککەوتنێکی سیاسیی جیهانیش نییە بۆ ڕککەوتن لەسەر فۆرمەڵەیەکی تازە بۆ ناوچەکە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی دیکەی لەو شێوەیە بگیرێ. ڕۆڵی ئێوەی مامۆستایان و زانایانی ئایینی زۆر گرنگە، لە دروستکردنی گفتوگۆیەکی زانستیی ئایینی بۆ وشککردنی سەرچاوەکانی توندڕەوی و هاندانی سیاسییەکان بۆ دانیشتن و ڕێککەوتن لەسەر پلانی تازەی بەڕێوەبردن بۆ ناوچەکە. بۆ ئەو مەبەستەش زۆر گرنگە پەیوەندیتان لەگەڵ زانایانی پێشکەوتنخوای وڵاتانی ئیسلامی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی جیهان هەبێت، بۆ مشتومالکردنی بۆچوونێکی فراوان لە پێناو دانانی پلانێکی فراوان بۆ نەهێشتنی توندڕەوی و دروستکردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

گەل و پێشمەرگە و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆلی پێشەنگیان هەبوو، لە ڕاگرتنی هێرش و تێکشکاندنی هێزی داعش لەسەر زەوی بە یارمەتیی هاوپەیمانان و وڵاتانی یارمەتیدەر. لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و ناوچەکەش دایە، ئێوەش بەشداریەکی چالاکتان هەبێت لەگەڵ زانایان و لێکۆڵەرانی جیهاندا بۆ دروستکردنی کارنامە و ستراتیژیەتێکی جیهانی بۆ نەهێشتنی توندڕەوی لە ناوچەکە و جیهاندا.

بەڕێزان..

توندوتیژی سەرچاوەگرتوو لە ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان لەو ساڵانەی دوایدا، سەدان هەزار کوژراو و ملیۆنان ئاوەرە و ماڵوێرانی لێکەوتووەتەوە. ئەوەی بەچاوی خۆمان دەیبینین، دەبێ

هانمانبدات کە زیاتر کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان لەناوخۆماندا پەرەپێبدەین. لەبەرئەوەش دەبێ بەدوای هەموو خاڵ و دیاردەکانی توندوتیژیدا بگەڕێین، لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا، دەبێ زۆر بە جورئەتیشەوە دەستنیشانیان بکەین. دەبێ، بەدوای نەهێشتنی توندوتیژییەکانەوە بین لە گوتارە ئایینیەکاندا، لەپرۆگرامی خوێندندا، لە کولتووری خۆمان و ژیانی ڕۆژانەماندا. کولتووری پێکەوەژیانمان پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگای ئێمە دەستەبەر دەکات، هیچ کۆمەڵگەیەکی توندوتیژ لە نێوخۆیدا بە ئارامی نەژیاوە و پێشنەکەوتووە. لە هەمانکاتدا پێکەوەژیان و لێبوردەیی نێوخۆیی، پشتیوانیی نێودەوڵەتیشمان بۆ مسۆگەر دەکات. هەموومان لە بیرمانە، ئەوشەوەی بەڕێز باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا، دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانیەکانی بۆ پاراستنی هەولێر و گەلی کوردستان ڕاگەیاند، چۆن ئەوەی زەقکردەوە کە گەلی کوردستان بە کولتووری بەهێزی پێکەوەژیان، ژیانێکی نموونەییان لە ناوچەکەدا دروستکردوە و دەبێ بپارێزرێن.

ئامادەبوانی بەڕێز..

پێش ٤٦ ساڵ کاتێک یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان، بە دەستپێشخەریی مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی شۆڕشی کوردستان و بەشداری کاریگەری مامۆستا دیارەکانی ئەوکاتی هەموو ناوچەکانی کوردستان دامەزرا، چۆن یەکێتی زانایان بووە هۆکارێکی یەکێتییەکی تەواو لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئێستاش پێویستە بە هەمان گیانی یەکگرتوویەوە پێکەوە کاربکەین. لەسەر بنەما سەرەکیەکانی پێکەوەژیان و یەکگرتوویی، لە پێناو گوتارێکی یەکگرتووی دوور لە توندوتیژی ئایینی و مرۆڤدۆستانە و ئاشتیانە بۆ سەقامگیریی کۆمەلایەتی لەکوردستاندا.

هەر سەرکەوتووبن و چاوەڕێی ئەنجامە باشەکانی کۆنفراسەکەتان دەکەین و سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبوونتان. بەخێر بێن بەسەرچاو

**پاشکۆی ژمارە (٤)**

**دەقی گوتار علی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە دیداری میری ٢٠١٥/١١/٥**

بسم الله الرحمن الرحیم

وەڵا من سەرتا زۆر سوپاسی ئینستیوتی رۆژهەڵاتی نێوەراست بۆ لێکۆڵینەوە و برای زۆر بەرێز و خۆشەویستمان دکتۆر دلاوەر علاءالدین دەکەم، بۆ سازکردنی ئەم کۆبونەوەیە کە ساڵانە دەیکا. بە حەقیقەت جێی پێزانین و دەستخۆشیە. من زۆر سوپاسی دەکەم. کەمن، ئەوانەی کە دەیانەوێ مشوربخۆن لە چارەسەری کێشەکان... بەبێلایەنانە و بابەتیانە کە پێموایە کاک دکتۆر یەکێکە لەوانە.

بەڕیزان..

ئێمە لە هەڵومەرجێکدایین، کە تا بڵێی هەستیارە و دژوارە. چ بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نێوخۆییمان، وە چ بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دەرەوەی خۆمان. چ لەسەر ئاستی ناوچەکە، وە چ لەسەر ئاستی دونیاش. بۆیە بەڕاستی ... جێی خۆیەتی هەمولایەک زۆر حیساب بۆ قسەمان بکەین. وە بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا مامەڵە بکەین. وە منیش وام بڕیارداوە، بە ڕاستی، ماوەیەکە من بە حەقیقەت لە ڕاگەیاندندا قسەم نەبوە. لەبەر ئەوەی کە بارودۆخەکەم بە گونجاو نەزانیوە، گوتومە بە هەر بارێکدا قسە بکرێ، ڕەنگە... باش نیشانە نەپێکێ. بەڵام کە برای بەڕێزمان دکتۆر دلاوەر بانگهێشتی کردین، بۆ ئەمە کە ئەم پانێڵە تایبەتە بەوەی کە قەیرانی دەرەکی و نێوخۆیی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستمان بەرامبەری و چۆن چارەسەری بکەین؟ حەقیقەت پێمخۆشبو. وە بەتایبەتیش کە هەر پێنج لایەنە سەرەکیەکە نوێنەریان لێرە هەن. کە وەکو کاک دکتۆر گوتی، ئومێدم وایە بگەینە نەخشە ڕێگایەک و بەرچاوڕونیەکی باش ، بۆ ئەوەی کە بۆ داهاتومان هەنگاو بنێین.

من لە سێ تەوەرە دا قسە دەکەم:

بۆ یەکەم: ئاوڕێک لە ڕابردو دەدەمەوە، نەک بەو واتایەی کە کای کۆن بەبابکەم، وە برینان بکولێنمەوە. بەڵکو دەبێ تەماشایەکی ڕابردومان بکەین، کە بۆ ئەوەی هاندەرمانبێ، بۆ ئێستامان و بۆ داهاتومان. ئێمە، ئەم هەرێمی کوردستانە کە بۆ چارەگە سەدەیەک دەچێ، لەسەر پێی خۆی وەستاوە... بەئاسانی بۆمان بەرهەم نەهاتوە. ئەوە هیچ کە بەرهەمی خەباتێکی دورودرێژ و درێژخایەنی خەڵکی باشوری کوردستانە، کە پێموایە ئەو خوێن و خەباتەی خەڵکی باشوری

کوردستان خەرجیکردوە، زۆر بەزیادەوە بەشی دەوڵەتێکی کوردیشی دەکرد، نەک بەشی هەرێمێک. کەواتە؛ خەرجیەکی زۆری تێچوە ئەم هەرێمە، تا گەیشتوتە ئێستا.

وە پاشان: ئێمە ئەگەر بمانەوێ و ئیرادەمان هەبێ، میللەتێکی دەستەوپاچە و بێ ئیرادە نین. وە عەقلیشمان باش ئیشدەکا، دەتوانین خۆمان لە قەیران و کێشەکان دەربازکەین. ئێمە لە ڕابردودا، ئەگەر تەماشای ڕابردوکەین، کۆمەڵێک دەسکەوتی وامان دێنە بەرچاو کە جێی شانازیمانن. یەکەمیان: ئەوەیە ئەم قەوارە سیاسییەمان لە مێژوی هاوچەرخی کورددا، بێ وێنەیە کە قەوارەیەکی سیاسیی کوردی بیستوپێنج ساڵ، چارەگە سەدەیەک، لەسەر پێی خۆی بوەستێ. ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە.

وە پاشان: ئێمە کاتی خۆی کێشە و ناکۆکی و دوبەرەکیمان بو، بەڵام توانیمان بەسەریاندا زاڵبین. هەڵبەتە بەهاوکاریی دڵسوزان و دۆستانیش، توانیمان، ئێمە ئەو برینانە قەتماغە بکەین. وە چاوپۆشی لەڕابردو بکەین و لاپەڕەی سپی لەگەڵ یەک هەڵدەینەوە.

وە پاشان: ئێمە توانیمان کە چەند دامەزراوەیەک دروستکەین. بەڵێ، کرچوکاڵی و ساواییان پێوەدیارە، بەڵام توانیمان کە پەرلەمانێکمان هەبێ، حکومەتێکمان هەبێ، پەرلەمانێک بە چەند خولەوە، حکومەت بە چەند کابینەوە. پاشان: دەسەڵاتی دادوەری، سەرۆکایەتی هەرێم... وە دوایی ئێمە متمانەیەکی باشی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیمان بۆ خۆمان و بۆ هەرێمەکەمان بەدەستهێناوە. شتێکی کەم نیە!

پاشان: ئێمە سەقامگیریی سیاسیمان توانیوە کە بەرقەراریکەین ... وە گەشەیەکی ئابوری و ئاوەدانیی باش لە هەرێمی کوردستان ڕویداوە، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی عێراقدا... وە دوایش ئێمە توانیمان کە بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەین. هەڵبەتە بە هاوکاریی کەسانێکیش کە پشتگیرییان لێکردین، هێزە نێودەوڵەتیەکان، لە بەرامبەر شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعشدا. کەواتە؛ ئێمە کاتێک ئاوڕ لە ڕابردو دەدەینەوە، هێندە خاڵی گەش و گەشبینانە دەبینین کە هاندەرمانبن، بۆ ئەوەی ئێستاش بەسەر گرفت و کێشەکانماندا زاڵبین. ئەوە تەوەری یەکەم.

تەوەری دوەم: بەڕێزان، ئێمە قەیرانی ئێستامان، هەڵبەتە دەبێ بە ڕونی قسە بکەین و پەنجە لەسەر شتەکان دابنێین. قەیرانی ئێستامان، دەرهاوێشتەی کەموکوڕیەکانی ڕابردومانە. کە ئەگەر تەحدیدی بکەین، دەبێ بڵێین کرچوکاڵی دامەزراوەکان. ئێمە پەرلەمانمان هەبوە، بەڵام نەمانهێشتوە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە و شوێنی بڕیار و یاسا بێ. وە چاودێرێکی بێمنەت بێ بەسەر حکومەت و کارەکانی حکومەتەوە. حکومەتمان هەبو، بەڵام نەمانهێشتوە، لایەنە سیاسیەکان نەمانهێشتوە کە

حکومەتەکەمــان حکــومەتێکی دەســتکراوە بێــت و حکــومەتی هەمــو لایەک بێــت و وە دادگەری بچەسپێنێ و قۆرخکاری تێدا نەبێ. وەپاشان، دەسەڵاتی دادوەری بۆخۆتان دەبینن لە چ وەزعێکدایە زۆر شــت دەکــرێ و دەگــوزەرێ و دەســەڵاتی دادوەری هــیچ کــارا نــیە، لەبەر ئەوەی خۆمــان نەمانهێشتو. لەگەڵ رێزم بۆ دادوەرە بەڕێزەکان. وە پاشان ناتەبایی سیاسی، بەڵێ سەقامگیریی سیاسیمان هەبوە، بەڵام پێموایە ریشەدار و قوڵ نەبوە. هەر زیاتر موادارمان لەگەڵ یەکدیدا کردوە و شتەکانمان بە پینە و پەڕۆ چاککردوە... بۆیە نەمانتوانیوە بریارێکی کۆنکرێتی بدەین کە دەبێ پاراستنی هێمنیی کۆمەڵایەتی، ئاشتیی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەوە خەتی سوربێ، هیچ کەس تەجاوزی نەکا. کێشە و ململانێی سیاسی قاڵبێکی ئەمنی و سەربازیی بەخۆوە نەگرێ. نەمانهێشتوە، نەمانتوانیوە، تا ئێستا ئەوە بکەین.

بێمە سەر تەوەری سێیەم و چارەسەر:

من پێموایە چارەسەری... ئەڵبەتە من هەر قسە لەسەر قەیرانە نێوخۆکان دەکەم، چونکە قەیرانی دەرەکیمان زۆرن. ئەوە شەڕی داعش و ئەوە کێشەی نەوت و لەگەڵ بەغدا... گەلێک گرفت و کێشەمان هەن. بەڵام من پێموایە گەر بۆخۆمان هەبین، لە نێوخۆدا. وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ( يا أيها الذين آمنوا عليكم أنفسكم لا يضركم من ضل إذا اهتديتم). ئاگاتان لە خۆتان بێ وریای خۆتان بن، ئەگەر خۆتان رێگەی راست بگرن، ئەوەی کە گومرایە یاخود ناحەزتانە، زیانتان پێ ناگەیەنێ. ئێمە هەمیشە، زۆر جار گوتومە. هەمیشە لە درزی ریزەکانی خۆمانەوە، دوژمن و ناحەزانمان زەفەریان پێ بردوین. وە بە پێی مەنتیقی قورئانیش دەبێ هەمیشە گلەیی لە خۆمان بکەین، بەر لەوەی کە روی رەخنە لە خەلکی دیکە بکەین. کە بە تەئکید ئەوەی ناحەزتە غەیری خراپە لێی چاوەڕێ ناکرێ.بەڵام خۆت دەبێ دڵسۆزی خوت بی. وە ئەگەر لە نێوخۆدا تەبا و رێک بین، بە تەئکید حەسانە و مەناعەی ئەوەمان دەبێ کە دوژمنان و ناحەزانیش زەفەرمان پێ نەبەن. جا من پێموایە چارەسەری ئەم قەیرانەی کە ئێستا هاتۆتە دی لە نێوخۆدا کە شڵەژانێکی باشی بۆ هەمولایەک هێناوەتە دی. وە بەراستی، من خەڵکی هاولاتی زۆر دەبینم، دێنە لامان، دەچین بۆ لایان. بە حەقیقەت دەبێ بەزەییمان بە خەڵکی خۆمان دابێتەوە. ئێمە هەژارەکانمان هەژارتربون، دەوڵەمەندەکانیشمان بەشێکی زۆریان هەژار کەوتون. پرۆژەکانمان راوەستاون، خەڵک بێ کار و کەسابەتە، گەنجەکان سەری خۆ هەڵدەگرن و دەڕۆن... زۆر، یەعنی، ئەگەر بێتو باسی ئێش و ژان و موعاناتەکان بکەین، زۆر زۆرن. ئەوانە دەبێ هاندەرمانبن، کە بە حەقیقەت، بە جیددی بیر لە چارەسەر بکەینەوە، وە نابێ لێیگەڕێین. گرفت و کێشە وەکو تۆپەڵە بەفر وایە کە

خلۆری دەکەیەوە، ئەگەر لێیبگەڕێی، ئەو تۆپەڵە بەفرە تا بڕوا گەورەتر دەبێ. کێشە دەبێ زو بەدەمیەوە بچی.

من پێموایە بەسێ قۆناغ ئێمە دەتوانین ئەم کێشەو قەیرانەی ئێستامان چارەسەر بکەین:

یەکەم: ئاساییکردنەوەی باروودۆخەکە، وەکو دکتۆر دلاوەریش باسیکرد. پێش هەمو شتێک ئاساییکردنەوە. وە بەڕاستی ئاساییکردنەوەی باروودۆخەکە، لە کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندنەوە دەستپێدەکا. زۆرم پێ ناخۆشە کە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکاندا، جا چ ئەوەی ڕاگەیاندنی حیزبیە، چ ئەوەی ڕاگەیاندنی لابەلای غەیرە حیزبیە کە بە زۆری دەردەکە لەوێوەیە. کە ئەوانە بە پارەی حەرام، گۆڤارە، سایتە، هەرچیی هەیە. بەپارە و موڵکی ئەم وڵاتە، کۆمەڵێک، ئێمە کەنالی ڕاگەیاندنمان هەیە. ئیشیان بریتیە لە ناوزڕاندنی خەڵک و تەشهیرکردنە بە خەڵک و سوکایەتیکردن بەڕەمزەکانی ئەم وڵاتە و بەرپرسانی ئەم وڵاتە. ڕەنگە ئەو... لایەنە کە پشتگیریی کەناڵێک دەکا، پشتگیریی دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکا، قسە بە بەرامبەرەکەی بڵێ. نەزانێ بۆ خۆشی پێی سوک دەبێ. دوایی خەڵک دەڵێ: جا خۆ ئەو بەرپرسەی تۆ هێندە قسەی پێ دەڵێی کە خاوەنی چل پەنجا ساڵ خەباتە، جا خۆ ئەگەر ئەو هێندە خراپ بێ، تۆش هەر وای. پێکەوە نەبون؟ ڕەفیق نەبون؟ بەڕاستی زۆر خراپە بۆ ئێمە دەستمانداوەتێ. ئەگەر بمانەوێ باروودۆخەکە ئاساییبکەینەوە، بەڕاستی، دەبێ ڕاگەیاندنەکان کۆنترۆڵکەین.

وە پاشان، پاش ئاساییکردنەوە، ئەمجا بە یاساییکردن. بێینەوە سەر قانون ویاسا و عورفی سیاسی و ئەوانەی کە خۆمان لە ماوەی بیستوپێنج ساڵی ڕابردودا، وڵاتی خۆمان پێوە بەڕێوەبردوە. ئەمجا دوایش بەوەندەش لێنەگەڕێین، ئەمجا دابنیشین لە جێیەکی ئارم و هێمندا. بۆ ئەوەی کە چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەکان دیاریبکەین.

بەڕیزان..

من پێنج بنەمای گرنگم بۆ چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی ئێستای هەرێم لەبەرچاو گرتوە، لەگەڵ پێنج هەنگاوی کردەیی. پێنج بنەمایەکان:

یەکەمیان: ئەوەیە کە با هەمومان کەموکوڕیەکانی خۆمان ببینین، وە دانیشیان پێ بێنین. لە حیکمەتدا هاتوە دەڵێ: (إذا احب الله عبدا أبصره بِعيوبِ نفسه). حەقیقەت هەتا عەیبی خۆمان نەبینین وە دانیشی پێدانەیێنین. بۆمان چاکناکرێ، (فهم السؤال نصف الجواب). با کەموکوڕیەکانی خۆمان ببینین، با هیچمان خۆمان پێوانەبێ لەسەرو ڕەخنەوەین. بەخوا، هەمومان کەموکوڕیمان هەیە. ئەی

ئەم واقعە کردەی دەستی ئێمە نیە؟ وەکو پەندە عەرەبیەکە دەڵێ: (يداك أوكتا و فوك نفخ). بەدەستی خۆت گرێتداوە و بەزاری خۆت فوت تێکردوە. کابرایەک تەماشای کرد، خەڵک دەپەڕێتەوە لە ڕوبار، گوتی جا چ مەجبورم من دینارێک دەدەم، بە کەڵەک دەپەڕمەوە. بۆ خۆم، چوپێک، مەشکەیەکی هێنا، فوی تێکرد بەزاری خۆی و بەدەستی خۆی بەستیی و خۆی دا سەرێ بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە. لە نێو قەدی ڕوباری، چوپ بو، مەشکە بو، هەرچیی هەبو، بایەکەی لێ دەرچو، یا پەلێکی تێڕاچو و کەوتە پەلەقاژەی مەرگ. مەلەی نەدەزانی، دەیگوت: دەربازمکەن. دەیانگوت:(يداك أوكتا و فوك نفخ). بەدەستی خۆت گرێتلێداوە و بەزاری خۆت فوت تێکردوە، چۆن خۆت دەرباز دەکەی، دەربازکە.

حەقیقەت ئێمە، ئەم واقعە نابێ هیچ کاممان شان لەبن بێنیتەدەر، بڵێ خەتای من نیە. کێ بەرپرسیارترە، کێ دەستڕۆیشتوترە، زیاتر بەرپرسیارە. کەواتە؛ با دان بە هەمو بە کەموکوڕیەکانی خۆمانا بێنین، جەریئانە دانیپێدابێنین (الإعتراف بالخطء فضيلة). ناکرێ ئێمە هەڵەمان نەبێت و ئەم واقعەشمان ئاوابێ، ناکرێ. حەتمەن ئەوە کەڵەکەبوی هەڵەکانی ئێمەیە ئەم واقعە.

دوەم: با چاودێریی خوا بەسەر خۆمانەوە بێنین. بەڕیزان ئێمە میللەتێکی موسوڵمانین، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ( ومن يتقى الله يجعل له مخرجا و من يتقى الله يجعل له من أمره يسرى). با جار جار بیر لە خوا و قیامەت و بیر لە مێژو بکەینەوە. ئێمە خۆ هەر خۆمان نین، ئێمە میللەتێکی موسڵمانی خاوەن کولتور و مێژوێکی موسوڵمانەتین، ئێمە لە ئیسلام و قورئان و سوننەتی خۆماندا، قییەم و بەهای زۆر گەورە و بەرزبەرزمان هەن. کە سودیان لێ دەبینین کە یەکێک لەوانە بریتیە لەوە کە وڵات بە دادگەری بەڕێوە دەچێ، وڵات بەدادگەری فەراح دەبێ، ناز و نیعمەتەکان زۆر دەبن. بە زوڵم ئینسان ماڵی خۆشی لێ وەتەنگ دێ. خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (وما كنا مهلكي القرى إلا و أهلها ظالمون). ئاوەدانیەکان لە بەین نابەین، مەگەر خەڵکەکەیان زاڵم بێ. ئێمە بە زوڵم وڵاتەکەمان لێ وەتەنگ دێ، بەدادگەری بۆ هەمو لایەکمان فەراح دەبێ، هەمو لایەک هەست بە ئاسودەیی دەکەین.

وە پاشان: دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەم وڵاتە پێویستی بە هەمومانە، کەسی لێ زیاد نیە، وە حەقیقەت هیچ کاممان بەتەنێ بەشێ ناکەین، بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە. ئەوەتا بە هەموشمانەوە نەمانتوانیوە وەکو پێویست وەڵامگۆی داخوازیەکانی خەلکەکەمان بین. چ جای لایەنێک، دو لایەن بەتەنێ بتوانن.

وە پاشان: ئێمە دەبێ بڕیارێکی کۆنکرێتیمان هەبێ، وەکو پێشتریش ئاماژەم پێ دا کە دەبێ ململانێ سیاسیەکانمان، نەیەڵین سەر بکێشن بۆ چارەسەری ئەمنی و بیرکردنەوەی سەربازی و زەخت و فشار لە یەکدی کردن و... ناگونجێ، ئێمە لە یەک وڵاتداین، ئێمە لە یەک کەشتیداین. ئەو کەشتیە لەهەر شوێنێکەوە کونی تێبێ، هەمومان غەرق دەبین. ئەوە بە نسبەت ئەو بنەمایانەی کە بە پێویستم زانی بیانخەمە ڕو.

من هێندێک هەنگاوی کردەیی بەخێرایی باس دەکەم:

یەکەم: گێڕانەوەی حورمەت و شکۆ بۆ هەرێمەکەمان، بۆ قەوارە سیاسیەکەمان. لەم ڕۆژانە بەرپرسێکی یەکێ لە وڵاتە ئەوروپیەکان هات بۆ لام. گوتی: پار ئەم کاتە شکۆی هەرێم، ئەم هەرێمەی ئێوە نەوعێکی دیکە بو، ئێستا بچوک بونەتەوە. گوتی: پێم عەجیبە من تەماشا دەکەم کورد زۆر ... کە دژایەتی یەکدی دەکەن زۆر خراپ دژایەتی یەکدی دەکەن ... خەتی سورتان نیە. گوتی: ئێوە وریا بن کە سومعە و هەیبەت و حورمەتێکی باشتان هەیە، لە دەستی مەدەن. بەڵام بەدەستی خۆتان لە دەستی ئەدەن. ئێستا بۆتان نیە گلەیی لە کەسی دیکە بکەن. قسەکانی جوان بون، دڵسۆزانە هاتە بەرچاوم.

بۆیە من پێمـوایە، پێویستە بەخێرایی ئەو زەرەرەی گەیانـدومانە بە هەرێمەکەمـان، بە قەوارە سیاسیەکەمان، قەرەبوی کەینەوە. ئەویش بەچی؟ ئەو بڕیارانەی کە داومانن، بە هۆی هەڵچون و کاردانەوە، حاڵەتی کاردانەوە، ئەو بڕیارانە هەمو لەغو بن. بێینەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆمان. بڕیار کاردانەوەکان بە لەغو دا بنێین.

دوو: پێکهێنانی دەستەیەکی باڵا کە لە هەر شوێنێک بنکە و بارەگای حیزبێک زیانی پێ گەیەنراوە ، بەهەر شێوەیەک لە زیانەکان. یاخود دامودەزگایەک، بنکەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن. دەستەیەکی باڵای حیزبەکان پێکبێ لەو دەڤەرە، بچن سەردانی بکەن. وە وەک بڵێی جۆرێک لە شکۆ و حورمەتی بۆ بگێڕنەوە.

وە پاشان: بەزوترین کات. ئەوە پێشنیاری منە، سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکان بگەڕێنەوە سەر کاری ئاسایی خۆیان ... کەسێک کە خۆی زیاتر بە بەرپرسیار دەزانێ بەرامبەر بەم وڵاتە، دەبێ دڵی گەورەتر بێ، دەبێ لێبوردنی زیاتر بێ، دەبێ ... عەفوی زیاتر بێ. لە حەقیقەتدا کێ زیاتری لە لا بێ، کێ زیاتری هەبێ، زیاتری لێ چاوەڕێ دەکرێ.

پاشان: دەستپێکردنەوەی کۆبونەوەکان. وە بەبێ بەبێ وەخراندن. کۆبونەوەکان دەست پێ بکەینەوە. بەڵام بە گیانی گەیشتنە ئەنجام، وە بە ڕوحی دابەزین بۆ یەکدی. بەوخوایە بەڕێزان، بۆ یەکدی دانەبەزین، دەبێ بۆ خەڵکی دیکە دابەزین. من زۆر جار گوتومە: لە ناوخۆماندا بەوەندە ئیکتیفا دەکەین سەلام لە یەکدی بکەین، غەیری خۆمان... دەڵێ دەبێ دەستیشم ماچکەی. جا من بۆ لەگەڵ براکەی خۆم دەستی نەگوشم، ئامادە نەبم بچم بۆ لای؟ بۆچی وەزعەکە واملێبکا ناچاربم، خەڵکی دیکە زۆر زیاترم لێ چاوەڕێ دەکا.

وە پاشان: دوای ئەوە کە بارودۆخەکان ئاوا ئاسایی دەکرێنەوە و یاسایی دەکرێنەوە. ئەمجا وەگەڕخستنی ئیرادەیەکی جیددی بۆ چاکسازیەکی ڕیشەیی. ئەم وڵاتە با بە دامەزراوە بکەین، ئەم وڵاتە با یاسای تێدا سەروەر بێ، ئەو وڵاتە با ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێدا وا سەقامگیر و کۆنکرێتی بێ، هیچ کەس بیر نەکاتەوە لەوەی کە خەدشەی لێبدا، زیانی پێ بگەیەنێ. وە ئەم وڵاتە با وا بێ کە خەڵک و میللەتەکەمان، ئەگەر بە بیرتان بێت، لەسەرتای نۆوەتەکان خۆ بارودۆخی ئابوری زۆر زۆر لە ئێستا خراپتر بو. بەڵام خەڵک بۆ سەبری لەگەڵ دەگرتین. تەماشای بەرپرسەکانی دەکردن، تەماشای وڵاتەکەی دەکرد، هەمومان ئاستمان لێک نزیک بو. بەڵام بەداخەوە، ئێستا لە ئەنجامی ئەوەدا کە سوئی ئیدارە و تەوزیع و گەندەڵی و قۆرخکاری هەیە. کابرا تەماشا دەکا خۆی زۆر مەحرومە، بەڵام بەرپرسان و کاربەدەستان بە جۆرێکی دیکە دەبینێ. هەڵبەتە ئەوانیش نەک هەمویان، بۆیە خۆی زۆر زۆر پێ مەغدورە. دەنا خۆ بارودۆخەکە هێندە خەراپ نیە، خەڵک سەری خۆی هەڵبگرێ. بۆیە پێویستە، بەڕاستی ئێمە دوای ئەوەی ئەم بارودۆخە ئاسایی دەکەینەوە، یاسایی دەکەینەوە. ئەمجا دابنیشین، بە جیددی بیر لە چارەسەر بکەینەوە. هیچ کەسیش چاوی لەوە نەبێ کە دەبێ هەر لایەنەکان بۆ لای بێن، دەبێ بەرامبەرەکەی بۆ لای بێ. هەمو دەبێ بۆ لای یەکدی بچین، خاڵە هاوبەشەکان لە بەینی خۆمان دابنێین. لە بازنەیەکدا هەمومان بچین، هەمو بۆیەک دابەزین، هەمو لەیەک نزیک بین. ئومێدم وایە کە بەم شێوەیە بکەین. وە من یەکەباری خۆشم بەڕاستی، وەکو دڵسۆزێکی هەمولایەک من لە یەک مەسافە وەستاوم، کۆمەڵی ئیسلامی کە من بەرپرسیم لەیەک مەسافەدا وەستاوە، بەرامبەر بە هەمو لایەک. بەڵام جاری وا هەیە تۆ هێندێ قەناعەتت هەیە لە یەکێ نزیکترە، لەولا نزیکترە، لە مەقتەعێکدا لەولا نزیکترە. ئەگەر نا، حەقیقەت ئێمە ئامادەشین کە هەمزەی وەسڵ بین، پردی بەیەک گەیشتن بین. وە هەوڵیشمانداوە لە ڕابردودا هەوێنێک بین بۆ تەبایی. وە بە کردەوەش، نەک بە قسە. وە لە خزمەت هەمو لایەکداین بۆ ئەوەی کە ئەم قەیرانەی کە لەگەڵیدا دەستەویەخەین، ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە، تێبپەڕێنین. وە ئیشاڵا تێشیدەپەڕێنین. من گەشبینم. ئەگەر تەماشای ڕابردوی خۆمان بکەین بەسەر گرفتی زۆر گەورەتردا

زاڵبوین. ئەمە هەر هیچ نیە لە چاو ڕابردو، لە ڕابردو خوێنمان لەبەیندا هەبوە. ئێستا هیچ شتێکی وا نەکەوتۆتە بەین. خوا پشتیوان بێ بەسەر ئەو گرفت و کێشانەدا زاڵدەبین. وە خوای پەروەردگار لەخۆمان ڕازی دەکەین. وە خەڵک و میللەتەکەشمان دڵئاسودە دەکەین.

و السلام عليكم ورحمة الله .

## پاشکۆی ژمارە(٥)

**دەقی گوتاری صلاح الدین بهاءالدین لە دیداری مێری ٢٧/١٠/٢٠١٦**

بسم الله الرحمن الرحیم

السلام علیکم و رحمة الله

**بەڕێـزان**.. لێرەوەپێمخۆشــە ســڵاوێکی گەرم و درود بنێـرین بـۆ بـرا پێشـمەرگەکانمان، لە بەرەی جەنگی بەرگری لەخاک و نیشتمان و دورخستنەوەی تەهدید لە هەرێمی کوردستان. سوپاسیانبکەین. ڕیز و حورمەت و نرخاندن بنوێنین بۆیان، بۆ ئەوان و هەمو ئەوانەی کە لە هێزەکانی عێراقیەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان و هەمو ئەوانەی کە هاوکارن لەگەڵ ئێمە، بۆ ڕاونانی داعش و کۆتاییهێنان بە ســەرەتانی داعــش لە عێراقــا. بێگومــان ڕەحــمەت و درودی پەروەردگــار داوادەکەیــن، بــۆ شەهیدەکانمان و داوای شیفای عاجل دەکەین، بۆ برینداره‌کان و ئومێد دەکەین گەلـی ئێمە، خەڵکی ئێمە، ئەو خۆڕاگرییەی بەردەوام بێ. تـا ئەم کۆسپە و ئەم گرفتە ڕاییبکرێ و بکەوینە قۆنـاغێکی پاش داعش بەسەلامەتی، بێگومان بە یەکڕیزیش.

**بەڕێزان**.. شـاراوە نیە، کە ئێمە ئەوە ئەچێ بۆ بیستوپێنج ساڵ، زیـاتریش، هەرێمـی کوردستان لە حـاڵەتێکی سیاسیی جیـاوازایە. ئیدارەیەکی خۆی هەیە، هەڵبژاردنـی کردوە، پەرلەمـانی پیکهێنـاوە، حکومەت و ئیدارەیەکی خۆی هەیە، گیروگرفت و کۆسپ و مەشاکیلیشـی بوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـا کیـانێکی بـۆ خـۆی پێکهێنــاوە. ئەمە جێــی نرخانــدنە و نــابێ بیرمــانبچێ. دەســکەوت، بێگومــان سـەرکەوتن، بەبـێ گرفـت و مەشـاکیل نابێت. بەڵام ئەوەی کە سـەرنجی ئەدرێ و دیـارە، سـەرتای پێکهێنانی حاڵەتی سیاسی و حیزبیەکـان لە کوردسـتانا، ڕەنـگە لە نـاوچەکە بەگشـتی، لەگەڵ وڵاتـانی تــری دونیــا. جیــاوازیەکەی ئەوەبــێ کە حیــزب لێــرە بەشــێوەکی تــایبەت پێکــدێ، دروســتەکرێ، بەشێوەیەک لە شێوەکان دژایەتی لەگەڵ خۆیا هەڵدێنێ و ڕەدفعلی و تەزاد لەگەلیایەتی. مەبەست نیە کە تەواوکاری ئەویتر بێ و پێکەوە لەگەڵ ئەویتر، پێکەوە خزمەتبکەن. خزمەتـی گەل و قەزیە و دۆزەکەیان بکەن. بەقەدەر ئەوەی کە مونافەسەیەکی توند، ململانێیەکـی سـەخت و جـاری وا هەیە و بینیشمان لەو چل ساڵی پێشوا ئەگاتە کوشـتار، براکـوژی، جـاری وا دێتە خـوارەوە و ئەگـاتە شـەڕی سیاسی و حیزبی. جاروباریش حکومەت و دەزگاکانی حکومەت، یا ئەو دەزەگایانەی لە بەردەستایە بەکارئەهێنرێن بۆ عەینی ئەو دژایەتی و ئەو ململانێیە. ئەمە حـاڵەتێکی ناسحییە و هـاوڕێی حـاڵەتی سیاسیشمانە، بەردەوام تا ئێستاش، بۆیە ئەبینی نـاگەینە هەڵوێسـتێکی یەکپـارچە لە مەسـەلە نەتەوەییە جددیە ئەساسیەکانیشمانا. چونکە تەسەورمان وایە کە ئەوە فڵان کەس وای وت، ئەوە موزایەدە ئەکا.

فلان کەس وا ئەکا، ئەوە ئەیەوێ خۆی باتە پێشەوە. ئەوە موونافەسەی ناشەریفە، ئەوە بە نەتیجە، ئەوە ئەبینی کە ئێستا ئێمەی تیاین.

بێگومان، بە نەتیجە خۆ موقەددەسکردن بۆتە مۆدە، بۆتە سەقافە. خۆ پیرۆزکردن، بەرامبەر کەمکردنەوە، بە کەم سەیرکردن کە ئەمە زۆر دیارە. ختوکەی هەرکەسمان بەی، هەر لایەنێک لە لایەنەکان بەی، پێوەی دیارە، ئەو حاڵەتە. بیرۆکەی تەکامول، تەواوکاریی یەکتری، نیە لەناوماندا. وانازانین هیچ کاممان بەبێ ئەویتر ئەتوانێ... ناتوانێ ئیشبکا، وائەزانین ئەتوانێ، وائەزانین ئەویتر زیادە. بە عەمەلیش دیارە کە تەسەورمان وایە ئەویتر زیادە. لێمان زیادە و ئەبێ لە کۆڵمان ببێتەوە. ئەم سەلیقەیە زاڵە بەردەوام، زۆر و کەم، دەرەکەوێ لە هەڵسوکەوتی سیاسیماندا.

خەباتی شاخ و شەرعیەتی شۆڕشگێری، بەشێوەیەک بەبێ وتن، بەبێ وتن، بەڵام بە کرداری نەقڵ بۆتە شار، نەقڵ بۆتە ئیدارەی شار. لە شاریشا نازکردن، خۆ لەپێش بینین، هەمیشە لەسەر ئەساسی ڕابردوە. لێرە قەزیەیەکی گرنگ هەیە، ئەم میللەتەی ئێمە قەزیەیەکی نەتەوەیی هەیە. ئێمە مەفروز بو و عەقلیش داوای ئەوە ئەکا، سیاسەتی دروستیش داوای ئەوە ئەکا، کەسمان لێ زیاد نەبێ. هەمو خاوەن ئایدیۆلۆژیا و خاوەن ... . دانیشتوانی هەرێمەکە و خەڵکی نەتەوەکەمان هەموی پێویستبن. بمانەوێ هەمویان بکەینە یەک بۆ ئەوەی پێکەوە، بە یەکدەست بۆ گەیشتن بە نەتیجە، بەئامانج. ئامانجی هەمو ئەو خەباتەی کە هەمومان شانازیی پێوە ئەکەین. بەڵام وەختێ تەسەور وایلێهات، من بە تەنها خۆم ئەتوانم ئەوە بکەم کە هەیە بیکەم، تەبعەن ناشکرێ. بە نەتیجە پاشقوڵدان و یەکتر شکاندن و ملشکاندنی یەکتری و بە کەم سەیرکردن و تا دەرەجەی تەخوین و بەخائین دەرکردن. بێگومان گوتومانە جارانی تریش کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە تەکفیر هەیە و تەخوینیش هەیە. تەکفیر ئەوەیە کە زۆرتر ئیسلامیەکان بەکاریئەهێنن، تەخوینیش ئەوەیە هێزەکانیتر بەکاریئەهێنن بەرامبەر بە یەکتری، جاری وا هەیە هەردوکیشی یەکئەگرێتەوە لە کەسێکا.

وەختێ حکومەتداری ئەکەین، وەختێ بازاڕمان کەوتە بەردەست، ئابوری کەوتە ئینفیراج و کرانەوەییەک بو. وڵاتی ئێمە لەم ساڵانەی پێشوا، وەزعێکی باشمان بینی بە خۆمانەوە. بەڵام عەیبەکەی ئەوەبو، حیزب و حکومەت و بازاڕ سەریکرد بە یەکا، سەری یەکتریشیان خوارد. کە مەفروزبو ئەوە موئەسەسی بکرێ و جیابکرێتەوە، بەڕاستی. بێگومان وەختێ حاڵ وابێ، گەندەڵی، واستە، ڕەشوە و شتیتر، دزە ئەکاتە ناو ئیش و کار و زۆر و کەم مەشاکیل دروست ئەبێ. وەکوئەوەی کە ئەیبینین. هەمو کەسێکیش لە ئاستی خۆی، خۆی بەری ئەکا و بەرامبەرەکەی موتەهەم ئەکا کە هەموشی وا نیە بە جددی. هەمومان بە شێوەیێ لە شێوەکان و بە... تەبعەن ئاستێک لە ئاستەکان، بەشداری ئەم حاڵەتەین کە دروستبوە و ئەم نەتیجەیەی کە ئێستا لە

بەردەستایە. زۆر و کەم، تەبعەن مەعلومە زۆر و کەم. بەدەرجەی کاریگەری ئەو هێزە، حزوری ئەو هێزە لە ساحەکە. لەم ساڵانەی دوایشا سەقافەی ناوزڕاندن و تەشهیر و بە کەم سەیرکردنی یەکتری و شکاندنی ڕەمزی یەکتری، ڕەمزیەتی یەکتری و ڕەمزەکانی یەکتری، ئەمەش بوە باو و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەیبینین. تەبعەن، تەکنەلۆژیا و وەسائیلی ڕۆژگاریش خزمەتی ئەو ڕەوشە نا مەسئولەی کرد. کە ئێستا بەداخەوە، حەرەکەتی سیاسیەکان، بگرە سەرکردەکان، مەحکومە بەوەی فەیسبوک چی ئەڵێ؟ فلان تۆڕی کۆمەلایەتی داخۆ چی بکا و ی بڵێ؟

ئەمەش تەبعەن دژی بینایە بەڕاستی. بینا، سەرکردەکان ئەبێ دانیشن، پلان دانێن، ستراتیژیەتی وازحیان ببێ پێکەوە. نەخشە ڕێژی بکەن بۆ ئیش، شاریع و شەقام و هاولاتی و جەماوەر، بەگشتی لە سایەی ئەو پلان و ستراتیژیەتە ئیسراحەت بکا و هەناسەبات ... شەقام ئەڵێ چی؟ وە کاریگەریی ئەو قسەیە، ئەو هەڵوێستە، ئەو کەلیمەیە، ئەو هەنگاوە لەسەر شەقام چیە؟ لەوێوە ئینتیلاق بکا و لەوێوە چاک و خراپیی هەڵوێستەکانی بزانێ. ئەمە کارەساتە! لەمانەش سەیرتر بێباکی بوە بە مۆدە ئەویش، بێمنەتی و بێباکیی بەرپرسەکان، لە حکومەتەوە بیگرە تا حیزبەکان. بێباکین، منەتمان نیە لەوەی خەڵک چیمان پێ ئەڵێ، خەڵکە بلێین مونافیسەکانمان. چونکە حیسابمان کردوە ئەوە ململانێیە و موزایەدەیە و تەواو. خەڵک بەگشتی، هاولاتی کە خۆڕاگریی ئەکا و تەحەمولی مەسئولیەت ئەکا و خۆی ماندو ئەکا. لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ وەزعەکە هەڵکا، تەقدیری ناکەین و وا ئەزانین ئەوە تەبیعەتی ئیشەکە وایە و ئەبێ وابێ.

بەرپرس دەستبکاتە نائومێدی بەخشین، من تەبعەن لەگەڵ ئەوە نیم چەواشەکاری بکەین و دڵی خەڵک بەدرۆوە خۆشکەین، بەڵام ڕاستیش نیە دڵی خەڵک دوبارە بە شێوەیەک لە شێوەکان نا ئومێد بکەین. چونکە ئینسان ئەکرێ لە ئیختیساسی خۆیا قسەیێ بکا،کە وەکو شێوەیەکی تەحلیلی عیلمی. ئەوشتە لەگەڵ ئەوە، ئەکاتە ئەوە، تەواو. ئیتر تەعمیمکردن و نائومێدکردنی خەڵک، خەتایەکی سیاسی و ئەخلاقیی گەورەیە.

حکومەت ئەرکیەتی بژێویی خەڵک تەئمین بکا، بەڵام هەموشمان ئەرکمانە، ئەخلاقییەن، سیاسییەن، هەمو سیاسیەکان، هەمو حیزبە سیاسیەکان، ئەرکمانە کە دانەنیشین، حکومەت داڕوخێ، بتەپێ، سەیرکەین. حکومەت کێیە؟ خۆمانین. خاسەتەن ئەوپێنج حیزبە کە پێکهێنەری حکومەتین. ئەبێ خەمخۆرانە لە خەمی نەکەوتنی، دانەڕوخانی حکومەتدابین. چونکە ئەتەپێ بەسەر هەمومانا، دوکەڵەکەشی بەسەر هەمومانە، بە چاوی هەمومانا ئەچێ. ئەمە پاکانە نیە بۆ ئەدائی حکومەت. چونکە حکومەت مادام ئیشەکا، بێگومان هەڵە ئەکا، بێگومان توشی شکست ئەبێ. بەڵام ئەوەش دروست نیە کە هێزە سیاسیەکان خۆیان بەریکەن لەوەی کە ئەگوزەرێ و هەمو دەستە چەورەکە

بەسەر چەند کەسیکا، یا لایەنێکا بسوین. ئەمەی کە هات بەسەر ناوچە بە گشتی وە دوای بەهاری عەرەبی، دوایش وەکو داعش گەیشتە کوردستان و عێراق. شتێک بو سەپێنراویی دیارە، پیلانی دیارە. بەڵام چۆن مواجەهەکردنیشی، بەڕاستی گرنگ بو.

ئەوەی کە ئێمەی ڕزگارکرد، توانیی بڵێین، حورمەتێک بۆ گەلی ئێمە دروستکا، پێشمەرگە بو. کە توانیی بە نەبەردیی خۆی، بە خۆڕاگریی خۆی، بە گوێنەدانی بەوەی کە ئەگوزەرێ لە سەر مێزەکان و لە ناو ماڵە سیایەکانا. ئەگەر گوێی بایە، ئەوەی پێنەئەکرا. سەرنجی دونیای ڕاکێشا و بێگومان هەڵەئەسێ بە ئیشێکی گەورە. بەڵام لەوە حەساستر و هەستیارتر ئەوەیە دوای ئەمە چی؟ ئەگەر داعش تەواو بو، کە ئەبێ تەواو بێ، دوای ئەوە چی ڕوئەدا؟ سیاسیەکان چیمانکردوە تا ئەوەی دەسبکەین بە بینای ئەوەی کە ڕوخاوە؟ ئێمە لە دانیشتنێکی سەرمێزی پێکەوە تەحەففوزئەکەین. کاک دکتۆر دلاوەر وتی پارساڵ، پارساڵ پێنج کەس بون. ئەمساڵ پێنجەکەت تەواو نەکردوە. تەراجوعە، پاشەکشێمانکردوە. باکیشمان نیە، گوێ نادەینێ. ئەمە خراپە، ئەم گوێنەدانە خراپە. بۆچی کەممان کردوە؟ بەینێکیتر لەوانەیە کەمتریش بکەین، ئەگەر لەم بەرنامەیە بەردەوامبین.

داعش، ئەو خێرەی بو کە زۆرترین گەرموگوڕیی لەگەڵ بونی قەزیەی میللیی ئێمە دروستکرد. بەڵام بەڕاستی چونکە کاتیە و چونکە بە مەرامێکی تایبەت دروستبوە، ئەگەری ئەوە هەیە دوای داعش، ئێمە توشی نەکسەیەکی گەورەتر ببین. بۆیە تا تەواو نەبوە ئەبێ خەمی خۆمان بخۆین. ئەم جۆرە کۆبونەوانە خزمەتێکی گەورەن، جێگەی سوپاس و تەقدیری ئەم بەڕیزانەیە کە ئامادەکاری ئەکەن بۆ ئەم جۆرە گفتوگۆیانە. هەمو دونیا ئەمڕۆ لەگەڵ کورد، لەگەڵ پێشمەرگە وەستاوە دژی داعش. بەڵام بەو هەمو گەلەکۆمەیە حەتمەن داعش، خالێک هەیە تەواوئەبێ تیایا. تا ئەو کاتە ئەبێ ئیشی باش بکرێ.

بەرای ئێمە چون بۆ بەغا لەو هەنگاوە ئیجابیانە بو کە لە تەوقیتیا بەجێ بو، وە لە شێوازی ئەنجامدانیشیا لەکاتی خۆیا بو، وەک ئەڵێ... ڕۆیشتنە بە ئیتیجاهی سەحیح. چونکە ئێمە ئەو دابڕانە لەگەڵ بەغا، لەوەزعێکی ئاواشا کە تۆ ناچاری لەگەڵ بەغا ئەبێ هاوکاری بکەی بۆ مەسەلەی داعش. وە مەسەلەکانی تریش هەڵواسراون و هەڵپەسێرراون. چونە بەغا خزمەتێکی گەورە ئەکا، بەڵام ئەویش هەر پەروەردەکردنی ئەوێ، ئەویش خزمەتی ئەوێ، ئەویش یەکریزی ئەوێ. تەبعەن چونێک ناتوانێ... عەسای سیحری نیە، بەڵام ئەتوانێ هەنگاوی گەورە دەستپێبکا. وە بەرای ئێمە دەستپێکردوە.

مـن لێـرەوە، بـۆ ئەوەی لە دەردەدڵ و وەسـفی حـاڵ کەمـبکەینەوە. تـۆزێ بچینـە سـەر ئەوەی چـی بکەین؟ چیمان پێئەکرێ؟ لەپێش هەمو شتەکانەوە ئەوە پێویستە، ئەوەی کە نوخبەی سیاسیە، نوخبەی سەقافیە، ئەو هاوڵاتییەی خۆی بە بەرپرسیار ئەزانێ، بەشەکەی خۆی، بە میقداری خۆی ئیعتیراف بە هەڵە بکەین. ئیعتیراف بکەین کە بەشـە هەڵەکەی خۆمـان بدۆزینەوە و ئیعتیرافی تیا بکەین، لە سەر تا خوار. هەمومـان، ئیعتیراف بکەین بەم شکستەی کە ڕویداوە لە ڕوی ئـابورییەوە، لە ڕوی سـەربەخۆیی ئـابورییەوە کە بڕیـار بـو هەنگـاوی گەورە بنـرێ. بەڵـێ بەعزێکـی هۆکـاری دەرەکیـی هەیە، بەڵام بەعزێکیشــی سیاســاتی خۆمــانە. هێشــتا نەگەیشـتوینەتە ئەوەی ئیعتیـراف بەمە بکەیـن. تاوەکو لە دوای ئیعتیرافەکە هەنگاوی ئیجابی بنرێ. هێشتا هەر ئەیکەینە خەتای ئەم و ئەو و ئەو و ئەو. ئەبـێ واز لەم مـوزایەدات و چەواشــەکاریانە بهێنـین کە خۆمــان، یــا ئیعلامەکانمــان، یــا ئەو دەزگایـانەی سێبەرن و بەدەوری حیزبە سیاسیەکانا ئەسـوڕێنەوە. موزایەدات بەسـە. میللەتێکە، لە پــاکیی خــۆی قەزیەیەکــی گەورەی داوەتە دەســت سیاســیەکان. بەڕێگەیەکــی دیموکراســیش تــۆی هەڵبژاردوە و مەسئولی کردوی، کردوتیە نوێنەری خۆی لەحکومەتا، لە پەرلەمانا، لە موئەسەسـاتا، ئەبێ هەڵسین بە واجبەکانمان. ئەم واقعە، تەبعەن هەموی تاڵ و تارک نیە بەڕاستی. ئەو ڕەشبینیەی کە بۆتە بەشێک لە فەرهەنـگ، ئەویش هەڵەیەکی کەم نیە. چونکە ئێمە لێرە دانیشتوین. تۆ بێنە بەرچاوی خۆت، بیست، بیستوپێنج ساڵ لە پێش ئێستاوە چۆن بو؟ سی ساڵ لە پێش ئێستاوە چی بو؟ ئەم ماوەیە، بەعزێ شتی باش کراون، ئەبێ پەروەردەی کەین و بەرەو پێشی ببەین. بەعزێکیشـی خراپە، بە دیققەت و دڵسۆزانە موعالەجەی بکەین.

پرۆســەی چاکســازی پرۆســەیەکە، تەبـعەن نەخشــەی زەمەنیــی ئەوێ، پلانــی ئەوێ، ئەولەویەت و تەرتیبکردنــی ئەوێ یەکدەنگیی ئەوێ. کەس ئەویترمـوتەهەم نەکـا و کەسـیش دز نـیە و ئەویتـریش فریشــتە بــێ. هەمــو ئەگەر بەشـێک لە فریشـتەییمان تیــایە، بەشـێکیش لە، دورلە ئێـوەی بەڕێـز، شـەیتەنەت و لارووێرییمـان تیـایە. ئەوەی کە گرنگە، پێکەوە بەشـی خێر لە خۆمانـا بەهێـزبکەین، دڵسۆزی زۆرتر بکەین. پێکەوە تەنازول بکەین لەو بەشە نەفسانییەی خۆمان، لەو گێژەڵوکە نەفسـی و شەخسییەی کە تێیکەوتوین. ئەتوانین گۆڕانکاری دەستپێبکەین، ئەوتـوانین چاکسازی بخەینـەڕێ. تەبـعەن لە کەمەوە بـۆ زۆر، لە شـتـی ئەساسـی و جەوهەریـیەوە بـۆ شـتە لاوەکیەکـان. لە هەمـوی گرنگتـر، واقعیەت، یەعنـی واقـع بینـی، ئەتـوانێ واقعەکـان بگۆرێ. بە تەمەننیـات و بە تەخەیـول، بەخەیـاڵ، واقـع نـاگۆڕێ. بە واقعییەت واقـع ئەگۆڕێ، بە مسداقییەت و ڕاستکردن لەگەڵ خۆمـان، لەگەڵ خەڵکمـان، لەگەڵ خوامـان. بە پـلان و بەرنـامە، نە بە یـاریکردن بە عەواتیفـی خەڵـک. وە ئیستیغلالی بەعزێ لە مەسەلەکان.

لێرەوە بەشە عەمەلییەکەی ئەوەیە کە ئەبێ ئیقراری بکەین، پەکخستنی پەرلەمان نوقسانییەکی گەورەیە بۆ هەمومان. هەمومان ئەبێ بمانەوەێ، نەمانەوێ، ئەو لەکەیە، ئەو عەیبەیەمان بەرکەوتوە. پەرلەمان موئەسەسەیەکی شەرعیی هەڵبژێردراو، ئێستا پەکیکەوتوە. ئەوە ساڵێک و چەند ماوەیەکە. ئەبێ بخرێتەوەگەڕ، ئەبێ هەمو ئەوانەی کە خۆیان بە بەرپرس ئەبینن، وە تاریخ و رابردوشیان هەیە، حەزیان لەوەیە ئەو تاریخەی خۆیان ریزلێبگرن. ئەبێ لێرەشا بوەستن، لە بەردەم ئەم حەقیقەتەیا کە پەکخستنی پەرلەمان، هەرکەس شەریک بێ تیایا، بەو میقدارە توشی هەڵەیەکی گەورە بوە. تەبعەن پەکخستنی پەرلەمان پرۆسەیەک بوە، ناتوانین بڵێین حەدەسێکە، رەنگە بۆچونی جیاواز لەسەر ئەم قسەیە ببێ. حەلەقەی ئەخیری پەکخستنی پەرلەمان فلان حەدەسە، بەڵام حەلەقەی ئەوڵی چیە؟ ناتەبایی و نارێکی و ململانێ و موزایەدات، بەشێکی گەورەیە لە هۆکارەکانی پەکخستنی پەرلەمان. وە رک گرتن و عەناد و غرور و ئەو نەخۆشییانەی کە ئەیزانین، بەشێکی گەورەیە لە هۆکاری بەگەرنەخستنەوەی پەرلەمان. ئەبێ پەرلەمان بکەوێتە ئیش، حکومەت کاراتر بکرێ. پێکمانەوە هەمومان خەمی بژێویی میللەتی خۆمان بخۆین، خەمی ئایندەی نادیاری پاش داعش بخۆین. وە بە شەراکەت، پێکەوە، مەسئولیەت تەحەممولبکەین. ناومالی کورد بەم پەرتەوازەییە، لە بەردەمی مەترسیی گەورەیایە. ئومێد دەکەین کە بتوانین پێکمانەوە بگەرێینەوە بۆ راستیەکان، بگەرێینەوە بۆ بەرائەتی ساڵانی شاخ. وە بتوانین پێکەوە، انشاءالله، ئایندەیەکی باشتر رەنگرێژی بکەین بۆ میللەتەکەمان. خۆیشمان لە مەسئولیەتی ئەمرۆی میللەتەکەمان نەجات بەین. زۆر سوپاس.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ابعاد الخطاب السياسي الكوردى في اقليم كوردستان

# فترة حرب داعش نموذجا

رسالة

مقدمة الى مجلس كليةاللغة في جامعة صلاح الدين–اربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستيرفي اختصاص اللغه الكردية

من قبل

**عدنان حمدامين يونس**

بكالوريوس في جامعة صلاح الدين– ١٩٩٦

**باشراف**

**أ.د. عبدالله حسين رسول**

اربيل– كوردستان

تموز–٢٠٢٠

**ملخص البحث**

يتكون البحث من ثلاثة اجزاء:

الجزء الأول: يكتمن مدخلاً نظرياً لتعريف الخطاب بشكل عام و تحديد انواع الخطاب والعناصر المكونة للخطاب. و من خلال تحديد خصائِص و مميزات النص و الخطاب، يحاول البحث عرض أوجه الإختلاف و التشابه بين الخطاب و النص، حيث أن هناك تشابه كبير بين المفهومين في مجالات عمل المفهومين و مجال تحليل الخطاب. و يتناول هذا الجزء الإستراتجيات المتبعة فى انتاج الخطاب مع الايديولجيا و الإتجاهات الفكرية التي يتأثر بها الخطاب. العلاقة بين الخطاب و السلطة و كيفية تقسيم السلطة في العلاقات الإجتماعية، موضوع أخر تم تناولها. و هناك موجز تأريخى فى نهاية الجزء، حول تحليل الخطاب و علاقة اللسانيات بتحليل الخطاب.

الجزء الثاني: يشكل الجزء الثاني الإطار النظري للبحث، يتحدث هذا الجزء عن تعريف و بينة الخطاب السياسي و الخصائص اللغوية و غير اللغوية للخطاب السياسي و المضمون الذي يستهدفها الخطاب السياسي. وفي موضوع أخر يتناول البحث الإتصال السياسى و وسائله، خاصة التكنلوجيا الحديثة و مدى فعاليتها في الإتصال السياسي و كيفية استعمالها من قبل الأنظمة الإرهابية، و منظمة داعش بشكل خاص، وتم عرض بعض خطابات داعش و الخطاب الإعلامى و طرق استغلال شبكات الإتصال الإجتماعي، لتنفيذ الأجندة السياسية للمنظمة و زرع الرعب و الخوف في إطار الحرب النفسية.

الجزء الثالث: يتكون الجزء الثالث من مبحثين:

المبحث الأول: موجز تأريخي حول العلاقة بين الخطاب القومى و الخطاب السياسي الكوردي، حسب الترتيب التأريخي و المراحل التي مر بها الخطاب القومي منذ نهاية قرن التاسع عشر الى إنتفاضة ١٩٩١. في هذا الفصل، تم الإشارة الى أن الخطاب القومي و الخطاب السياسي الكوردي كانا متشابهين و متلازمين طوال هذه الفترة و ليس هنالك خط فاصل و محدد بين الخطابين.

المبحث الثاني: فصل تطبيقي، اختار الباحث خمس خطابات التي قدمت من فترة ما بين ٢٠١٤ الى نهاية ٢٠١٧، كنماذج للتطبيق. تم اختيار العينات على اساس الشخصيات الاولى المشاركة في سلطة اقليم كوردستان. و قد تم تحليل خطاب كل شخصية بشكل منفصل وفقا للنظريات اللسانية و البرغماتية مقتبسا الأمثلة و النماذج التحليلية من نصوص الخطابات.

## Abstract

The research which is entitled “ The Kurdish political discoursedimensions in the Kurdistan Region” comprises three chapters apart from the introduction and the conclusion.

**Chapter one** devoted theoretical preliminaries, it includes introducing discourse in general. Definition, types, the contains of discourse are introduced and the similarities between discourse and text. Despite the mixture of discourse and text in definition and paraphrasing and the areas of work. The research tried to limit the specification of each of discourse and text. Also in this chapter talked about the strategic that is necessary Producing discourse, with the ideology and different directions that is used to produce a discourse. The relation between discourse and authority is another subject that is received great importance and shows that the authority divided in social relations.

**Chapter two:** the second chapter consists of the theory of the research. In this chapter shows definitions, type, structure and characteristic of language and non-language of political discourse, with the subjects and texts that political discourse made them as a target. Also discussed the articles and interactive causes of political Connection, specially the new Technology and their effects on political Connection. In the end of the second chapter, talks about the way of using new Technology by terroristic organizations and ISIS and their Media in psychological fight and how to used them social media to communicate with ISIS is shown.

**Chapter three**: the third chapter consists of two parts:

First part:a historical summary about the relationship between national and Kurdish political discourse according to some history stages national feeling, national ideas and Kurdish national discourse in the end of nineteenth century to the time of uprising. In this part declares that the political discourse and national discourse was complex in all stages had no departure line between them.

The second part: the second part is a practical area, it introduces five political discourse between 2014 till the end of 2017 are introduced, like translating and practicing. The examples are chosen upon the characters in the Kurdistan Regional Government, Each character's speech has been analyzed separately according to linguistic and pragmatic theories, citing examples and analytical models from the texts.

زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Kurdish political discoursedimensions in the Kurdistan Region
# The time of ISIS war, as example

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Language
Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the
Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish
Language

**By**
**Adnan. H. Yunis**
B.A. – Salahaddin University-1996

**Supervised By**
**Prof. Dr. Abdullah. H. Rasul**

Erbil - KURDISTAN
July-2020